ج. م. لوکلیزیو

# ماسییە زێڕینەکە

ڕۆمان

و. حەمە کەریم عارف

ئەی ماسی، ماسیی چکۆلەی زێڕین، ئاگاداری خۆت بە!

لەم دنیایەدا تۆڕ و داوی زۆرت بۆ نراوەتەوە.

کچۆڵەیەکی شەش حەوت ساڵان بووم کە ڕفێنرام، دزیانم. ئەوەی ڕاستی بێ زۆر شتانم بیر نایەت، چونکە زۆر بچووک بووم و تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش ئەو بیرەوەرییانەی کاڵ کردووەتەوە، زیاتر لە خەو دەچن، لە ڕمووزن و کابووسی دوور و ترسناک دەچن، کە هەندێ شەو دووبارە بەرۆکم دەگرنەوەو بێزارم دەکەن و بە ڕۆژیشەوە دەستبەردارم نابن. جادە سپیەکەم بیر دەکەوێتەوە، کە نقومی هەتاو بوو، تۆزاوی و چۆڵ بوو، ئاسمانی شین، قیژەی باڵندەیەکی ڕەش، قیژەیەکی دڵتەزێنم بیر دێتەوە، ئەوسا دوو دەستی پیاوێک هەڵمدەدەنە ناو توورەکەیەکی گەورەوە، هەست بە تەنگە نەفەسی دەکەم، هەناسەم سوار دەبێ، خەریکە دەخنکێم. ئەوسا ئەو ژنەم بیر دەکەوێتەوە کە دەمکڕێت، ناوی لالە ئەسما بوو.

بۆیە ناوی ڕاستەقینەی خۆم، ئەو ناوەی کە لە کاتی لە دایکبوونا دایکم لێی ناوم نازانم، نە ناوی بابم دەزانم و نە ناوی ئەو شوێنەی کە لێی لە دایک بووم. ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە لالە ئەسما بۆی گێڕاومەتەوە کە گوایە شەوێک گەییومەتە لای ئەو، بۆیە ناوی ناوم لەیلا، واتە شەو. لە باشوورەوە هاتووم، لە جێیەکی زۆر دوورەوە، ڕەنگە هەر ئاسەواریشی نەمابێ. من هیچ ڕابردوویەکم نییە، ئەوەی هەمە و نیمە، تەنیا جادە تۆزاوییەکەیە و باڵندە ڕەشەکە و توورەکەکەیە.

پاشان گوێیەکم کەڕ بوو، لە بەر ماڵەوە، لە کۆڵان یاریم دەکرد، پیکابێک لێی دام، ئێسقانێکی گوێی چەپم شکا.

لە تاریکی و شەو دەترسام. بیرمە هەندێجار هەڵدەستام، هەستم دەکرد ترس وەکو مارێکی سارد دەخزێتە گیانمەوە. زاتم نەدەکرد هەناسە بدەم. ئیدی خۆم بە ناو جێگاکەی خانمدا دەکرد و بۆ ئەوەی نە هیچ شتێک ببینم و نە هەست بە هیچ بکەم، خۆم بە پشتە ئەستوور وگۆشتنەکەیەوە دەنووساند. دڵنیام کە لالە ئەسما خەبەری دەبووەوە، بەڵام تاقە جارێکیش دەری نەکردم، بۆیە دەڵێم بەڕاستی نەنکم بوو.

تا ماوەیەکی زۆر لە جادە و کۆڵان دەترسام، نەدەوێرام لە حەوشەی ماڵەکە وەدەربکەوم. نەمدەویست لە دەرگا شینە گەورەکە، کە بە سەر جادەکەدا دەکرایەوە، پێ بنەمە ئەو دیوەوە. ئەگەر بیان ویستبا بمبەنە دەرەوە، هاوارم دەکرد، دەگریام، داد و بێدادی دنیام دەنایەوە، خۆم بە دیوارانەوە دەچەسپاند، یان هەڵدەهاتم و خۆم وەبن موبیلەیەک دەدا. ئیدی تووشی سەریەشەیەکی خراپ دەبووم، تیشکی هەتاو چاوی ئازار دەدام، دادەچۆڕایە قوڵایی بەدەنمەوە.

تەنانەت لە هەرا و زەنای دەرێی ماڵەکەش دەترسام، دەنگی هەنگاونان لە کۆڵان، ژاوەژاوی گەڕەکی میلا ( جولەکان ) یان پیاوێک بە دەنگی بەرز دوابا، دەیترساندم، زیڕەم دەکرد. بەڵام حەزم لە زەمزەمە و چەهچەهەی بەرەبەیانی تەیر و تو دەکرد، حەزم لە سرتە سرت و خوێندنی پەڕەسێلکانی بەهارانی گوێی گوێسەبانی ماڵان دەکرد. لەم بەشەی شاردا، قەلەڕەشان نەبوو، بەڵام پڕ بوو لە کۆتر و قومری. هەندێجار لە بەهارا، سەر و کەللەی لەقلەقێن کۆچەری پەیدا دەبوو، لە ترۆپکی دیواراندا هێلانەیان دەکرد و بە دەندووکان دەکەوتنە تەقەتەق.

تا ساڵانێکی زۆر جگە لە حەوشەیەکی چکۆلەی ماڵەکە هیچ کوێیەکی دیکەم نەدەناسی. جگە لە دەنگی لالە ئەسما، کە بانگی دەکردم: " لەیلا! " هیچ دەنگێکی دیکەم بە گوێ ئاشنا نەبوو. وەکو پێشتر گوتم ناوی

ڕاستەقینەی خۆم نەدەزانی. ئیدی بەم ناوەی کە خانمەکەم لێی نابووم ڕاهاتم؛ وەکو ئەوەبوو دایکم ئەو ناوەی لێنابم. لێ وا هەستدەکەم، ڕۆژێ دێ یەکێک ناوە ڕاستەقینەکەی خۆمم پێدەڵێت و ڕام دەچڵەکێنێ.

ناوی ڕاستەقینەی ئەویش لالە ئەسما نەبوو. ناوی عەزیمە بوو، جوولەکەیەکی ئەسپانیایی بوو. وەختایەک لەوبەری دنیا شەڕ لە نێوان جوولەکە و عەرەب هەڵگیرسا، ئەو تاقە کەس بوو کە ( میلا ) ی ( گەڕەکی جولەکان لە مەراکش ) بەجێنەهێشت. ئیدی لە پشت ئەو دەرگا شینە گەورەیەوە خۆی پەنا دا و دوو پێی نەنایە دەرەوە، تا ئەو شەوەی من گەییمە ئەوێندەر، ئیدی لەوە بە دواوە هەموو شتێکی ژیانی گۆڕا.

من بە خانمی گەورە یان داپیرە گازم دەکرد. جاران حەزی دەکرد بە (مامۆستا) گازی بکەم، چونکە ئەو فێری خوێندنەوە و نووسینی فەرەنسی و ئەسپانی کردبووم. ژمێرە و ئەندازەی فێرکردبووم، پرەنسیپەکانی ئاینی فێر کردبووم – ئاینەکەی خۆی، خوا لە ئاینەکەی ئەودا ناوی نەبوو، لە ئاینەکەی مندا ناوی (الله) بوو. هەندێ پەرەگراف و کۆپلەی کتێبە پیرۆزەکانی خۆی بۆ دەخوێندمەوە، ئیدی هەموو حەرام و حەلاڵێک، هەموو شیاو و نەشیاوێکی فێر دەکردم، بۆ نموونە نانێ لە کاتی خواردندا، فوو لە خواردنەکە بکەم، نان بە پشتا دانەنەم، یان دەستەسڕ بە دەستی ڕاست بگرم. هەمیشە ڕاستگۆ بم و درۆ نەکەم، هەموو ڕۆژێک سەراپا خۆم بشۆم.

جا لە جیاتی ئەمە، منیش لە بەیانییەوە تا شەوێ کارم بۆ دەکرد، لە حەوشەکەدا دەسوڕامەوە، گسکم دەدا، چیلکە و دارم بۆ ئاگردانەکە دەشکاند، یان جلکم دەشۆرد.. زۆر حەزم دەکرد بە بیانووی هەڵخستنی جلەکانەوە بچمە سەربان. لەوێندەرەوە تەمەشای شەقامەکانم دەکرد، سەربانی ماڵە دراوسێکانم دەبینی، خەڵکی پیادە، ئۆتومبیل، تەنانەت لە نێوان دوو دیوارەوە، بەشێک لە ڕووبارە شینە گەورەکەی شارم دەبینی. لەوێ، لە سەرەوە دەنگی هەرا وزەنا کەمتر دەیترساندم، هەستم بە جۆرە ئەمانێک دەکرد. هەستم دەکرد لەوێ کەس دەستی نامگاتێ.

کە لە سەربان زۆرم پێدەچوو، لالە ئەسما بانگی دەکردم. بە درێژایی ڕۆژ، لە ژوورێکی گەورە کە هەر هەمووی بە پشتی چەرمین فەرش کرابوو، نەدەهاتە دەرەوە. کتێبێکی دەدایە دەستمەوە تا بۆی بخوێنمەوە. یان ئەو کتێبێکی دەخوێندەوە و ئیملای پێدەکردم. وانەکانی پێشووی لێ دەپرسیمەوە، تاقی دەکردمەوە. ئیدی وەکو پاداشت، ڕێگەی دەدام لە هۆڵەکەدا و لەلای خۆیەوە دانیشم، ئیدی بەکرەی سترانڤانانی دڵخوازی خۆی دەخستە سەر گرامافۆنەکە: ئوم کەلسوم، سەید دەرویش، حەبیبە موزیکا، بەتایبەتی فەیروز، کە بە دەنگە سازگار و زوڵاڵەکەیەوە گۆرانی " ئەی قودس" ی دەچڕی، لالە ئەسما هەمیشە کە گوێی لە ناوی ئورشەلیم (القدس) دەبوو، دەگریا.

لالە ئەسما، جارێک بە ڕۆژەوە، ڕێگەی بە ئافرەتێکی سەوزەڵەی لاواز دابوو، کە دەرگا شینە گەورەکە بترازێنێ و وەژوور بکەوێ. ئافرەتەکە منداڵی نەبوو، ناوی زوهرە بوو، بووکی لالە ئەسما بوو. دەهات کە تۆزێ چێشت بۆ خەسووی لێبنێ و دەستێک بە ماڵەکەدا بێنێ و چاوێکی پێدا بگێڕێ. لالە ئەسما دەیگوت بووکەکەی بە چاوی کڕیار چاو بە ماڵەکەیدا دەگێڕێ و دڵنیایە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە میرات بۆ ئەو دەمێنێتەوە.

کوڕەکەی لالە ئەسما، بە دەگمەن سەری ئەوێندەری دەدا. ناوی هابیل بوو. پیاوێکی باڵابەرز و تۆکمە بوو، قاتێکیجوانی کەوەیی لەبەر دەکرد، دەوڵەمەند بوو، کۆمپانیایەکی بیناسازی بەڕێوە دەبرد، لە هەندەرانیش، لە

ئەسپانیا و فەرەنساش کاریدەکرد. بەڵام بە گوتەی لالە ئەسما، ژنەکەی ناچاری کردبوو، کە دەگەڵ خەسوو و خەزووریدا بژی، کە خەڵکانێکی خۆهەڵکێش و تاقەتبەر بوون، کە شارە تازەکەی ئەوبەری ڕووبارەکەیان بۆ ژیان هەڵبژاردبوو. من هەمیشە لە هابیل بە گومان بووم. سڵم لێی دەکردەوە. کە زۆر بچووک و منداڵ بووم، هەرکە دەهات بۆ ئێرە خۆم دەشاردەوە، خۆم وە پەنا پەردەیەک دەدا، ئەو کارەم ئەوی دێنایە پێکەنین: " کە کیژێکی ڕەڤۆک و تۆڕە! " کە گەورەتر بووم، ترسم لێی زیاتر بوو. بە شێوەیەکی سەیر تەمەشای دەکردم، لە تۆ وایە خاوەنی منە. لە زوهرەش دەترسام، بەڵام بەو ڕادەیەی ئەو نا. ڕۆژێک لە سەر ئەوەی کە حەوشەکەم گسک نەدابوو، نوقوڕچێکی توندی لێگرتم، ئێشی بردە دڵمەوە: " هەی نالەباری، چەتیوەی ناکەس، بە کەڵکی گسکدانیش نایەیت! " هاوارم کرد: " هەتیوە نیم، لالە ئەسما داپیرمە."

زوهرە تەوسی پێکردم، بەڵام زاتی نەکرد، پەلامارم بدات. لالە ئەسما، هەمیشە داکۆکی لێدەکردم، بەڵام پیر و ماندوو بوو. لاقەکانی ئاوسابوون، یەکپارچە دەوالی بوون. کە ماندوو دەبوو و بەدەم ناڵە ناڵەوە گلەیی دەکرد، پێمدەگوت: " داپیرە نەخۆشیت؟ " ناچاری دەکردم لە بەردەمیا قیت ڕابوەستم. هەمیشە پەندێکی عەرەبی، کە زۆری لە زار خۆش بوو و بە ئاو و تاوەوە دووبارەی دەکردەوە، دەدا بە گوێما، وەکو ئەوەی بیەوێ باشترین پاچڤەی فەرەنسی پەندەکە بدۆزێتەوە دەیگوت: " سەلامەتی تاجە بەسەر سەری سەلامەتانەوە، تەنیا نەخۆشان دەیبینن " ( تەنیا نەخۆشان قەدری سەلامەتی دەزانن ).

نها وەکو جاران ناچاری خوێندنەوەی نەدەکردم، ئیملای پێ نەدەکردم. زۆربەی کاتی لە ژوورە چکۆلەکەدا بە تەمەشای تەلەفزیونەوە بەسەر دەبرد. یان داوای لە من دەکرد سەندووقی خشڵ و جەواهیراتەکانی بۆ بێنم. یان تاقمی ئامان ومراک وچنگاڵە زیوەکانی بۆ بێنم. جارێکیان جووتێ گوارەی زێڕی نیشانی من دا و گوتی: " تەمەشا لەیلا، ئەم گوارە زێڕانە دوای مردنی من دەبن بە هی تۆ ". هەر دوو گوارەکەی کردنە گوێم. کۆن و قەدیمی بوون و لە شێوەی هەیڤۆکی(هیلال) ئاوەژووی ئاسمان بوون.وەختایەک لالە ئەسما، وشەی هەیڤۆکی ( هلال ) درکاند، وام هاتە خەیاڵ کە گوێم لە ناوی خۆم دەبێت. وام هاتە خەیاڵ یەکەم شەو کە گەییمە میلا، ئەم گوارانەم لە گوێدا بوون.

–زۆر لێت دێن. لە بەڵقیسی مەلیکەی سەبەء دەچیت.

گوارەکانم خستنەوە دەستی، قامکەکانیم نووشتاندەوە و دەستیم ڕاموسی.

–سوپاس داپیرە. تۆ زۆر میهرەبانی لە گەڵما.

بە توندی گوتی: لاچۆ لا، خۆ هێشتا نەمردووم.

شتێکی ئەوتۆم دەربارەی مێردەکەی لالە ئەسما نەدەزانی، جگە لەو وێنەیەی کە لە ژوورەکەی خۆیدا، لە سەرووی کۆمەدییەکەوە و لە تەنیشت سەعاتە چاڵمە وەستاوەکەدا، هەڵیواسی بوو. کابرایەکی جدی و ڕەشپۆش بوو. کە پارێزەرێکی زۆر دەوڵەمەند و مێردێکی بێ وەفا بوو. کاتێ کە مرد جگە لە خانووەکەی میلا و تۆزێ پارە کە لە لای دادنووس دایبابوو، هیچی دیکەی بۆ ژنەکەی بەجێنەهێشت. کە من هاتمە ئەم ماڵە هێشتا مابوو، لە ژیانا بوو، بەڵام لەوە بچووکتر بووم، هیچ شتێکم لە بارەیەوە لەبیر بمێنێ.

هەقی خۆم بوو لە هابیل بە گومان بم. تەمەنم یازدە یان دوازدە ساڵ بوو، زوهرە بە ڕێکەوت، خەسووی ( واتە لالە ئەسما ) ی بردبووە دەرێ بۆ لای دکتۆر یان بۆ بازاڕ کردن بوو. هابیل بەبێئەوەی من پێ بزانم

خۆی بەماڵەکەدا کردبوو. پێدەچوو، هەموو ماڵەکە لە دووی من گەڕابێ، تا لە ژووره چکۆلەکەی بنەبانی حەوشەکەدا، کە ژووری پێشاو و جل شۆردن بوو، دۆزیمیەوە.

کابرایەکی درێژی زەلام بوو، پڕاوپڕی دەرگاکە بوو، نەمدەتوانی هەڵێم. زۆر دەترسام، نەمدەتوانی لە جێگەی خۆم بجوڵێم. لێم نزیک بووەوە، ڕەفتاری تووڕە و هۆڤیانە بوو، پێدەچوو قسە بکات، بەڵام من سەرم بە لای گوێی چەپما گرتبوو تا گوێم لێی نەبێت. کابرایەکی درێژی چوارشانە بوو، هەنیە بەرزەکەی لەبەر ڕووناکیەکەدا دەبریسکایەوە. لە بەردەممدا چۆکی دادا. دەستی گەیاندە ژێر تەنوورەکەم، دەستی بە ڕانەکانما، بە ژێر سکما دێنا، چیمەنتۆ هەردوو دەستی زبرکردوو. هەستم دەکرد دوو حەیوانی سارد و وشک، قێزەوەر، لە ژێر جلەکانمەوە، بە لەشما هەڵدەگەڕێن. هێندە ترسابووم کە هەستم دەکرد خەریکە دڵم بێتە دەرێ. لە ناکاوا هەموو شتێکم لەلا زندوو بووەوە، شەقامە ڕوناکەکە، توورەکە ڕەشەکە و ئەو جەزرەبانەی لە سەرم دەدران، نهاش ئەو دەستانەی بە لەشمدا دەهێنران، سکیان دەگوشیم، ئازاریان دەدام. خۆیشم نەمزانی چۆن ئەو کارەم کرد، ڕەنگە لە ترسا بووبێ، وەکو دێڵە سەگ بە خۆما میزتم. دوور کەوتەوە، دەستبەردار بوو، توانیم لە پشتیەوە دەرفرتێم، وەکو حەیوانێک بەدەم هاوارەوە، بە نێو حەوشەکەدا غارم دا و خۆم لە حەمامەکەدا حەپس کرد، چونکە تاقە شوێن بوو کە بە کلیل دادەخرا. چاوەڕوانم کرد، دڵم زۆر بە توندی لێی دەدا، گوێچکە ساغەکەم بە دەرگاکەوە نابوو. هابیل هات. هەوەڵجار بە ئەسپایی و بە سەری قامکان لە دەرگاکەی دا، پاشان توندتر و بە مست کەوتە لێدانی دەرگاکە:- لەیلا، دەرگا بکەوە! چ دەکەی؟ دەرگا بکەوە، هەقم نییە بە سەرتەوە، هیچت لێناکەم!

ئەوسا وام هاتە خەیاڵ کە ڕۆیی. لە سەر ئەرزەکە دانیشتم، پشتم نابوو بەو بانێویەوە کە بۆ دایکی دروستی کردبوو.

دوای ماوەیەکی زۆر، کەسێک هاتەبەر دەگاکە، گوێم لە دەنگەکان دەبوو، بەڵام حاڵی نەدەبووم چ دەڵێن. دیسان لە دەرگا درایەوە. ئەمجارە دەنگی دەستی لالە ئەسمام ناسییەوە. کە دەرگام کردەوە، دیاربوو کە زۆر ترسابووم، لە باوەشی گرتم: " چییان لێکردوویت؟ چیت بەسەر هاتووە؟ " بەبەردەم زوهرەدا ڕەت بووم، زیاتر خۆم بە لالە ئەسماوە چەسپاند. بەڵام هیچم نەگوت، زوهرە هاواریکرد: " هیچی نییە، شێت بووە و تەواو. " لالە ئەسما هیچ پرسیارێکی دی لێنەکردم. بەڵام لەو ڕۆژە بەدواوە هەر کاتێ هابیل بهاتبایە، بەتەنیا بەجێی نەدەهێشتم.

***

ڕۆژێک، کە لە مووبەقەکەدا خەریکی سەوزە شۆردنەوە بووم تا سوپ و شۆربا بۆ لالە ئەسما ئامادە بکەم، لە ناکاوا تەپەیەکی گەورە هات، وەکو ئەوەبوو شتێکی قورس کەوتبێتە سەر کاشیەکە و کورسیەکانی سەروخوار کردبێتەوە. بە پەلە ڕامکرد، سەیرم کرد پیرەژن درێژاودرێژ لە سەر ئەرزەکە کەوتووە. وامزانی مردووە، ویستم هەڵێم و لە سووچێکدا خۆم وەشێرم، بەڵام کە گوێم لە هانکە هانک و قرخە قرخی بوو. زانیم نەمردووە و تەنیا بوراوەتەوە، بەدەم کەوتنەوە سەری بە گۆشەی کورسییەکدا کەوتبوو و خوێنێکی ڕەش لە لا جانگی دەڕۆیی.

دەلەرزی و چاوەکانی ئەبڵەق بووبوون. نەمدەزانی چیبکەم. دوای کەمێک لێی نزیک بوومەوە، دەستم لە ڕوخساری دا، گۆناکانی داهێزرابوون، ساردی سارد بوون! بەزەحمەت هەناسەی دەدا، بە زەحمەت سینگی بەرز و نەزم دەبووەوە، کە هەناسەکە لە سینگییەوە دەردەچوو، لێوەکانی دەلەرینەوە، دەنگێکی کۆمیدی لێوە دەهات کە لە پرخ وهوڕ دەچوو.

دەمم لە پەنا گوێی نا: " لالە ئەسما، لالە ئەسما! " دڵنیابووم کە لەو حاڵەدا گوێی لە دەنگی منە، بەڵام توانای وەڵامدانەوەی نەبوو. تەکانی پێڵوەکانیم بەسەر چاوە نیمچە کراوەکانیەوە دەبینی. دەمزانی گوێی لە دەنگم دەبێت: " لالە ئەسما! مەمرە."

لەم ماوەیەدا زوهرە پەیدا بووبوو، من بە ڕادەیەک هۆش و گۆشم بەلای لالە ئەسما و هەناسە خاوەکەیەوە بوو، کە ئاگام لە هاتنی ئەو نەبووبوو.

- هەی کەودەن، هەی سیحربازی چکۆلە، چ دەکەی لێرە؟

زوهرە هێندە بەتووندی ئاسینی کراسەکەی ڕاکێشام کە قۆڵەکەی دڕا. " هەڕە دکتۆر بێنە! نابینی کە ڕەوشی دایکم خراپە! " ئەمە یەکەمجار بوو کە زوهرە بە لالە ئەسمای گوت دایکم. من لە بەر دەرگاکە حەپەسابووم، لە جێی خۆم چەقی بووم، پێڵاوە کۆنەکەی لە پێی داکەند و تێی سرەواندم :- دەبڕۆ! چاوەڕوانی چیت؟

ئیدی لە حەوشە وەدەرکەوتم، دەرگا شینە قورسەکەم دەڵەک دا و دەستم بە غاردانێ کرد، بەناو شەقامەکە کەوتم بەبێئەوەی بزانم کێوە دەچم. ئەمە یەکەمجارم بوو کە لە ماڵ وەدەربکەوم. نەمدەزانی دکتۆر لە کوێ پەیدا دەبن. تەنیا یەک شتم دەزانی: لالە ئەسما لە حاڵی مردندا بوو، ئەگەر کەسێکم بۆ معایەنە کردنی پەیدا نەکردبا، من خەتابار دەبووم. یەک نەفەس بە کوچە و کۆڵانە خەواڵوەکانی ژێر هەتاودا، غارم دەدا. دنیا زۆر گەرم بوو، ئاسمان سایەقە و ساماڵ، دیواری ماڵەکان زۆر سپی بوون.

لەم شەقامەوە بۆ ئەو شەقام دەچووم، گەییمە شوێنێک کە لەوێندەرەوە ڕوبارەکە دیار بوو، لە دوورتر دەریا و بایەوانی کەشتیان دیاربوون. دیمەنەکە هێندە جوان بوو کە هەموو ترسێکی لەلا ڕەواندمەوە؛ لە هیچ نەدەترسام. لە سێبەری دیوارێکدا وەستام، تا توانیم تەمەشام کرد. ئەمە ڕێک هەمان ئەو دیمەنە بوو کە لە سەربانی ماڵەکەی لالە ئەسماوە دەمبینی، بەڵام بەرینتر و کراوەتر بوو. لە خوارەوە، جادەکە پڕبوو لە ئوتومبیل، بارهەڵگران و ئوتوبوسی نێوان شاران. دیاربوو کاتی دەوامی دوانیوەڕوانی قوتابیان بوو، ئەمانە بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن، کچۆڵان تەنوورەی شین و قەمیسی سپییان لەبەر بوو، کوڕەکان سەریان تاشی بوو، جلەکانیان بە ئەندازەی جلکی کیژەکان شیک نەبوون، هەندێکیان جانتایان پێبوو و هەندێکیان کتێبەکانیان سەفتە کردبوو و بە لاستیک بەستبوویان.

کە بەلاما ڕەت دەبوون، لە کەسێک دەچووم لە خەوێکی دوور و درێژ بێدار بووبێتەوە، وام وێنا دەکرد کە گوێم لە پێکەنین و تەوسەکانیان دەبێ، دەتگوت لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتبوومە سەر زەوی. بەو کراسە فەرەنسیە قۆڵ دڕاوە و بەو قژە گڤ و لوول و زۆر درێژەمەوە، بێگومان غەریب و نامۆ هاتوومەتە بەرچاویان، وادیارە لە سێبەری دیوارەکەدا وەکو جادووگەر هاتوومەتە بەرچاو.

خوابەختەکی ئەو شەقامەم تەی کرد کە منداڵە مەکتەبلیەکان پێیدا دەڕۆیشتن، ئەوسا بەناو شەقامێکی قەڕەباڵغی دی کەوتم، بازاڕێکی لێبوو، لەبەر هەتاو بە چادر سەریان گرتبوو. لە بەر ماڵێکا، لە ناو

دووکانچەیەکی داریندا، بە چوارمشقی لە سەر تەپڵەکێکی نەوی دانیشتبوو، چوار دەوری یەکپارچە سۆل و نەعلان بوو، چەکوشێکی مسی چکۆلەی بە دەستەوە بوو، خەریک بوو، وردە بزماری لە بنی سۆلێک دەدا. بەدەم تەمەشاکردنەوە بەدیارییەوە وەستام، لێی پرسیم:

–نەعلت دەوێ؟

چونکە بینی کە من هیچم لە پێدا نییە.

–چیت دەوێ؟ لاڵی؟

ئەنجام هاتمە قسە:

–لە دکتۆرێک دەگەڕێم بۆ نەنکم.

ئەوەم بە فەرەنسی گوت، ئەوسا بە عەرەبی دووبارەم کردەوە؛ چونکە سەیرم کرد لێم حاڵی نەبووە و حایرو حەپەساو تەمەشام دەکات.

– نەنکت چییەتی؟

– کەوت، خەریکە دەمرێت.

– لێرە دکتۆر نییە، بەڵام خات جەمیلە لەو میوانخانەیەیە. مامانە، ڕەنگە بتوانێ یارمەتیەکت بدات.

بە هەشتاو بەرەو ئەو شوێنە چووم کە ئەو ئاماژەی بۆ کردبوو. کابرای پینەدۆز بە هەمان دەقی خۆیەوە، چەکوشە مسینەکەی هەڵبڕی بوو، لە دواوە و بە دەنگی بەرز شتێکی گوت کە لێی حاڵی نەبووم، لێ خەڵکەکەی دی دەستیان بە پێکەنین کرد.

خات جەمیلە لە ماڵێکدا دەژیا کە هەرگیز وێنام نەدەکرد، لە کەلاوە دەچوو، دیوارەکانی بەرز و گڵ بوون، هەر دوو تاکی دەرگاکەی کەوتبوونە سەر گازی پشت، هێندەیان گڵ لە بەردەما کەڵەکە بووبوو، هێز نەبوو بتوانێ دایانبخات. هەندێ بۆیەی زبر و کاڵەوەبوو بە ڕووکاری ماڵەکەوە مابووەوە، ئەوەی دەسەلماند کە کاتی خۆی پەمەیی بووە. پەنجەرەکانی دار بوون، هەموو ئاوسا بوون، تەیمانی بانێژەکان مۆرانە تێی دابوون. وێڕای هەموو ترسێک خۆم وە ماڵەکەدا کرد.

ماڵەکەی لالە ئەسما، زۆر ڕێک و پێک و بە تەرتیب بوو، لە ڕادەبەدەر پاک و خاوێن بوو، وام وێنا دەکرد هەموو ماڵانی دنیا بەوجۆرەن، بەڵام بێ سەروبەری ئەم ئوتێلە لە ئەقڵا نەبوو. خەڵکانێکی زۆر لە ژێر کەپران یان لە سێبەری چەند دار ئاقاقیایەکی کزەڵەی مردەڵەدا، بەدەم وەنەوزدانەوە، چاویان گەرم دەکرد. بزن، سەگ و کسۆکان، منداڵ ومەقەڵیان، هەموو، تێکەڵ و پێکەڵ لەو گۆڕە کەوتبوون. لێرە ولەوێ کۆمەڵە زبڵ هەڵدرابووەوە، پیرە مریشکان وەکو کەرگەز چینەیان تیا دەکرد، لە دەواندەوری حەوشەکەدا و لە پەنا کەپرەکاندا، فرۆشیارانی دەستگێڕ، کەلوپەلەکانیان، کەڵەکە کردبوو و بۆ وەی نەدزرێن لە سەریان ڕازابوون. نەمدەزانی ئەو هەموو خەڵکە لەوێندەر چ دەکەن، تەنانەت نەمدەزانی وشەی ئوتێل و میوانخانە چ دەگەیەنێت، لە کاتێکا بەناو حەوشەکە کەوتبووم و تیا مابووم بە کام لادا بڕۆم، لە ناکاوا یەکێک لە بانێژەیەکی ناوخۆوە

بانگی کردم، بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ کردم، هەتاوەکە چاوی خستبوومە ڕێشکە و پێشکە، چاوم بڕییە تاریکی دالآنەکە. گوێم لە دەنگێکی زەلاڵ بوو:- لە کێ دەگەڕێی؟

ئەنجام خانمێکی دان عەمرم بینی، فوستانێکی درێژی وەنەوشەیی لەبەر بوو. پشتی دابوو، بە محەجەرەکەدا. بەدەم سیغارکێشانەوە تەمەشای دەکردم. گوتم: خات جەمیلە.

ئاماژەی بۆ کردم: بە پلیکانەکەدا سەر بکەوە، دوا ژوور لە بەردەمتدا.

چونکە لەوە دەچووم هیچ حاڵی نەبووبم، هاواریکرد:- چاوەڕوانم بکە، واهاتم.

بە ژوورێکی گەورەی تاریکدا بردمی، پڕ بوو لە کەل و پەل و خەڵکانێ کە خەریکی پشوودان بوون. چەند پیرەمێرێک لە سەر مێزێکی نزما خەریکی دۆمینە بوون و، نێرگەلەیەکی گەورەشیان لەلاوە بوو. لەوە نەدەچوو شتاقیان هەستیان بەمن کردبێت.

بەشێک لە دالآن و بانێژەکە لە سەرووی پلیکانەکەوە، کە پەردەی پێوە نەبوو، بە تیشکی هەتاوەکە ڕووناک بووبووەوە. ژنانی سەیر نهۆمی سەرەوەیان ئاوەدان کردبووەوە. هەندێکیان گەنج دیاربوون و ئەوانی دی لە تەمەنی زوهرەو کەمێ گەورەتر بوون. هەموویان قەڵەو و سپیکەلە بوون، قژیان لە خەنە گرتبوو و چاویان ڕشتبوو. لێویان سوور کردبوو. هەموو لەبەر ژوورەکاندا چوار مشقی دانیشتبوون و سیغاریان دەکێشا. دووکەڵی جگەرەکانیان لە تاریکی دالآنەکەوە دەردەچوو، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا لوولی دەخوارد.

-لێرە ڕاوەستە دەچم لە خات جەمیلە دەگەڕێم.

ئیدی لە سەرووی پلیکانەکەدا وەستام، تەنیا یەک پێم نابووە قاتی سەرەوە. پێموایە تەنیا ترسی ئەوەی بەبێ دکتۆر بۆ ماڵی لالە ئەسما بگەڕێمەوە، لەوێندەری ڕاگرتم، دەنا دوو پێم هەبوو ودووانی دیکەم قەرز دەکرد و پێم وەغارەوە دەنا و هەر ئاوڕیشم نەدەدایەوە. ژنان دەوریان دام. بەدەم حیلکە حیلکەوە بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد. دووکەڵی جگەرەکانیان دنیای پڕ کردبوو، بۆنێکی فێنکی کرد بە دەم و کەپوومدا، سەرمەستی کردم.

دەستیان بە قژمدا دێنا، بەجۆرێ دەستیان پێدا دێنا، لە تۆ وایە تا ئێستا شتی وایان نەدیتووە. یەکێکیان کە ژنێکی گەنج بوو، خشڵ و زێڕێکی زۆری بەخۆدا کردبوو، دەستەکانی نەرم و ناسک و قژەکەمی جوان جوان هۆنیەوە و بە قردێلەیەکی سوور بۆی بەستم.

نەوێرام لە جێی خۆ بجولێم:- تەمەشاکەن چەند جوان و قشتە، دۆتمیرێکی ڕاستی ڕاستیە!

لە نیاز و مەبەستی ژنەکان حاڵی نەدەبووم، لە دڵی خۆدا دەمپرسی ئەم ژنانە، بەو هەموو جوانیەی خۆیانەوە، بەم هەموو خشڵ و زێڕ و ئاڕایشتەیانەوە، گاڵتەم پێناکەن، نوقورچم لێناگرن، قژم ڕاناکێشن. بەپەلە و بەدەنگی نەوی قسان دەکەن، من بە سەدەمی گوێیە سەقەتەکەمەوە لە هەموو قسەکانیان حاڵی نەدەبووم.

دوای ماوەیەکی کەم خات جەمیلە هات، وام وێنا دەکرد یارۆی مامان کەسێکی درێژی زەلامی ڕەزا قورس بێ، کەچی کە هات ژنێکی ئەندام وردیلەی نەرم و ناسک بوو، قژەکەی کورت، جلکی ئەوروپاییانەی لەبەر بوو.

تۆزێک لێم ڕاما. ژنەکانی دیکەی دوور خستەوە، وەکو ئەوەی هەستی بە گرانی گوێم کردبێ، دەمی لە پەنا گوێم نا و بە ئەسپایی گوتی:- چیت دەوێت؟

-داپیرەم خەریکە دەمرێ، دەبێ بێی بۆ ماڵەکەی و فریای بکەوی.

هەڵوەستەیەکی کرد وئەوسا گوتی:- دروستە من لێرەم هەم بۆ منداڵان و هەم بۆ ئەو داپیرانەی لە حاڵی مردندان.

بەهەنگاوی هەڕاوەوە، بەناو کوچە و کۆڵانەکان کەوت، منیش بە هەشتاو دوای دەکەوتم. خۆ ئەگەر ئەو نەبایە ڕێگاکەم نەدەدۆزییەوە، بەڵام خات جەمیلە باش باش ماڵەکەی لالە ئەسمای دەزانی.کە گەیشتینەوە ماڵەکە دڵم گوشرا؛ زۆر نیگەران بووم، وام خەیاڵ دەکرد لەو ماوەیەدا لالە ئەسما مردبێت و من ناچار بم هات و هاوار و بۆڵەبۆڵی بووکەکەی تەحەموول بکەم. بەڵام نەمردبوو، لە سەر کورسیەکەی خۆی، لە جێگا هەمیشەییەکەیدا ڕۆنیشتبوو و لاقەکانی نابوونە سەر تەپڵەکەکەی بەردەمی. تەنیا تۆزێ خوێنی وشکەوەبوو بە لا جانگیەوە مابووەوە، ڕێک بەو شوێنەوە کە بە سەریا کەوتبوو.

لالە ئەسما کە چاوی بە من کەوت نیگای گەشایەوە. هێشتا هەر دەلەرزی. تووند دەستی گوشیم. هەستمکرد، حەز دەکات قسە بکات، بەڵام ناتوانێت. نەمدەزانی بەو ئەندازەیە خۆشی دەوێم و ئەمە کردیە کارێک لە ناکاوا دەست بە گریان بکەم.

-دایە گەورە مەجوڵێ، هەر ئێستا چایت بۆ لێدەنەم. چایەک بە دڵی خۆت.

ئەوسا خات جەمیلەم لە ئاستانەی دەرگاکەدا بینی. لالە ئەسما لە سەرەمەرگا نەبوو، ئیدی پێویستی بە کەس نەبوو. لالە ئەسما حەزی نەدەکرد، بێگانە بێتە ماڵەکەی، بە خات جەمیلەم گوت:- حاڵی باشە، ئیدی پێویستی بە تۆ نییە.

تابەر دەرگا بەڕێم کرد. ویستم لە پاشەکەوتی ئەو پارانەی کە وەکو هەقدەست وەرم دەگرت، کرێی ئەو زەحمەتەی بدەمێ کە کێشابووی بەڵام وەری نەگرت. بەڵام چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی و گوتی:- واباشە دکتۆری ڕاستەقینەی بۆ بێنی، بەبۆچوونی من خەلەلێ لە سەریا هەیە بۆیە کەوتووە.

پرسیم:- باشە دووبارە دێتەوە قسان؟

خات جەمیلە سەری لەقاند:- هەرگیز وەکو جارانی لێنایەتەوە، ڕۆژێ دێ دەکەوێت و ئیدی هەڵناسێتەوە. حاڵەکەی واهیە. بەڵام تۆ دەبێ تا دوا نەفەس بەلایەوە بیت. ڕستەکەی بە عەرەبیش دووبارە کردەوە و هێشتاش هەر لە بیرم نەچووە: " تا ئەو دەمەی ڕۆحی دەردەچێت..."

***

دوای تۆزێک زوهرە هات. باسی خات جەمیلەم بۆ نەکرد، ئەگەر زانیبای لە جیاتی دکتۆر مامانێکم لە میوانخانەیەکی کۆنەوە بۆ هێناوە، یەک زللەی مزری لە پەنا گوێم دەسرەواند. ئیدی لە ترسا درۆم کرد:- دکتۆرەکە گوتی چاک دەبێت و هەفتەی داهاتوو سەری دەداتەوە.

-ئەدی دەرمان؟ دەمانی نەدایێ؟

سەرم بۆ لەقاند.

-گوتی هیچ نییە، بەو زووانە چاک دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

زوهرە بە دەنگی بەرز، هاواری بە گوێی لالە ئەسمادا دەکرد، وەکو ئەوەی کەڕ بێت:- گوێت لێیە دایکە، دکتۆرەکە گوتوویەتی هیچ نییە، چاک دەبیتەوە.

بەڵام چەند مانگێکە لالە ئەسما، زاری لە زاری بووکەکەی نەگەڕاوە و زوهرەش هۆی ئەمە نازانێ. ئەو ڕۆژە کە ئەو ڕۆیی، یارمەتی لالە ئەسمام دا کە خۆی بگەیەنێتە سەر تەختە خەوەکەی، ڕێکردنەکەی کۆمیدی بوو، وەکو ڕیشۆڵە بە هەڵقوون هەڵقوون ڕێی دەکرد.نیگا سەوزەکەی، ڕۆشن و خەمگین بوو، دەیڕوانیە دووری دوور.

لە ناکاوا ئەو پێشهاتانە ترسیان خستە دڵمەوە. تا ئەو کاتە هەرگیز لە خۆم نەپرسی بوو ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لالە ئەسما نەمێنێ من چیم بەسەر دێت؟ بەڵام ئەمماڵە، ئەو شتانەی ئەو دیو ئەم دیوارە بەرزانە، ئەودیوی دەرگا شینە گەورەکە، دیتنی شار لە سەربانەوە، کاتێ کە جلەکانم لە سەربان هەڵدەخست، هەموو ئەو شتانە گەیاندبوویانمە ئەو قەناعەتەی کە هیچ بویەر و پێشهاتێکی خراپم نایەتەڕێ.

تەمەشای خانمەکەمم، مامۆستاکەمم کرد، ڕوانیمە ڕوخسارە پیر و هەڵئاوساوەکەی، چاوەکانی بووبوون بە دوو درزی بێ ڕەنگ، قژە سپیەکەی کە لە ژێر خەنە و وسمەوە سەرتاتکێی دەکرد، تەواو تەنک بووبووەوە.

-دایە گەورە، دایگەورە، خۆ هەرگیز بەجێم ناهێڵی، وانا؟

ڕوندک بە گۆناکانما دەهاتنە خوارێ و بەری فرمێسکانم پێ نەدەگیرا.

-وانییە داپیرە؟ خۆ بەتەنیا بەجێم ناهێڵی؟

قەناعەتم وابوو کە گوێی لە قسەکانم بووە، چونکە دیتم کە پێڵوەکانی جوڵان و لێوەکانی بزوان. ئیدی دەستەکانم خستنە نێو دەستەکانی بەو ئومێدەی بیانگوشێت.

-داپیرە، بەدڵ و بەگیان خزمەتت دەکەم، ئاگاداریت دەکەم. نایەڵم کەس لێت نزیک ببێتەوە، بەتایبەتی زوهرە. بەخۆم چایتان بۆ دەم دەدەم. خواردنت دەدەمێ، بەخۆم دەچم سەوزە و نانت بۆ دەکڕم. ئیدی ترسم شکاوە، لە چوونە دەرەوە ناترسم. ئیدی پێویستمان بە زوهرە نەماوە.

بەدەم قسە کردنەوە، فرمێسکم بەند نەدەبوو، دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەم جارم بوو، دەنا پێشتر بۆ هیچ شتێک نەدەگریام، تەنانەت ئەو کاتانەش کە زوهرە بە نوقرچ گیانی شین دەکردمەوە، هەر نەدەگریام.

بەڵام لالە ئەسما، وەکو جارانی لێ نەهاتەوە، بەپێچەوانەوە ڕۆژبە ڕۆژ خراتر دەبوو. خواردنی نەدەخوارد. کە هەوڵم دەدا چای بە دەمەوە بکەم، چایە ساردەکە بە دەم و لێویا دەڕژا و کراسەکەی تەڕ دەکرد. لێوەکانی زبر بوون، قڵێشان، پێستی وشک بوو، زەرد هەڵگەڕابوو. دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو کەسە بەو هەموو پاک و خاوێنیەی خۆیەوە، خۆی پیس دەکرد. جلە پیسەکانیم دەگۆڕی. نەمدەویست زوهرە و هابیل، بەو ڕەوشەوە بیدینن. دڵنیابووم کە شەرمی دەکرد، هەموو شتێکی دەزانی. زوهرە کە دەهاتە ژوورەکەوە، لووتی خۆی کرژ دەکرد و دەیگوت: " ئەم بۆنە ناخۆشە چییە؟ "

پێمگوت، هی ماڵە دراوسێکەمانە، خەریکە بیری ئاودەستەکەیان پاک دەکەنەوە. زوهرە حایر وحەپەساو تەمەشای لالە ئەسمای دەکرد و سەرکۆنەی منی دەکرد:– لەبەر ئەوەیە تۆ وەکو پێویست ماڵەکە خاوێن ناکەیتەوە، تەمەشا چۆن دراوە بەیەکدا، چەند بێ سەروبەرە.

هەوڵیدەدا بزانێ مەسەلە چییە. بۆ ئەوەی پەی بەو حاڵ و ڕەوشەی لالە ئەسما نەبات، هەموو بەیانییەک قژەکەیم شانە دەکرد، گوپەکانیم سووراو دەکرد، کرێمی کاکاوم لە لێوەکانی دەدا. ئەوسا سینیە مسەکەم بە قۆریە چای و پەرداخەکانەوە، لە سەر تەپڵەکەکەی تەنیشتیەوە دادەنا و تۆزێ چای شیرینم دەکردە بنی یەکێک لە پەرداخەکانەوە وەکو ئەوەی لالە ئەسما خواردبێتیەوە.

قەت بەجێم نەدەهێشت. شەوان لە سەر ئەرزەکە و لەلایەوە، چەرچەفێکم بە خۆدا دەدا و دەڕازام. لەبیرمە مێشوولەیەکی زۆری هەبوو، شەو تا بەیانی گیزە گیزی مێشوولەم لە گوێ نەدەبڕا. کە ڕۆژ دەبووەوە، ئەوسا کەمێک خەوم لێدەکەوت. هەناسەی پڕ ئازاری لالە ئەسمام لە بیر دەچووەوە، خەوم دەبینی کە بە هەمان ئەو کەشتیەی هەمیشە لالە ئەسما باسی دەکرد، سەفەرمان دەکرد لە ملیلەوە بۆ مالاگا و تەنانەت بۆ دوورتریش، تا فەرەنسا.

شەوێک، ڕەوشەکە زۆر خراپ بوو. هەوەڵجار پەیم بە حاڵەکە نەبرد. لالە ئەسما خەریک بوو دەخنکا. هانکە هانک و هەناسەدانی دەتگوت موشەدەمەی ئاسنگەرانە. لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا قرخە قرخێکی دەکرد. لە ترسا لە پێستی خۆم نەدەهێوریم، بەهەمان دەقی خۆمەوە لە ئەرزەکەدا ڕاکشابووم. ژوورەکە تاریک بوو، تریفەی مانگ بە ئاستەمێ حەوشەکەی ڕوناک کردبووەوە. بەڵام نەدەوێرام لە ژوورەکە وەدەربکەوم. چاوەڕوانم کرد تا ڕۆژ ببێتەوە. لە دڵی خۆدا دەمگوت: هەرکە ڕۆژ ببێتەوە، هەتاو هەڵبێت، لالە ئەسما لە خەو ڕادەبێ، ئەم پرخ و هۆڕ و قرخە قرخەی لە کۆڵ دەبێتەوە.

بەیانی زوو لە ماندوویەتی خۆما خەوم لێکەوت. ڕەنگە لەو ساتەدا لالە ئەسما مردبووبێ، بۆیە خەوم پێیاکەوتووە.

وەختایەک لە چێشتەنگاودا لە خەو ڕابووم، زوهرە بە دیار تەختە خەوەکەوە وەستابوو و بەدەنگی بەرز دەگریا. کە چاوی بە من کەوت، لێوی لێ هەڵقورتاندم و بە تووڕەیی کەوتە جنێودانم. هەرچییەکی هاتە دەستەوە، لە خاولی، گۆڤار و... تێی سرەواندم، ئەنجام تاکێکی پێڵاوەکانی داکەند و ویستی تێمی بسرەوێنێ، بەڵام هەڵاتم و خۆم گەیاندە ناو حەوشەکە. هاواری دەکرد:– نەگبەت، جادووگەر، دایکم مردووە و تۆش لە غوڕابی خەودایت، هەی بکوژ!

وەکو دەورانی منداڵیم، خۆم وەبن مێزی مووبەقەکەدا، لە ترسا وەکو بی ناو ئاو دەلەرزیم. خۆشبەختانە لەو دەمەدا، ژنێکی دراوسێ بەدەم هات و هاوارەکەوە هات. پاشان هابیلیش هات، زوهرەیان هێورکردەوە کە چەقۆیەکی بە دەستەوە بوو، وەکو ئەوە بوو بیەوێ من بکوژێت، هێشتا هەر شیتە شیت و هاوار هاواری بوو: " هەی جادووباز، بکوژ! " لە حەوشەکەدا دایان نیشاند، پەرداخێ ئاویان دایێ.

لە مووبەقەکە وەدەرکەوتم، بە چوار چنگۆڵە و بە بەر سێبەری دیوارەکەدا خۆم گەیاندە حەوشە، پێم پەتی بوو، هەمان فوستانی چرچ و لۆچم لەبەر بوو کە پێوەی خەوتبووم. قژە لوولەکەم گڤ بووبووەوە، وادیاربوو، لە بکوژان دەچووم.

ئیدی توانیم لە دەرگا شینە گەورەکەوە، کەبە ئاستەم کرابووەوە، هەڵێم. ئەوسا، وەکو ئەو ڕۆژەی چووبووم بە دووی مامانەکەدا، بەغار بەنێو شەقامەکان کەوتم. زۆر دەترسام بمگرن و لە سووچی زندانم تووند بکەن، چونکە هێشتبووم لالە ئەسما بمرێت.

بەوجۆرە و بە یەکجارەکی ماڵی میلام بەجێهێشت و ببڕای ببڕ جارێکی دی بۆ ئەوێندەر نەزڤڕیمەوە. هیچم نەبوو، تەنانەت تاقە پولێکم نەبوو، پێم پەتی و کراسە کۆنەکەم لەبەر بوو، تەنانەت ئەو جووتە گوارە زێڕەشم، کە لە شێوەی هیلال دا بوون و لالە ئەسما بەڵێنی دابوو، دوای مردنی بۆ من بێ، پێ نەبوو. هەستم کرد زۆر لەو ڕۆژە بێنەواترم کە دزەکان بە لالە ئەسمایان فرۆشتم.

(( ٢ ))

میوانخانەکە، لە هەموو ئەو شوێنانەی کە پێشتر دیتبووم، جیاوازتر بوو. لە ماڵێک دەچوو، دەرگاکەی لە سەر گازی پشت بێ و بەهەر چوار نکاڵدا بڕوانێت، کەوتبووە سەر شەقامێکی قەرەباڵغی پڕ هاتوچۆوە، پڕ بوو لە پیکاب و ماتۆڕ سیکل. زۆر لە بازاڕەکەوە نزیک بوو، ئەپارتمانێکی چیمەنتۆی گەورە بوو، هەرچییەکمان بویستبایە تێیدا هەبوو، گۆشت، سەوزە، سۆل و پێڵاو، کومبار و سوراحی و سەتڵی پلاستیکی.

کە لە ماڵی لالە ئەسما، هاتمەدەرێ، نەمدەزانی کێوە بچم. بەڵام لە شتێک دڵنیابووم، ئەویش ئەوە بوو، خۆ لە شوێنێ پەنهان بکەم کە هابیل و زوهرە، نەیدۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر پولیسیانش ناردە تاقیبم، نەمدۆزنەوە. وەکو پشیلەیەکی وێڵ و سەرگەردان بە سێبەر و پەنای دیوارەکاندا غارم دەدا، هێشتا دەنگی زوهرە لە مێشکمدا دەزرینگایەوە کە هاواری دەکرد: " هەی جادووبازی، بکوژ، هەیدێ گوم بە لە بەرچاوم بۆ دەرەوە! " دڵنیابووم، ئەگەر بەردەستی کەوتبام، لە زندانی تووند دەکردم. بەبێ ویستی خۆم، هەنگاو بەرەو ئەو شەقامەی بردم، کە چووبووم بە دووی دکتۆرا بۆ لالە ئەسما. کە چاوم بەو بینا گەورەیە کەوت کە هەر دوو تاکی دەرگا گەورەکەی لە سەر گازی پشت بوو، دڵم لە خۆشیا داخورپا، دڵنیا بووم کە زوهرە ناتوانێ لێرەدا بمدۆزێتەوە.

خات جەمیلە لەمیوانخانەکە نەبوو، بۆ کارێکی زەرووری بانگ کرابوو. ئیدی بەکاوەخۆ، ئاقڵانە لە داڵان و بانێژەکەدا دانیشتم و پشتم بە دیوارەکەوە دا و لەبەر دەرگای ژوورەکەیدا چاوەڕوانم کرد.

جاری یەکەم کە بۆ ئەوێ هاتبووم، هێندە بەپەلە بووم، دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا، تا بدینم چی لە میوانخانەکەدا دەگوزەرێ. نها بە وردی، تەمەشای هەموو شتەکانم دەکرد، ئەو خەڵکانەی کە بە بەردەوامی دەهاتن و دەچوون، فرۆشیارانی دەستگێڕ، کەبە جلکە کۆنەکانیانەوە، وەکو کەر باری قورسیان بەشانەوە بوو، ئەو کاسبکارانەی کە کەل و پەلەکانیان لە ژێر تاقەکاندا دادەنا. هەروەها بەقاڵان، خورما فرۆشان، ئەو گەنجانەی باری سەیر و سەمەرەیان بە پاسکیلەکانیان دەگواستەوە، پاکەتی ئەسپاپ وازی پلاستیکی، نەوار و کاسێتی مۆسیقا، سەعات، عەینەکی ڕەش. خۆیان و کەل و پەلەکانیانم دەناسی، چونکە زۆرجار دەهاتن و لە دەرگای ماڵەکەی لالە ئەسمایان دەدا، جا چونکە نەیدەتوانی هەستێ و بڕوات شتیان لێبکرێت، داوای دەکرد شتەکانیان لە ناو حەوشەکەدا نمایش بکەن و هەندێ شتی لێدەکرین کە بە هیچ جۆرێ پێویستی پێی نەبوو، وەکو قەڵەم، جێ سابوون و.. هتد. بووکەکەی بەمە تووڕە و پەست دەبوو:- دایکە ئەمانەت بۆ چییە؟

لالە ئەسما، سەرێکی دەلەقاند:- لەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە کەڵکی بێ. هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، ئەم دەستگێڕانە هاتوچۆی ئەم شوێنانە بکەن.

هەندێ ئافرەتی گەنج ئاکنجی قاتی دووەم بوون کە ئەمە جاری یەکەم بوودەمدیتن. ئەوەندە شیک و جوان بوون، کە بە ئەقڵی خاوی خۆم بە دۆتمیرم دەزانین. لەم کاتەی ڕۆژدا ئافرەتەکان هێشتا لە ژوورەکانی خۆیاندا، کە دەرگاکانیان بە ئاستەم درزیان تێکەوتبوو، خەوتبوون.

خەریک بوو لە درزی یەکێک لە دەرگاکانەوە تەمەشام دەکرد، چاوم بە یەکێک لە دۆتمیرەکان کەوت کە لە سەر تەختە خەوێکی گەورە خەوتبوو. دوای کەمێک جەستەیم بەدی کرد، بە ڕووت و قووتی لە سەر لێفەکان ڕاکشابوو، قژەکەی ڕوو و ڕوخساری داپۆشی بوو. سەرم لە سپیەتی ورگی، لە خەمشە ( قوز ) پاک تاشراوەکەی سوڕما، هەرگیز شتی وام نەبینی بوو. لالە ئەسما هەرگیز لە گەڵ خۆیدا بۆ گەرماوی نەدەبردم، تا دوا هەناسە، ڕێی نەدام بە ڕووتی، بەبێ جل و بەرگ بیدینم. جەستە لاواز و ڕەشەکەی من، لەم جەستە زۆر سپیە و لەم شتە نووستووە نەدەچوو. پێموایە بە کەمێک ترسەوە پاشەوپاش کشامەوە، هەر دوو ناو لەپم ئارەقەیان کردەوە.

ماوەیەکی زۆر لە بانێژەو دالآنەکەدا، بەدەم چاوەڕوانیەوە مامەوە، هەموو هۆش و گۆشم لە حەوشەکە و لەلای هاتوچۆی دەستگێڕەکان بوو. برسیم بوو، لە دوێنێوە هیچم نەخواردبوو، زۆر دەترسام، خەریک بوو لە تینوواندا دەخنکام.

لە خوارەوە، لە حەوشێدا، بیرێک هەبوو، لە ژێر تاقەکاندا پریاسکەیەک میوەی وشکەوە بووم بەدی کردبوو، کە سەرەکەی بە ئاستەم کرابووەوە، چۆلەکان دەهاتن و بە دەندووکان تێی بەردەبوون. بە پلیکانەکاندا، بە ماتە مات خۆم گەیاندە پریاسکەکە، تۆزێک شەرمم دەکرد، چونکە لالە ئەسما هەمیشە پێی دەگوتم، لە دنیادا هیچ ئابڕوو چوونێ لەوە گەورەتر نییە، دزی لە خەڵکی بکەیت، لە بەر شتە دزراوەکە نا، بەڵکو لەبەر ئەو خیانەتەی لە پێناوی دزییەکەدا دەکرێ، بەڵام من برسی بووم و نها ئامۆژگارییەکانی لالە ئەسما زۆر دوور کەوتبوونەوە.

لە لای پریاسکەکەوە کە سەرەکەی کرابووەوە، هەڵتروشکام، ئیدی خورما، هەنجیری وشک و چنگێ مێوژم لە کیسەیەکی نایلۆندا دەرهێنا و کەوتمە خواردن، پێموایە ئەگەر خاوەنەکەی بەکرێ و لە دواوە نەهاتبا بە سەرا و نەیگرتبام، زۆربەی شتەکانی ناو پریاسکەکەم دەخوارد. بە دەستی چەپ لە قژم نەوی و بە دەستی ڕاست قایشەکەی بەرز کردەوە و بە هەڕەشەوە گوتی:- هەی قولە ڕەشی چکۆلە، هەی دز، ئێستا ئەو دنیا بە تۆ و بەوانەی وەکو تۆن، نیشاندەدەم!

لە بیرمە ئەوەی کە زۆر ئازاری دەدام ئەوە نەبوو کە لە قافا بەگیر هاتبووم، بەڵکو زیاتر ئەوە بوو کە کابرای فرۆشیار، بەو شێوەیە دەستی نابووە قژەکەم و پەیتا پەیتا دەیگوت:" هەی قولە ڕەش! " هیچ کەسێک پێشتر ئەو جنێوەی پێنەدابووم، تەنانەت زوهرەش کە تووڕە دەبوو ئەو جنێوەی پێ نەدەدام، چونکە دەیزانی لالە ئەسما ئەوەی لێ قەبووڵ نەدەکرد.

کەوتمە لەقە فرتێ تا خۆمی لە چنگ دەرباز بکەم، گازێکی ئەوتۆم لێگرت کە خوێن لە دەستی هات. ڕووبەڕووی وەستامەوە و هاوارم کرد:- من دز نیم! چیم خواردووە پارەکەیت دەدەمێ!

لەم دەمەدا جەمیلە خانم هاتەوە، ژنەکان لە دالانەکەی نهۆمی سەرەوە، دانەوینەوە و کابرای دەستگیڕیان جنێوباران کرد، بۆڵەبۆڵیان بە سەردا دەکرد و جنێوی وەهایان دەدایێ کە بە عەمراتم نەمبیستبوو. ئەنجام یەکێک لە دۆتمیرەکان کارێکی کرد، بەڕاستی کارستان! لە سەرەوە چەند دراوێکی، دە، بیست قروشی تێ سرەواند و هاواری بەسەردا کرد:- بگرە، ئەوە پارەکەت، هەی سەگبابی سەر سواڵکەری دز!

کابرا حایر مابوو، لە ژێر جنێوبارانی ژنەکان و کەوتنە خوارەوەی دراوەکاندا، پاشەوپاش کشایەوە، لەم کەین و بەینەدا خات جەمیلە لە قۆڵم نەوی و لە گەڵ خۆیدا بردمیە سەرەوە. پێموایە هێشتا تۆزێک لە مێوژەکەم لە دەستا مابوو، تەنانەت ئەو کاتانەش کە یارۆی دەستگیڕ، چنگی لە قژم نابوو و بە پشتێنەکەی لێی دەدام، هەر دەستبەرداری مێوژەکە نەبووبووم. بەڵام لە ناکاوا ترس دایگرتم، ڕێک وەکو ئەو ڕۆژەی کە لالە ئەسما کەوتە سەر ئەرزەکە. وەکو ئەو ڕۆژەی زوهرە، بەبێ ئەوەی جووتە گوارەکەی خۆمم بداتێ، بە خۆرتی لە ماڵ وەدەری نام. بۆ من ڕۆژانێکی تاڵ و ناخۆش بوو. لە ناکاوا، لە سەر پلیکانەکان لە هۆڕژنی گریانێکی هێندە بە کوڵم دا، قەڵەمی دەست و پێم شکا، هێزی پێم نەما بە پلیکانەکاندا سەر بکەوم. خات جەمیلەش کە بە کەلەش زۆر لە من بەدار و بارتر نەبوو، هەڵیگرتم و وەکو منداڵێک بە پلیکانەکاندا سەری خستم. بەردەوام بە گوێی دا دەچپاندم: " کیژەکەم، کیژی خۆم "، من زیاتر دەگریام، چونکە لەو ڕۆژەدا کە داپیرەم لە دەست دابوو، دایکێکم دۆزییەوە.

دۆتمیرەکان ( تا ئەو کاتەی زانیم شتاقیان دۆتمیری ڕاستەقینە نین، لە دڵی خۆدا هەر بە دۆتمیرم دەزانین ).

لە سەرەوە، بەوپەڕی میرەبانی و دلۆڤانیەوە چاوەڕوانم بوون. لە ناویان پرسیم، لە بەینی خۆیاندا ناوەکەمیان دووبارە دەکردەوە: لەیلا، لەیلا. چای غەلیز و شیرینی بە هەنگوینیان بۆ هێنام، تا سڕ بووم خواردم. پاشان لە ژوورێکی گەورەی تاریک و فێنکدا جێگەیەکی باشیان بۆ ئامادە کردم. کە پڕ بوو لە سەرین و بالیفان، وێڕای هەرا و زەنای کاروانسەرا ومیوانخانەکە، یەکسەر خەو بردمیەوە، دەنگی مۆسیقای ڕادیۆیەک کە لە نێو حەوشەکەدا ئیشی دەکرد، بۆم بووبوو بە لای لایە. بەو جۆرە تێکەڵ بە ژیانی خات جەمیلەی خالقی فریشتان و هەر شەش دۆتمیرەکەی بووم.

(( ٣ ))

ژیانم لە میوانخانەکەدا، ئارامییەکی سەیری پەیدا کرد، دەتوانم بڵێم ئەم ماوەیە خۆشترین دەورانی ژیانم بوو، ئیدی بێ خەم و خەیاڵ دەژیام، هیچ ئاریشە و کێشەیەکم نەبوو، ئیدی لە خات جەمیلە و دۆتمیرەکانیا، سۆز و میهرێکی وام دەبینی کە تا ئەو ڕۆژە شتی وام بە خۆوە نەبینی بوو.

کە برسیم دەبوو، خواردنم دەخوارد، کە خەوم دەهات دەخەوتم، کە ئارەزووی چوونە دەرەوەم هەبوایە ( کە زۆرجار ئەمە پێشدەهات )، بەبێ پرسی هیچ کەسێک دەچوومە دەرێ، ئەو ئازادیە تەواوەی کە هەمبوو، هەمان ئازادی ئەو ژنانە بوو کە لە گەڵیاندا دەژیام. زەمان و کاتیان بەلاوە گرینگ نەبوو، بۆیە شادمان بوون وەکو کیژ یان منداڵ، یان خوشکی بچووکی خۆیان ڕەفتاریان دەگەڵدا دەکردم. بەو ناوانەوە گازیان دەکردم. خات جەمیلە پێی دەگوتم: " کچەکەم ". فاتمە، زوبەیدە، ئایشە، سەلیمە، حوریە و تەغریدە، پێیان دەگوتم: " خوشکی چکۆلە. " بەڵام تەغریدەش هەندێجار بە " کیژم " بانگی دەکردم، چونکە لە ڕاستیا، لە ڕووی تەمەنەوە، بە دایکم دەشیا. بە نۆرە لەو دوو ژوورەدا دەنووستم کە هی دوان لە دۆتمیرەکان بوو، ئەمە جگە لە ژوورەکەی

تەغریدە، کە ژوورێکی گەورەی بێ پەنجەرە، تەنیا لە شەوی یەکەمدا لەو ژوورە نووستبووم. ماڵەکەی خات جەمیلە، لەوبەری داڵانەکە بوو، پەنجەرەیەکی هەبوو دەیڕوانیە سەر شەقامەکە. هەندێجار لەوێش دەنووستم، بەڵام زۆر بە کەمی، چونکە خات جەمیلە، بەهۆی کلینیکە ڕاوێژکارییەکەیەوە زۆر سەرقاڵ بوو، هەمیشە ژنانی دووگیانی لەلا بوو. کە ژنانی لەلا بوایە دەمزانی کە نەدەبوو بچم بۆ لای و لە دەرگا بدەم. ئەو شەوانەی ژنانی لە لا بوایە، دەرگاکەی لە ژوورەوە بە شیش دادەخست، لە دەلاقەیەکەوە تەمەشام دەکرد، فانۆسێکی گەڕۆکی لە ژووری عیادەکەیدا دادەگیرساند، ئیدی ئەوە ئاماژەیەک بوو زوو پەیم پێدەبرد.

دۆتمیر وفریشتەکان زۆریان خۆشدەویستم. ئەگەر شتێکیان پێویست با، منیان دەنارد، بۆ نموونە لەو دەستگێڕانەی ناو حەوشەکە چام بۆ دەکڕین، یان دەچوومە بازاڕ و شیرینی و جگەرەم بۆ دەکڕین، یان نامەکانیانم بۆ پۆستەخانە دەبرد. هەندێجار کە بۆ بازاڕ کردن دەچوون بۆ شار، منیان لە گەڵ خۆدا دەبرد تا لە کڕینی شتاندا یارمەتیان بدەم نەک شتەکانیان بۆ هەڵگرم، ( چونکە هەمیشە کوڕان هەبوون بۆ ئەم جۆرە حەماڵیە. )، زیاتر بۆ ئەوە بوو لە کڕینی شتاندا معامەلەیان بۆ بکەم، چونکە لالە ئەسما فێری کردبووم معامەلە لە گەڵ ئەو فرۆشیارە گەڕۆکانە بکەم کە دەهاتنە بەر دەرگا و لە دەرگایان دەدا، ئیدی بەباشی فێری معامەلە کردن بووبووم.

زوبەیدە زۆری حەز دەکرد دەگەڵ مندا بۆ بازاڕی بەزازەکان بڕوات. بۆ کراس یان چەرچەفی سەرتەختان قوماشی خامی هەڵدەبژارد. ژنێکی باریکەلەی بەژن زراڤ و سپیکەلەی قژ ڕەش بوو. قوماشەکەی لە خۆیەوە دەۆێچاو، بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و دەهاتەبەر ڕوناکیەکە:- چۆنە، لێم دێت؟

کەمێک دەوەستام، ئەوسا زۆر بە جدی دەمگوت:- جوانە، بەڵام زیاتر شینی تۆخت لێدێت.

فرۆشیارەکان دەیانناسیم، دەیانزانی زۆر بە جدی معامەلە دەکەم و لە معامەلەدا هەندێ گیرم و بەجۆرێ معامەلەم دەکرد، وەکو ئەوەی من کڕیارە ڕاستیەکە بم. ئیدی نەیاندەتوانی فریوم بدەن، ئەمەش لە لالە ئەسماوە فێر بووبووم، ڕۆژێک نەمهێشت فاتمە زنجیرێکی زێڕ کە پیرۆزەیەکی پێوە بوو بکڕێت.

-تەمەشاکە فاتمە، ئەمە بەردی ڕاستەقینە نییە، ئەمە مەعدەنێکی بۆیە کراوە.

بە ددانمدا هێنا، دیاربوو بۆش و بەتاڵە:- دەبینی کە بۆشە.

کابرای فرۆشیار، زۆر تووڕە بوو، بەڵام فاتمە داگژایە سەر و گوێلاکی و بێدەنگی کرد:- بێدەنگ بە، هەق بە خوشکە چکۆلەکەی منە. مەمنوونی بەختی خۆت بە، کە ناتدەمە دادگا.

لەو ڕۆژە بەدواوە، دۆتمیرەکان زیاتر بایەخیان دامێ، شاکارەکانیان بۆ هەموو کەسێک دەگێڕامەوە، نها تەنانەت فرۆشیارە گەڕۆکەکانی میوانخانەکەش، بەڕێز و حورمەتەوە چاک و خۆشیان لە گەڵما دەکرد. دەهاتن بۆ لام و داوایان دەکرد لەم کارە یان لەو کارەدا، ناوبژی بکەم، دیاری و سەوقاتیان دەدامێ و دەیانویست بمکڕن، بەڵام من فریوم نەدەخوارد. شیرینی و شەکرۆکە و نوقڵەکانم لێوەردەگرتن و بە فاتمە و زوبەیدەم دەگوت:- ئاگات لەم پیاوە بێ، زۆر ساختەچییە.

خات جەمیلە، ئاگای لە هەموو شتێک بوو. هیچ قسەیەکی نەدەکرد، بەڵام زۆر چاک دەمزانی کە ڕازی نییە. کاتێ بۆ بازاڕ کردن دەچووم یان یەکێک لە دۆتمیرەکان لە گەڵ خۆیدا دەیبردم، بە نیگای تاقیبی دەکردم، ئەوسا بە جۆرە گازنێکەوە بە فاتمەی دەگوت:- بۆ کوێی دەبەی؟

یان هەوڵێدەدا، هەندێ کارم پێ بسپێرێت تا نەیەڵێت بڕۆم، بۆ نموونە چەند لاپەڕەیەکی دەدامێ بۆی بنووسمەوە، یان ژمارە و حیساب یان زانستە سروشتیەکان. دەیویست فێری نووسینی عەرەبیم بکات. هەندێ هیوا و ئومێدی بە من هەبوو.

بەڵام زۆر لە نیاز و مەبەستەکانی حاڵی نەدەبووم، بە تەواوەتی نەمدەزانی چی دەوێت. چونکە زەمانێکی زۆرم لە گۆشەگیری و نیمچە زنداندا بەسەر بردبوو، نها، سەرمەستی ئازادی بووم. ئەگەر کەسێک ویستبای ڕێم لێبگرێ، ئامادەبووم هەڵێم.

تا وەکو ئەمڕۆش، باوەڕ ناکەم دۆتمیرەکان، دۆتمیری ڕاستەقینە نەبوون. لە گەڵیاندا ئاسوودە بووم، یاریم دەگەڵ دەکردن، بە تایبەتی لە گەڵ زوبێدە و سەلیمەدا کە منداڵکار و بێ خەم و خەیاڵ بوون و بەردەوام پێدەکەنین. لە گوندێکی چیاییەوە هەڵاتبوون و لێرە گیرسابوونەوە. هاونشینی پیاوانێکی زۆر بوون، ئوتومبیلی ئەمریکایی جوان، دەهاتنە بەر میوانخانەکە و دەیبردن. لە بیرمە شەوێک ئوتومبیلێکی ڕەشی درێژی جام ڕەش، کە لە هەردوو لاوە ئاڵای پێوە بوو، ئاڵای کەسک و سپی و سوور و ڕەش، هاتبووە ئێرە.

تەغریدە پێی گوتم:- ئەمە کابرایەکی دەستڕۆی زۆر دەوڵەمەندە.

هەوڵمدا، ناو ئوتومبیلەکە بدینم، بەڵام جامەکەی زۆر تاریک بوو، هیچی لێوە نەدەبینرا.

- ئەمە پاشایە؟

تەغریدە، بێئەوەی گاڵتەم پێبکات گوتی:- کەسێکی گەورەیە، وەکو پاشایە.

ڕوخساری تەغریدەم زۆر خۆشدەویست، زۆر گەنج نەبوو، چرچ و لۆچ بە گۆشەی چاوەکانییەوە دیاربوو. لە تۆ وایە پێدەکەنێ. ئەسمەرێکی تۆخ بوو. تەقریبەن وەکو من ڕەش بوو، کۆمەڵێ وردەخاڵ بە سەر هەنیەیەوە بوو. هەفتەی دووجار لە گەڵیدا دەچووم بۆ گەرماوی گشتی، گەرماوەکە لە نزیکی ڕێژاوی ڕوبارەکە، لەلای باراندازی بەلەمەکان بوو. تەغریدە خاولیەکی گەورەی دەدایە من، بە خۆیشی چانتای شت و جلە خاوێنەکانی هەڵدەگرت وبە دوو قۆڵی دەڕۆیشتین. کە لە ماڵی لالە ئەسما بووم، باوەڕم نەدەکرد شوێنی وەها هەبێت، باوەڕم نەدەکرد کە بتوانم بە ڕووت و قووتی، لە هەنبەر ژنانی دیکەدا بوەستم.

تەغریدە، شەرم و حەیای لەلا نەبوو. بەبێ جل و بەرگ و دەرپێ بە بەردەم مندا دەهات و دەچوو. لەشی بە بەردە پێ نەرم دەکردەوە، ئەوسا لفکەی لێدەخست. مەمکەکانی گەورە و گۆی مەمکی وەنەوشەیی بوون، پەنا ڕانەکانی و ناو گەڵ و بەری بە جوانی دەتاشی. من لە تەنیشت ئەوەوە لە قولەڕەشێکی وردیلەی مردەلۆخ دەچووم، وێڕای هەموو شتێک نەمدەتوانی بەرم بە خاولیەک نەشارمەوە.

تەغریدە، دەیویست پشت و پشتە ملی بە زەیتی کوپرا چەور بکەم و بشێلم. کە بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، ئینسان دڵی لێی تێکهەڵدەهات. لەو گەرماوە گەورە گشتیەدا، هەڵمی ئاوەکە بەسەر جەستەی خەڵکەکەدا دادەخزی، یەکپارچە دەنگە دەنگ و هەرا و زەنا بوو، کوڕی منداڵ ڕووت و قووت، بە دەوری حەوزی ئاوە

گەرمەکەدا غاریان دەدا و هاواریان دەکرد، هەموو ئەم شتانە تووشی سەرە گێژکەیان دەکردم، دڵم تێکهەڵدەهات.

–بەردەوام بە لەیلا، دەستە بەهێزەکانت ئاسوودەم دەکات.

نەمدەزانی بەم کارە ئاسوودە دەبم یان بێزار، هێندەم مەساج دەکرد، تا زەیتەکە دەچووە کونیلەکانی بەدەنی تەغریدەوە، بۆنی زەیتەکە و بۆنی ئارەقە بەدەم و کەپووما دەچوو. پاشان بۆ ئەوەی وەخۆ بێمەوە ئاوی ساردی پێدا دەکردم، کە دەیبینی مووی لەشم تەواو گرژ بوو و هەڵدەهاتم، لە پێکەنینا دەخنکا.

بووبووم، بە مایەی شادمانی میوانخانەکە، پێدەچوو خات جەمیلە بەمە خۆشحاڵ نەبێت. دیارە بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو هەموو خۆشەویستیەی دۆتیمرەکان دەرهەق بە من هەیانبوو، زۆر بەنازم دەکات و خووم شەڕ دەبێ.

ژنەکان، هەموو ڕۆژێ، هێندەیان ستایش دەکردم: " کە جوانە! " بەرە بەرە خەریک بوو قسەکانیانم لێدەبوو بەڕاست، بە زەوقی خۆیان جلیان لەبەر دەکردم؛ ئیدی منیش خۆم ڕادەستی زەوقی ئەوان دەکرد. فوستانی درێژیان لەبەر دەکردم، نینۆکیان سوور دەکردم، لێویان سووراو دەکردم، کرێمیان لە دەم و چاوم دەدا، کلیان لە چاوان دەکردم، سەلیمە، کە بە ئەسڵ سوودانی بوو، تەسریحە کردنی قژەکەمی لە ئەستۆ گرتبوو، قژەکەمی بەسەر چوار گۆشاندا دابەش دەکرد، دەی هۆندەوە، بە قردێلەی سوور دەیبەست و مرواری ڕەنگاوڕەنگی پێوە دەکرد. یان بە سابوونی کاکاو دەیشۆرد تا وەکو مووی شێر وشک و گڤ بوەستێ. هەموو جار پێێ دەگوتم کە جوانترین شوێنی من هەنیە و برژانگە درێژ و کەوانەیی و چاوە بادەمیەکانمە. لەوە دەچوو بۆیە ئەوەم پێ بڵێ چونکە لەو دەچووم.

تەغریدە، بە خەنە، هەمان ئەو نەخشانەی خۆی، لە سەر هەردوو دەستم یان لە سەر هەنیە و هەر دوو ڕوومەتم، بە پووشەیەک کە لە تەنی چرای هەڵدەکێشا، دەنەخشاند. فێری تەپڵ لێدانی دەکردم و لە ژوورەکەی ئەودا سەمام دەکرد. کە ژنەکانی دی گوێیان لە دەنگی دونبەڵەکەکە دەبوو، دەهاتن، ئیدی بە پێی خواس و لە سەر کاشیەکە بەدەم سەماوە بە دەوری خۆما دەسوڕامەوە، تا تەواو گێژ دەبووم.

ئیدی بەم ڕەفتارە مندالانانەوە، زۆربەی کاتی دوانیوەڕوانی خۆم بەسەر دەبرد. شەوان، دۆتمیرەکان ئیزنیان دەدام، تا پێشوازی میوانەکانیان بکەن. یان دەچووم بۆ ژووری ئەوانەیان کە بە ئوتومبیل دەڕۆیشتن. خات جەمیلە، بە سووچی خاولیەکی تەڕ دەم و چاوی دەشۆردم: " چییان لێکردوویت! ئەمانە شێتن. " بە قژی بژو کلی داڕژاوی چاوم و سووراوە بڵاوەکەی لێومەوە، لە بووکەڵەیەکی خراپ دروستکراو دەچووم، خات جەمیلە کە بەو حاڵەوە دەیدیتم نەیدەتوانی جڵەوی پێکەنینی خۆی بگرێ. کە دەخەوم، گێژەڵۆکەی بیرەوەرییانی ئەو ڕۆژگارە دوور و درێژە، درێژ بە ڕادەیەک بیرم نایەت چۆن و کەی دەستی پێکرد، بۆم دەبێت بە لای لایە.

حوریەم لە هەموو ئەوانی دی پێ پەسندتر بوو، لە هەموویان بچووکتر بوو، دواکەس بوو کە هاتبووە کاروانسەرا و میوانخانەکە. هەمووی چەند ڕۆژێک بەرلە من گەیی بووە ئەوێ. ئەمە خەڵکی گوندێکی تەریک و دوورە دەستی باشوور بوو. شووی بە پیاوێکی دەوڵەمەندی خەڵکی تەنجە کردبوو، هەموو ڕۆژێ لێی دەدا و بە تۆپزی لە گەڵیا دەخەوت. ئەویش، لە تاوا ڕۆژێک جانتا چکۆلەکەی هەڵدەگرێت و هەڵدێت. تەغریدە، لە جادەیەکی نزیکی وێستگەی قیتارا دەیبینێ و لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرەی دێنێت، تا بتوانێ خۆی بشارێتەوە و لە

وەزەنی پیاوانی مێردەکەی بەدوور و سەلامەت بێ. خات جەمیلە بە نەبەدڵی قەبووڵی کردبوو، بەو مەرجە قەبووڵی کردبوو هەر کە مەترسی لە سەر نەما، ئیدی حوریە لەوێندەر بڕوات. خات جەمیلە، نەیدەویست لە گەڵ پۆلیسدا کێشەی بۆ دروست ببێت.

حوریە، ئافرەتێکی کورتە باڵای وردیلەی لاواز بوو، ڕواڵەتی منداڵانە بوو. زۆر زوو بووین بە هاوڕێ، بۆ هەر جێیەک ڕۆیشتبا لە گەڵ خۆی دەبردم، تەنانەت شەوانیش بۆ خوارنگەی دەبردم. منی وەکو خوشکی بچووکی خۆی بە هاوڕێکانی دەناساند: " ئەمە خوشکمە، لە خۆم ناچێت؟ "

دەم و چاوی جوان و هاوسەنگ بوو، برۆکانی جوان، چاوەکانی سەوز، لە ژیانما چاوانی وا جوانم نەبینی بوو. قەت پرسیاری ئەوەم لێنەدەکرد، بەچی و چۆن پارە پەیدا دەکات. پێموابوو چونکە سەما و گۆرانی دەزانی و چونکە جوان بوو، خەڵکی دیارییان دەدایێ. هیچ تەسەور و وێنایەکم سەبارەت بە کار و پیشە نەبوو، چاک و خراپم نەدەزانی، وەکو حەیوانێکی ماڵی دەستەمۆ دەژیام، هەر شتێک زیانی بۆم نەبایە یان هەرکەسێک خۆشی ویستبام بە چاکم دەزانی و هەر کەسێک لە گەڵما خراپ بوایە یان بیترساندبام بە خراپم دەزانی، وەکو هابیل کە بە جۆرێ تەمەشای دەکردم لە تۆ وایە دەیەوێ بمخوات، یان زوهرە کە پۆلیسی خستبووە تاقیبم، کە گوایە دزیم لە خەسووی کردووە.

ئەوەندەی لە تەنیایی دەترسام، لە هیچ شتێکی دیکە نەدەترسام. هەندێجار لە کاتی خەوتندا، سەربهورد و بویەرەکانی ڕابردووم، بویەرە کۆنەکانم لەلا زندوو دەبوونەوە، ئەو کاتانەی کە دزیانم، ڕوناکی شەقامێکی زۆر سپیم دەبینی، هاواری باڵندە ڕەشەکە لە گوێمدا دەزرینگایەوە. یان وەکو ئەو کاتەی پیکابەکە لێی دام، دەنگی قرچە قرچی ئێسقانەکانم، لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە.

ئەو کاتانە، خۆم دەخزاندە ناو نوێنەکەی حوریەوە و توند خۆم پێوەی دەنووساند، وەک ئەوەی بمەوێ لەودا بتوێمەوە.

حوریە، یەکەم کەس بوو، کە پرسیاری ئەسڵ و فەسڵی کردم. وەختایەک باسی ئەو گوارە زێڕانەم بۆ کرد کە زوهرە لێی دزی بووم، گوتی دەزانێ کە سەر بە چ خێڵێکم، خێڵی هیلال، ئەو خێڵەی کە لەوبەری چیا و، لە کەناری ڕوبارێکی گەورەدا دەژیان کە وشکی کرد. منیش خەونم بەوەوە دەبینی کە بۆ ئەوێندەر دەڕۆم، لەو گوندەدا، خۆم بە شەقامێکدا دەکەم، کە دایکم لەوسەری شەقامەکەدا چاوەڕوانی منە.

بەڵام حوریە ماوەیەکی زۆر لە میوانخانەکە نەمایەوە. بەیانیەک هەستا و ڕۆیی، بەڵام ڕۆیشتنەکەی بە هۆی مێردەکەیەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی منەوە بوو.

شەوێک لە گەڵ حوریە و هاوڕێکانیدا چووبووم بۆ خوارنگەیەکی کەناری دەریا. بەو شەوە، ماوەیەکی زۆر ڕێگەمان کرد تا گەیشتینە کەنارێکی بەرین و چۆڵ. من لە کوشنەکەی دواوەی ئوتومبیلە مێرسیدسەکە و لەلای دەرگاکەوە ڕۆنیشتبووم، حوریە لە ناوەڕاستا و لەلای پیاوێکەوە دانیشتبوو. لە پێشەوە دوو پیاو و ژنێکی قژ زەرد دانیشتبوون. بەدەنگی بەرز و بە زمانێک دەدوان کە من لێیان تێنەدەگەیشتم. پێدەچوو زمانی ڕووسی بێت. زۆر چاک لەبیرمە ئەو پیاوەی کە ئوتومبیلەکەی داژۆت، کابرایەکی درێژ وتۆکمەی وەکو هابیل بوو، قژی پڕ و ڕدێنی درێژ بوو. ئەوەشم چاک لە بیرە کە چاوێکی ڕەش و ئەوی دیکەی شین بوو. ماوەیەکی زۆر لە خوارنگەکە ماینەوە، دەوروبەری نیوەشەو بوو. خوارنگەیەکی زۆر نایاب بوو، جۆرە مەشخەڵێکی

تیابوو، لە زیخ و چەوی کەنارەکەی دەدا، گارسۆنەکان بەدلەی سپییان لەبەر بوو. سەرقاڵی تەمەشای دەریای ڕەش و ڕوناکی ئەو بەلەمە ڕواییانە بووم کە دەگەڕانەوە، تیشکی فانۆسی دەریایی لە دووری دوورەوە، کسکە کسکیان بوو. ژنە زەریە قژ زەردەکە بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد و پێدەکەنی و پیاوەکان دەوری حوریەیان دابوو. ئەو بایەی کە پەنجەرە کراوەکەوە دەهاتە ژووری، دووکەڵی سیغاری لە گەڵ خۆیدا دێنا. بە دزییەوە شەرابی سپیم خواردەوە. شوفێری میرسیدسەکە لە پێکەکەی خۆی دامێ، شەرابێکی زۆر خۆش و بەتام بوو، دڵ و دەروونی فێنک دەکردەوە. بە فەرەنسیەکی کۆمیدی قسەی دەگەڵ مندا دەکرد. هەندێ وشەی بە باشی بۆ نەدەگوترا. زۆر ماندوو بووم، لە ماندوویەتیدا لە سەر تەختێکی لای پەنجەرەکەوە خەو بردبوومیەوە.

کە خەبەرم بووەوە، خۆم لە نێو ئۆیومبیلەکەدا بینییەوە، بە تاقی تەنیا لە سەر کوشنەکەی دواوە بووم. شوفێرەکە بە سەرما دانەوی بووەوە، قژە لوولەکەیم دەبینی کە ڕوناکی خوارنگەکە ڕۆشنی دەکردەوە. لە هەوەڵەوە هیچ حاڵی نەبووم، بەڵام کە دەستی خستە ژێر جلەکانمەوە بە تەواوەتی خەبەرم بووەوە. سەرخۆش بووم، حەزم دەکرد بڕشێمەوە. دەستم بە هاوار کرد. دەترسام، شوفێرەکە دەیویست دەست بخاتە سەر دەمم، بەڵام گازم لێگرت. هاوارم دەکرد، بە چنگ و بە ددان بەرەڤانیم دەکرد.

حوریە، بە هەشتاو خۆی گەیاندمێ، لە من زیاتر هەڵچووبوو، کابرای ڕاکێشایە دواوە و بە مست کەوتە گیانی. هاواری دەکرد و جنێوی دەدا، کابرا دەیویست وەڵامی بداتەوە، پاشەوپاش بەرەو کەنارەکە پاشەکشەی دەکرد. حوریە دەستی دایە بەردێکی گەورە، خۆ ئەگەر خەڵکی فریا نەکەوتبان دەیکوشت. حوریە هێشتا هەر جنێوی دەدایێ و دەگریا، منیش دەگریام، شوفێرەکە لەو دیو ئوتومبیلەکەوە خۆی پەنا دابوو، جگەرەیەکی داگیرساندوو، وەکو ئەوەی نە بای دیبێ و نە باران. دوای ماوەیەک حوریە هێور بووەوە و توانیمان بە ئوتومبیلەکە بگەڕێینەوە. شوفێرەکە سیغارێکی بەلا لێوەوە بوو و بێئەوەی تەمەشای ئێمە بکات، ئوتومبیلەکەی داژۆت. کەس قسەی نەدەکرد، تەنانەت ژنە قژ زەردە ڕووسەکەش، بێدەگ بوو.

ئوتومبیلە مێرسیدسەکە لە سویخە دایبەزاندین و ئێمەش تامیوانخانەکە ، بە پێیان ڕۆیشتین. هێشتا خەڵکێکی زۆر بە دەرەوە بوون؛ وادیار بوو شەوی شەممە بوو. شەقام و بولڤاری عاشقان جمەی دەهات، لە ژێر هەر دار ماگنولیایەکدا، جووتێ دەبینران. حوریە لە سەر جادەکە دوو پەرداخ چا و هەندێ شیرینی کڕی. هەردووکمان ماندوو بووین، وەکو ئەوەی تازە لە بویەرێک دەرباز بووبین ئازامان دەلەرزی. ئیدی هیچ باسی ئەو بویەرەی نەکرد، تەنیا یەک جار نەبێ کە گوتی: " ئەو سەگبابە پێی گوتم وازی لێبێنە با بخەوێ، خۆم وەکو باوک ئاگام لێی دەبێت."

خات جەمیلە، بەو بویەرەی زانی کە لە کەنارەکەدا ڕووی دابوو. بەڵام ئەو داوای لە حوریە نەکرد کە لەوێ بڕوات. بۆ بەیانی جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆیی، هەمان جانتا بوو کە وەختایەک تەغریدە، بە سەرگەردانی، لە وێستگەی قیتارەکەدا تووشی بووبوو. جانتاکەی هەڵگرت و بەبێ هیچ داخوایانێک ڕۆیی. ڕەنگە بۆ تەنجە، بۆ لای مێردەکەی چووبووبێتەوە. چەندین مانگ هیچ سەر و سۆراخێکیم نەزانی، بەڵام ڕۆیشتنەکەیم زۆر لەلا ناخۆش بوو، چونکە لە ڕاستیا و تا ڕادەیەکی زۆر وەکو خوشکم وابوو.

**

لەوە بەدواوە خات جەمیلە زۆر هەوڵیدەدا دەگەڵ دۆتمیرەکاندا نەچمە دەرێ، بەڵام من لە گەڵ حوریەدا، بە ئازادی ڕاهاتبووم و بە کەیفی دڵی خۆمم دەکرد. لە گەڵ ئایشە و سەلیمەدا خوویەکی دیکەم گرتبوو: دزی.

**

ئەم کارەم دەگەڵ سەلیمەدا دەست پێکرد. کە لە میوانخانەکەدا پێشوازی کەپڵەکەی دەکرد، یان کاتێ بۆ خوارنگە دەچوو، لە گەڵی دەچووم. لە سووچێکدا هەڵدەتروشکام، وەکو حەیوان لەلای دەرگاکەوە کزکۆڵەم دەکرد و چاوەڕوانی دەرفەتم دەکرد. کەپڵەکەی سەلیمە فەرەنسی بوو، مامۆستای ئامادەیی بوو، مامۆستای جوگرافیا، شتێکی لەو بابەتە بوو. پیاوێکی شیکپۆش بوو، قاتێکی سووفی کەوەیی لەبەر بوو، بەر کۆشەیەکی بە سەرا لەبەر کردبوو. جووتێ پێڵاوی ڕەشی لە پێدا بوو، جوان بۆیاخ کرابوو و دەبریسکانەوە.

هەندێ خووی تایبەتی لە گەڵ سەلیمەدا هەبوو، هەوەڵجار دەیبرد بۆ خوارنگەیەکی شارە کۆنەکە، لەوێندەر فراڤینیان دەخوارد، پاشان لە گەڵیا دەهاتەوە بۆ میوانخانەکە و دەچوونە ژوورێکی بێ پەنجەرەوە. شەکرۆکە و نوقڵی بۆ من دێنا. هەندێجار، یەک دوو دراوێکی دەدامێ. بەڵام من، وەکو سەگی پاسەوان لە بەر دەرگا ڕۆدەنیشتم. لە ڕاستیا ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانم دەکرد تا تەواو مژوول دەبوون، ئیدی بە چوار چنگۆڵە خۆم بە ژوورەکەدا دەکرد. بە تاریکییەکەدا دادەخزیم تا دەگەییمە لای تەختە خەوەکە. گوێم لەوە نەبوو سەلیمە لە گەڵ کابرای فەرەنسیدا چیدەکات. من لە جل و بەرگەکان دەگەڕام. مامۆستا پیاوێکی ڕێک و پێک بوو. پانتۆڵەکەی قەد دەکرد، چاکەت و بەرکۆشەکەی دەدا بە سەر پشتی کورسیەکەدا. ئیدی قامکەکانم وەکو حەیوانێکی چکۆلەی چاپوک دادەخزینە ناو گیرفانەکانەوە، هەرچییەکی بەر دەست کەوتبا، دەری دێنا: سەعاتێکی خراپ، ئەڵقەیەکی زێڕی هاوسەرگیری.جزدانێکی پڕ لە ئەسکەناس ودراو، یان پاندانێکی شینی جوانی تەلاکفت، ئیدی دەسکەوتەکانم دەبردە دالانەکە و تا لەبەر ڕوناکیەکەدا تەمەشایان بکەم، هەندێ ئەسکەناس و دراوم بۆ خۆم هەڵدەگرت، ناوبەناو ئەگەر شتێکم بەدڵ بوایە، وەکو دوگمەی سەدەفی کراسان یان قەڵەم پاندانێکی شینی چکۆلە، بۆ خۆمم هەڵدەگرت.

پێموایە مامۆستا جۆرە گومانێکی لە من پەیدا کردبوو، چونکە ڕۆژێک دیارییەکی پێشکەش کردم: بازنێکی زیو بوو لە قوتوویەکی بچووکدا، وەختایەک دایمێ گوتی:- ئەمە بەڕاستی بۆ تۆیە.

پیاوێکی میرەبان بوو، کارەکەی من خراپ بوو، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، کەچی بە خۆم نەدەوەستام و دووبارەم دەکردەوە. ئەو کارەم لە نیەت پیسییەوە نەبوو، زیاتر جۆرە گەمەیەک بوو. پێویستم بە پارە و پوول نەبوو. جگە لەوەی دیاری و سەوقاتی بۆ سەلیمە و ئایشە و دۆتمیرەکانی دی بکڕم، پارە بە کەڵکی هیچی دیکەی من نەدەهات.

لەگەڵ ئایشەدا، فێری دزی لە فرۆشگاکان بووم. دەگەڵ ئەودا بۆ ناوەندی شار دەڕۆیشتم، کە ئەو خۆی بە فرۆشگایەکەدا دەکرد، هەر کە ئەو بە کڕینی شیرینی و نوقوڵەوە مژوول دەبوو، من هەرچییەکم بەردەست کەوتبا دەمپەستە گیرفانەکانمەوە. ئیدی چکلێت، ماسی ساردینی لە قوتووکراو، پسکیت، مێوژ بوایە، هەرکە لە فرۆشگا وەدەر دەکەوتم، چاوەڕوانی دەرفەتێکی دیم دەکرد. وام لێهات ئیدی پێویستم بە هاوڕێیاتی ئەو نەبوو. ئەندام وردیلەیەکی ڕەش بووم. دەمزانی خەڵکی هیچ بایەخێکم پێنادەن. بەرچاوی و مایەی سەرنج نەبووم.

بەڵام لە بازاڕدا هیچ کارێ نەبوو کە ئینسان بیکات، بۆیە فرۆشیارەکان سەرنجیان دەدام. هەستم دەکرد بە نیگا پەیگیری هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکم دەکەن.

ئیدی دەگەڵ عایشەدا بۆ دووری دوور دەڕۆیشتم. تا گەڕەکی لوسیان دەڕۆیشتم. لەوێندەر ڤیلای جوان، ئەپارتمانی تازە و باخی زۆر هەبوو. ئایشە زۆری حەزدەکرد، بە ناوەندە بازرگانیەکاندا بسوڕێتەوە، لەو ماوانەدا کە ئەو بەبەر فرۆشگا و ناوەندە بازرگانیەکاندا دەسوڕایەوە، منیش دەچووم تا لەوێندەرەوە تەمەشای دەریا بکەم.

لەوێ، لە گۆڕستانەکەدا، هەستم بە ئەمان دەکرد. شوێنێکی ئارام، بێدەنگ و دوور لە هەر ژاوە ژاو و هەرا و زەنایەک بوو. هەستم دەکرد ئێرە، ئەم شارە لە ئەزەلەوە شوێن و ماوای منە. لە سەر گۆڕەکان دادەنیشتم، بۆنی هەنگوینم لە گیا و ڕووەکە بچووک و گوڵ و گولیلکە پەمەییەکان دەکرد، ناو لەپم بەسەر خاک و خۆڵی دەوربەری گۆڕەکاندا دێنا.

لەو شوێنەدا دەمتوانی دەگەڵ لالە ئەسمادا قسە بکەم. نەمدەزانی لە کوێدا نێژراوە. ژنێکی جوولەکە بوو نەدەبوایە لە گۆڕستانی موسوڵماناندا بنێژرێ. بەڵام ئەمە گرینگ نەبوو، لێرەدا، لەناو ئەم گۆڕستانەدا هەستم دەکرد، زۆر لەوەوە نزیکم و، دەتوانێ گوێی لە قسەکانم ببێت. باسی سەربهوردی خۆمم بۆی دەکرد. هەڵبەتە باسی هەموو شتێکم بۆی نەدەکرد، تەنیا هەندێ گرتەی پەراگەندەم بۆ باس دەکرد، حەزم نەدەکرد زۆر بە تانی قساندا بچم و شتەکان زۆر ورد بکەمەوە: " داپیرە، تۆ ناتوانی شانازی بە منەوە بکەیت،  تۆ هەمیشە بە منت دەگوت، دەبێ دەستپاک بی، دەست بۆ موڵک و ماڵی خەڵکی نەبەی، ماڵی کەس بە کەس حەڵاڵ نییە، دەبێ دەم پاک و ڕاستگۆ بیت. کەچی من نها گەورەترین دز و درۆزنترین خەڵکی سەر ڕووی زەمینم ". کە بەو ئاوایە قسەم دەگەڵ لالە ئەسمای ژێر خاکدا دەکرد، زۆر خەمبار دەبووم. ڕوندکانم دەڕشت. بەڵام بایەکە زوو وشکی دەکردەوە. هەموو شتەکانی ئێرە زۆر جوان بوون، ئەو گردانەی کە یەکپارچە گوڵ و گولیلکی پەمەیی بوون، کێلی سپی بێ ناوی گۆڕەکان کە ئایەتە قورئانیەکانی سەریان سڕابووەوە، ئاوی شینی دەریا، لە دووری دوورەوەو ئەو نەورەسانەی کە بە حەوێقی ئاسمانەوە دەسوڕانەوە، لە گەڵ شەپۆلی بادا دادەخزینە خوارەوە و بە چاوە قرمزیە بوغزنەکانیان تەمەشایان دەکردم. سمۆرەیەکی فرە لە گۆڕستانەکەدا هەبوون. لە تۆ وایەلە گۆڕەکانەوە دێنە دەرەوە. دەگەڵ مردووەکاندا دەژیان، پێدەچوو، وەکو گوێز ددانی مردووەکان بخۆن.

پاش ئەوەی لالە ئەسمام بینی کەوتە سەر ئەرزەکە و هانکە هانک و خنکە خنکی پێکەوت، ئیدی باکم بە مەرگ نەما، ئەو بیرۆکەیەم لەلا چێبوو کە مردن وەکو خەوێکی قووڵ وایە. بۆیە پێویست ناکات لە مردووانی گۆڕستان بترسین.

ڕۆژێک، کابرایەکی پیری خانەدان، بەخۆ و ڕدێنێکی سپیەوە، پەیدا بوو. دیار بوو لە مێژ بوو تاقیبی دەکردم، قیت لە لای گۆڕێکەوە وەستابوو، دەتگوت تازە لە گۆڕەکەوە دەرهاتبوو. من حایر و حەپەساو لێم دەڕوانی، دەستی بۆ ژێر کراسەکەی برد، هەڵیکرد و کێری دەرهێنا، کێرێکی درەخشانی وەنەوشەیی لە باینجان دەچوو. قەناعەتی وابوو کە من دەترسم و بەدەم هاوارەوە هەڵدێم. بەڵام من لە میوانخانەکەدا تەقریبەن هەموو ڕۆژێ پیاوانی ڕووت و قووتم دەبینی، گوێم لە سوعبەت و نوکتەی دۆتمیرەکان دەبوو سەبارەت بە کێری پیاوان دەبوو. بەزۆری بە ئەندامێکی نوقستانیان دەزانی، لێی بە گلەیی بوون.

بەردێکم خێوانده کابرای پیرەمێر و، خۆم بەنێو گوڕەکاندا کرد، کابرا لە دواوەوە و بە پێڵاوە چەکەکانیەوە، بەدەم هەڵنووتان و جنێودانەوە دەیویست بمگاتێ.

- هەی سیحربازی بچکۆلە.

- پیرەمێری سەگ.

لەو ڕۆژەوە گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ئینسان نابێ فریوی ڕواڵەت بخوات، دوور نییە پیرەمێرێکی سەراپا سپی پووشی ڕدێن جوان، پیرە مێردێکی سەگی فاسق بێت.

گەڕەکی لوسیان، بۆ دزی یەکاویەک بوو. بە تایبەتی بە موغازە جوانەکانیەوە، کە پڕ بوون لە کەل و پەلی گران بەهای ئەوتۆ مەگەر هەر دەوڵەمەندان پێی وێرابان، ئەو بابەتە شتانە لە بازاڕە کۆنەکانی شاردا نەبوون. لە سویخادا تەنیا یەک جۆرە پسکیت و یەک جۆرە بنێشت و یەک خۆشاوی وەکو ئاوی پرتەقاڵ یا پیبسی هەبوو. بەڵام لە فرۆشگا و موغازەکانی لوسیاندا جۆرەها خۆشاوی میوە، بەتامی جیاواز و نەناسراو هەبوو، کە مارکەی ژاپۆنی و چینی و ئەڵمانیان پێوە بوو، وەک: تەمر هندی، لالەنگی، میوەی عەشق و جوافە (جۆرە میوەیەکە لە هەرمێ دەچێ). جگەرەی هەموو وڵاتێکیان لەلا بوو. تەنانەت ئەو جگەرە ڕەش و درێژە فیلتەر زەردانەشیان لەلا بوو کە من بۆ ئایشەم دەکرێ. هەروەها چکلێتی سویسریشیان هەبوو، کە لە سەر ڕەفەکان دەمدزین.

لە دوای ئایشەوە خۆم بە موغازەکاندا دەکرد، فەڕەیەکم دەکرد، بە گیرفانی پڕەوە وەدەردەکەوتم. لەوێ خەڵکەکە نە دەیانناسیم و نە گومانیان لێدەکردم. بە فوستانە شینە یاخە سپیەکەمەوە و، بەو قردێلە سپیەوە کە قژە لوولەکەمی پێ بەسترابوو، بە چاوە بێگەردەکانمەوە لە کچۆڵەیەکی هێدی وئارام دەچووم. خەڵکی وایاندەزانی لە گەڕەکەکەدا تازەم و لە گەڵ دایکما، کە لە ڤێلاکاندا کارەکەری دەکات، هاتووم.بۆم بەدیار کەوتبوو کە زۆربەی خەڵکەکە، خەڵکانی سادە و ساکارن، وەک من بە خێرایی شت لە ژیانەوە فێر نەبووبوون، هەرچیەک دەبینن باوەڕی پێدەکەن. من تەمەنم چواردە ساڵان بوو، بەڵام لە دوازدە ساڵان دەچووم و کەچی بەو تەمەنەوە دەرسم بە شەیتان دەدا. تەغریدە وای پێدەگوتم. ڕەنگە نەهەقی نەبووبێ. دەگەڵ سەلیمە و ئایشەدا بەشەڕ دەهات، بە قەحپە و قەوێدە ناوی دەبردن.

وا وێنا دەکەم لەو سەروبەندەدا هیچ هەستێکی میانەڕەویم نەبووبێ، خۆم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، گوێم بە هیچ کێشە و ئاریشەیەک نەدەدا، ملم بە ژیانەوە دەنا. لەو سەروبەندەدا کەسایەتیم چێدەبوو، نەمدەتوانی هیچ یاسا و ڕێسایەک قەبووڵ بکەم، تەنیا دوای ئارەزووەکانی خۆم دەکەوتم، بەدڵی خۆم دەکرد، کچێکی سەرسەخت و لاسار بووم.

خات جەمیلە، دەیزانی کە ڕەوشەکە باش نییە. هەرچەندە دۆتمیرەکان تا ڕادەیەک وەکو منداڵی خۆی وابوون، بەڵام لە ڕاستیا، هۆگر و ڕمووەدەی منداڵ نەبوو، نەیدەزانی چۆن ڕەفتار لە گەڵ منداڵاندا بکات. ئیدی کەوتە خەمی ئەوەی من چاک بکات و بمخاتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و لەو نشێویەم دەرباز بکات کە تێی کەوتبووم. لێبڕا بمخاتە قوتابخانە. ئەوەندەم عەرەبی نەدەزانی کە بچمە قوتابخانەیەکی لۆکاڵی و بۆ قوتابخانەی بیانیش تەمەنم گەورە بوو. سەرباری ئەمانەش هیچ ناسنامەیەکم نەبوو. ئیدی خات جەمیلە شوێنێکی بۆ دۆزیمەوە، کە جۆرە قوتابخانەیەکی شەوانە ڕۆژی بوو. ژنێکی لاوازی گرژ ومۆن، ئەو قوتابخانەیەی بەڕێوە دەبرد،

مەسئولیەتی دوازدە کیژی ناسازگاری لە ئەستۆ بوو. لە ڕاستیدا ئەو شوێنە زیاتر خانەی چاکسازی بوو، خاتوو ڕوز ڕەبەنیتەیەکی فەرەنسی بوو، جلکی مەزەبی فڕێدابوو و لە گەڵ پیاوێکی لە خۆی بچووکترا کە بەرپرسی دارایی بوو، ئەوێی بەڕێوە دەبرد.

زۆربەی ئەو کیژانەی ئەوێ، ڕابردوویەکی زۆر دژوارتر لە ڕابردووی منیان هەبوو. لە ماڵی خۆیان هەڵاتبوون، یان کەپڵیان هەبوو و بەڵێنیان پێدابوون شوویان پێبکەن و ئیدی کەس و کارەکانیان لە ماڵەوە دەستبەسەریان کردبوو، تا خەیاڵیان ئاسوودە ببێت کە شتەکە کۆتایی هاتووە و بڕاوەتەوە. من لە چاو ئەواندا کیژێکی ئازاد و بێ خەم وخەیاڵ بووم، لە هیچ شتێک نەدەترسام. تەنیا چەند هەیڤێک لەلای خاتوو روز مامەوە.

**

بنەمای فێرکردن وپەروەردە لەم قوتابخانە شەوانە ڕۆژانەیە، بریتی بوو، لە خەیاتی، تەقەڵ و دروومان، ئوتوکردن، خوێندنەوەی کتێبێن ئەخلاقی. خاتوو روز، بەخێری خۆی ناوبەناو هەندێ وانەی زمانی فەرەنسی پێ دەگوتینەوە و بەڕێوەبەرە ئیداری و داراییەکەشی بەوپەڕی ڕژدیەوە، هەندێ وانەی زۆر سادە و سەرەتایی حیساب و ئەندازەی پێ دەگوتینەوە.

وەختایەک بۆ دۆتمیرەکانم دەگێڕایەوە کە چۆن کیژەکان وەکو کۆیلە ناچار دەکەن قوتابخانەکە گسک بدەن و ئەرزەکەی بشۆن و چۆن هەمیشە بە ئوتو یان تاوە دەستیان داغ دەکەن، زۆر تووڕە دەبوون. هەڵبەتە سەبارەت بە من مەحاڵ بوو کاری گوڵدۆزی، یان کاری گسکدان و خاوێن کردنەوە بکەم، کە جاران ئەو کارەم دەکرد، لەبەر خاتری لالە ئەسما دەمکرد، چونکە داپیرەم بوو و بە ڕۆح قەرزارباری بووم. بۆیە مەحاڵ بوو نها و سەر لە نوێ لەبەر ڕەزامەندی پیرە کیژێک ئەو کارانە بکەم و لە بری جێکردنەوە و داڵدەدانیشم پارە وەربگرێت. ئیدی هەر ئەوەندەم دەکرد لە سەر کورسییەک ڕۆنیشم و گوێ لەو وانانە بگرم کە خاتوو روز بە دەنگێکی گڕ بۆی دەخوێندینەوە: " زیکزیکە و مێرووله "و خەونێن پلێنگ " شتێکی ئەوتۆ لە خاتوو روزەوە فێر نەبووم، بەڵام گرینگی و بایەخی ئازادی فێر بووم، ئیدی بەڵێنم بە خۆم دا، بە هەر نرخێ بووە، دەستبەرداری ئەم ئازادیە نەبم.

لە کۆتایی ئەو وەرزەی خوێندنی قوتابخانە شەوانە ڕۆژیەکەدا خاتوو روز بە خۆی هات بۆ میوانخانە و کاروانسەراکە، هەڵبەتە بۆ ئەوە هاتبوو، تا بەچاوی خۆی ببینێ کە جانەوەر و هۆڤیەکی وەکو من لە چ ژینگەیەک پەروردە بووە. خات جەمیلە لە سەردان بوو، سەلیمە و ئایشە و زوبەیدە لە داڵانەکەدا پێشوازیان کرد، عەزیزی و ماکسی درێژی مۆزلینی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر بوو، چاویان بە سورمە ڕشتبوو. گوتیان: " ئێمە پوورین " لەبەرچاوی خاتوو ڕۆز، کە باوەڕی بە چاو و گوێی خۆی نەدەکرد، تا توانیان گلەییان لێکردم: کە درۆزنم، دزم، دەمەوەرم، تەمەڵم و ئەگەر لە لای ئەو بمێنێتەوە، دەبمە مایەی ئەوەی کیژەکانی قوتابخانەکەی هەڵبێن، یان بە ئوتو ئاگر لە قوتابخانەکە بەردەدەم. بەوجۆرە دەرکرام، ئەو کارەم بڕێک لەبەر گران بوو، زیاتر لە بەر ئەو پارەیە بوو کە خات جەمیلە لەبەر خاتری فێربوونی من خەرجی کردبوو. بەڵام من نەمدەتوانی لە بەر خاتری ڕەزامەندی و دڵخۆشی ئەو، وەکو زندانیی مەحکووم بە بێگار بژیم.

**

بەو ئاوایە پاش دابڕانێکی چەند مانگە، دووبارە دەستم بە ژیانی ئازادانەی خۆم کردەوە، دەچوومە سویخا و گەڕەکی دەوڵەمەند نشینی لوسیان و گۆڕستانەکەی سەرووی دەریاکە. بەڵام ئەم کەیف و شادیەم ماوەیەکی کەمی خایاند.

نیوەڕۆیەک، کە لە کارێک دەگەڕامەوە و گیرفانەکانم پڕ بوون لە شتی تورەهات بۆ دۆتمیرەکان، لەبەر دەرگای میوانخانەکە دوو پیاو کە چاکەت و پانتۆڵی کەوەییان لەبەر بوو، گرتیانم. فریای هاوار کردن و کۆمەک خواستن نەکەوتم، پیاوەکان هەر یەکەیان قۆڵێکیان گرتبووم، بەرزیان کردمەوە و هەڵیاندامە ناو پیکابێکی شینی قەپاتەوە، کە پەنجەرەی بچووک بچووکی تیابوو. وەکو ئەوەی هەموو شتێک لە نوێ دەست پێبکاتەوە، لە ترسا قەڵەمی دەست و پێم شکابوو، شەقامێکی سپیم بەدی دەکرد دادەخزێ، ئاسمان لەبەر چاوم دیار نەدەما. ئیدی لە کۆتایی پیکابەکەدا گرمۆڵە بووبووم و ئەژنۆکانم لە بەر ورگمدا کۆ کردبوونەوە، هەر دوو دەستم توونڎ بە گوێیەکانمەوە گرتبوو، چاوم نوقاندبوو، دووبارە کەوتمەوە ناو کیسە و توورەکە ڕەشەی کە قووتی دەدام.

(( ٤ ))

لە هەوەڵەوە کەمترین بیرۆکەم سەبارەت بە ڕووداو و چۆنیەتی ئەو بویەرە نەبوو. پاشان زانیم مەسەلە چییە. تومەز ئەوانە ئەو پۆلیسانە بوون کە زوهرە، خستبوونیە تاقیبم و داویان بۆ نابوومەوە. هەموو ئەو فرۆشگا و مغازانەم بۆ گەڕابوون کە دزیم لێیان کردبوو. برامە بەردەم قازیەکی تایبەت بە نەوجەوانان، قازی پیاوێکی زۆر هێور و ئارام بوو، بە زمانێکی نەرم و بە دەنگێکی زۆر نزم قسەی دەکرد تا باش گوێم لێبێ. چونکە بەڵێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانیم دایەوە، وای وێنا کرد، منداڵێکی گوێڕایەڵم. بەڵام وەختایەک دەربارەی میوانخانەکە، دەربارەی خات جەمیلە و دۆتمیرەکان و کاروباری وان پرسیاری دەکرد و من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە، خوای نەما، بەڵام ئارامی خۆی لە دەست نەدا. تەنیا ئەوە بوو، وەختایەک تەمەشای دەکردم و ئەو قەڵەم ڕەساسەی شکاند کە بە دەستیەوە بوو، وەکو ئەوەی بیەوێ بە من بڵێ ئەگەر بیەوێ دەتوانێ بە هەمان ئاسانی منیش بشکێنێ. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سین و جیمم لەگەڵدا کرا، ئەنجام ناردیانم بۆ ژوورێک کە پەنجەرەکانی کەتیبەیان هەبوو. لە قوتابخانە و پاشکۆی خەستەخانە دەچوو.

پاشان ناردیانم بۆ لای زوهرە. ئەگەر بڕیار بەدەستی خۆم بوایە، لە نێوان زوهرە و زینداندا، زیندانم هەڵدەبژارد نەک زوهرە، بەڵام بڕیار بەدەستی من نەبوو.

نها زوهرە و هابیل، لە خانوویەکی تازەدا، لە دەرێی شاردا و لە ناو باخ و باخاتێکی گەورەدا دەژیان. خانووەکەی "میلا"یان فرۆشتبوو، هەڵبەتە زوهرەش ڕازی بووبوو دایک و بابی بەجێ بێڵێت و بێت لەم گەڕەکە نوێ و فاخیرەدا بژی.

لە هەوەڵەوە زوهرە و هابیل لە گەڵما میرەبان بوون، پێدەچوو هەموو گلەیی و گازنێکی ڕابردوویان وەلا نابێ و بیانەوێ لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە. ڕەنگیشە ترسیان لە خات جەمیلە هەبووبێ و هەستیان بەوە کردبێ کە ڕەنگە چاودێریان بکات.

بەڵام تەبیعەت دەرمانی نییە، دووبارە گەڕانەوە سەر خووەکەی جارانیان، زوهرە گەڕایەوە سەر بەدخوویيەکەی جارانی، لێی دەدام، هاواری بە سەرما دەکرد، بەڕووما هەڵدەشاخی و پێی دەگوتم تۆ

کارەکەری، کارەکەرێکی هیچ وپووچ و بێ خێر و بێر. لە سەر بیانوو بوو، لە سەر بچووکترین شت بیانووی دەگرت و تووڕە دەبوو: چونکە کاسەیەکی شینم شکاندووە، نیسکم نەشۆردووەتەوە، یان جێ پێم بەسەر کاشیەکانی مووبەقەکەوە ماوەتەوە.

ڕێگەی نەدەدام لە ماڵ وەدەر بکەوم. دەیگوت ئەمری قازیە کە نابێ تێکەڵاوی خەڵکانی بەدخوو بکەم. کە بە خۆی لە ماڵ وەدەر دەکەوت، دەرگاکەی بە کلیل لە سەر دادەخستم و کۆمایەک جلکی شۆراوی بە سەرا بەجێدەهێشتم تا ئوتویان بکەم. ڕۆژێک سووچێکی بچووکی یەخەی کراسەکەی هابیل بەدەستمەوە سووتا، زوهرە بە مەبەستی تەمبێ کردنم، بە ئوتووەکە دەستی داغ کردم. چاوم تەژی ڕوندک بوون. بۆ ئەوەی لە هۆڕژنی گریان نەدەم تا توانیم لێوی خۆم گەست. هەناسەم تەنگ بووبوو، وەکو ئەوەی یەکێک دەستی نابێتە بینم، لەزگ بوو ببورێمەوە. تاکو ئێستاش شوێنەواری سێگۆشەیەکی سپی بەسەر دەستمەوە دیارە و هەرگیز ناسرێتەوە.

وامدەزانی تەواو دەمرم. هیچم نەبوو بیخۆم. زوهرە سەگێکی چکۆلەی، لە نەژادی ( شیت – زو ) ی هەبوو، کە تووکێکی سپی ئاماڵ زەردی هەبوو، برنجی بۆ ئەو سەگە لێدەنا، تۆزێ فرۆجاوی بەو برنجەدا دەکرد و ئەوەی دەرخواردی من دەدا. بەشە خۆراکی من لە هی سەگە بچووکەکەشی کەمتر بوو. ناوبەناو میوەیەکم لە مووبەقەکە دەدزی. زۆر دەترسام زوهرە بمدینێ. هەموو لاق و لەتەر و باسک و بازووم شین بووبووەوە، بە قایشی پشت تێم بەر دەبوو. بەڵام برسێتی بەڕادەیەک زۆری بۆ دێنام ناچار دەبووم، لە دۆڵابی مووبەقەکە، خواردن بدزم، وەک: شەکر، پسکیت و میوە.

ڕۆژێک زوهرە بۆ نیوەڕۆ میوانی فەرەنسی هەبوون، ژن و مێردێک بوون بە نێوی دولاهی. لە مارکێتێکی لوسیان هێشوویەک ترێ ڕەشکەی جوانی بۆ کڕی بوون. لەو کاتەدا کە ئەوان مژوولی خواردنی بەرکوڵان بوون، من لە مووبەقەکەدا بووم و دەستم بە ترێ خواردن کرد. کاتێ وەخۆ هاتمەوە، تەمەشام کرد هەموو بۆڵەکانی ژێر هێشووەکەم خواردووە. جا بۆ ئەوەی هەندێ درەنگتر کەشف ببم و دەستەکەم بکەوێتەڕوو، هەستام بۆشایی ژێر هێشووەکەم بە چەند تۆپەڵە کاغەزێک پڕ کردەوە. بە جۆرێ پڕم کردەوە، کە قاپەکە پڕ دیار بێت.

خۆ دەمزانی کە ئەم شتە درەنگ یان زوو هەر کەشف دەبێت، بەڵام ئەمەم بەلاوە گرینگ نەبوو. ترێیەکە زۆر بەتام و بۆنخۆش و شیرین بوو، دەتگوت هەنگوینە.

دوای فراڤین، ترێکەم بۆ بردن، میوانەکان داوایان لێکردم لە گەڵیاندا بمێنمەوە، ئەوان لە بەرچاوی زوهرەدا پێیان دەگوتم: " کیژە چکۆلەکەت ".

زوهرە بە خۆی دەفشی، جلە کۆنەکانی پێ داکەندم و ئەو فوستانە شینە یاخە سپیەی پێ لەبەر کردم کە لە ماڵی لالە ئەسما هەمبوو و هەندێجار لەبەرم دەکرد. ئەو کراسەی کە تۆزێک بۆم کورت بووبووەوە و زۆر بە بەرم تەنگ بووبوو. بەڵام زوهرە زنجیری فوستانەکەی دانەخستم و بەر کۆشەیەکی بە سەرا لە بەرم کرد، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بێژم کە زۆر لاواز بووبووم.

" کە کیژێکی جوانە، چەند قشتیلەیە! " فەرەنسیەکان میرەبان دیاربوون. ئاغای دولاهی دوو چاوی شینی زۆر گەشی هەبوون کە بە ڕوخسارە بڕونزییەکەیەوە پرشنگیان دەدا. خانم دولاهی قژ زەردێکی کەمێک سوورە،

بەڵام هێشتا ناسک بوو. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد پێیان بڵێم کە لەگەڵ خۆیاندا بمبەن و بمکەن بە کچی خۆیان، بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەوەیان پێ بڵێم. حەزم دەکرد ئەو ئارەزوو و ئاواتە لە چاوەکانما بخوێننەوە و خۆبەخۆ لە هەموو شتێک حاڵی ببن.

هەڵبەتە زوهرە، لە کاتی خواردنی میوەدا هەستی بەوە کرد کە ژێرەوەی هێشووە ترێیەکە خوراوە و بۆڕێ بزری تۆپەڵە کاغەزی خراوەتە شوێن. دارکی بۆڵە خوراوەکان وەکو موو ڕەق ڕاوەستابوون.تەنانەت ئەو بەشەی کە لە هێشووەکەش مابووەوە، زۆر حەیابەرە دەهاتە بەرچاو. بە دەنگی بەرز و تووڕە بانگی کردم. خانم دولاهی گوتی:- سەرکۆنەی مەکە. منداڵە. کێ لە ئێمە بە منداڵی لەو جۆرە کارانەمان نەکردووە؟

مێردەکەی بە ئاشکرا پێدەکەنی، بزەیەکی کاڵیش نیشتەسەر ڕوو و ڕوخساری هابیل. زوهرە تەنانەت بە درۆوەش پێنەکەنی. مۆڕەیەکی کینەئامێزی منی کرد، کە میوانەکان ڕۆیشتن، قایشێکی چەرمی هێنا کە بەرەزوانەیەکی مسی قورسی پێوە بوو. بگرە کوێت دێشێت، هەر بۆڵە ترێیەکم خواردبوو، لە لووتی هێنامەوە.

-هەی هیچ و پووچی، بێ شەرم و حەیا!

هێندەی لێدام، خەڵتانی خوێنی کردم، ئازام شین و مۆر بووەوە. بە سایەی سەری خانەوادەی دولاهی یەوە، توانیم لەماڵەکە وەدەر بکەوم. خانم دولاهی تەلەفۆنی بۆ زوهرە کرد و گوتی:

-گوێبگرە گیانەکەم، دەتوانی ئەو کیژە چکۆلەیەی خۆتم بۆ ماوەیەکی کەم بۆ بنێری، دەزانی بۆ کاروباری ماڵەوە چەند پێویستم بە کەسێکی وەها هەیە، هەم بۆ منیش باشە و هەم بۆ ئەوش کە دەتوانێ پارەیەک بۆ خەرجی گیرفان، بەدەست بێنێ.

زوهرە، لە هەوەڵەوە، بە بیانووی جیاواز داواکەی ڕەت کردەوە. بەڵام خانم دولاهی، بە ڕاوێژێکی سەرزەنشت ئامێزەوە گوتی: - هیوادارم ئەو کیژۆڵەیە حەپس نەکەیت!

زوهرە ترسا، چونکە جۆرە هەڕەشەیەکی لەم شۆخیە ڕواڵەتیا دەخوێندەوە، ئیدی مۆڵەتی دام کە بچم، هەوەڵجار هەفتەی جارێک و پاشان کردی بە هەفتەی دووجار.

ماڵباتی دولاهی، لە گەڕەکی لوسیان، شوقەیەکی جوانیان بە کرێ گرتبوو. لە هەمان پرۆژە بە کرێیان گرتبوو، کە ئەو کۆمپانیایەی هابیل کاری تیا دەکرد، کاری بۆیاخ کردن و جوانکاری و نۆژەن کردنەوەی بۆ کردبوو. شوێنێکی کڕ و کپ و هێدی بوو، پڕ بوو لە باخی پرتەقاڵ و لیمۆ، بە پەرژینی، پڕ گوڵی پەمەیی. باڵندەیەکی زۆری لێبوو. لە ماڵی ئاغا و خانمی دولاهی دا هەستم بە خۆشی دەکرد، هەستم دەکرد هەمان ئەو ئارامی و ئاسوودەییەی کە بە منداڵی لە ماڵەکەی میلادا هەمبوو، بەدەست دێنمەوە. ئاسوودەیی و ئارامی ئەو زەمانەی کە دنیا بۆ من و لەلای من لە حەوشە سپیەکەی ماڵەکەی لالە ئەسما کۆتایی دەهات.

جولیت دولاهی، لە گەڵما مهیرەبان بوو. وەختایەک دەوروبەری سەعات دووی پاش نیوەڕۆ دەگەیشتمە ماڵی وان، بە چا و کولیچەی بچووک، کە لە قوتوویەکی جوانی سوورا بوو، پێشوازی دەکردم. کە دەیبینی بە چ تامەزرۆییەکەوە پەلاماری پسکیتی وشک دەدەم، بێگومان هەستی دەکرد کە لە ماڵی زوهرەدا، تێر بە سکی خۆم خواردن ناخۆم، ئاهی دڵم لە خواردن ناشکێت. پێموایە لە ڕابردووی من بێ خەبەر نەبوو، بەڵام خۆی لە گێلی دەدا و باسی نەدەکرد. کاتێ کە ژوورەکەیم پاک دەکردەوە، هەرچی خشڵ و جەواهیری هەبوون، لە

سەر کۆمەدیەکەی دادەنان. هەروەها ئەو پەرداخە زیوانەشی کە پڕ بوون لە دراوان، بەبەرچاوی منەوە، لە سەر کۆمەدییەکە دادەنا. وام هەست دەکرد دەیەوێ من تاقی بکاتەوە، بۆیە منیش هەرچۆنێ بوو خۆم گرت و دەستم بۆ نەبرد، دوای ئەوەی لەوێ دەرۆیشتم پارەکانی دەژمارد. بە ڕاوێژی دەنگیا دیار بوو کە خۆشحاڵە بەوەی پارەکە تەواوە و هیچی کەم نییە. بەڵام کاتێ ئەو بە کارەوە مژوول بوو، من دەمتوانی دەست بۆ گیرفانی مێردەکەی بەرم کەلە ڕاڕەوێکی لای دەرگاکەوە بە عەلاگەیەکەوە هەڵواسرابوو.

ئاغای دولاهی کەمێک بەتەمەن بوو، لووتێکی گەورەی هەبوو، عەینەکێکی زەڕەبینی لەچاو بوو، کە چاوە شینەکانی درشتر دەنواند. هەمیشە تەرپۆش بوو، قاتێکی ڕەساسی تۆخی لەبەر دەکرد، کە لە جیاتی دوگمە تەرەقەی سووری پێوەبوو، پێڵاوی چەرمی ڕەشی، خاوێن و بۆیاخ کراوی لە پێ دەکرد. پێدەچوو جاران پیاوێکی گەورە و دەسترۆ بووبێ، سەفیر یان وەزیر و شتێکی لەو بابەتە بووبێ.

کە بە ( چکۆلەکەم ) یان ( مادموزیل ) بانگی دەکردم زۆرم لەلا خۆش بوو. هیچ کەسێک تا ئەو ڕۆژە بەو جۆرە نەوازشتی نەکردبووم. بەڵام قەت نوقڵ یان پارەی نەدەدامێ. دڵبەندی وێنە و دیمەنان بوو، هەموو شوێنێکی ماڵەکە پڕ بوو لە ڕەسم و وێنە، ڕاڕەوەکان، هۆڵەکە، ژوورەکان، تەنانەت تەوالێتەکەش وێنەی لێ هەڵواسرابوو.

ڕۆژێک بانگی کردم بۆ ستۆدیۆ تایبەتیەکەی خۆی، کە بینایەکی چکۆلەی بێ پەنجەرە و دەلاقە بوو، کەوتبووە سووچێکی ئەو سەری باخچەکەوە، کە پێدەچوو کاتی خۆی گەراج بووبێ و پاشان دەسکاری کردبێ و کردبی بە ستودیۆ. لەوێ فیلمەکانی دەشۆردەوە و وێنە و ڕەسمەکانی چاپ دەکرد.

ئەوەی لە ناو ستودیۆکەدا سەرنجی ڕاکێشام، ئەو وێنانەی ژنەکەی بوو کەبە کلیپس بە دیوارەکانیەوە هەڵواسی بوو. وێنەکان برێک کۆن بوون، لە وێنەکاندا زۆر گەنجتر دیار بوو. جلی لەبەردا نەبوو، گوڵی ڕەنگاوڕەنگی لە قژە زەردەکەی دابوو، لە وێنەیەکی دیدا لە کەناری دەریا بوو و جلی مەلەوانی لەبەر بوو. ئەم وێنانە لە وڵاتێکی دیکەدا، لە دورگە و گراڤێکی دوورەدەست گیرابوون. لە وێنەکاندا دار خورما و لمەلانی سپیواژ و دەریای شین دیار بوو. یەک یەک ناوەکانی بەمن دەگوت. وابزانم ئەوێ دورگەی مانروفیا یان ناوێکی لەو جۆرە بوو. شتێکی سەیر بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، ، چەرمێکی ڕەش بوو، بە تەرەقەی مسین ڕازێنرابووەوە، لە هەوەڵەوە وامزانی چەکە یان جۆرە قۆچەقانی یان دەمامکێکە. بەڵام کە دیقەتی وێنەکەم دا، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، چونکە دڵنابووم کە ئەمە دەرپێی خاتوو دولاهی یە و مێردەکەی وەکو ڕەمز و یادگاریی سەرکەوتن بە دیوارەکەیەوە هەڵواسیوە.

من بە دیتنی ژنانی ڕووت ڕاهاتبووم، بەتایبەتی کە دەگەڵ تەغریدەدا بۆ گەرماوی دەرەوە دەچووم، یان ئەو کاتانەی ئایشە و فاتمە لە ژوورەکەدا، بە کەش و فشەوە بە ڕووتی دەهاتن و دەچوون.

وێڕای ئەوەش، کە ئەو وێنە ڕووتانەی خاتوو دولاهی – م دەبینی زۆر تەریق دەبوومەوە. لە وێنەیەکی ڕەش و سپیدا، بە ڕووت و قووتی، لە بانێژەیەکدا، لەبەر هەتاوەکەدا، درێژاودرێژ ڕاکشابوو، بەری لە خوار سکیەوە، وەکو پەڵەیەکی گەورەی ڕەشی سێگۆشە، ڕێک بە پێچەوانەی قژە زەردەکەیەوە، خۆی دەنواند. خاتوو دولاهی، لە پشت چاویلکە ڕەشەکەیەوە و بەدەم بزەیەکی گۆنگەوە چاودێری دەکردم. زانیم ئەمە تاقیکردنەوەی منە، بۆیە شەرم و خەجاڵەتیەکەی خۆم شاردەوە. حەزم دەکرد ئەوان لێم ڕازی بن.

چەندین جاری دی چوومەوە بۆ ستودیۆیەکە. ئاغای دولاهی تەکنیک و چاپکردنی وێنەی بۆ شرۆڤە دەکردم، چۆنیەتی شۆردنەوەی فیلم و دەرکەوتنی وێنەی بۆ ڕوون دەکردمەوە و، چۆن بە ماشەیەک جامی وێنەکە لە ئەسیدەکە دەربێنین و لە سەر تەنافی هەڵبخەین تا وشک ببێتەوە. کە دەمبینی دەم و چاوەکان لە ناو قاپە دارینەکەدا، بەرەبەرە ئاشکرا و لە هەمان کاتدا ڕەش و ڕەشتر دەبن، زۆرم لەلا خۆش بوو. جۆرەها وێنە و ڕوخسار دەرکەوتن؛ هی ژنان، منداڵان و دیمەنی شەقامەکان. هەروەها کیژان لە گرتەی سەیر و غەریبا، بە جلکی یەخە واڵا و شان و ملی ڕووت و قژی بژەوە.

ئاغای دولاهی، دەیگوت کە من کیژێکی زیرەکم و بەهرەی فۆتۆگرافەریم تیایە. بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە باسی منی بۆ ژنەکەی دەکرد، دەیوت پێویستە لە تاقیگەیەک ناوم بنووسێت تا بتوانم کاری فۆتۆگرافی بکەم. من زۆر بە ڕێزەوە تەمەشای ئەم خانمە سەنگینەم دەکرد، هەوڵم دەدا، ئەو پارچە چەرمە ڕەشەی بە تەرەقەی مسین ڕازێنرابووەوە و بە دیواری ستودیۆکەوە هەڵواسرابوو، لە مێشک و خەیاڵی خۆم بسڕمەوە، بەخۆم دەگوت دەی گوێ مەدەیە، گرینگ نییە، دیارە لە بیریان چووە، وەکو چۆن بە ڕەوتەنی شەپقەیەک بە بزمارێکەوە هەڵدواسین.

لە دوانیوەڕۆیەکی ڕۆژێکی هەوەڵی هاویندا کە هەوای دەرەوە زۆر گەرم بوو، وەکو هەمیشە پاش ئەوەی لە کارێن ڕۆژانەم بوومەوە، چووم تا کەمێک لە ستودیۆکەش کار بکەم. ئاغای دولاهی بە کراسەوە بوو، چاکەتەکەی بە عەلاگەیەکەوە هەڵواسی بوو. لامپا سوورەکەی هەڵنەکردبوو. پێی گوتم: " ئەمڕۆ دەمەوێ ڕەسمێکی تۆ بگرم. " بەشێوەیەکی سەیر تەمەشای دەکردم. بەجۆرێ ئەو قسەیەی دەکرد وەکو ئەوەی پێشتر لە سەر ئەو کارە ڕێکەوتبین و هەموو شتێک بڕابێتەوە. من حەزم نەدەکرد وێنە بگرم. لە بیرمە کە لالە ئەسما دەیگوت وێنەگرتن باش نییە، دەم و چاو دەشێوێنێت.

بەهەرحاڵ زۆر بەوە دەفشیم کە کارێکی وەهام کردبوو کە پیاوێکی وەکو دولاهی دەیویست وێنەی کچۆڵەیەکی ڕەشی وەکو من بگرێت.

لامپاکانی داگیرساند، تەپڵەکێکی لەبەردەم پەردەیەکی سپی گەورەدا، کەبە بزمار بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، دانا. پێشوەختە هەموو شتەکانی ئامادەکردبوو، پێدەچوو، لە مێژ بێ، بیری لەوە کردبێتەوە. ڕوو و ڕوخساری جدی بوو، زۆر مژوول بوو، هەنیەی لەبەر گەرمای لامپەکاندا ئارەقەی کردبووەوە و دەدرەوشایەوە. قیت لە سەر تەپڵەکەکە دانیام.

ئەوسا دەستی کرد بە وێنەگرتن، کامێرایەکی لە سەر سێ پایەیەک دامەزراندبوو، کە ڕوناکیەکی سووری بچووکی تیا دەدرەوشایەوە. گوێم لە دەنگی هەڵبوون و کوژانەوەی زومی کامێراکە دەبوو. وام دەهاتە خەیاڵ کە گوێم لە دەنگی هەناسەی دولاهی یە، کە لە هەناسەی کەسانێ دەچوو کە تەنگە نەفەسییان لە گەڵ بێ. ئەوەم بەلاوە سەیر بوو. بەهیچ جۆری لێی نەدەترسام، کەچی وێرای ئەوەش هەستم دەکرد دڵم زۆر بە تووندی لێدەدات، وەکو ئەوەی خەریکی ئەنجامدانی کارێکی خراپ و ترسناک بیم.

هەڵوەستەیەکی کرد، ئایا تەسریحەکەمی بەدڵ نەبوو، یان وەکو پێویست پەرێشان و پەشێو نەبوو. ناچاری کردم ئەو لەچکەی بە زۆری زوهرە لە سەرم دەکرد، داکەنم، ئەوسا قژمی بە ئاوی سارد ئاوپرژێن کرد، ئەوسا بە وشککەرەوەیەکی کارەبایی کەمێک گڤی کردەوە. هەستم بەو هەناسە گەرمە دەکرد کە لە ملی دەدام،

لە هەمان کاتدا هەستم بەو ئاوە ساردەش دەکرد کە بە گەردنما دادەچۆڕا و کراسەکەی تەڕ دەکردم. هەستم دەکرد ئاغای دولاهی تەواو گۆڕاوە، ڕێک لەو کاتەی هابیل دەچوو، کە لە حەوشەکەی ماڵی لالە ئەسمادا، لە نزیکی دەسشۆرەکەدا بەگیری هێنابووم. ئارەقەی دەکردەوە، چاوی دەبریسکانەوە، چاوی دەگێڕا، سپێنەی چاوی کەمێ سوور بووبووەوە. هەستم دەکرد، لەوەیە ژنەکەی لە ئان و ساتدا بێت بە سەرا و ئەمە نیگەرانی کردبوو، چونکە لە ناکاوا چووە بەر دەرگاکە و سەرێکی کێشایە دەرەوە، ئەوسا دەرگاکەی داخستەوە و کلیلی دا. ئەمەم بەلاوە غەریب بوو، هەمووان لە خات جەمیلەوە بیگرە تا مادموزیل روز و زوهرە، دەیانویست حەپسم بکەن و بە کلیل دەرگام لە سەر دابخەن. ئیدی لەو ساتەوە، گومانێکی خراپم لەلا چێبوو. دڵم بە تووندی لێی دەدا، نیگەران بووم، ئارەقە بەلا تەنیشتەکان و پشتما دادەچۆڕا.

ئاغای دولاهی دووبارە کەوتەوە وێنەگرتن. سەبارەت بە کراسەکەم گوتی، کە لێم نایەت و تەواو تەڕ بووە. شتێکی دەویست کە لە ڕوخسارم بێت، شتێکی هۆڤیتر، زبرتر. یەک دوو دوگمەمی ترازاند تا سینگم دەرکەوت. هەستم بە دەستی لە سەر شان و ملم دەکرد، هەستم بە هەناسەی دەکرد، لە کاتێکا هێشتا پشتی دەجوڵاندم وەک ئەوەی بۆ جوڵەیەک یان دۆخێکی تایبەتی بگەڕێ، خۆم لە دەستی ڕاپسکاند و دوور کەوتمەوە. هەڵبەتە هەستی بە توورەیی چاوەکانم کرد، چونکە بلەز پاشەوپاش کشایەوە و چەند وێنەیەکی یەک لە سەر یەکی گرتم. پەیتا پەیتا دەیگوت:- سەیری ئێرە بکە، زۆر باشە، زۆر قشتی!

ناوبەناو بە پشتما دەڕۆیی، دوگمەیەکی دەترازاند و کەمێک کراسەکەمی لە سەر شانەکانمەوە بۆ خوارەوە دادەخزاند، بەڵام بە ئاستەم دەستی بەر جەستەم دەکەوت، تەنیا هەستم بە هەناسەی دەکرد کە بەسەر ملم دا دادەڕژا.

لەناکاوا سەبرم سوا، دڵم تێکهەڵدەهات. هەستام، تەنانەت بەبێ ئەوەی کراسەکەشم ڕێک بخەمەوە، بەرەو دەرگاکە غارم دا، چونکە دەرگاکە کلیلی لەسەر نەبوو، گەڕامەوە. دولاهی لە فکران ڕاچووبوو و لەبەردەم کامێراکەیدا وەستابوو، ڕوخساری سەیر بوو، وەکو ئەوە بوو ئازارێکی زۆر بکێشێت. هێندە توورە بووم خۆیشم نەمدەزانی چ دەڵێم:- ئەگەر نەیەڵی بچمە دەرەوە، هاوار دەکەم.

دەرگاکەی بۆ کردمەوە، بەجۆرێ دوور کەوتەوە وەکو ئەوەی دووپشکی دیتبێت. گوتی:- چیتە؟ چیم کردووە؟ نەمدەیویست بت ترسێنم، تەنیا دەمویست چەند وێنەیەکت بگرم.

گوێم لە قسەکانی نەگرت، بە ڕاکەڕاک لەوێندەر وەدەرکەوتم، بەبێ خواحافیزی لە خانم دولاهی، لە ماڵەکەیان وەدەرکەوتم. دڵم بە تووندی لێی دەدا، سەر گۆناکانم، مل و گەردنم و هەموو ئەو شوێنانەی دەست و پەنجەی دولاهی– یان بەرکەوتبوو، دەسووتانەوە.

ئەنجام گەیشتمەوە ماڵی زوهرە. کەس لە ماڵ نەبوو، لە سەر قاڵدرمەکە چاوەڕوانم کرد تا بگەڕێتەوە. سەیر ئەوە بوو، نە لێی دام و نە هیچ پرسیارێکی کرد. چیدی بۆ ماڵی دولاهی نەچوومەوە. پێموایە هەمان ڕۆژ بوو کە بڕیارم دا بڕۆم، بۆ دوورترین شوێن بڕۆم، بۆ ئەوپەڕی دنیا بڕۆم و هەرگیز نەگەڕێمەوە. لەو سەروبەندەدا زوهرە بڕیاری دابوو کە بە شووم بدات.

ئاگام لەو نەخشەیەی زوهرە نەبوو، بەڵام لەوساوە کە چوونم بۆ ماڵی دولاهی تەرک کردبوو، هەستم کرد زوهرە لە گەڵما میهرەبان بووە. هێشتا هەر لە ماڵەوە حەپسی دەکردم، بەڵام لێی نەدەدام. خواردنی زیاتری

دەدامێ، لە ئەندازەی ئاسایی زیاتر، کە دەمتوانی لە گەڵ سەگەکە، لە گەڵ شیتزودا بەشی بکەم. جارجار مۆڵەتی خواردنی میوەیەک؛ مۆزێ، سێوێک و خورمایەکم دەدرایێ. تەنانەت ڕۆژێک زۆر بە خۆشحاڵییەوە، ئەو قوتووە چکۆلەیەی کە گوارە زێڕەکانمی تێدابوو، دامەوە، هەمان ئەو هیلالانەی کە ناوی تایفەکەمیان لەسەر نەخشابوو، وەختایەک دزەکان بە لالە ئەسمایان فرۆشتبووم، گوارەکانیان بۆ بەجێهێشتبووم. گوتی:

–ئەمانە هی تۆن، بۆیە هەڵم گرتبوون تا گومیان نەکەیت. ئەمە خواستی دایکم بوو، نەمدەتوانی بە گوێی نەکەم.

هەمیشە لە دڵی خۆدا دەمپرسی عەجایەب بۆچی وا گۆڕاوە. هەرچی سەرم هێنا و سەرم برد گەیمە ئەو قەناعەتەی کە بێگومان لالە ئەسما هاتووەتە خەونی زوهرە و داوای ئەو کارەی لێکردووە. زوهرە چەند بەد ڕەسەن بوو ئەوەندەش خورافاتی بوو.

خاتوو دولاهی چەند جارێک بە شوێنما هاتبووەوە، بەڵام زوهرە ڕێگەی نەدابوو ببینم، زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم. لە ناکاوا فێری ئەوە بووم ڕقم لەو خەڵکانە بێت، لەو خەڵکە جوان و ناسکانە، بەو وێنە کومیدیانەیانەوە و بەو عەورەت پۆشانەیانەوە.

دوای ئەو بویەرانە، نها پیاوێکی دیکە هاتوچۆی ماڵمانی دەکرد، پیاوێکی گەنج بوو، کارمەندی بانک یا شتێکی لەو بابەتە بوو، زۆر کەسێکی رووبین و ڕووخۆش بوو. دیاربوو زوهرە پێی گوتبوو کە عەرەبیەکەم باش نییە. بۆیە بە فەرەنسیەکی کۆن و فەرمی ئەوتۆ قسەی دەگەڵ دەکردم کە پێکەنین دەیگرتم. زوهرە، لە هۆڵەکەدا چای بۆ دادەنا و تەپڵەکێکی جگەرەشی بۆ دێنا تا سووتوی جگەرەکەی نەکەوێتە سەر فەرشەکە. جگەرەکەی ڕاست، وەکو قەڵەم بەدەستەوە دەگرت، کابرایەکی سادە و خاکی و دەست و پێ سپی بوو.

کە وەختایەک ژوانی هاتنی بوایە، زوهرە ناچاری دەکردم کە کراسە شینە یەخە دانتێلاکەم لەبەر بکەم، ئەو کراسەی کە ئاغای دولاهی ڕقی لێی بوو و ئەو ڕۆژەی وێنەکانی دەگرت، دەیویست ناچارم بکات لە بەرمی دابکەنم. من سینیەکەم بە پەرداخێن زێڕین و شەکردانەوە دێنا و، ئاغای جومعە ( کە من ناوی جامەم لێنا ) بە میهر و مەحەبەتەوە تەمەشای دەکردم. ڕوخسارە سپی و ناسکەکەی سۆزی لێدەباری، گاڤێ لە هەنبەریا و لە سەر بالیفەکان دادەنیشتم، ژێراوژێر چاوی دەبڕینە لاقم و بەمە غافڵگیر دەبووم. ئەم حاڵە چەند مانگێک بەردەوام بوو، ئیدی وام لێهات کەیفم بەو دیدارانە دەهات. ئیدی ناز فرۆشیم دەکرد و هەندێ قسانی بە توێکڵم دەکرد، بۆ ئەوەی ماتەڵی بکەم و بڕێک زیاتر بمێنێتەوە. ئیدی لەم ماوانەدا هابیل غیرەی لێدەکرد و حەسوودی پێدەبرد، ئەمەش بۆ من وەکو جۆرە یارییەک وابوو، ئەوزارێک بوو، تا تۆڵەی هەموو ئەو کارانەی لێبکەمەوە کە لە ڕابردووا لەگەڵیا دەکردم. دەمزانی چ بکەم، تا باوەڕ بکات کە من بەم خوازبێنیە زۆر خۆشحاڵم. لە حوزووری هابیل دا، زوهرەم بەگیر دێنا و پەیتا پەیتا پرسیاری جومعەم، سەروەت و سامانی، ماڵی باوکی، بارودۆخ و ڕەوشی براکانی و زۆر شتی ترم لێدەکرد.

ڕۆژێک هابیل بەلاما ڕەت بوو، خێسەیەکی کینەئامێزی لێکردم و گوتی:

–بەهەرحاڵ، زۆرت لێرە نەماوە. ڕێ و ڕەسمی خوازگاریەکەمان خستووەتە مانگی تشرینی دووەمەوە.

پاشان لە سەری ڕۆیی:– جا چونکە تۆ حەزت لە ئوتێل و میوانخانانە ڕێ و ڕەسمی خوازگارییەکە لە میوانخانەیەکی ڕەخی دەریا ئەنجام دەدرێ و لە ئێستاوە هۆڵەکە گیراوە و ئامادەیە.

بۆ ئەوەی کەس پێنەزانێ، چانتا و باروبنەم نەپێچایەوە، هەرچیەکم هەبوو و نەبوو خستمە ناو جلەکانمەوە. هەموو ئەو شتانەی کە دزی بوومن، هەموو ئەوەی بە کارکردن و ڕەنجی شان لە ماڵی دولاهی پەیدام کردبوو، لە ژێر کاشی ئەو ژوورەوەم، کە تیای دەخەوتم، شاردبووەوە. دراوەکانم لە گیرفانەکانم نا و ئەسکەناسەکانم، لە ژێرەوە و لەلای سکمەوە، بە کراسەکەمەوە دورین. گوارە زێڕەکانم لە گوێ کردن و لە ژێر لەچکەکەمدا شاردمنەوە.

بۆ ئەوەی بچمە دەرەوە، چاوەڕوانم کرد تا زوهرە لە بازاڕیی بێتەوە. لە پەنجەرەی جلشۆرکی ماڵەکەوە، چەرچەفێکم خستە ناو حەوشەوە. بە زوهرەم گوت کە دەبێ بچم بیهێنمەوە. دڵم لە سەر سەد و بیست لێی دەدا، حەزم نەدەکرد لە میانی دەنگمەوە پەی بە هیچ بەرێت. زوهرە دوا نیوەڕوان دەخەوت. کەمێک دوو دڵ بوو، بەڵام زۆر ماندوو بوو. کلیلەکەی دامێ و گوتی:- زوو بگەڕێوە ها. نەخەڵەتابی بەرەڵلایی بکەیت!

باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد. کارەکە زۆر ئاسان بوو.

-نا، پورێ، زوو دەگەڕێمەوە.

زوهرە، باوێشکێکی دا:- دەرگاکە باش دابخە، چەرچەفەکە دووبارە بشۆوە.

بە قاڵدرمەکەدا داگەڕام، بۆ ئەوەی تۆڵە بکەمەوە سەگەکەم لە گەڵ خۆدا برد، ئەوسا دەرگاکەم داخست و بە کلیل، کلیلم دا. کلیلەکەی دی بە هابیل بوو، دەمزانی تا شەوێ ناگەڕێتەوە. لە خوارەوە بە نووکە شەقێک سەگەکەم ترۆ کرد، کلیلەکەم خستە تەنەکەی خۆڵەکەوە. وەبن زڕ و زبڵەکانم دا، تا دڵنیا ببم کە هیچ کەسێک نایدۆزێتەوە. ئەوسا ساڵانە ساڵانە بەبەر هەتاوەکەدا بەناو شەقامە چۆڵەکان کەوتم.

(( ٥ ))

خەمی گەورەی من، وەکو وێنا دەکەن، ئەوە بوو بچم بۆ میوانخانەکە و سەری خات جەمیلە و دۆتمیرەکان بدەم، نزیکەی ساڵێک دەبوو کە لەلایەن پۆلیسەکانی زوهرە و هابیلەوە هاتوچۆی میوانخانەکەم لێ قەدەغە کرابوو. وەختایەک گەیمە بەردەم میوانخانەکە، نەم ناسیەوە، هیچ شتێک وەکو خۆی نەمابووەوە. لە تۆ وایە بوومە لەرزە و عەردهەژ لێی داوە. دیوارە بەرزەکە و دەرگا دوو دەریەکە نەمابوون، ئەو حەوشە و مەیدانەی کە دەستگێڕەکان شتەکانیان تیا دادەنا، قیر کرابوو و کرابوو بە گەراجی پیکاب و ئەو ئۆتومبیلانەی کە بۆ بازاڕ دەهاتن. ژوورەکانی نهۆمی ژێرەوە بە تیغە دیوار یان چینکۆ داخرابوون. تەنیا نهۆمی یەکەم وەکو خۆی مابووەوە، بەڵام پێدەچوو چۆڵ بێ. لەبخی ڕووکاری میوانخانەکە بەری دابووو و هەرەسی هێنابوو، پەنجەرەکان شکابوون، دەسکیان پێوە نەمابوو، پەڕە سێلکە، لە بن میچی داڵانەکەدا هێلانەیان کردبوو. سەرم لەم حاڵە دەرنەدەکرد، حەپەسابووم. هەستم دەکرد خیانەتێک لە ئارادایە.

پاسەوانێک لە بەر دەرگای گەراجەکە ئێشکی دەگرت. پیاوێکی لاوازی درێژ بوو، ڕوخساری تاوە گاز بوو و وەکو ڕوخساری سەرباز، کراسێکی درێژی کەوەیی لەبەر بوو، شاشکێکی شل و ولی بە سەرەوە بوو. کۆمەڵێک منداڵی لە پشتەوە بوون، لەناو گەراجەکەدا، سەر وسەتڵ ئاویان بە دەستەوە بوو، بە کەفاو و پارچە پەڕۆ جامی ئۆتومبیلەکانیان دەشۆرد و پاک دەکردەوە. پاسەوانەکە، بە گومانەوە سەیری دەکردم. زاتم نەدەکرد هیچ شتێکی لێ بپرسم. وا پرسیاریشم کرد، چی دەزانی؟ ئەوەی خەمباری دەکردم، ئەوە بوو وام دەزانی ئۆتێلەکە، میوانخانەکە بەهۆی منەوە نەمابوو. یارۆی خاوەنی، هەرەشەکانی خۆی جێبەجێ کردبوو،

ئەنجام خات جەمیلە و دۆتمیرەکانی بە بیانووی ڕەچاو نەکردنی کاروباری ئەخلاقەوە، دەرکردبوو و خانووەکەی بە بانک فرۆشتبوو.

ئەم هەواڵانەم لە روماناى پیر، واتە ئەو فرۆشیارەی کە بەردەوام دەچووم جگەرەی ئەمریکیم بۆ تەغریدە لێدەکڕی، زانی. خات جەمیلە دەستگیر و زندانی کرابوو، هەموو دۆتمیرەکان لەوێندەر ڕۆیی بوون. دەیزانی کە تەغریدە چووبوو بۆ ئەوبەری ڕووبار، تا لە دەواری تەبریکەدا بژی. بۆم بەدیار کەوت کە حوریەش لەگەڵ ئەودا دەژی، ئیدی بەیادی جارانەوە چەند پاکەتە سیغارێکم بۆی کڕی. بەڵام نەمدەتوانی لەوەی پتر لەوێندەر ماتەڵ بم. چونکە لە لام ڕوون بوو، کە زوهرە، بەر لە هەر شوێنێکی دی ئەوێندەرم، دەوروبەری میوانخانەکەم بۆ دەگەڕێ.

سواری بەلەمێک بووم، دەمەو ئێوارە بوو، ئاوەکە یەجگار زۆر بوو. بەلەمێن ماسیڤانان، پڕ لە ماسی تازە، بەناو پۆلی نەورەساندا دەزڤڕینەوە. ئاسۆی شار لە نێو تەمتوماندا دیار نەبوو، لە ئالیەکی دیکەوە، کەنارەکە، بەرەبەرە نوقمی تاریکی دەبوو، ڕوناکی ئەوێندەر، دەدرەوشایەوە. بۆ یەکەمجار هەستم دەکرد کە ئازادم و بەبێ هیچ وابەستەگییەک بەرەو ئایندە دەڕۆم. ئیدی لە شەقامە سپیەکە و فریادی مەلان نەدەترسام. ئیدی چ کەسێک نییە، لە توورەکەم بنێت و لێم بدات. منداڵیەتیم لەوبەری ڕوبارەکە بەجێما.

**

زۆر بەزەحمەت ماڵەکەی تەغریدەم دۆزییەوە، هۆبە و دەواری تەبریکە زۆر لە ڕوبارەکەوە دوور بوو، لە بەرزاییەکدا بوو، جادەیەکی گەورەی پێدا دەڕۆیی کە تازە دەکرایەوە و تاک و تەرا کامیون و بارهەڵگرانی پێدا دەڕۆیی. گەڕەکێکی هەژار نشین بوو، هەندێ کوختەی کولانە ئاسای تیا دروستکرابوو، کە سەرەکانیان بە تەختەدار و چینکۆ گیرابوو و بەردیان لە سەر دانرابوو تا با نەیانبات. جادە و شەقامەکان هەموو وەکو یەک بوون، کۆڵانەکان گڵ بوون، یەکپارچە گەردەلوول و تەپ و تۆز بوون. جادە سەرەکیەکە لەوانی دی خراپ تر بوو، تەپ و تۆزێکی سووورباوی بە ئاسمانی شارەکەدا دەکرد. کوێرانە، بە قژە لوول و جلە شڕەکانمەوە بەناو کوچە و کۆڵانەکان کەوتم، سەگ و کسۆکان پێم دەوەڕین. کۆمەڵێک ژن و منداڵ بە دەبەی پلاستیکیەوە بەدیار بەلووعەیەکەوە وەستابوون و ئاویان پڕ دەکرد. کوڕانی مێرمنداڵ، بە پاسکیلەکانیان دەبە ئاو یان گوززە ئێزینگیان دەگواستەوە. ژنێک کە دەبەکەی لەبەر بەلووعەکە دانابوو، ماڵەکەی تەغریدەی نیشاندام، دەبەکەی بەجێهێشت و تا سەرەتای ڕێگاکە لە گەڵمدا هات و لەوێندەرەوە ماڵێکی چکۆلەی، سەوزباوی نیشاندام، ئەوە ماڵەکەی بوو.

دڵم زۆر تەنگ بوو، چونکە نەمدەزانی دوای ئەو بویەرەی کە ڕووی دابوو، ئاخۆ تەغریدە و حوریە پێشوازییان دەکردم یان نا. لە دڵی خۆدا دەمگوت لەگینە نەیانەوێ پێشوازیم بکەن و لەوەیە بەردبارانم بکەن.

پێویستم بەوە نەبوو لە دەرگا بدەم، پێدەچوو یەکێک پێشتر خەبەری پێ دابووبن، چونکە هەرکە گەییمە ئەوێندەر، حوریە هاتە دەرەوە، بە گەرمی هەمبێزی کردم و ماچی کردم و لێکدا لێکدا و بەدەم گریانەوە دەیگوت: " لەیلا، لەیلا! " زۆر گۆڕابوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، ماندوو بوو، لە ماندوویەتیدا، چرچ و لۆچ کەوتبووە دەوری چاوەکانی. کراسەکەی یەکپارچە پەڵەی قوڕ بوو، قاچە ڕووتەکانی لە نێو پاتەیەکی لاستیکا بوو و قەیتانەکانی نەبەستبوو.

دەنگی نەوی تەغریدەم لەوسەری حەوشەکەوە هاتە گوێ. چاتۆڵێکی نایلۆنی سەوزی لێ بوو، وەکو ئەو چاتۆلانەی لە نێو باخاندا هەڵدەدرێن و مەقەڵیان تیا دادەنەن بۆ ئەوەی با نەیکوژێنێتەوە. تەغریدە هات. ئەویش جل و بەرگی کەسکی لەبەر بوو. زۆر نەگۆڕابوو، ئەو وردە هێڵ و چرچانەی دەوروبەری چاو و دەم و زاری کە خۆشم دەویست، نها خۆیاتر بووبوو. هەستمکرد کەمێک دەلەنگێ، لاقێکی بە سارغی پێچابوو.

یەکدیمان هەمبێز کرد، خۆشحاڵ بووم بەوەی دووبارە دۆزی بوومەوە، بۆنم پێوە کرد، هێندە خۆشحاڵ بووم، وەکو ئەوە بوو، دوای ساڵانێک دووری، کەس و کار وماڵباتی خۆمم دۆزیبێتەوە. تەغریدە چایەکی " گن بورد " ی کە خۆی حەزی لێدەکرد، لێنا، لە گەڵ نەعنادا کە بە خۆی لە نزیکی مووبەقەکەیدا و لە ئینجانەدا ڕوواندبووی، چای بوو ئەمما چای! هێندەم پرسیار پێبوو نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم. حوریە باسی خات جەمیلەی بۆ کردم و گوتی ماوەیەکی کەم حەپس بوو و پاشان لەو شارە ڕۆیی، چوو بۆ ملیلە یان فەرەنسا. دۆتمیرەکان ڕۆیشتن، هەریەکەیان ڕووی کردە شوێنێ. زوبەیدە و فاتیمە مێردیان کرد. سەلیمە لە گەڵ مامۆستاکەی جوگرافیادا دەژیا و، ئایشە خەریکی کار و کاسبی بوو. میوانخانەکە بۆ ماوەیەکی زۆر داخرا. پاشان دیوارەکەی ڕوخا. وەختایەک گوتم هەموو ئەمە بە هۆی منەوە بوو، چونکە منیان دەستگیر کردبوو، تەغریدەی پیر دڵنیای کردم: " کە ئەم بویەرە هەر ڕووی دەدا، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو کە خات جەمیلە کرێی نەدابوو، تەنانەت دەستگێڕەکانیش کرێیان نەدەدا. ئیدی بووبوو بە ماڵی خۆڕایی و گشتی، بۆیە هەر دەبوا وای لێهاتبایە. " کەمێک ئاسوودە بووم، لێ وێڕای ئەوەش باوەڕم نەدەکرد کە ژێراوژێر دەستی زوهرەی تیا نەبێت، ئەم ژنە بەڵای ژیانی من بوو.

ئاماژەم بۆ لاقی تەغریدە کرد و پرسیم:- چیت لێهاتووە؟

-هیچ، وابزانم جاڵجاڵۆکە پێوەی داوم.

بەڵام پاشان حوریە، ڕاستی مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوە:- تەغریدە تووشی شەکرە بووە.

دکتۆر لە خەستەخانەدا معایەنەی کردبوو و بە دزییەوە بە حوریەی گوتبوو: زۆر نەخۆشە، لاقی تووشی گانگرین بووە، دەبێ ببڕدرێتەوە. بەڵام حوریە، حەزی نەکردبوو ئەوەی پێ بڵێت.

-هێشتا وادەزانێ جاڵجاڵۆکە پێوەی داوە، هەتوانی گیایی لێدەنێ، دەڵێت باشترم. لە ڕاستیدا بۆیە هەست بە ئازار ناکات، چونکە لاقی لە مردندایە.

هەڵبەتە ئەوە زۆر خراپ بوو، بەڵام لە لایەکی دیکەوە باشتر بوو کە ئەم ڕاستیە نەزانێ، کە هیچ ئومێدێکی چاک بوونەوەی نەبوو.

ژیان لە هۆبەی تەبریکە زۆر ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەکو من کە هیچ کاتێ هەژاریم بەخۆوە نەبینی بوو. تەنانەت لە ماڵی زوهرەش هەموو ڕۆژێ تێر بە سکی خۆم نانم دەخوارد و ئاوم هەبوو، کارەبام هەبوو. لێرە، لە تەبریکە هەمیشە بە برسیەتی سەرمان دەنایەوە، لە سەرەتایی ترین شتی وەکو ئاوی ڕۆژانەی خۆشۆردن، تۆزێ چیلکە و چەوێڵ بۆ چا لێنان مەحرووم بووین. ئەوانەی ئێزینگیان دەفرۆشت، منداڵی بچووک بوون، لە دوور، لەوبەری جادەکەوە، لە سەر گردەکانەوە دەیانهێنا و دەیانفرۆشت. کچۆلانی شڕپۆش، کۆڵە ئێزینگی قورس، قورستر لە خۆیان، بە کۆڵدا دەدا.

بەهەرحاڵ، ماڵەکەی ئێمە، لە زۆربەی ماڵەکانی دی باشتر بوو. تەغریدە زۆر شانازی بەو ماڵەوە دەکرد، چونکە عیسای کوڕی بە تاقی تەنیا و هەر خۆی دروستی کردبوو. هەرچی بلوک و کەرەستەی بیناسازی هەبوو، بەخۆی هێنابووی. عیسا بەنا بوو، نها لە ئەڵمانیا کاری دەکرد. تەغریدە، وێنەکەی لەو ژوورەدا هەڵواسی بوو کە وەکو هۆڵ بەکاری دێنا، وێنەیەکی گەورە بوو، کە کەمێک تەڵخ بووبوو. لەخۆی دەچوو، چاوەکانی درشت و کەمێک درێژکۆڵە وەکو چاوی چینیەکان. تەغریدە خۆی ویستبووی ماڵەکە بۆیەی سەوز بکرێ؛ ڕەنگی دڵخوازی بوو، تەنانەت ئینجانەکانیشی کە نەعنا و گوڵی مریەمی تیا دەڕواندن، کورسی و تەپڵەکەکانیشی، سەوز کردبوو، هەروەها قۆرییەکی ئینگلیزی پیرۆزەیی پەیدا کردبوو، دەسکەکەی حەسیری تێوە پێچرابوو، سەرەکەی گۆیەکی پێوەبوو، لە دەنکە فاسۆلیا دەچوو.

خانووەکە بەڕادەیەک گەورە بوو کە جێی هەمووانی تیا دەبووەوە، حەوشێکی گڵی هەبوو، ڕاڕەوێکی سەرداپۆشراوی هەبوو، لەجیاتی مووبەق بەکار دەهێنرا، ژوورێک بۆ تەغریدە و هۆڵێکی تیابوو کە من و حوریە دۆشەکەڵەمان لە سەر ئەرزەکە ڕیز دەکرد و لەسەری دەنووستین.

هەروەها ژوورێکی بە تەختەخەو و کۆمەدیەوە تیابوو، ئەم ژوورە هی عیسا بوو، حازر و ئامادە بوو، بۆ هەر کاتێ لە ناکاو بهاتباوە. تەغریدە، بە لەوحە دار و لەلای مووبەقەکەوە، دروستیکردبوو، بە پەقرەچ ئاومان دێنا، دەمانکردە تەشتێکی پلاستیکییەوەو لیفە و چەرچەف و جلکی گەورەمان پێدەشۆرد. من و حوریە دەچووین پەقرەجەکەمان لە بەلووعەی کەنار شەقامەکە پڕ دەکرد، تێر شەڕە ئاومان دەکرد و بەدەنگی بەرز دەمانقیژاند. لێرە، لە دەوار گەرماوی گشتی نەبوو، خەڵکی زۆر هەژار بوون و ئاو زۆر کەم بوو، بەڵام ئێمە لە سایەی گەرماو و پەقرەجەکەی تەغریدەدا، شاهانە دەژیاین.

لەو ساوە کە تەغریدە تووشی لاق یەشە بووبوو، کاری نەدەکرد و حوریە هەموو کارەکانی گرتبووە ئەستۆ. لە ئوتوخانەی ئوتێلێکدا کاری دورینەوە و ئوتوکردنی دەکرد. هەموو بەیانیەک بەرلە سەعات شەش لە ماڵ وەدەردەکەوت، و بە سواری بەلەمێک دەچوو بۆ شار. داوام لە حوریە کرد:- کارێک بۆ منیش بدۆزەوە.

بەڵام ئەو سەری بادا:- ئەم کارانە بۆ تۆ باش نییە، تۆ پێویستە کاری دی بکەی، دەبێ بچیتە قوتابخانە.

کتێبی فەرەنسی و ئیسپانی و ئینگلیزی و دەفتەرانی بۆ کڕیم. تەغریدەش هەمان بۆچوونی ئەوی هەبوو:

-تۆ نابێت وەکو ئێمە دەربچیت، تۆ دەبێ کەسایەتیەکی گرینگت هەبێ، بخوێنی، ببیت بە دکتۆر،نەک وەکو ئێمەمانان ببیت بە کارەکەر.

نەمدەزانی چما ئەو قسانە دەکەن. یەکەمجار بوو کە خەڵکانێکم دەبینی کە نەیاندەویست بە خورتی بە مێردم بدەن.

یەکەمجار بوو شتێکیان لە مندا دەبینی، جیاواز لە کارەکەری، جیاواز لە چێشت لێنان بۆ مێرد. لێتانی ناشارمەوە، ئەو هەڵوێستە بەڕادەیەک کاری تێکردم، کە گریام. ئەم جووتە دۆتمیرە بە ڕاستی دڵسۆزی من بوون. هەردووکیانم ڕامووسی.

بەڵام نەمدەتوانی، لەماڵەوە بەدیار دەرس و دەورەوە بمێنمەوە. ئەوەم لە تواناادا نەبوو. بۆیە کتێبەکانم بە لاستیک دەبەست و وەکو منداڵە مەکتەبلی، لە ماڵ وەدەر دەکەوتم، لە جێیەکی پەنا و هێمن دەگەڕام تا سەعی تیا بکەم.

لە سەرەتاوە، کە کەش و هەوای مانگی ئۆکتوبەر زۆر خۆشبوو، دەچووم بۆ ئەو گۆڕستانەی کە دەیڕوانیە سەر دەریا، لەوێوە ئاسۆ بەباشی دیار بوو، هەموو دانی بەیانیم لە نێو گۆڕەکاندا بە سەعی کردنەوە بەسەر دەبرد. هەندێجار نەوڕەس و تەیرێن دەریایی، بەبێ جووڵە و، بەدەم مەلەوە خۆیان دەدایە دەم بایەکەوە.یان سمۆرەی جوان و ناسک، لە سەر گردەکانەوە سەریان دەردێنا و بە گۆساخی تەمەشایان دەکردم. بەڵام دوای ئەو شتەی کە دەگەڵ ئەو کوڕی سەگەدا ڕوویدا، دڵم لەوێندەر هەڵکەندرا. دەترسام، تۆڵەم لێکاتەوە و خەبەری پۆلیسم لێبدات. بۆ جێیەکی دی دەگەڕام، لە گەڕەکێکی نزیکی مۆزەخانەی شوێنەواراندا، کتێبخانەیەکم دۆزییەوە، کتێبخانەیەکی بچووک کە تەنیا چەند مێزێکی گەورەی خوێندنەوە و هەندێ کورسی کۆنی قورسی تیابوو. جگە لە یەک شەممە و دووشەممە، ئیدی هەموو ڕۆژەکانی دی کراوە بوو، جگە لەو کاتانەی کە خوێندکارانی ئامادەیی، لە قوتابخانە بەردەبوون و دەهاتن لەوێ وەزیفەکانیان دەنووسیەوە، ئیدی هەمیشە چۆڵ بوو. لەوێ و لە ماوەی چەند مانگێکدا توانیم هەموو ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە حەزم لێیان بوو، هەڵبەتە بەبێ هیچ بەرنامە و نەخشەیەک، تەنیا بە کەیفی دڵی خۆم. کتێبی جوگرافیا و زیندەوەرناسیم دەخوێندەوە، ڕۆمانی نانا و جیرمینالی زولا، مەدام بوڤاری و سێ حیکایەتی – فلوبیر، بێنەوایانی ڤیکتور هۆگۆ، ژیان– ی موپاسان، نامۆ و تاعونەکەی کامۆ، دوا داوەرانی شوارتز پارت، ئەرکی توندوتیژی – یامبوئولوگیوم، منداڵی لم – ی بن چەلون، پییر و هاوڕێکەی من – ی کینو، خێڵی مورامبیر – ی ئیکسبرایا، دورگەی ماڵی شکارچیان– ی باشلری، لابیل بد– ی فانسنو، مارا فارجین– ی ساندرار، هەروەها پاچڤەی هەندێ کتێبانی وەک: " کوخەکەی هاپو توم، لە دایک بوونی جالنا، قەلەڕەش پێی گوتم، وەلیانی بێگوناح، هەوەڵین ڤیان– ی تورگینیف کە زۆرم بەدڵ بوو. هەر هەموو ئەوانەم خوێندەوە. هەواکەی دەرەوە هێشتا زۆر گەرم بوو و کتێبخانەکە شوێنێکی زۆر کڕ و فێنک بوو. هەستم دەکرد، هیچ کەسێک ئەوێندەرم بۆ ناگەڕێ. لە کتێبخانەکەدا ئاشنایەتیم دەگەڵ مامۆستا ڕوشدی دا پەیدا کرد، کە مامۆستای زمانی فەرەنسی بوو، لە یەکێک لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا. کە لە خوێندنەوە ماندوو دەبووم لە کتێبخانەکە دەهاتمە دەرەوە و لە باخچە تەپ و تۆزاویەکەدا، لە سەر دیوارێکی نەوی دادەنیشتم، مامۆستا ڕوشدی– ش دەهات، سیغارێکی پێدەکرد و بەدەم سیغار کێشانەوە دەکەوتە قسەکردن. هیچی لێ نەدەپرسیم، بەڵام پێموابوو، کە منی دەبینی ئەو هەموو کتێبەم دەخوێندەوە، جۆرە فزوڵی و کونجکاوییەکی لەلا دروست بووبوو. ئەو ڕێنوێنی کردم، پێی گوتم کە دەبێ لە هەوەڵەوە چ کتێبانێک بخوێنمەوە، باسی گەورە نووسەرانی بۆ دەکردم، دەربارەی فولتیر و دیدرۆ، هەروەها باسی نووسەرانی هاوچەرخ و مودێرنی بۆ دەکردم وەک: کولیت، و دەربارەی شیعری ڕامبۆ، کە هیچی لێ حاڵی نەدەبووم، بەڵام بەلامەوە جوان بوو. مامۆستا ڕوشدی هەژار و نەدار بوو، بەڵام بە قاتە قاوەییەکەیەوە کە هەمیشە ئوتوکراو بوو، بە کراسە سپی و بۆینباخە شینە تۆخەکەیەوە، شیکپۆش دیار بوو. جگەرەی زۆر دەکێشا، سمێڵە بۆزەکەی لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بووبوو. چۆنیەتی جگەرە گرتنەکەیم بەلاوە جوان بوو، لە نێوان هەر دوو کەڵە موست و قامکی شادەدا دەیگرت، وەکو ئەوە بوو بەڕاستە ئاماژە بۆ شتێک بکات.

کە دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، بۆ تەبریکە دەگەڕامەوە. کە بەلەمەکە بەسەر ئاوەکەوە دادەخزی و دەڕۆیی، مێشکم پڕ دەبوو لە دەنگدانەوەی ئەو وشانەی کە تازە لە خوێندنەوەیان بووبوومەوە و پڕ دەبوو لەو

کاراکتەر و ڕیسک وسەربهوردانەی کە تۆزێ لەوە پێش لە گەڵیاندا ژیابووم. کە بە کوچە و کۆڵانی دەوارەکاندا ڕێم دەکرد وەکو ئەوە بوو کە لە دنیایەکی دیکەوە هاتبم. تەغریدە شۆربای لێنابوو و خورمای ڕەق و وشکی وەکو نەبات ڕەقی هەبوو. لە تەنوورەکەی خۆیدا، کە سەرێکی تەنەکەی هەبوو، کولێرەی دروست کردبوو، وام هەست دەکرد کە بە عەمراتم نە خواردنی لەوە خۆشترم خواردووە و نە بەو ئاسوودەییە ژیاوم. زوهرە و هەموو بویەر و ڕووداوەکانی ڕابردووم بە تەواوەتی فەرامۆش کردبوو.

حوریە، درەنگانی شەو دەگەیشتەماڵەوە، شەکەت وماندوو، ڕوومەتەکانی بە هەڵمی ئوتوان سوور بووبوونەوە، بە درێژایی ڕۆژەکە هێندە بە سەر دەرزی و تەقەڵاندا نوشتابووەوە، چاوەکانی سوور بووبوونەوە. کەمێک ناڵە ناڵی دەکرد، چەند پەرداخێ چای دەخواردەوە و ڕادەکشا، بەڵام نەدەخەوت. شەوان وەکو جارانی میوانخانەکە، قسانمان پێکەوە دەکرد. لە ڕاستیا من بە تەنیا قسەم دەکرد، چونکە بەباشی گوێم لە قسەکانی ئەو نەدەبوو و نەمدەتوانی جووڵەی لێوەکانی بخوێنمەوە.

ناوبەناو شەوانی شەممە دەچووە گەڕان، بە ئۆتومبیل بە شوێنیدا دەهاتن. بەڵام حەزی نەکرد هاوڕێکانی، بە شوێنی دانیشتنەکەی بزانن. لە ژێر دار ئاقاقیایەکی باریکدا، لە بەر دەروازەی ئاواییەکەدا دەوەستا. ئۆتومبیلێک بە ناو شەپۆلی تەپ و تۆزا دەیبرد و دەڕۆیی، منداڵان بە بەردەفڕکێ دووی دەکەوتن.

شەوێک، کە تەغریدە لە دەرەوە مژوولی کارێک بوو، حوریە بە گوێچکە ساغەکەمیا چپاند و باسی نیاز و بەرنامەکانی خۆی بۆ کردم: هەرکە هەندێ پارە کۆ بکاتەوە، سواری کەشتی دەبێ و بۆ ئیسپانیا دەڕوات و لەوێوە بۆ فەرەنسا. پاشەکەوتەکانی خۆی نیشاندام، سەفتەیەک دۆلاری قەدکراو، بە لاستیک بەستبووی و لە جانتای ئارایشتەکەی نابوو و، لە ژێر بالیفەکاندا دەیشاردەوە. بە منی گوت تەنیا کرێی سەفەر و بەلەمەکەی کەمە، بە ڕاوێژێکی هێندە نەوی قسەی دەکرد، لە تۆ وایە مەستە. بەڵام من کە چاوم بەم هەموو پارەیە کەوت، دڵم گوشرا، چونکە ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە حوریە بەو زووانە دەڕوات. حوریە کە بینی چارەم دا بەیەکدا، ناڕەحەت بوو، چیوای نەمابوو دەست بە گریان بکەم.

– چیتە؟

– ئەگەر تۆ بڕۆیت من چی بکەم؟ نامەوێ لێرە، لە لای تەغریدە بمێنمەوە.

توووند لە هەمێزی گرتم. هەوڵیدەدا بە قسەی خۆش دڵخۆشیم بداتەوە. بەڵام دڵنیابووم کە بڕیاری ڕۆیشتنی داوە. ماوەیەک بوو دڵی لێرە هەڵکەندرابوو.

بە ڕواڵەت وەکو بووکە شووشە وابوو، بەڵام زۆر متمانەی بەخۆی هەبوو. حوریە زۆر ورديلە بوو، دەستەکانی بچووک، هەنیەی قۆقز، سیمای، منداڵیەکی سەرسەختانەی پێوە دیاربوو. بڕیاری دابوو، لە هەموو شتێک هەڵێت، لە جادە پڕ تەپ و تۆزەکان، لەو جادانەی کە پڕ بوون لە کامیۆن و بار هەڵگران، لە سەربانە تەنەکە و پلاستیکەکان، کە بارانی بەسەردا دەباری لە تۆ وایە لەهی و لافاو ڕادەبێت، کە هەتاو لێی دەدا، وەکو ئاسن سوور دەبوویەوە. لە هەموو شتێک هەڵبێت، لەو دیوارانەی بۆنی پاشماوەی میزیان لێدەهات، ئەو بیرانەی کە ئاوەکانیان ڕەش و تاڵ بوو، لەو منداڵە ڕووتانەی بەسەر زبڵخانانەوە گەمەیان دەکرد، لەو کچۆڵانەی کە ڕوخساریان لە تەنی و سیاندا هەڵکشابوو و وەکو پیرەژنان لە ژێر کۆڵدا چەمی بوونەوە. کە بیری منداڵی خۆی دەکردەوە، جگە لە کوێرەوەری ژیانی گوندی هیچی تری تیا نەبوو، تەنانەت ئاوی

خواردنەوەش تامی هەژاری دەدا. ئەوەی لێی بێزار بوو و دەیویست لێی هەڵبێت، ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی کۆمەڵگەی ئەرستوکراتان بوو، بەخۆیان و ئۆتومبیلە لیموزینە ڕەشە جام ڕەشەکانیانەوە، کە مایەی پێکەنین و شادی بوو، چونکە کەس حەز لە کلۆڵی و داماوی ناکات. هەمیشە لەوانە هەڵدەهات کە ئەو پیاوە تووند و تیژە دەیناردن. چونکە بە خۆرتی دابوویان بەو، ئەویش وای دەزانی کە جەستەی ئەم موڵکی ئەوە و تەنانەت مافی ئەشکەنجەدانیشی بە سەرەوە هەیە.

حوریە، شەوێک بەسەرخۆشی هاتەوە. نیگای سەرگەردان، لە شێت دەچوو، لێی دەترسام. سەیرم کرد لەبەر ڕوناکی چرا نەوتیەکەدا، سەفتە دۆلارەکانی دەژمێرێت. هەستیکرد من نەخەوتووم و ژێراوژێر تەمەشای دەکەم. لێم هاتە پێشەوە و گوتی:- نە تۆ و نە کەسی دی ناتوانن ڕێگەی ڕۆیشتنم لێبگرن!

بەبێ ئەوەی قزە بکەم، چاوم تێبڕی.

-ئەگەر ناچارم بکەی لێرە نەڕۆم، دەتکوژم، خۆ ئەگەر هەر ناچاربم لێرە وەمێنم، خۆم دەکوژم.

دوای ئەو قسانە، ئەو چەقۆ چکۆلەیەی کە هەمیشە لە گەڵ خۆیدا هەڵیدەگرت، تا لە هەنبەر دەلاڵ و قەوێدەکاندا، بەرگری پێ لە خۆ بکات، ئەو چەقۆیەی دەرهێنا و نایە سەر ملی خۆی.

دوای ئەوە باسی ئەو بابەتەی نەکرد، منیش هیچم نەگوت. دڵنیا بوو کە دەڕوات و، قەول و قەراری لە گەڵ قاچاغچیەکدا کردووە. هەنگێ منیش کەڵکەڵەی هەلاتن و ڕۆیشتنم کەوتەسەر، ڕۆیشتن و پەڕینەوە بۆ ئەوبەری دەریا، بۆ ئیسپانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یان تەنانەت بۆ بەلجیکا یان بۆ ئەمریکاش.

بەلام من ئامادەییم تیا نەبوو. خۆ ئەگەر ڕۆیشتبام، دەبوایە ڕۆیشتنی یەکجارەکی بێ، بڕۆیشتبام و جارێکی دی نەگەڕابامەوە. شەو و ڕۆژ بیرم لەو مەسەلەیە دەکردەوە. ڕاستە بە کوچە و کۆلانەکانی تەبریکەدا ڕێم دەکرد، بەلام لەوێ نەبووم، بەسەر جۆگەلە و سیاناوەکاندا بازم دەدا، بەلای کۆڕی منداڵاندا ڕەت دەبووم، یان دەبەم لە ئاوی بەلووعەکەی کۆتایی جادە سەرەکیەکە پڕ دەکرد، بەلام وەکو ئەوە بوو هەموو ئەو کارانە لە خەوندا بکەم.

بۆ ناسینی ڕێگەوبانان و لەبەر کردنی ناوی شاران و بەندەران کەوتمە خوێندنەوەی کتێبی ئەتڵەسان. لە پەیمانگەیەکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و لە پەیمانگەی گۆتیە بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی، خۆم ناونووس کرد. هەڵبەتە دەبوایە باج و کرێی مانگانە بدەم. بەلام من فوستانە شینە، یاخە سپیە بەناو بانگەکەم لەبەر کرد، کەمێک درێژم کردەوە و شوێنی دوگمەکانیم چاک کردەوە، سەرپۆشێکی سپی زۆر جوانم، بەسەر قژە بژ و لوولەکەمدا دا و کەوتمە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆم بۆیان کە گوایە منداڵێکی هەتیوی بێ پارە و پولم و گوێیەکم هەندێ گرانە. ئامادەم بە هەر نرخێ بووە فێری خوێندەواری ببم، سەفەر بکەم، کەسایەتیەک بۆ خۆ پەیدا بکەم. دەمتوانی بە کارەکەری، یان نووسینی ئەدرەسان لە سەر زەرفی نامە، یان ڕێکخستنی کتێبان لە کتێبخاناندا یان هەر کارێکی دی کرێی مانگانەکەم بدەم. وادیاربوو، سکرتێری نووسینگەی خزمەتگوزاری ئەمریکی، کە ژنێکی ڕەش پێستی قەڵەو بوو، منی چووبووە دڵەوە. هەوەڵجار کە خۆم بە ئۆفیسەکەیدا کرد، هاواری کرد:- خودایا، لەو قژە جوانە!

دەستێکی بەسەر قژە بژەکەما، کە لە ژێر سەرپۆشەکەوە هاتبووە دەرێ، هێنا و، بێئەوەی داوای هیچ شتێکی ترم لێبکات ناوی قەید کردم.

له خوله ئەڵمانیەکەدا، جورج شون مامۆستا بوو، گەنجێکی باریکەلەی لاوازی قژ زەردی لوولی تەنک بوو، چاوەکانی کەوەییەکی جدی و خەمین بوو، دیاربوو منی بەدڵ بوو، بۆ تاقیکردنەوە بردمی بۆ پۆلەکەی خۆی. ئیدی وشەکان و گەردانی فرمانەکانم بە دروستی و لەبەر بۆ گوتەوە. ئەم کارەم بە دەنگ و ڕاوێژێکی ڕوون و ڕەوان ئەنجام دا؛ وەکو ئەوەی بەباشی لە مانای قسەکانی خۆم تێبگەم، وەکو ئەوەی شیعر بن و لەبەر بیانڵێمەوە. مامۆستا شون پێی گوتم کە یادگەیەکی عەجیب و نائاساییم هەیە و، ڕەنگە ئەوە بەهۆی گوێیە سەقەتەکەمەوە بووبێ.

شەوان، لەلای تەغریدە وانەکانم ئامادە دەکرد. لەبەر مۆم سەعیم دەکرد و ئەرکەکانم دەنووسییەوە. ڕۆژێک مامۆستا شون، مەشقەکانمی بە قوتابیەکانی پۆلەکە نیشان دا. پەڵەیەکی چەوری، بە پاینی لاپەڕەیەکەوە لکابوو.

–ئەمە چییە؟ ئەرک و وەزیفەکانت بەدەم شێو خواردنەوە ئەنجام دەدەیت؟

قوتابیەکان، بە تەوسەوە پێکەنین.

–نەخێر مامۆستا، ئەوە تکەی مۆمە.

پێنەدەچوو مامۆستا شون، هیچ لە قسەکەم حاڵی بووبێ.

–چونکە ئێمە کارەبامان نییە. لەبەر مۆم دەرسەکانم دەنووسمەوە. یانی دەتەوێ دووبارە بیان نووسمەوە؟

حایر وحەپەساو تەمەشای کردم.

–نا، نا، زۆر باشە، عەیبی نییە.

بەڵام لەوە بەدواوە، ڕەفتاری کەمێک گۆڕا. بەجۆرێ تەمەشای دەکردم، وەکو هێشتا بیر لە دڵۆپاوە مۆمەکەی سەر دەفتەری مەشقەکانم بکاتەوە. نەمدەزانی بۆچی بەو ڕادەیە گۆڕاوە و بیر لە چی دەکاتەوە. زۆرجار، لە دوای تەواوبوونی دەرس و دەوام دەیهێشتمەوە، پرسیاری ئەو شوێنەی لێدەکردم کە لێی دەژیام، چ کەسانێک لەوێندەر دەژین. دەترسام خەبەری پۆلیسم لێبدات. نیگایەکی سەیر و هەمیشە خەمینی هەبوو، کە قسەی لە گەڵدا دەکردم، دەستی دەگرتم و قامکی پێدا دێنا. بەم کارەیدا ئاغای دولاهی – م وەبیر دەهاتەوە، هەڵبەتە ئەم زۆر لەو میرەبانتر و نەرم و نیان تر بوو. هەمان نیگای ئەوی هەبوو، ژێراوژێر تەمەشای دەکرد و چاوی دەتروکاند. مامۆستا شون پێی دەگوتم کە بۆرسێکم بۆ وەردەگرێت تا بۆ خوێندن بڕۆم بۆ دوسلدورف – ی زێدی ئەو. حەزی دەکرد وەختایەک بۆ ئەوێندەر ڕۆیشتم بچمە دیدەنی ئەو. دەیگوت کە من لەوێ کارێن گەورە ئەنجام دەدەم.سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنم. دەوڵەمەند و بەنێوبانگ دەبم و وێنە و ناوم لە ڕۆژنامەاندا بڵاو دەبێتەوە.

مامۆستا ڕوشدی  پەیگیری هەموو شتێکی منی دەکرد. بەهۆی دەوامی خولی زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە وەکو جاران هاتوچۆی کتێبخانەکەم نەدەکرد، بەڵام هەرجارێ کە ڕێم دەکەوتە کتێبخانەکە، ئەو لەوێ بوو، لەو سەری هۆڵەکە کتێبی فەلسەفەی دەخوێندەوە. دوای تۆزێک، بە مەبەستی جگەرەکێشان، لەوێ دەچووە دەرێ، منیش دەڕۆیشتم تا لە باخچەکەدا بیدینم. کە باسی مامۆستا شون– م بۆ کرد، شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی:– دیارە حەزی لێکردوویت، بۆیە ئەوەندە بایەخت پێدەدات.

نیگایەکی بڕێک جدی کردم و پرسی:- ئەدی تۆ خانم؟ تۆش حەزت لێکردووە؟

پرسیارەکەی خستمیە پێکەنین. " تۆ خاوەن بڕیاری، تۆ گەنجیت و ژیانت بەبەرەوەیە. " مامۆستا ڕوشدی کۆتایی بە قسەکەی هێنا. پاشان داوای لێکردم کتێبی " ویژدانی زینو " ی ئیتالو سڤیڤۆی نووسەری ئیتاڵیایی ( ١٨٦١ – ١٩٢٨ ) بخوێنمەوە. بە ڕاویژێکی بڕێک گۆنگ گوتی:- هەرکەسێ ئەم کتێبە نەخوێنێتەوە، وەکو ئەوەیە هیچی نەخوێندبێتەوە.

پاشان ئاراستەی قسەکانی گۆڕی. شیعرەکانی جۆرج شحادە ( ١٩٠٧ – ١٩٨٩ ) و ئەدۆنیسی بۆ دەخوێندمەوە. ڕۆژێک بۆ ئەوەی سەر بکەمە سەری پێمگوت:- پێموایە ئاخری هەر شوو بە مامۆستا شون دەکەم.

لە ناکاوا، تەواو داهێزرا، پێی گوتم:- من بەش بە حاڵی خۆم بۆ ئەو کارەت هان نادەم.

ئەمەم لە گیان خۆش بوو، چونکە دڵنیابووم، کە مامۆستا ڕوشدی بۆم لێدراوە و، کە باسی شووکردنی خۆمم بۆ دەکرد، ڕوخساری دەگۆڕا و زۆر کەیفم بەو حاڵە دەهات.

**

ژیانی قوتابیەتیم شەش مانگێک، تا بەهار بەردەوام بوو. قەرارم دابوو، چیتر بۆ پەیمانگە نەڕۆم، کێشە و ئاڵنگاری زۆر لە ماڵەوە چێ بووبوو. تەغریدە بەردەوام لە گەڵ حوریەدا لە شەڕ و قەرقەشەدا بوو، گلەیی ئەوەی لێدەکرد کە خۆپەرستە و هیچ پارەیەکی ناداتێ، تەنانەت بەوەش تۆمەتباری دەکرد کە گوایە دزی لێدەکات. حوریە تووڕە دەبوو، جنێوی سووک و بازاڕی دەدا، دەرگای بە توندی پێکدا دەدا و لە ماڵ وەدەردەکەوت، جاری واهەبوو چەندین شەوی پێدەچوو و هەر نەدەهاتەوە. منیش بە ئومێدی ئەوەی دەنگی پێیەکانی لە کۆڵانەوە بژنەوم، نەدەخەوتم.

پاشان ئەوەی ڕووی دا ڕووی دا. ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ، پاش تەواو بوونی دەرس، چونکە باران دەباری لە قوتابخانەکە مامەوە، ئیدی بە گەردان کردنی فرمانانەوە مژوول بووم.

مامۆستا شون لە پشتمەوە وەستابوو، لە دواوە تەمەشای دەکردم. کراسێکی ڕەشم لە بەردا بوو کە حوریە بە ئەمانەت دابوومێ، پشتی کراسەکە تا ڕادەیەک کراوە بوو. ئەوە یەکەمجارم بوو کە ئەو کراسەم لەبەر دەکرد. لەبەر ئەوەی بەهار بوو و منیش جل و بەرگی بەهارەم نەبوو. لە ناکاوا مامۆستا شون بە سەرما دانەوییەوە و، زۆر بلەز گەردنی ماچ کردم، هێندە بە خێرایی ئەو کارەی کرد کە فریا نەکەوتم بزانم چیە، لە نیشتنەوە و فڕینی مێشێک دەچوو. بەڵام مامۆستا شون لە پشتمەوە وەستابوو. تەواو سوور بووبووەوە، هانکە هانکێکی هێندە توندی پێکەوتبوو، لە تۆ وایە ماوەیەکی زۆر ڕایکردبوو. لێ من خۆم لە گێلی دا، بەجۆرێ ڕەفتارم کرد وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، ئەوەم بەکارێکی بڕێک سەخیف و بگرە کۆمیدی زانی، سەیر ئەوە بوو ئەو پیاوە خەمین و سارد و سڕە، لە ناکاوا ئەو ڕەفتارە منداڵانەیە بکات.

بەڵام یەکسەر، پاشەوپاش کشایەوە. ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو، لە جاران غەمگین تر دیاربوو. لە دوورەوە بە چاوە کەوەییەکانی تەمەشای منی دەکرد، بەجۆرێ سەیری دەکردم وەکو ئەوەی من شەیتان بم. نازانم لەبن لێوانەوە چی دەگوت، گوێم لە وشەکانی نەدەبوو، بەڵام ئەوەندەم هەڵکڕاند کە دەبێ بە زووترین کات لەوێندەر

بڕۆم. قەت نەدەچووە عەقڵەوە، پیاوێکی سەنگین و بە ویقاڕ و بە شەخسیەت، مامۆستای زمانی ئەڵمانی لە زانکۆی دوسلدورف، ڕێگە بەخۆی بدات دابنەوێتەوە گەردنی کچۆڵەیەکی زۆر ڕەشی ئاکنجی تەبریکە ماچ بکات.

هەنگێ کتێب و دەفتەرەکانم کۆ کردەوە و بە هەشتاو بەبەر نەرمە بارانەکەدا، کە لە درزی کراسەکەوە بە پشتما دادەخزی، و کارێکی زۆری لە مامۆستا شون کردبوو، بۆی دەرچووم.

دوای چەند ڕۆژێک، کە لە نزیکی دەروازەی بادا پیاسەم دەکرد، بەڕێکەوت، تووشی ئالین بوسترو بووم، کە هاوپۆلی خولی زمانی ئەڵمانی من بوو. ئالین پێی گوتم مامۆستا زۆری پێناخۆشە کە پەیمانگەم تەرک کردووە، زۆر حەز دەکا بۆ دەوام بگەڕێمەوە و، من لە لیستی ئەو قوتابیانەم کە ئەو سوورە لە سەر ئەوەی بۆرسی خوێندیان لە ئەڵمانیا بۆ وەربگرێت. نەمدەزانی چما ئەو کیژە ڕژد بوو لە سەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەم بۆ بگێڕێتەوە. ڕەنگە پەیوەندی نزیکی لە گەڵ مامۆستا شون دا هەبووبێ و لە گەڵیا پیاسە بکات و مامۆستا گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە. بەڵام کچێکی سادە و میهرەبان دیار بوو، باوەڕم نەدەکرد، مامۆستا بویەرەکەی لە مەڕ منی بۆ گێڕابێتەوە.

بە ئالین– م گوت، باشە لە زووترین کاتدا دەگەڕێمەوە، بەڵام حاڵی حازر زۆر گرفتارم. دەمویست لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە، تەمەشای هەر چوار دەوری خۆمم دەکرد، لە دڵی خۆدا گوتم ئەگەر لەوەی پتر ماتەڵ ببم لەوەیە پۆلیسە بەکرێگیراو و بەرتیل خورەکانی زوهرە لە ناکاوا پەیدا ببن و بمگرن. ئالین، شتێکی وەکو گومان یان ترسی لە چاوەکانمدا خوێندەوە. لێم نزیک بووەوە و گوتی:– لەیلا، کێشەیەکت هەیە؟

ئالین کیژی بازرگانێکی گەورەی فەرەنسی بوو، بازرگانی تایبەتی فرۆشی پاسکیلی چینی بوو لە سەرانسەری ئەفریقیادا، بۆچی دەیویست ئاگای لە ژیانی تایبەتی من بێ؟ زۆر دەترسام سەرنجی ئەو کیژە قژ زەرد و شیکپۆشە ڕاکێشم. گوتم، نا، نا، هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییە. ئیدی بلەز کەوتمە ڕێ و بەناو ئاپۆڕای خەڵکەکە کەوتم، دوای ماوەیەکی زۆر خۆم گەیاندە بەلەمەکە.

لەو ڕۆژە بەدواوە، ئیدی نەچوومەوە بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە. لەمبەری ڕووبارەکەوە هەستم بە ئەمانی زیاتر دەکرد. وازم لە هەموو خوێندن و خولێک هێنا، دەستبەرداری کتێبخانەی شوێنەوار و دیداری مامۆستا ڕوشدی بووم. چەند هەفتەیەک بوو نەدەوێرام لە گەڕەکی تەبریکە وەدەر بکەوم. لە ماڵی تەغریدە دەمامەوە، لە حەوشە بچکۆلەکەیا و، لە ژێر کەپرە *پلاستیکیە*کەدا دادەنیشتم و گوێم لە خرمە خرمی بارانی سەربان دەگرت و تەمەشام دەکرد کە چۆن جۆگاکانی پڕ دەکرد.

ڕۆژگارێکی درێژ و ناخۆش بوو. حوریە لە سەر منداڵ بوون بوو، شەڕەکەشی لە گەڵ تەغریدەدا لەسەر ئەمە بوو. هیچم نەپرسی، بەڵام پێموابوو ئەو کەسەی کە بە ئوتومبیل بە شوێنیا دەهات، عاشقی بووبوو. لە ناکاوا ڕەوشی تەغریدە زۆر خراپ بوو. شەو و ڕۆژ بە ئازاری شلکەی ڕانیەوە دەیناڵاند، غودە و لوەکانی ڕەق و ڕەش، دەتگوت دەنکە زەیتوونە. لاقی شین بووبووەوە، ئاوسا بوو، هەستی پێنەدەکرد، وەکو ئەوەی دار بێ. بە درێژایی ڕۆژ دادەنیشت و نەفرەتی لەو جاڵجاڵۆکەیە دەکرد کە پێوەی دابوو، هەروەها نەفرەتی لە کیژەکانی دی؛ سەلیمە، فاتمە، ئایشەش دەکرد،بەهۆی شەڕەکانی ڕابردوویانەوە دەیگوت هەموویان سیحرباز بوون، سیحر و جادوویان لێکردووە. هەمان ئەو قسەیەی دەکرد کە زوهرە بە منی دەگوت: جادوباز. تەغریدە

وڕێنەی دەکرد، دەیگوت دڕکیان بۆ لە پێڵاوەکانی ناوە. لە دڵی خۆدا دەمگوت ئەم بایە لەم کونەوە بێ، درەنگ یان زوو ئەو تۆمەتانە دەداتە پاڵ منیش.

بۆ یەکەمجار ئارەزووی ڕۆیشتنم کرد، حەزم دەکرد بۆ شوێنێکی دووری دوور بڕۆم. بڕۆم سۆراخی دایکم بکەم، تاقیبی خێڵ و قەوم و قیلەکەم بکەم، لە بنەماڵە و ماڵباتی هیلال بگەڕێم، ئەو دیوی کێوانیان بۆ بگەڕێم. بەڵام ئامادەگیم نەبوو. ڕەنگە هیچ یەکێک لەو شتانە بوونی نەبووبێ، من لە میانی تەمەشاکردنی گوارەکانمەوە، لە خۆمەوە دروستم کردبن.

شەوێک کە لە تەنیشت حوریەوە کزکۆڵەم کردبوو، گوێم نا بە ورگیەوە، دەمویست گوێم لە لێدانی دڵی منداڵەکەی ببێت. پرسیم: – کەی دەڕۆین؟

وەڵامی نەدایەوە، بەڵام دەستم بە دەم و چاویا هێنا، بۆم دەرکەوت کە یان دەگریا یان بەبێدەنگی پێدەکەنی. دوای کەمێک بە گوێیدا چپاندم:

–بەو زووانە دەڕۆین. هەرکاتێ دوو جێگامان لەو کەشتیەدا، کە دەڕوات بۆ مالاگا، دەست بکەوێ دەڕۆین.

**

ئیدی خوومان دابووە یەکدی. دوانیوەڕوان وەختایەک تەغریدە لە ژوورەکەی خۆیدا ئیسراحەتی دەکرد، ئێمە لە جیاتی بە کاروباری ماڵەکەدا ڕابگەین، دادەنیشتین و بە چپەدوو باسی نەخشە و پلانەکەی خۆمان دەکرد. حوریە باسی ئەو شار و خەڵکانەی دەکرد کە قەرار بوو بۆیان بچین و بیاندینین. من جگە لە ناوی نووسەران و سترانڤانان هیچی دیکەم نەدەزانی. ئیدی باسی جوزیە کابانیس ( نووسەری فەرەنسی ١٩٢٢ – ٢٠٠٠ ) و کلودسیمون ( نووسەری فەرەنسی و براوەی نۆبڵی ١٩٨٥ ، ١٩١٣ – ٢٠٠٥ ) و سیرگی گینس بورک ( سترانڤان و ئاهەنگ ساز و فیلمسازی فەرەنسی ١٩٢٨ – ١٩٩١ ) لەبەر گۆرانیە بەناوبانگەکەی ئەلیزام بۆ کرد. حوریە گوتی:

–ئەگەر حەزت کرد دەچینە دیدەنی ئەوانیش.

وایدەزانی ئەوانیش خەڵکانێکن وەکو ئەو و من، خەڵکانێک کە بە ئاسانی ببینرێن.

تەغریدە بە شەلەشەل لە ژوورەکەی دەهاتە دەرەوە. جنێوی دەداینێ. زانی بووی کە بە نیازی ڕۆیشتنین. هاواری دەکرد:

–بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن، بۆ فەرەنسا، بۆ ئەمریکا، بۆ دۆزەخ! بەڵام نەخەڵەتابن بۆ ئێرە بگەڕێنەوە!

کەمێک پارەم پاشەکەوت کردبوو، لە بازاڕی قاچاغ و دزیارییەکەی نزیکی ڕووبارەکە ڕادیۆیەکم کڕی. ڕادیۆیەکی ڕەشی بچووک بوو، پێدەچوو خاوەنەکەی، نیگارکێش بووبێ، چونکە ڕادیۆکە بە بۆیەی ڕۆنی، سپی خاڵ خاڵ کرابوو. مارکەی ڕادیۆکە ریالیستیک بوو. شەوان لە سەر شەپۆلی ڕادیۆی تەنجە گوێم لە جیمی هندریکس ( سترانڤانی ڕۆک و گیتاریستی ئەمریکایی ١٩٤٢ – ١٩٧٠ ) دەگرت. عەسرانیش بەرنامەی جیما بڵاو دەبووەوە، حەزم دەکرد گوێم لە دەنگی بێ، دەنگی گەنجانە و خۆش و بریێک تەوسامێز بوو. بە خەیاڵ بە دۆست و هاوڕێی خۆمم دەزانی و هەستم دەکرد بەشێکە لە ژیانم. لە دڵی خۆدا حەزم دەکرد "

وەکو ئەو بم ". لە دەفتەرێکی بچووکدا ناوی هەموو ئەو سترانڤانانەم لەلای خۆم تۆمار دەکرد کە ئەو پێشکەشی دەکردن، هەوڵمدەدا بە دیقەت و بە ئینگلیزی تێکستی گۆرانیەکانیان تۆمار بکەن. یەکێک لەوانە فوکسی لیدی بوو. سەیر بوو، ئەو بەهارە دوا بەهاری من بوو لە ئەفریقا. باران بە خوڕ، وەکو سولاف بەسەر کەپرە پلاستیکیەکەی ناو حەوشەدا دادەڕژا و لە جۆگەکانەوە سەررێژ دەبوو. دەنگی جیما لە گوێما دەزرینگایەوە. دەنگ و ئاوازی نینا سیمون، پول مەککارتنی، سایمون و کارنانکل و گۆرانی لانگربا و تزی کات ستیڤنس، بڵاو دەبوونەوە، هەموو ئەمانە لە چاوەڕوانیەکی دوور و درێژ دەچوون. حوریەش لە چاوەڕوانیدا بوو، لە سەر دۆشەکەڵەکان ڕادەکشا، دەستەکانی دەخستنە سەر ورگی. هێشتا سکی یەک مانگانە بوو، کەچی وەکو مراوی بەلارە لار ڕێی دەکرد. لە تۆ وایە تەبریکە، چاوەڕوانی شتێکە کە هەرگیز نایەت. منداڵانی چڵکن و پڵکن و سەرگەردان بەناو زەلکاوەکاندا دەسوڕانەوە، ژنان هاواریان دەکرد. هەموو ئێوارەیەک بانگ و سەڵای نوێژ لە سەر ڕووبارەکەوە دەنگی دەدایەوە و تێکەڵ بەدەنگی ئەو نەوڕەسانە دەبوو کە لە ڕاو دەگەڕانەوە. لە پشت ئێمەوە، ڕێگەیەک هەبوو، کە کامیون و بارهەڵگران وەکو مێرووی موزیر بەسەریدا دەڕۆیشتن و تەپ و تۆزی دنیایان بەگژ شەوەکەدا دەکرد.

**

شەوێک ئازار زۆری بۆ تەغریدە هێنا. چونکە ئەڵمانی بەڵەد بووم، حوریە ناردمی تا تەلەفۆن بۆ کوڕەکەی بکەم، کە بۆ ماڵ هاتمەوە تازە تەغریدەیان گەیاندبووە خەستەخانە، بەتەمابوون لاقی ببڕنەوە. هەموو شتێک بە پەلە دەچووە پێشێ. ڕۆژی دوایی، دەمە دەمی خۆرئاوا، ئێمەش ئامادەی ڕۆیشتن بووین. قەرار بوو کامیونێک بۆ ملیلەمان ببات و هەر ئەو شەوە کابرای قاچاغچی سواری کەشتی مالاگا– مان بکات.

بەپەلە پڕۆزێ پارەکەمان ژمارد، حوریە ئەو بڕە پارەیەی کە قەرار بوو بیدەین بە کابرای قاچاغچی، لای خۆی هەڵگرت و باقیەکەی کە دوو هەزار دۆلار بوو و بە لاستیکێکی توونت بەسترابوو، دا بە من. لەو دەمەیدا کە دەمویست بیخەمە گیرفانم، حوریە پێی گوتم:– مەیخە ئەوێ، لێتی دەدزن. یەکێک لە مەمک لغەکانی دەرهێنا، بە دەرزی و تەقەڵان، جێ مەمکەکانی بچووک کردنەوە، ئەسکەناسەکانی تێ ئاخنین و ئەوسا لە سینگی منی بەست.

–نها لە ژنی تەواو دەچیت، هەموو پیاوێک دەکەوێتە داوتەوە!

هەستم دەکرد، دوو توورەکەی گەورە بە سینگمەوە هەڵواسراوە.

–پورێ من تەحەمولی ئەمە ناکەم، زۆرم ئازار دەدات، هەموو پارەکانت گوم دەکەم.

حوریە تووڕە بوو:– واز لە گریان بێنە، دەبێ خۆت ڕابێنی، هیچ ڕێگەیەکی دی نییە، دەبێ تۆ پارەکان هەڵبگریت.

گوتم:– نەچین بۆ خەستەخانە، سەرێکی تەغریدە بدەین؟

کە بیرم لە تەغریدە دەکردەوە، هەستم بە پەشیمانی دەکرد و حەزم دەکرد، لە ڕۆیشتنەکەم ژێوان ببمەوە. بەڵام حوریە زۆر بە جدی بوو، ڕژد بوو لە سەر ڕۆیشتن. سیمای وەکو ئەو ڕۆژە بوو کە چەقۆیەکەی نایە سەر ملی.

–نا، هەرکە جێیەکمان دەستکەوت، پێی دەڵێین بێت بۆ لامان.

**

تا نیوەشەو لە قەراخ جادەکەدا چاوەڕوانی ئوتومبیلەکەمان کرد، لە تەپ و تۆزا سپی بووبووین، سەرو ڕوخسارمان لە هی گەدایان دەچوو.

لە ناکاوا ئوتومبیلەکە بە بەردەممماندا ڕەتبوو، کەمێک هێواشی کردەوە و پاشان کەمێک دوور لە ئێمە ڕاوەستا و لایتەکانی کوژاندەوە. من دەترسام، بەڵام حوریە بە توندی و نیمچە تووڕەیی ڕایکێشام. شوفێرەکە دابەزی. تەمەشایەکی منی کرد و بە حوریەی گوت:– ئەم کچە باڵق بووە، تەمەنی یاسایی تەواو کردووە؟

حوریە گوتی:– کوێری؟ سینگ و بەرۆکی نابینی؟

پێموایە، سەری لە ڕەنگ و رووی من سوڕمابوو. دیاربوو وای دەزانی سوودانی یان بەنگالیم. حوریە منی لە دوای پیکابەکەوە سوار کرد و ئەوسا خۆیشی سەرکەوت. هیچ جانتا و بار و بنەیەکمان پێنەبوو، پێشوەختە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین. سەرو یەک جانتای دەستیمان پێبوو، بە تۆزێ جلەوە و بە ڕادیۆ بچووکەکەی منەوە.

شوفێرەکە، یەکسەر نەکەوتەڕێ، حوریە پێی گوت:– چاوەڕوانی چیت قەلپیاو؟

شوفێرەکە بە زمانێکی نیوە ئیسپانی و نیوە عەرەبی کەوتە خوتە و بۆڵە. حوریە بە منی گوت:– ئیدی خەڵکی ملیلە واهین.

نزیکەی چواری بەیانی گەیشتینە بەندەرەکە. وەختایەک لە گومرگەکە ڕەت دەبووین، شوفێرەکە بە شووشەکەی دواوەیدا کێشا، ئاماژەی بۆ کردین کە پاڵبکەوین. ناو پیکابەکە پڕ بوو لە کارتۆنە تایتی جلشۆردن، مارکەی بلانکو – ی، واتە سپی، پێوەبوو. ئەمە بەلای من و حوریەوە کۆمیدی بوو، چونکە هەردووکمان ڕەش بووین.

پیکابەکە بە ئەسپایی بەبەر مەڵبەندی گومرکەکەدا تێپەڕی، لە پەنجەرەکەی دواوە، عامودی کارەباکانم دەبینی کە زەرد دەچوونەوە، بەرەبەرە لە عامودەکان ڕەت بووین، ئەوسا دووبارە تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشایەوە. هەستام تا بە وردی تەمەشا بکەم. شارێکی مودێرنی دزێوم بینی، بینای گەورە گەورە بەسەر پایەوە، بارانێکی ورد دەباری.

لەسەر شۆستەکە خەڵکێکی زۆر، لە پێش ئێمەوە، چاوەڕوانی کەشتیەکە بوون، زۆربەیان پیاو بوون. هەروەها هەندێ ئافرەتیش خۆیان لە مانتۆکانیانەوە پێچابوو، پێدەچوو سەرمایان بێ، هیچ منداڵێکی لێنەبوو.

من و حوریە بۆ ئەوەی باران لێمان نەدا، دانیشتین و پشتمان دا بە دیواری بارەنازەکەوە. حوریە سەری نا بە سەر شانی منەوە و خەو بردیەوە، چاوەڕوانی ئەم ساتە بوو، لە پڕ تواناى مقاوەمەتی ماندوویەتی نەما. هەوڵمدا ڕادیۆکەم بخەمە ئیش، بەڵام لەم ساتەدا کاتی بەرنامەکەی جیما نەبوو. ڕادیۆکە هیچی نەدەگوت، جگە لە هەندێ خشەخش، کە وەکو گیزە گیزی مێشولان لەو سەری دنیاوە دەهات و بێزاری دەکردم.

**

کەمێک پێش کازیوە و سپێدە کەشتیەکە لە بەندەرەکەدا لەنگەری گرت. بەلەمێکی ماتۆڕیی سپی گەورە بوو، کە چادرێکی بەسەردا درابوو. خەڵکەکە دەستیان بە سواربوون کرد. پەلەیان دەکرد تا لە ژوورەوە شوێنی باشیان دەستبکەوێ، ئێمە لە دوای هەمووانەوە سوار بووین، لە قەراخ کەشتیەکە و لەلای کابینەی پاسەوانەکەوە دانیشتین.

کابرای قاچاغچی، بەبێدەنگی دەسوڕایەوە. دەستی درێژ دەکرد و ڕێبوارەکان یەک یەک باقی پارەی کرێکانیان دەدایێ. بەپەلە ئەسکەناسەکانی دەتەپاندە گیرفانیەوە و ناوبەناو بە دەنگە منگنەکەی دەیگوت: باشە، ئۆکەی. کەس حەزی لە قسەکردن نەبوو.

هەمووان، گوێیان لەلای لەرزین و دەنگی ماتۆرەکە بوو، چاوەڕوان بوون، دەنگی ماتۆرەکە زیاتر و زیاتر بەرز ببێتەوە و کەشتیەکە بکەوێتە حەرەکە.

لە زەرفی چەند خولەکێکدا هەموو شتێک ئامادە بوو. کابرای کەشتیەوان لەنگەرەکەی هەڵکێشا و کەشتیەکە هێدی هێدی بەرەو قوڵایی دەریاکە دادەخزی و خۆی دەدایە دەم شەپۆلانەوە.

بەو ئاوایە ڕۆیشتین، بێئەوەی بزانین کێوە دەچین، یان کەی دەگەڕێینەوە. تەنیا ئەوەمان دەزانی دەڕۆیشتین و دوور دەکەوتینەوە، لە هەموو ئەو کەس و شتانە دوور دەکەوتینەوە کە ناسیبوومانن. من بیرم لە خانووە بچووکەکەی میلا دەکردەوە، کە نها لە نێو خانووەکانی ڕەخی ڕووبارەکەدا، خەریک بوو لە چاو ون دەبوو، تەواو دوور کەوتبووەوە، لە ئان و ساتا بوو پێشوازی لە گزنگی هەتاو بکات. بیرم لە تەبریکە و ئەو ژنانە دەکردەوە، کە بە ڕیز لە بەر بەڵووعەکەدا بۆ ئاوی سارد وەستابوون. دوور نەبوو لەوبەری دەریا، مەرگ چاوەڕوانمان بێ و هیچ کەسێک پێمان نەزانێ.

(( ٦ ))

ئەم سەفەرە چۆن تا پاریس بەردەوام بوو، ئەمە شتێکە نازانم چۆن بۆتانی بگێڕمەوە. بەتایبەتی بۆ منێک کە هەرگیز لە ماڵ وەدەر نەکەوتبووم؛ هەموو تەمەنی منداڵیەتیم لە حەوش و حەسارەکەی لالە ئەسما بەسەر بردبوو، پاشان دوورترین شوێنێ کە چووبوومێ گەڕەکی لوسیان بوو یان بە بەلەم تا سالیە و دەواری تەبریکە چووبووم. کەچی نها سواری کەشتیەکی گەورە و لەزگین بووم و بە ئوتوبوس ئیسپانیا تەی دەکەم و تا ( فال دوران ) دەڕۆم ( ناوێکە هەرگیز لەبیری ناکەم ) ، پاشان بە پای پیادە، دەست لە نیو دەستی حوریە کە هانکە هانکی پێکەوتبوو، کۆجاڕی بەفران تەی دەکەم. بەبێئەوەی بزانین کێوە دەچین، بەلارە لار دەگەڵ خەڵکانێکا بێئەوەی تەنانەت ناویان بزانین، کوێرە ڕێگایەکی ئەو کوێستانەمان گرتبووە بەر، ئیدی هەرکەسە و بۆ خۆی. دەلیل و ڕێنوێنەکەمان کوڕێکی گەنج بوو، کە پانتۆڵێکی جینزی لەبەر و جووتێ پێڵاوی وەرزشی لە پێدابوو، کوڕێکی ئەسمەر بوو، وەکو ئەوانە وابوو کە ڕێنوێنی دەکردن. وێڕای ئەوەی هەموو شتێک قەدەغە بوو، هەندێک جانتا و کەرەستە و پێداویستی سەفەریان پێبوو.

کە شەو داهات ڕاڕەوە چیاییەکەمان بڕی. مژ و دوومانێکی خەست و شیریی قوڵایی دۆڵەکەی داپۆشی بوو، دەتگوت دووکەڵێکی بێ ئاگرە. بە حوریەم گوت:- تەمەشاکە، ئێرە فەرەنسایە، چەند جوانە..

ڕەنگی زەرد زەرد بووبوو. سکی دەیەشا. کوڕە گەنجەکە هات. تەمەشایەکی حوریەی کرد و بە ئیسپانی گوتی:- دوو گیانە؟

گوتم:– نازانم، لێ زۆر شەکەتە.

کوڕەکە شانەکانی هەڵتەکاند. حوریە ڕازی بوو کە ئەوان بڕۆن. گروپێکم بینی، بە پێچ و دەوەرانی دۆڵەکەدا دادەگەڕان. قسەیان نەدەکرد، کەمترین ورتەیان لێوە نەدەهات، دیمەنەکە زۆر جوان بوو، دۆڵێکی بەرین و ڕووبارێک لە تەم و مژ. لە دڵی خۆدا دەمگوت، ئەگەر لێرە بشمرین گرینگ نییە، چونکە گەییوینەتە ترۆپکی ئەم کۆجارە، دەتوانین ئەم دۆڵە بەشکۆ و دڵڕفێنە، کە لە دەروازە دەچێ، بدینین.

نازانم چما، بۆ یەکەمجار، لە کانگای دڵەوە بیرم لە وڵاتەکەی خۆم کردەوە، وەکو ئەوەی ئێرە، ئەم دۆڵە وڵاتی من بێ و بەناچاری لێی دوور بکەومەوە، بە یەکجارەکی بە جێی بێڵم. لە دواوە بەجێ دەمام، خاوە خاوم دەکرد. تەم و مژەکە و ئەو شەوەی بەڕێوە بوو، ئارامی بە ڕوحم دەبەخشی، ئەفسوونی دەکردم. حوریە کە ئارامی لێبڕابوو، دەیگوت:– خێراکە، وەرە، دەنا گوم دەبین.

لە بناری کۆجارەکەدا، لە قەراخ جەنگەڵێکی بچووکدا، گروپەکە چاوەڕوانی دەکرد. هاژە هاژی سۆلافێک دەهاتە گوێ کە تاریکی شەوەکە شاردبوویەوە. وەختایەک ئێمە گەیشتینە لایان، کوڕە ئیسپانیاییەکە هات بۆ لای من، پێدەچوو چاوەڕوانی من بێ تا بێم قسەکانی بۆ ئەوانی دی پاچڤە بکەم.

–ئەمشەو لێرە دەخەوین، نابێ دەنگ لە کەسەوە بێ، نەخەڵەتابن ئاگر بکەنەوە، تەنانەت جگەرەش دانەگیرسێنن، حاڵی بوون؟

قسەکانیم، بە زمانی عەرەبی بۆ ئەوانی دی دووبارە کردەوە و کوڕەکە لە سەری ڕۆیی:– سبەی کامیونێک بۆ تولوز– تان دەبات و لەوێندەرەوە سواری قیتار دەبن.

بەبێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێ، ڕۆیی. بەتەنیا لە لێرەکەدا ماینەوە. ئەو شەوەم لە بیرە. پاش ئەوەی بەبەر گەرمای ڕۆژەکەدا بە زەحمەت بە شاخەکەدا سەرکەوتین، سەرما و شێیەکی ئەوتۆ باڵی بەسەردا کێشاین، ئێسقانی دەبڕی. من و حوریە هەوڵمان دا لە نێو کاژەکاندا، لە سەر گەڵا دەرزییە وەریوەکاندا بخەوین، بەڵام ئەو سەرمایەی لە ئەرزەکەوە هەڵدەقولا، دانەچۆقەی پێدەخستین. هیچمان پێ نەبوو، تەنانەت چەرچەفێکیشمان پێنەبوو. دوای ماوەیەکی کەم هەستاین و پشتمان نا بە یەکەوە، تا هەست بە سەرمای ئەرزەکە نەکەین. بۆ ئەوەی خەو نەمانباتەوە، کەوتینە حیکایەت گێڕانەوە بۆ یەکتری، ئیدی هەر حیکایەتێک بوایە، ئەو بویەرانەی لە میوانخانەکەدا ڕوویان دابوو، غەیبەتمان دەکرد، بوختانمان دەکرد، لە خۆمانەوە حیکایەتیمان دروست دەکرد. بیرم نایەتەوە کە چیمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، ئەوەندەم لەبیرە لە پەستا و بێ پسانەوە قسەمان دەکرد، بە گوێی یەکدیماندا دەچپاند، پێدەکەنین و هەندێجار لە بیرمان دەچوو لە کوێین و ئەوانی دی سەریان هەڵدەبڕی و دەیانگوت: " وس! بێدەنگ! "

ئەوانی دیکەش نەیاندەتوانی بخەون. دەم دیتن هەڵدەستان و پشتیان بە دار کاژەکانەوە دەدا. ناوبەناو لە نێو گەڵا دەرزی ئاساکانی دارکاژەکانە ( سنۆبەر) وە دەنگی پێ دەهات، کەسێکت دەبینی بە چیچکانەوە دانیشتووە و دەمیزێ.

ئەنجام توانیمان لە نێو ئەو کامیونەدا کە بۆ تولوزی دەبردین، بخەوین. دەمەوبەیانی کامیونەکە لە قەراخ جەنگەڵەکە، لە سەر جادەکە چاوەڕوانمان بوو، کوڕە ئیسپانیەکە زۆر بەپەلە سواری کردین، پاشان خۆی بەرەو کۆجارەکە بەڕێکەوت بێئەوەی بە نیگایەک یان ئاماژەیەک خوداحافیزیمان لێبکات. لە ناو کامیونەکەدا،

سەرم نایە سەرشانی گەنجێکی جەزایری عەبدول ناو، خەوم لێکەوت. هێندە شەکەت بووم، دوور نەبوو، بەدەم ڕێوە خەو بمباتەوە. جادەکە زۆر پێچاوپێچ بوو، لە درزی چادری کامیونەکەوە، چاوم بە دار سنۆبەرە ڕەش و بەرزەکان کەوت؛ جادەی گوندەکان، پردێک..دوای ئەوەی وێستگەی تولوز بەدیارکەوت. پاشان هۆڵێکی گەورەی بڵند، خەڵکی لە سەر سەکۆکان دانیشتبوون و چاوەڕوانی گەیشتنی قیتاری پاریس بوون. شوفێرەکە بلیت و ڕێنمایی پێویستی دابوو: " لە یەک شوێن خڕ مەبنەوە. هەر یەکە ڕوو بکەنە شوێنێ، با نەبنە مایەی سەرنج. " دەستی حوریەم گرت، تا کۆتایی سەکۆیەک ڕامکێشا. لەوێ هەتاو لە جامخانەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. کە ئاسمانی شینم لێ وەدیارکەوت، هەستم بە ئاسوودەیی کرد. دەگەڵ حوریەدا لە سەر تەختێک ڕۆنیشتین و پاشماوەی ئەو نان و خورمایەمان خوارد کە تەغریدە پێی دابووین. بێهودە هەوڵمان دەدا سەرنجی خەڵکی ڕانەکێشین، خەڵکی تەمەشایان دەکردین. هەڵبەتە دەبێ ئەوە بڵێم کە سەر و ڕوخسارمان ئاسایی نەبوو، حوریە بە کراسە شینە درێژەکەی و سەرپۆشە سپیەکەیەوەو، من بە ڕوخسارە ڕەش و قژە بژەکەمەوە، کە چونکە تازە لە خەو ڕابووبووم، هێندەی دی بژ بووبووەوە، ڕێک وەکو دوو هۆڤی دەهاتینە بەرچاو.

تەنانەت کوڕیژگەیەکی بچووک، بۆ ئەوەی باشتر لێمان ڕابمێنێ، بێ هیچ شەرم و حەیایەک لە هەنبەرماندا وەستا. حوریە سەری داخست، بەڵام من ئەمەم لەبەر گران بوو، تووڕە بووم و پێمگوت: " چیت گەرەکە؟ " کە دیتم لە جێی خۆی ناجوڵێت، وام نواند کە بۆی دەچم، هەنگێ قووچانی. خەڵکانی دیکەی غەریبی وەکو ئێمە لە سەر سەکۆیەکە هەبوون. پیاوان و ژنانی ڕەش ئەسمەری، قژ ڕەشی قیر ئاسا. جلەکانیان شڕ و شەپڕێو، بە زمانێکی عەنتیکەی تێکەڵ بە پەیڤێن ئیسپانیایی قسەیان دەکرد. حوریە، بە ڕاوێژێکی چپە ئاسا گوتی:- ئەمانە قەرەجن، هەمیشە لە سەفەردان، ماڵیان بە کۆڵیانەوەیە.

پێشتر هەرگیز خەڵکی وەکو ئەمانەم نەبینی بوو. هەژار بوون، بەڵام جۆرە غرورێک بە نیگایانەوە دیاربوو. یەکێکیان گەنجێکی ڕوخسار سێگۆشەیی بوو، بەجۆرێ چاوی تێبڕی بووم، لە تۆ وایە ناتوانێت چاوم لێ بگوازێتەوە. بۆ یەکەمجار هەستمکرد، دڵم لە ترسا، لە نیگەرانیا یان لە شتێکی لەو بابەتەدا، دادەخورپێ. حوریە باسکی ڕاکێشام:- تەمەشای مەکە، کێشەمان بۆ دروست دەکات.

کابرای قەرەج لێمان نزیک بووەوە و گوتی:- ئێوە کوێندەرین؟ بۆ پاریس دەڕۆن؟

ددانە سپیەکانی، لە ڕوخسارە ئەسمەرەکەیا دەدرەوشایەوە. کە ڕێی دەکرد، وەکو لات و لەوێران شانی خوار دەکردەوە. حوریە بەرەو دیوەکەی دیکەی سەکۆکەی ڕاکێشام و گوتی:- تۆ شێتی لەیلا، بەڕاستی شێتی، ئەم پیاوە خەتەرە.

ئەوسا قیتارەکە(شەمەندەفەر) هات، ئاپۆڕای خەڵکەکە لەبەر دەرگاکان کەڵەکە بوون، کەوتینە ناو قەرەباڵغییەوە، ئەنجام لە فارگۆنێکدا جێگەی بەتاڵمان دۆزییەوە، قیتارەکە جوڵا، هێدی هێدی لە وێستگەکە وەدەرکەوت، تەمەشای خانوو و ماڵەکانم دەکرد، کە بەرەبەرە پاشەوپاش دەکشانەوە. بیرم لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە بەجێم هێشتبوون و بە جێم دەهێشتن، لە جادە و شەقامە جەنجاڵەکان، ماڵە داتەپیوەکانی تەبریکە، لە حەوش و حەسارەکەی لالە ئەسما و لە میوانخانەکەو لەو دەسگێڕانەی کە کاتی خۆی حەوشەو قەنتەرەی میوانخانەکە یان بە پریاسکە و کیسە میوە وشکەکانیان پڕ کردبوو. بیرم لەوە دەکردەوە لەگینە ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێمەوە و نە شوێنەواری بیرەوەرییەکانی من مابن و نە کەس لەوێندەر مابێ. دڵم گوشرا،

هەستم کرد گریان ئەوکی گرتووم، حەزم دەکرد بگریم. کە بیرم لە تەغریدە و خەستەخانە و لاقە بڕاوەکەی دەکردەوە گریانم دەهات. هەستم دەکرد بەم سەفەرەم دوا کەسی ماڵباتەکەم لە دەست داوە. حوریە، لە سەر تەختەکەی بەرانبەمدا، پاڵی بە جانتاکەیەوە دابوو و خەو بردبوویەوە. تیشکی هەتاوەکە ناوبەناو ڕوخسار و چاوە نوقاو و برژانگە درێژەکانی ڕوناک دەکردەوە، دەم و ددانە سپیەکانی ڕوناک دەکردەوە.

چووم بۆ ڕاڕەوەکە تا جگەرەیەک بکێشم، لە سەر کەشتیەکە دەستم بە جگەرەکێشان کرد. جگەرە لە ملیلا بەبێ باج دەفرۆشرا. حەزم دەکرد لە چۆڵەوانیا جگەرە بکێشم، تەمەشای دووکەڵەکەی بکەم کە چۆن لە هەوادا لوول دەخوات. شەرمم لەوە دەکرد کە حوریە بمدینێ، دەیگوت:- ئێستا وەختی جگەرەکێشانە؟

قیتارەکە زۆر درێژ بوو، فارگۆنەکان قەرەباڵغ نەبوون، ئیدی بۆ خۆم لەم فارگۆنەوە بۆ ئەو فارگۆن دەچووم. لەناکاوا کابرای قەرەجم بینی. پێدەچوو تاقیبی کردبم، چونکە بە تاقی تەنیا لەوسەری ڕاڕەوەکەدا وەستا بوو. خۆم لە گێلی دا، وام نواند کە نەمدیتووە. ویستم بۆ فارگۆنەکەی خۆمان بگەڕێمەوە. ڕێی پێگرتم. کابرایەکی درێژ داهۆڵی ئەسمەری برۆ ڕەشی، پەیوەست بوو. بزەیەکی کرد و وابزانم گوتی:- ناوت چییە؟

بە فەرەنسیەکی سەیری وەکو خەڵکی ئەمریکای باشوور قسەی دەکرد. لەسەری ڕۆیی:- چیە لێم دەترسیت؟

لە هەموو ژیانمدا، حەزم لە خەڵکی مەغروور و خۆپەسند نەبووە. پێمگوت:- بۆچی لێت بترسم، بە یارمەتیت؟

لە ناکاوا، وەکو منداڵێک دانەویمەوە و بە ژێر باڵیا ڕەتبووم. بە دووما دەهات. حەزم نەدەکرد بزانێ حوریە لە کوێیە. لە ڕاڕەوەکەدا، لە نزیکی تەوالێتەکەوە وەستام و جگەرەیەکی دیکەم پێکرد. کابرای قەرەج لە نزیکمەوە وەستا، لە پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوەی دەکرد. خەریک بوو لە گەڵ تەکانی قیتارەکەدا بکەوین، ئەو هەرا و زەنا و ژاوە ژاوەی لە ڕاڕەوەکەوە دەهات، گوێی کەڕ دەکرد. بە دەنگێکی بەرزی هاوار ئاسا گوتی:- من نێوم ئەلبونیکویە! ئەدی تۆ؟

بایەکە قژەکەی شێواندبوو، چەپکە قژێک لە هەنیەیەوە بەسەر ڕوخساریدا ڕژابوو. لە چاو تروکانێکا بۆم دەرکەوت کە ددانێکی زێڕە و ئەڵقەیەکی زێڕ لە گوێیدایە. خەتەر و ترسناک دیار نەبوو. ناوێکی خەیاڵیم پێگوت، وابزانم دیزی بوو. سەری قسانمان دامەزراند، هەردووکمان لە هەمان قیتاردا بووین و هەردووکمان بۆ پاریس دەچووین، ئیدی ئەم کارە بۆ کات بەسەربردن، زۆر لەوە باشتر بوو لە پەنجەرانەوە تەمەشا بکەی یان ڕۆژنامە بخوێنیتەوە. خەوم نەدەهات، بە پێچەوانەوە هەستم دەکرد بێ قەرار و پڕ سۆز و گودازم. کابرای قەرەج باسی موزیکی دەکرد چونکە ئەوە پیشەی خۆی بوو، بەدەم ساز ژەندنەوە گۆرانی دەگوت. لە ناکاوا گوتی:- بوەستە.

بەرەو پێشەوەی قیتارەکە ڕۆیی، بە گیتارێکەوە گەڕایەوە. لاقێکی نایە سەر قەراخی دەرگای قیتارەکە و دەستی بە ژەنین کرد. مۆسیقایەکی غەریبی دەژەند، کە نەوای موسیقاکە تێکەڵ بە گرمە گرمی قیتارەکە دەبوو، ئیدی نەوای مۆسیقاکە لە هەوادا دەنگی دەدایەوە. هەرگیز گوێم لەو جۆرە مۆسیقایە نەبووبوو، تەنانەت لە ڕادیۆ کۆنەکەشما گوێم لە مۆسیقای وا نەبووبوو. هاوکات هەم مۆسیقای دەژەند و هەم قسەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە سۆزەی دەکرد، ئمم، ئا، ئمم و... ئەوسا ئاوازەکەی بڕی. پرسی:- بە دڵت بوو؟ حەز لەو ئاوازە دەکەی؟

وادیاربوو، چاوەکانم پرشنگیان دابوو، چونکە لەسەر ژەنینەکەی بەردەوام بوو. خەڵکانێک هاتبوون بۆ تەمەشا، کۆڕالێک لەو دیوی فارگۆنەکەوە هاتبوون. نەک هەر ئەوان بەڵکو کابرای تیتیش بە چاکەت و پانتۆڵە شین و شەپقەکەیەوە هات، کەمێک لەوێندەر وەستا و ئەوسا ڕۆیی. ئەلبونیکو، هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوسا بەپەلە گوتی:- دەبینی؟ کە ساز دەژەنم داوای بلیتم لێناکەن.

پێدەچوو لەبەر ئەوە گیتارەکەی هێنابێ. حەزم دەکرد برەقسم، هەوەڵ ڕۆژەکانی میوانخانەکەم بیرکەوتەوە، ئەو کاتانەی سەمام بۆ دۆتمیرەکان دەکرد کە بە پێی پەتی لە سەر کاشی ساردی ژوورەکان دەرەقسیم و دۆتمیرەکان گۆرانیان دەگوت و چەپڵەیان لێدەدا. بەو ئاوایە مۆسیقاکەی کابرای قەرەج کاری تێدەکردم و جۆش و خرۆش و گوڕ و تینێکی تازە پێدەبەخشیم.

حوریە هات بەسەرا، وەکو دەزانن، بە دیتنی من لە گەڵ ئەم کابرا قەرەجەدا خۆشحاڵ نەبوو، بەدەم لێو کروشتنەوە، بە عەرەبی گوتی: - وەرە، نابێ لە گەڵ ئەم پیاوەدا بوەستی.

بە ڕادیۆکەی من و پریاسکەکانمانەوە لە فارگۆنەکە هاتبووە دەرێ؛ لە ترسی ئەوەی نەبا شتەکانمان بدزرێن، بە بەرکۆشە قاوەیی و کراسە درێژە شینەکەیەوە، ڕێک لە ژنانی دووگیان دەچوو، ئەو دیمەنەم پێناخۆش بوو، خەمگینی کردم. لە ڕاستیدا تاقە کەس و کاری من بوو. خوشکم بوو. دەستی ڕاکێشام، کابرای قەرەج لە دواوە تەمەشای دەکردین و پێدەکەنی. زۆر ڕقم لێی بووەوە، چونکە گاڵتەی پێدەکردین، بەتایبەتی بە حوریە. زۆر لە خۆبایی بوو! حوریە لەوە نەترسابوو کە من ون ببم. وەختایەک هەستابوو و خۆی لە فارگۆنەکەدا بە تەنێ بینی بووەوە، زۆر ترسابوو. لە ڕاستیا ترسابوو بەبێ من ون ببێت. جا بۆ ئەوەی دڵنەوایی بکەم، هەر بە سەر کورسیەکەوە باوەشم پێیدا کرد و دەستم لە ملی وەرێنا.

-دەزانی، هەنووکە تۆ لە فەرەنسایت، هیچ خەمت نەبێ، کەس ناتوانێ بتدۆزێتەوە.

من و ئەو هەردووکمان لە یەک هەڵوێستدا بووین، ئەو مێردەکەی تاقیبی دەکرد و من لە لایەن بووکەکەی خانمەکەمەوە تاقیب دەکرام.قیتارەکە بە سەر ڕێڵەکاندا دادەخزی و لە گەڵ هەر تەکانێکدا لە جەلادەکانمانی دوورتر دەکردینەوە، ئەو دەریایەی لێکدی دادەبڕین بەرینتر دەبوو.

وەختایەک قیتارەکە گەییە پاریس لە غورابی خەودا بووم. حوریە بێدار بوو و بە ئارامی دەیگوت:- ڕابە لەیلا هەلو، گەیشتین.

شەو بوو، لە پەنجەرەکانەوە پرتەوی ڕەقسانم دەبینی و قیتارەکە بە پێچەکانی ڕێگاکەدا، بە نەڕەنەڕ هەڵدەگەڕا. باران بوو، دەمڕوانیە ئەو دڵۆپە بارانانەی کە بە شووشەی پەنجەرەکەدا دادەخزی و هیچ شوێن و وارێکیان لە دووی خۆ بەجێنەدەهێشت. ڕواڵەتم هێندە شەکەت بوو، کە حوریە ترسا و بە تووڕەیی گوتی:- ئەوە چیتە؟ ڕابە دەی، دەبێ دابەزین.

باوەڕم نەدەکرد، کە سەفەرەکەمان تەواو بووە، هێندە شەکەت بووم، بەمن بوایە هەرچی دار و نەدارم هەیە بیدەم، تا قیتارەکە لە سەر ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بێ و من تاوێکی دیکە بخەوم.

نها لە پاریس بووین، بەبەر باراندا ڕێمان دەکرد، خۆمان وەبن چەترە چرچ و لۆچەکەی حوریە دابوو، جانتا دەستیەکانمان و شەبەیەک پرتەقاڵ و ڕادیۆ مارکە ریالسیتیک- کەی منمان بە دەستەوە بوو. ئیدی بە درێژایی

سەکۆ و شۆستەکەی دەوروبەری وێستگەکەدا، بۆ جێگەیەک گەڕاین کە شەوی تیا ڕۆژ بکەینەوە، ئەنجام لە شەقامی جان بوتون دا، لە ئەپارتمانە موبیلە دارەکەی خاتوو مایردا، جێگەیەکمان دەستکەوت کە باوەڕ ناکەم ئێستا مابێ.

(( ٧ ))

پاریس لە هەوەڵەوە زۆر خۆش و جوان بوو. ئیدی بێ وچان شەقامەکانم دەدایە ژێر پێوە. حوریە لە ماڵ نەدەهاتە دەرەوە، چێشت و خواردنی لێدەنا، هەمیشە گوێ قوڵاغ بوو. لە هەموو شتێک دەترسا. ڕێک وەکو جاران، وەکو ئەو کاتانەی لە میوانخانەکە بووین، من بەملا و بەولادا دەڕۆیشتم، بازاڕم دەکرد، پێویستیەکانی خۆمان دەکڕی. هەموو بەیانیەک، دەوروبەری سەعات حەوت و هەشت، بە کیسەیێ نایلۆنەوە لە ماڵ وەدەر دەکەوتم، پەتاتە ( بە زۆری پەتاتەی کوڵاومان دەخوارد )، نان، تەماتە و شیرم دەکڕی، گۆشت زۆر بوها بوو، ئەمە جگە لەوەی حوریە دەترسا گۆشتی بەرازمان دەرخوارد بدەن.

دەبوایە ئاگامان لە گیرفانمان بوایە، زیادە مەسرەفمان نەکردبایە. کرێی هەفتانەی ئەو ژوورەی کە گرتبوومان پێنج سەد فرانک بوو، جگە لە کارەبا. ژوورەکەمان گەرم نەدەکرد. مووبەقەکە هی هەموو کرێچییەکان بوو. هەموو کرێچییەکان ڕەش پێست بوون، خاتوو مایر هەر هەموویانی گرتبووە خۆ، هەر ژوورێکی دابوو بە چوار نەفەر. خۆی لە پاگەردی قاڵدرمەکاندا دەژیا و هەر سا نا ساتێ دەهات تا بزانێ چ باسە.

دوای چەند ڕۆژێک ئاشنایەتیم دەگەڵ ماری ئیلین دا پەیدا کرد، ئەم خانمە گوادولوبی بوو، لە خەستەخانەی بوسیکو کاری دەکرد. هەروەها ئاشنایەتیم دەگەڵ جوزیەی دۆستیشیا پەیدا کرد، جوزیە خەڵکی ئانتیل بوو، ئیدی هەموو ئەفریقاییەکانی دیکەشم ناسین، نیمبای، مادی، ئەنتوان و، نونو کە لە من کورتەباڵاتر و زۆر ڕەش بوو، ئەمە یاری بۆکسێنی دەکرد. زۆرم خۆش دەویستن، خەڵکی خۆش بوون، خۆیان بە هەموو شتێکەوە سەرگەرم دەکرد، لە پاشملەی خاوەن ئەپارتمانەکەیان، واتە خاتوو مایریان دەگوت، بە پیرەژنی سەر سپی و بە پیرەژن ناویان دەبرد، فاتمە ناوێک کە لە پێش ئێمەدا لەم ژوورە بووبوو ناوی پیرەژنی لێنابوو. وەختایەک خاتوو مایر ئێمەی بینی گوتی: " کرێچی عەرەب بە هیچ جۆرێ ڕاناگرم. " بەڵام ئەمجارە ئەم کارەی کرد، ڕەنگە بەهۆی ڕەشیەکەمەوە دڵی نەرم بووبێ.

لە هەوەڵەوە زۆر خۆشیم بەم شارەدا چوو. کەمێک دەترسام چونکە زۆر گەورە بوو، بەڵام پڕ بوو لە شتی جوان، لە خەڵکی نائاسایی و غەریب ئەتوار. بەهەرحاڵ من شارەکەم بەوجۆرە دەبینی.

ئەوەی لە هەوەڵەوە سەرنجی ڕاکێشام سەگەکان بوو. لە هەموو شوێنێ هەبوون، سەگی زەلام، بچووک، چوار پەل کورت، هەندێکیان هێندە تووکن بوون، سەر و کلکیان لێکدی جیا نەدەکرایەوە، تووکەکەیان هێندە لوول بوو لە تۆ وایە تازە لە ئارایشگە هاتوونەتە دەرێ. هەندێکیان، تووکەکانیان بەجۆرێ بڕابوونەوە، لە شێر یان گا، یان مەڕ و سەگڵاو دەچوون. هەندێکی دیکەیان هێندە بچووک بوون، لە تۆ وایە جرجن، وەکو جرج دەلەرزین و ناحەز و ناشیرین بوون. هی دیکەیان هەبوو وەکو کەر و گوێرەکە زەلام بوون. دەم و قەپۆزیان سوور و گۆنایان داچەکی بوو، کە سەریان دەجوڵاند و دەیانپرماند، لیکاوەکانیان بە هەر چوار دەورا دەپرژا. هەندێک لەم سەگ و کسۆکانە لە ناو شوقە و گەڕەکە جوانەکاندا دەژیان و بە ئۆتومبیلێ ئەمریکایی و ئینگلیزی و ئیتاڵیایی دەبرانە سەیران و گەڕان. هەندێکی دیکەیان بە قردێلە و هێلەکی خانەخانەوە، بەباوەشی

خاوەنەکانیانەوە لە ماڵ دەبرانە دەرەوە. تەنانەت جارێ یەکێک لەو سەگانەم بەدەم پیاسەوە بینی، کە خاوەنەکەی بە ڕستێکی درێژ بە ئوتومبیلەکەیەوە بەستبوو.

نامەوێ بڵێم لە لای ئێمە سەگ نییە، هەیە و زۆریش هەیە، لێ هەموویان هاوشێوەن، هەموو قاوەیی و چاو زەرد، سکیان بە ڕادەیەک قوپابوو، زەردەواڵە دەیتوانی هێلانەی تیا بکات. لەوێندەر فێری ئەوە بووم چۆن خۆمیان لێ بپارێزم. کە سەگێکم دەبینی زۆر لێم نزیک دەبووەوە یان زوو بە زووی ڕێگەی بەر نەدەدام، بەردێکی تیژم هەڵدەگرت و دەستم بەرز دەکردەوە، ئیدی ئەوە بەس بوو کە سەگەکە دوور بکەوێتەوە. ئەو کارەم خۆبەخۆ، بێ هیچ بیرکردنەوەیەک دەکرد، ئیدی لێم بووبوو بە خوو. جارێک بۆ یەکەمجار چوومە باخی ڕووەکان، سەگێکی گەورەی لەڕ، بە ڕستێکی درێژی سپرینگینەوە لێم هاتە پێشەوە تا بۆن بە پاژنەی پێمەوە بکات، هەمان ڕەفتارم کرد، بەردم پێ نەبوو، لە پاریس دا، بە زەحمەت بەرد لە سەر شەقامەکان دەست دەکەوێ.

سەگەکە بە حیرەتەوە تەمەشای کردم، وەکو ئەوە بوو تۆپانێ بکەم. بەڵام ژنەی خودان سەگ کە ئەوەی بینی، تووڕە بوو، بەجۆرێ کەوتە جنێودانم، وەکو ئەوەی ویستبم خۆی بەردباران بکەم.

هەڵبەتە ئەم خووەم هەر تەرک نەکرد، بەڵام کەمتر بایەخم بە سەگ دەدا. ئەم سەگانە خاوەنیان هەبوو، خاوەنەکانیان بە قرێتە و ڕست دەیان بەستنەوە، بۆیە مەترسیدار نەبوون. مەگەر ئینسان پێی بە پیساییەکانیاندا بنایە و بخزیبا و بکەوتبایە و شوێنێکی بشکایە.

شەقامەکانی پاریس زۆر دوور و درێژ بوو، پێدەچوو کۆتاییان نەبێ. هەندێکیان بە ڕاستی بێکۆتایی بوون. کوچە و شەقامەکان لە نێو شەپۆلی ئوتومبیلاندا ون دەبوو. بۆ کەسێکی وەکو من کە جگە لە میلا و کوختەکانی تەبریکە و کۆڵانە باریکەکانی گەڕەکی لوسیان و دەوربەرە یاسەمین کارییەکەی، هیچ شوێنێکی دیکەم نەبینی بوو، ئەم شارە زۆر گەورە بوو، نە سەری هەبوو نە بن. وام بیر دەکردەوە، ئەگەر بمەوێ، هەموو شەقامەکانی، یەک بە یەک تەی بکەم، هەموو تەمەنم بەشی ئەوە ناکات. تەنیا دەمتوانی بەشێکی کەمی شار و ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵک و خوا ببینم.

زۆر سەرنجی ڕوخسارانم دەدا. ئەوانیش وەکو سەگ جۆراوجۆر بوون: قوت و قەڵەو، پیر، گەنج، خڕەڵە، لاواز، ڕەنگ زەرد و زەعیف، قاوەیی، سپی، زۆر ڕەش، لە من ڕەشتر، چاویان دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دەدرەوشێنەوە.

لە هەوەڵەوە زۆر سەرنجی خەڵکیم دەدا. هەندێجار وام هەستدەکرد، بەجۆرێ تەمەشای خەڵکەکە دەکەم، وەکو ئەوەی نیگام بە شێوەیەک ئالکاویان ببێت کە نەتوانم چاویان لێبگوازمەوە. بۆیە پەنام بردەبەر عەینەکی ڕەش، وەکو دەمامک وابوو، بەڵام هەتاو زۆر نەبوو، منیش نەمدەویست بەشێک لە ڕوخسارێک یان پرشنگی نیگایەک، یان گوزارشتێک لە کیس بدەم.

ئەم کارە زۆر نەبرد کە کێشە و ئاریشەی بۆ چێکردم. ئەو پیاوانەی لێم دەڕوانین، سۆراخیان دەکردم. لام وایە بە قەحپەیان دەزانیم، کۆچەرییەکی بچووکی دێهاتی لە ناوەندی شارا بۆ زێڕ دەگەڕێ. دەهاتە پێشەوە و نەدەوێران زۆر لێم نزیک ببنەوە؛ دەترسان تەڵەیەک لە ئارادا بێ. ڕۆژێک کابرایەکی پیر، بە ئاستەمێک دەستی گرتم: " ئەگەر لە گەڵما بێی، بە ئوتومبیلەکەی مندەچین کاتو دەکرین، زۆر خۆش و بەلەزەتە."

بە توندی باسکی ڕادەکێشام، هەمان نۆڕین و نیگای ئەو پیاوەی هەبوو، کە کاتی خۆی لە خوارنگەیەکدا، کە لە گەڵ حوریەدا بووم، دەور و خولی دابووم. لە فیکەی خۆم حاڵی بووم، زانیم بە نیازی چییە، بە عەرەبی، بەر دەمرێژی جنێوانم دا: " هەی سەگ، گەواد، حیز دایک! " ئەوسا بە ئیسپانی: " قەلپیاو، بیژوو، خوێڕی! " ئیدی دەستی بەردام و توانیم هەڵێم و خۆم دەرباز بکەم.

پاشان، هەرکە پیاوێک دوام دەکەوت، یەکسەر هەستم پێدەکرد. لە خۆ دزینەوەدا مەعلان بووم. بەڵام ژنانێک هەبوون یەجگار فێڵباز بوون، ئەمانە فێڵیان لێدەکردم، لە شوێنێکا بە گیریان دێنام، نەمدەتوانی خۆ بدزمەوە و دەرباز ببم، بۆ نموونە لە ڕاڕەوێکدا، لە سەر قاڵدرمەیەکی بزۆزی فرۆشگا و مۆڵێکدا، یان لە فارگۆنێکی میترۆدا. لێیان دەترسام. هەمووان درێژ و بەژن زراڤ، سپیکەلە، کڵاوقژی ڕەشیان لەسەر بوو، چاکەت و پووتی چەرمیان لەبەر و لە پێ بوو، دەنگیان گڕ و کۆمیدی و برێک بازاڕی و بێتام بوو. نەمدەتوانی جنێویان بدەمێ. بە ترس و نیگەرانییەوە دەڕۆیشتم، بەبەینی ئوتومبیلەکاندا و بە هەشتاو لە شەقامەکاندا دەپەڕیمەوە.

ڕۆژێک لە دەست شۆری کافەیەکدا، لەزگ بوو لە ترسا زارە تەرەک ببم. دەست شۆرەکەکە، هۆڵێکی گەورەو جوان بوو لە ژێر زەمینێکدا، چوار دەوری ئاوێنە بوو و وەکو خووی هەمیشەییم، دەستێکی تەڕیشم بە قژە بژەکەمدا هێنا، ژنێک هات و لە دەستە چەپمەوە وەستا. تا ڕادەیەک گەنج بوو، برێک قەڵەو بوو، کەپووی گەورە بوو، چرچی بچووک و باریک بە گۆناکانیەوە دەرکەوتبوو، قژە زەردەکەی لە پشت سەریەوە تۆپەڵ کردبوو. ژنەی تاین مژوولی ئاڕایشکردنی خۆی بوو، منیش لە ئاوێنەکەوە یەک دوو نیگای خێرام کرد، لەم ماوە کورتەدا، بۆم بەدیارکەوت کە چاوەکانی شینی ئامال سەوزن. خەریک بوو بە فڵچەیەکی بچووک برژانگەکانی ڕەش دەکرد.

لە ناکاوا تووڕە بوو، بە ڕاوێژێکی غەریب و بوغزن، ڕێک وەکو دەنگی زوهرە کە کاتێ تووڕە دەبوو، گوتی:- بۆچی تەمەشام دەکەی؟ بەشەرت نەدیوە؟ چیمە؟

ئاوڕم لێی دایەوە، لە مەبەستی حاڵی نەبووم.

-جواب بدەوە هەی هەرزەی هیچ و پووچ، بۆچی بەوجۆرە تەمەشام دەکەی؟

چاوەکانی برێک زەق بوون، هێندە زەرد بوون، بە ئاسانی بیلبیلەی چاوەکانیم لە ناوەندی چاویا دەبینی. وەکو بیلبیلەی چاوی پشیلە دادەخران و دەکرانەوە، لە بن لێوانەوە گوتم:- من تەمەشای تۆم نەدەکرد.

بەڵام بە تووڕەییەکی ئەوتۆوە بەرەو ڕووم هات کە خەریک بوو هەترەشم بچێ.

-با، تەمەشات دەکردم، ئاگام لێبوو چۆن چاوت تێبڕی بووم، خەریک بوو بە نیگا قووتت دەدام.

ئەو بەرەو من دەهات، منیش بەرەبەرە، بەرەو ئەودیوی دەست شۆرەکە دەچووم. بە هەردوو دەستان، چنگی نایە قژم، سەری بۆ سەر مەغسەلەکە شۆڕ کردمەوە. وامدەزانی دەیەوێ لێم بدات و سەرم بکێشێ بە مەرمەڕی دەست شۆرەکەدا، هاوارم کرد. بەریدام. گوتی: " هەی چەپەڵ، هەیدێ گومبە لەبەرچاوم! " کەرەستەکانی هەڵگرت.

-تەمەشام نەکەی، چاوت دابخە، پێت دەڵێم چاوت دابخە! ئەگەر تەمەشام بکەی دەتکوژم!

ڕۆیی. هێندە ترسابووم لاقەکانم دەلەرزین، دڵم لە سینەمدا نەدەحەوایە، دڵم تێکهەڵدەهات. لەوە بەدواوە ببڕای ببڕ نەچووم بە لای تەوالێتانی ژێر زەمینیدا.

بەو ئاوایە، بەرەبەرە دەگەڵ ژیانی تازەدا ڕادەهاتم. حوریە نەیدەتوانی دەگەڵ مندا بێتە دەرەوە. ئیدی دووگیان بوو و بە تەواوەتی قورس بووبوو، زۆر بەکەمی لە جێی خۆی دەجوولا. مەگەر هەر بۆ چێشت لێنان لە ژوورەکە وەدەر بکەوتایە، ئەویش ئەو کاتانەی ماری ئالین لەوێندەر نەبوایە. لە ئەنتیلیەکان دەترسا. دەیگوت سیحربازن. بەڵام لام وابوو بۆیە ئەو قسەیەی دەکرد چونکە ئەوانیش وەکو من ڕەش بوون. حوریە هەموو شەوێک پاشەکەوتەکانی دەژمارد. تەنیا سێ هەیڤان بوو لە ملیلە وەدەرکەوتبووین. پاشەکەوتەکەمان نیوانیو کەمی کردبوو؛ هاتبووە سەر نیوە. ئەگەر بەو نەفەسە برۆیشتباین، بەرلە پاییز لات دەبووین و دەستمان لە بنی هەمبانەکەوە دەردەچوو.

حوریە زۆر خەمین بوو، منیش بەپێی توانای خۆم دڵنەواییم دەکرد، لە هەمێزم دەگرت، پێمدەگوت:- گوێ مەدەیە، هەموو شتێ بە دڵی خۆمان دەبێت.

ئیدی هەزاران بەڵێنم دەدایێ: کار دەدۆزینەوە، شوقەیەکی جوان لە کەناری کەناڵی لەورک بەکرێ دەگرین، بۆ خۆ بار سووک وسەر سەلامەت، دوور لە کوختە پیسەکەی خاتوو مایر دەژین.

لە ڕاستیا ماری ئالین ڕزگاری کردین. ئاخر و ئۆخری هاوین بوو، یەک پولمان پێ نەمابوو، تیا مابووین چۆن کرێ بدەین، لێبڕابووم بابدەمەوە سەر پیشە کۆنەکەم، یانی سەر لە نوێ دەست بە دزی بکەمەوە. ڕۆژێک ئەم کیژە ئەنتیلیە لە مووبەقەکەدا لێی پرسیم:- حەز دەکەی لە خەستەخانەدا کاربکەی، دەتوانی؟

زۆر ئاسایی و بەبێ موبالاتی ئەو پرسیارەی کرد، بەڵام بە چاویا تێگەیشتم کە هەستی بە هەموو شتێک کردووە و بەزەیی بە حاڵماندا دێتەوە.

یەکسەر قەبووڵم کرد و دەستبەکار بووم، کارەکەم لەوێندەر زۆر باش بوو، ژوورەکانم خاوێن دەکردەوە. چونکە ڕەش پێست بووم، ماری ئالین وەکو خوشکەزای خۆی ناساندبوومی، گوتبووی کە گوایە من خەڵکی گوادولوب و ناسنامە و بەڵگەنامەی تەواوم هەیە. ئەوانی دی بەلایانەوە سەیر بوو کە چۆن زمانی کریولی نازانم ( کریول، زمانێکی لۆکاڵیە، تێکەڵەیەکە لە وشەێن فەرەنسی، ئیسپانی و ئینگلیزی باوی ناوچە کۆلۆنیەکان ). لێ ماری ئالین دەیگوت: " خوشکەزاکەم لەوێ لە دایک بووە، بەڵام دایکی زوو هاتووە بۆ پایتەخت، ئیدی ئەم ئەو زمانەی بیر چووەتەوە. " ئیدی من تەنانەت ناوی یەکەمی خۆیشم، لەیلام نەگۆڕیوە کە ناوێکی باوی ئەوێندەرە. ئیدی ماری ئالین بەناوی فامیلی خۆیەوە، ناونووسی کردم: مانجان.

ئیدی لە سەعات حەوتی بەیانیەوە تا سەعات یەک لە خەستەخانەی بوسیکو، بە نیو مووچە کارم دەکرد، بەڵام باش بوو، بەشی کرێ خانوو و هەندێ پێویستیمانی دەکرد، و پاشەکەوتەکەی حوریە، بۆ ماوەیەکی زیاتر بڕی دەکرد. منیش دەمتوانی لە خوارنگەی خەستەخانەکەدا فراڤین بخۆم. ماری لەلای خۆیەوە دایدەنام و لە بەر من قاپەکەی پڕی پڕ دەکرد. زۆر میرەبان بوو، نیگایم کە هەمیشە بڕێک نمناک بوو، خۆشدەویست. کە تووڕەش بوایە زۆر خراپ تووڕە دەبوو، دۆ و دۆشاوی تێکەڵ دەکرد.

ڕۆژێک خاتوو مایر نازانم لەسەر چی لەگەڵ حوریەدا بەشەڕ هات و هەڕەشەی لێکرد کە لە خانووەکە دەری دەکات، ماری ئالین کێردێکی گەورەی قەسابی لە مووبەقەکە هەڵگرت و یەکڕاست بۆ لای خاوەن خانووەکە چوو:

-نەخەڵەتابی هیچ کەسێک دەربکەی، بەو هەموو پارەیەوە کە دەتدەینێ، هێشتا تۆ ناڕازیت پیرەژنی سەر ئاسنین! هەی پولەکی!

زۆر حەزم لەو ئاهەنگانە بوو کە ناوبەناو بەرپامان دەکرد، ئیدی بەبۆنەی لەدایکبوون یان هەر شتێکی دیکەوە بوایە، ڕەش پێستەکان هەموو پەردەکانیان دادەدایەوە، شوقەکە لە تاریکیدا نقوم دەبوو. ئەفریقاییەکان تەپڵیان لێدەدا، تەپڵی گەورەی دارین کە چەرمێکی تەنکیان پێدا دابوو، بە نووکی قامکان و زۆر بە نەرمی تەپڵیان لێدەدا، گەنجەکان لە بەر ڕۆشنایی مۆمان دەڕەقسین. نونو، بۆکسێنەرە کامیرونیەکە، لە ناوەندی ڕاڕەوەکەدا، هەندێجار بە نیمچە ڕووتی و هەندێجار بە ڕووتی تەواوەوە سەمای دەکرد. دەنگی پێکەنین لە ژوورەکانەوە دەهات، دەنگی ماری ئالین، لە زارە وەنەوشەییەکەیدا دەنگی دەدایەوە. جوزیەی هاوڕێی ماری ئالین، ساکسیفونەکەی دەردێنا و ئاوازێکی جازی هێواش و خاوی لێدەدا، جارجار نەشازێکیشی دەکرد. خاتوو مایر لەو بۆنە و ڕۆژانەدا، کونجی ژوورەکەی خۆی دەگرت، تا ئەو کاتەی ئاهەنگەکە بەردەوام بوایە نەدەوێرا بێتە دەرەوە. حوریەش لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرێ، بەڵام لە ژوورەوە گوێی لە موسیقا دەگرت. من، لەو حاڵەدا وەختی خۆم بە هاتوچۆوە بەسەر دەبرد. بۆنی دووکەڵ و مووبەقەم دەکرد، خۆم بە بەینی سەماکارەکاندا دەکرد، یارمەتی ماری ئالین -م دەدا، پەرداخەکانم لە گەڵیا کۆ دەکردەوە. بە قاپ خواردنم بۆ حوریە دەبرد، جۆرەها خواردن، برنج بە گوێز هیند، گوێچکە ماسی، زمانە بەرخی سوورەوە کراو. لەگەڵ ئەفریقاییەکاندا سەمام دەکرد یان لەگەڵ ئەنتیلیەکی درێژی چاو سەوزا کە ناوی دنیس بوو. کە زیاد لە پێویست بۆ لای خۆی ڕادەیکێشام، ماری ئالین بە تووڕە بوونەوە سەرکۆنەی دەکرد و لێی دوور دەخستمەوە:

-ئاگات لە خۆ بێ، ئەمە کیژێکی شەریفە، خوشکەزامە!

کە ئاهەنگەکە تەواو دەبوو، لە کۆکردنەوەی شتەکان و خاوێن کردنەوەی شوێنەکەدا یارمەتی ماری -م دەدا. دانەوانەوە وکۆکردنەوەی قاپە کارتۆنی و کلینێکسەکان بۆ ئەو زەحمەت بوو. بە پێکەنینەوە گوتی:- باشە، چونکە چیتر بە تەنیا نیم.

بەبێئەوەی لە مەبەستی تێبگەم تەمەشام کرد.

-بەڵێ، چونکە دووگیانم، چییە، دەتەوێ بڵێی هەستت پێنەکردووە؟

بە میرەبانی و دلۆڤانیەوە تەمەشای کردم: " بەڕاستی کەسێکی ساویلکەی، هیچ شتێک لە ژیان نازانی. دایکت چی فێر کردوویت؟ "تێگەیشتم کە مەبەستی حوریەیە. گوتم:- دەزانی حوریە دایکم نییە؟

ماری ئالین، لە قاقای پێکەنینی دا.

-بەهەرحاڵ، هەرچیەکت بێ، ئەو لە پێش مندا منداڵی دەبێت.

ئەوە یەکەمجار بوو کە باسی حوریە بکەین، هەستم کرد، دەبێ هەندێ شت بۆ ماری باسبکەم، دەبێ متمانەی پێ بکەم، بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەوە بکەم، تەنیا دەمزانی هەندێ چیرۆکان بگێڕمەوە، چونکە لەوەتای خانمەکەم مردبوو، تەنیا ئەو کارەم کردبوو. جارێک گوتم:

-بۆم نەگێڕاویتەوە کە من دایک و باب و کەس و کارم نییە؟

ماری ئالین، لەپڕ قسەکەی پێبڕیم:- گوێ بگرە لەیلا، جارێ نا، وەختی نییە. ڕۆژێ دێ لەو بارەیەوە قسە دەکەین، بەڵام جارێ نا، نە من حەزم لە گوێ گرتنە، نە تۆ حەزت لە گێڕانەوەیە.

هەق بەو بوو. پێدەچوو هەستی بەوە کردبێ کە نامەوێ هەقیقەت بڵێم.

بە درێژایی هاوین، من خەریکی گەڕان بووم بە پاریس دا. کەش و هەوایەکی زۆر خۆشیهەبوو، ئاسمانی شین و ساماڵ، درەختێن گەش و سەوز. بارانی بەخوڕ و لێزمەی هەیڤی ئاب، ئاوی ڕووباری سین -ی هەستاندبوو. دوا نیوەڕوان کە لە دەوامی خەستەخانە وەدەردەکەوتم، بە ڕەخی ڕوبارەکەدا دەڕۆیشتم، دەچووم بۆ ئەو پردانەی کە لە ئاستی کڵێسا گەورەکەدا، هەردوو ڕەخەکەی پێک دەگەیاند. دوور دەڕۆیشتم. هەندێجار سواری میترۆ دەبووم و زۆر جاریش سواری پاس دەبووم. هێشتا بە میترۆ ڕانەهاتبووم. ماری ئالین گاڵتەی پێدەکردم و دەیگوت:- تۆ گەوجی، بە پێچەوانەوە زۆر باشە، بە هاوین فێنکە و بە زستان گەرمە. لە سوچێکەوە بە کتێبێکەوە دانیشە کەس ئاوڕت لێناداتەوە.

بەڵام لەبەر خەڵکی نەبوو، لەبەر ئەوە بوو لە ژێر زەمیناندا دڵم تێکهەڵدەهات. لە تاریکیدا نیگەران دەبووم، خوا خوام بوو بگەمە ڕوناکی، هەناسەم تەنگ دەبوو. ئیدی لە نزیکی وێستگەی ئوسترلیتز، یان نزیکی کامیرون، سواری پاس دەبووم و لە دوا وێستگەدا دادەبەزیم. ناوی شەقامەکانم نە دەخوێندەوە. بەزۆری تەمەشای خەڵک و خوام دەکرد، سەیری بینایەکان، فرۆشگاکان و باخچە گشتیەکانم دەکرد.

ئیدی هەموو شوێن و گەڕەکەکان دەگەڕام، لەوانە: باستیل، فیدیرب، شالینی، شوسیە دانتان، ڕوشرو سان جاک، سان ئەنتوان، سان بول. هەندێ گەڕەکی خۆش و جوانی بورژوانشین، سەعات سێی پاش نیوەڕۆ لە خەو ڕادەبوون، گەڕەکی میللی هەبوو، گەڕەکێن قەرەباڵغ و جەنجاڵ هەبوو، دیوارێن خشتی بەرز و دوور و درێژ هەبوون لە شوورە و حەساری زیندانان دەچوو، قاڵدرمە و پەیژە، مەیدانێن چۆڵ، باخێن تۆز گرتووی پڕ لە خەڵکی ئەتوار غەریب، باخچەێن بچووک بۆ عەسرە گەمەی زارۆکان، پردێن سکەی قیتار، ئوتێلێن گوماناوی پڕ لەو کیژانەی کە جلکی چەرمی ڕەشیان لەبەر دەکرد، دووکانی نایاب کە سەعات، جەواهیر و عەتر و جانتای دەستییان دەفرۆشت. من بە جووتێ نەعلی لاستیکەوە گەیی بوومە پاریس، لە پاییزدا پارچە پارچە بوو. جووتێ پێڵاوی وەرزشی لاستیکی سپیم لە دووکانێکی نزیکی دەروازەی ئیتاڵیا کڕی، زۆر ناشیرین بوون، بەڵام زۆر قایم بوون، دەکرا چەندین کیلومەتریان پێوە تەی بکەم.

بەبێئەوەی قسە دەگەڵ کەسدا بکەم، بۆ خۆم ڕێم دەکرد. ناوبەناو خەڵکانێک تەمەشایان دەکردم، پێدەچوو بیانەوێ لێم نزیک ببنەوە. لێ پاش ئەو بویەرەی لە دەست شۆرەکانی کافەی ریجنسی بۆم هاتە پێشێ، هەرگیز تەمەشای چاوی کەسم نەدەکرد. بەبێ موبالاتی بەڕێی خۆدا دەڕۆیشتم، وەکو یەکێک بزانێ کێوە دەچێت. وەختایەک هەستم بکردبایە کەسێک تاقیبم دەکات، خۆم بە بینایەکدا دەکرد، لە تاریکیەکەدا و لەو سەری ڕاڕەوەکەدا چاوەڕوانم دەکرد، لە دڵی خۆدا تا سەدم دەژمارد و ئەوسا دەکەوتمەوە ڕێ.

شوێنانی سەیر، بەتایبەتی لە نزیکی وێستگەکاندا هەیە. لە شەقامی جان بوتن دا، لە سەر شۆستەی وێستگەکەدا، گەنجانێک هەبوون قەمسەڵەی زۆر گەورەیان لەبەر دەکرد، لە گەڵ کیژانی لاوازی جینز پۆشا، کە قژیان بە کلۆر سپی کردبووەوە، دەم و چاویان درێژکۆڵە و نیگایان سەرگەردان و بێ پرشنگ بوو. ڕۆژێک کە بۆ ماڵ دەزڤڕیمەوە، لە ڕێگەدا، کەوتمە ناو شەڕێکەوە. شتێکی ترسناک و نامەفهوم بوو. لە هەوەڵەوە هەندێ ژن و پیاوم بینی غاریان دەدا، خۆیان بەیەکدیدا دەکێشا و بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد، نازانم تورک بوون یان ڕووس. پاشان دەستەیەک گەنجی قەمسەڵە چەرم و کوتەک و دار بەدەست، هەموو بەلای مندا تێپەڕین، من لەسەر شۆستەکە حایر و حەپەساو وەستابووم، یەکێک لەو کوڕە قەمسەڵە چەرمینانە، پاڵێکی پێوە نام. ڕوخسارە گرژ و چاوە مۆنەکانیم بینی، بەجۆرێ چاوی بڕی بووە من، چاوی لە چاوی مارمێلکە دەچوو. پاشان ڕۆیشتن. لە ڕەخی جۆگەکەدا کەوتبوومە سەر چۆکان، زاتم نەدەکرد لە جێی خۆ ببزووم. گوێم لە دەنگی شاوری پۆلیس بوو، دەرفەتم هێنا و، پێم وەغارەوە نا و تا دەرگای ماڵەکەی خاتوو مایر نەوەستامەوە.

حوریە، لە ناو شوقەکەدا، لە ترسا دەلەرزی. کە خۆم بە ژوورەکەدا کرد، زۆر تاریک بوو، گڵۆپەکەم پێکرد، نیگای ئەوم، کە لە نیگای حەیوانێ دەچوو کەوتبێتە تەڵەوە، نەناسیەوە. وام هەست دەکرد دەبێ پێشهاتێک قەومابێ، چونکە دەمزانی حوریە کەسێکی بێ موبالات و شاد بوو.

لێم پرسی:- چی بووە؟

وەڵامی نەدایەوە. تەمەشای لاقی دەکردم، زانیم سەیری پانتۆڵەکەم دەکات کە سەری ئەژنۆکانی دڕابوو و خوێنی پێوە بوو. گوتم:- کەوتم، لاقم خزی.

بەڵام دەمزانی باوڕی بەو قسەیە نەدەکرد، بە ڕاوێژێکی گیراو گوتی:- دەمەوێ بڕۆم، تەواو تاقەتم چوو.

بە هەمان مکووڕییەوە، کە ئەو بەرلە سەفەرەکەمان نیشانی دابوو، گوتم:- مەحاڵە، ناتوانی بگەڕێیتەوە. هەر دووکمان دە زندانێ داوون. ئەدی منداڵەکەت! نابی بە خاوەنی، ئەویشت لێدەسەنن.

بۆیە ئەم قسەیەم دەکرد چونکە لە قازانجی خۆم بوو. چونکە هێشتا ئەوەم لەبیر نەچووبوو کە بە منداڵی چیان بەسەر هێنابووم. ڕفاندبوویانم، لە توورەکەیەکیان نابووم، لێیان دابووم، فرۆشتبوویانم. ئەو دەستانەی لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەزیەتیان دابووم، ئاگریان لە هەناوم بەردابوو. هەموو ئەم بیرەوەریانە، لە ناکاوا سەریان هەڵدایەوە، لە ئەوکم گیران.

" مردنم پێ باشترە " ئەو ڕستەیەم گوت، وەکو چۆن حوریە لە تەبریکە، چەقۆیەکی نایەسەر گەرووی خۆی و هەمان ئەو ڕستەیەی گوتبوو.

لە ئاخر و ئۆخری هاویندا، ئاشنایەتیم لە گەڵ خات دکتۆر فرومیجادا پەیدا کرد. وابزانم، ئەو کاتەی لە ڕاڕەوەکەدا چەرچەفەکانم بە عەرەبانە بۆ شۆردن دەبرد، منی بینی بوو. خا فرومیجا، دکتۆری مێشک و دەمار بوو، لە نهۆمی سێیەمی خەستەخانەکەدا، نەخۆشەکانی خۆی دەبینی. بەڵام بەردەوام سەردانی بەشەکانی دیکەشی دەکرد. ناوی من و کۆمەڵێک زانیاری دیکەی لە ماری ئالین پرسی بوو.

ڕۆژێک، ماری ئالین، لە کاتی فراڤین دا، بردمیە لایەکەوە و هەمیشە بە ڕاوێژێکی نەرم و خۆش قسەی دەکرد، لێ من دەمتوانی هەستەکانی لە قوڵایی چاوە گەشەکانیا بخوێنمەوە. بەجۆرە بێزاری و ناڕەحەتی و گومانێکەوە گوتی:

–لەیلا، هەڵبەتە تۆ حوری نەفسی خۆتی، بە کەیفی دڵی خۆت دەکەیت، بەڵام دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم کە پیاوێکی پایەبەرز دڵی بە تۆوەیە.

سەرم لە قسەکانی دەرنەدەکرد، حایر و حەپەساو تەمەشام دەکرد، لە سەری ڕۆیی:

–خا دکتۆر فرومیجا، بەڕێوەبەری بەشی مێشک و دەمار، بەنیازە یارمەتیت بدات. ئەگەر خۆت بتەوێ، ئامادەیە کارت بۆ پەیدا بکات، دەتوانی بچیتە دیدەنی.

دوو دڵ بووم، چونکە حەزم نەدەکرد ئاشنایەتی دەگەڵ کەسدا پەیدا بکەم، نەمدەویست بچمە دیداری هیچ کەسێکی تازە، ئیدی ئەو کەسە هەرکێیەک دەبوو. دەمویست وەکو ماسییەک چۆن بەگژ شەپۆلی ڕوبارێکی خرۆشاوا دەچێتەوە و بە پێچەوانەی شەپۆلانەوە مەلە دەکات، بەو ئاوایە بخزێمە ناو خەڵکی و شتەکانەوە.

ماری ئالین بە تووڕەیی گوتی:– بەهەرحاڵ دەبێ لە خەمی ئایندەی خۆتا بیت. من ناتوانم بەبێ بەڵگەنامە و ناسنامە لەوەی پتر پەنات بدەم و لێرە ڕات بگرم. ئەمە قومارێکی گەورەیە و لەگینە لە سۆنگەی ئەمەوە، کارەکەم لەدەست بدەم.

ئەمە یەکمجاری بوو، باسی ئەو چاکەیە بکات کە لە گەڵ منی کردبوو.ئەگەر چارم هەبوایە، یەکسەر و زۆر ئاسایی خستەخانەکەم بەجێدەهێشت، بەڵام حوریە داماو وتەنیا باڵ بوو، زۆر بێ پارە بووین. گوتم:– باشە دەبێ چ بکەم؟

ماری، تێوەی ژەندم و گوتی:– خۆت بەتەمای چیت؟ ئەم خانمە پێشنیازی ئەوە دەکات کە تۆ لە ماڵی ئەودا کار بکەی، کاروباری ناو ماڵی بۆ ئەنجام بدەیت و نان و خواردنی نێوەڕۆشت لە سەر ئەو، دەتوانی لە ئێستاوە دەستبەکار بیت. مردوو لەوەی پاکتر دەشۆردرێ، خۆتیش هەر ئەوەت ناوێ؟

سەرم داخست. حەزم نەدەکرد، لە قسەی ماری ئالین دەربچم. بەڕاستی چاکەی زۆری بەسەرمەوە هەبوو. ئەلهەقی خۆشی دەویستم، قژ و پێستە ڕەشەکەمی زۆر بەدڵ بوو، هەروەها چاوەکانیشمی کەلە چاوی ئەو دەچوو خۆشدەویست، چاوێن مامزی، لالە ئەسما وای پێ دەگوتم. باوەشی پێدا کردم و گوتی:– گوێ بگرە، ئەگەر حەزدەکەی لە گەڵتا دێم و بە ئەوت دەناسێنم. داوا لە سیسیل دەکەم سبەی پاش نیوەڕۆ لە جیاتی من بێتە سەرکار.

قسەکەی خۆی بردە سەر. باوەڕ ناکەم هیچ بەدنیازییەکی هەبووبێ. دەیویست یارمەتیم بدات، چاکەم لەگەڵدا بکات و، ڕەنگە لە دڵی خۆیدا سووکە حەسوودییەکی پێ بردم. ئەویش حەزی دەکرد ببێتە مایەی سەرنج و بایەخی کەسایەتیەکی گەورە و پایەدار. ماری ئالین مرۆڤێکی زۆر ساویلکە و خاکی بوو، خۆی و کیژەکەی تاڵاوی خیانەتەکانی ژیانیان چەشتبوو، بەتایبەتی لەو ساڵانەدا کە مێردەکەی پێشووی هەموو شەوێ دارکاری دەکرد. تەنانەت جارێک، بەرەو ئاوێنەی مێزی تەوالێتەکەی دەلەک دابوو و دوو ددانی پێشەوەی شکاندبوو. حەزی دەکرد من لەو ڕەوشە ڕزگار ببم.

-تەمەشای من بکە، ژیانم هیچ نییە.

دەیویست دەستبەرداری حوریە ببم و بۆ خۆم ببمە کەسایەتیەک.

ماڵەکەی خا فرومیجا دەکەوتە پاسی–یەوە، گەڕەکێکی چۆڵ و کڕوکپ بوو، دەروازەیەکی ئاسنی گەورەی هەبوو، کە ژمارە هەشتی لەسەر نەخشێنرابوو. ڕوکارێکی سپی و سەربانێکی قووچ و پەنجەرەیەکی بچووکی بە بەرزییەوە هەبوو، یەکسەر چووە دڵمەوە.

ماری ئالین، بە خا دکتۆر فرومیجای ناساندم. زۆر شتم لەبارەیەوە بیستبوو، بەڵام دەترسام ڕووبەڕوو ببینم، هەستم دەکرد ڕووبەڕووی خانمێکی ئەرستۆکرات و دەوڵەمەند دەبمەوە، وەکو خانم دولاهی لە ڕیبات، ئیدی بە خشڵ و جەواهێر و چاکەت و تەنوورەی زۆر کەشخەوە، بە ڕەنگ و ڕوخساری زەرد و چاوێن ساردەوە. خۆم ئامادەکردبوو، هەرکە یەکەم قسەی سارد و سڕی لەدەم هاتەدەر، یەکسەر هەڵێم و بەجێی بهێڵم. خا فرومیجا ڕێک بە پێچەوانەی تەسەور و وێناکانی منەوە بوو. زۆر کورتە باڵا، چالاک، ڕەش ئەسمەر، چاو مەکراوی بوو. جلەکانی سەیر بوو، پانتۆڵێکی دەڵبی خاکی و بلوزێکی درێژی شینی ئاسمانی لەبەر بوو کە لە بەرهەڵبێنەی دێهاتیان دەچوو. هەرکە منی بینی باوەشی پێدا کردم و گوتی:" کە جوانە! " چاو و شیرینی بۆ هێناین. لە شوێنێ بەند نەدەبوو، وەکو چۆلەکەی دووری لەم بەری شوقەکەوە بۆ ئەوبەر دەفڕی. دەیگوت:– لەیلا، دەبێ زۆر بەباشی مشورم بخۆی، بەخۆت دەبینی منداڵم نییە، تۆ دەبی بە کچم، دەبێ هەموو شتێکی ئەم ماڵە ڕێک بخەی. ماری ئالین بۆی باسکردم کە تۆ پێشتر خزمەتی پیرەژنێکی نەخۆشت دەکرد، وایە؟ دەی باشە، من نە زۆر گەورەم و نە ئیفلیج ونەخۆشم، بەڵام پێویستم بەوەیە بە جۆرێ ڕەفتار بکەی وەکو ئەوەی هەم پیرم و هەم نەخۆش، تێدەگەی؟

بەدەم چا خواردنەوە سەرم دەلەقاند. زۆرم پێناخۆش بوو کە بەو ئاوایە باسی خانم لالە ئەسمای دەکرد، لەبەرم گران بوو، وەکو ئەوە بوو، بەڕاستی کاری من ئەوە بووبێ خزمەت و چاودێری پیرەژنێکی پەککەوتە بووبێ. بەڵام هەستێک لە ناخەوە پێی دەگوتم ئەوە حەقیقەتە، کاری ڕاستەقینەی من، لە منداڵییەوە ئەوە بووە.

کارکردنم لە ماڵی خا فرومیجا، پێخۆش بوو. بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵەوە دەمامەوە، ماڵەکەیم خاوێن دەکردەوە، دووبارە گەڕامەوە سەر ئەو کارانەی کە جاران لە میلا لە ماڵەکەی لالە ئەسما دەمکردن.

هەوەڵجار حەوشەکەم گسک دەدا، ئەوسا دەهاتمە سەر دەروازەکە، ئەو گەڵایانەم کۆ دەکردەوە کە لە درەختی شابەڕووەکە دەوەرین، ئیدی ئەو چیلکە و چەوێلانەم خڕ دەکردەوە کە با لە خانووەکانی دەوروبەرەوە دەیهێنا. ئەوسا کاشیەکانم دەشت و فەرش و قالیچەکانم دەتەکاند. کومبارەکانم، بە گسکێکی دەستی کەلە ژێرزەمینەکەدا دۆزی بوومەوە، گسک دەدا. بەیانیەک خا فرومیجا هات، لە قاقای پێکەنینی دا:– نا، لەیلا، دەبێ گسکی کارەبایی بەکار بێنی.

لە هەوەڵەوە لەو ئامێرە، کە دەی نەڕاند و هەموو شتێکی، تەنانەت گۆرەوی و پەردەی تەنکیشی هەڵدەلووشی دەترسام. بەڵام پاشان پێی ڕاهاتم.

بۆ بازاڕ کردن و شت کڕین دەچوومە دەرێ. جا چونکە دووکان و موغازەکانی ئەو دەوروبەرە شتیان زۆر گران بوو، سواری پاس دەبووم و دەچووم بۆ بازاڕی ئالیگرا. ئیدی کیسە پرتەقاڵی دوو کیلۆیی، تەماتە، کولەکە و گندۆرەم دەکڕی. مووبەقەکە پڕ دەبوو لە میوە. خا فرومیجا خۆشحاڵ بوو. کە دەڕۆیی

ئەسکەناسێکی سەد فرانکی لە سەر تەپڵەکێکی ناو دەروازەکە دادەنا و منیش باقیەکەیم دەخستە ناو ژێر پیاڵەیەکەوە. بەگوێرەی توانا هەوڵمدەدا کەمترین مەسرەف بکەم. زەڵاتەم بۆ ئامادە دەکرد، هەر ڕۆژەی جۆرە زەڵاتەیەکم بۆ ئامادە دەکرد، بە زەیتونی تونسیەوە، بە کشمیشەوە، هەنجیر، کولەکە، کیڤی، ئەڤەکادۆ، ئوکرا، کەرەوز. بە گەڵای گەورەی پێچاوپێچی کاهووەوە، بە کاهوی هاوینە، و کەلەرمی سوورەوە. هەموو ڕۆژێ زەڵاتەیەکی تازەم بۆ دروست دەکرد، دەمکردە قاپێکی گەورەی سپیەوە و لە ناوەڕاستی مێزەکەدا کە پەردەیەکی سپی جوانی پێدا درابوو، سوراحیە ئاوی ساردی تازەشم بۆ دادەنا. ئەوسا دەڕۆیشتم، دەگەڕامەوە بۆ ئاپارتمانەکەی خاتوو مایر، هەموو شتێک ی ئەوێندەر ڕەش، خەمناک دیاربوو. حوریە لەسەر تەختێک پاڵکەوتبوو، نانە ڕەقی دەخوارد. زۆر بێزار و بە گلەیی بوو، دەیگوت:- من بەجێدێڵی و دەڕۆیت، من لێرە هەموو ڕۆژەکەم بە گریان دەبەمە سەر. بۆ ئەم شتانە تۆم لەگەڵ خۆدا بۆ ئێرە هێنا؟

غیرەی دەکرد، ئیرەیی دەبرد، لە سەری ڕۆیی:- ئێستا کە پێویستت بەمن نەماوە، کەسێکی لەمن باشترت دۆزیوەتەوە، دەتەوێ بڕۆیت و من لە بیر بکەی، ئیدی بۆ خۆم لەم ڕەشچاڵە تاریکەدا، بەبێکەسی دەمرم!

دەمویست دڵنەوایی بکەم، بەڵێنم دەدایێ هەرکە پارەی تەواو پاشەکەوت بکەم، هەنگێ بە دوو قۆڵی بۆ باشوور، بۆ میرسیلیا، بۆینیس دەڕۆین. وەکو منداڵ قسەم بۆ دەکرد و ژێرم دەکردەوە.

ڕەنگە نەهەقی نەبووبێ. دەمەوێ بڕۆم. دەمەوێ لە جادەی جان بوتون، لە ئوتێلە پەڕپووتەکان، لە قاچاخچیانی کۆکائینی سەر جادەکان، لەو باندانە دوور بکەومەوە کە بە خۆ و کوتەکەکانیانەوە، بەردەبوونە ئەو عەرەب و ڕەشپێستانەی بە جادەکاندا تێدەپەڕین.

تەنیا ئەو کاتانە هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد، کە دەرگا ئاسنە گەورەکە، ژمارە هەشتم دەکردەوە و خۆم بە ماڵە کۆن و کرِوکپەکەدا دەکرد، ئەو ماڵەی هەر هەموویم بەدەستی خۆم ڕێک خستبووەوە، دەتگوت لالە ئەسما هێشتا لەوێیە و هەر خۆی خاوەن و گەورەی ماڵە.

هەستم دەکرد، لە منداڵیمەوە تا نها، هەرجارەی بە شێوازێک خراومەتە داوەوە، هەوەڵجار لالە ئەسما، پاشان زوهرەی بووکی، خات جەمیلە، تەغریدە و ئێستاش نۆرەی حوریە بوو. هەستم بە بێزاری دەکرد. بە حوریەوە، نەمدەتوانی هیچ گۆڕانێک لە ژیانی خۆمدا بکەم. دەبوایە بگەڕێمەوەو دووبارە لە تەبریکە دەست بە ژیان بکەمەوە و لە ماڵە پەڕپووتەکەی تەغریدەدا بژیم. لەو حاڵەدا هیچ ئاسۆیەکم لە بەردەمدا نەبوو، جگە لە کوچە و کۆڵانە پڕ زبڵ و چاڵ و چۆڵەکان و ئەو پردەی قەرار بوو لە سەر شارێگا خێراکەدا دروستی بکەن، جگە لە جرت و فرتی جرج و مشکی سەربان و بن میچەکان..

منیش لەگەڵ ئێوەدام، ئەو کارەی من دەمکرد کارێکی شایستە نەبوو، بەڵام تاقەتم چووبوو. لەو کاتەدا کە دەبوایە بۆ ماڵی خۆمان، لە شەقامی جان بۆتون بگەڕێمەوە، لە ماڵەکەی خا فرومیجا مامەوە و خۆم بە کاروباری مووبەقەکەوە مژوول کرد، قاپلەمەکان، کاشییەکان و بەلووعەکانم، پاک پاک شۆرد، هێندە پاکم کردنەوە دەبریقانەوە. هەموو ئەو کارانەم بۆیە دەکرد، تا لە هەر بیرکردنەوە و خەیاڵاتێک بەدوور بم؛ بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە.

خا فرومیجا، کەمێک زووتر لە جاران بۆ ماڵ هاتەوە. کە منی بینی هیچی نەگوت، بەڵام لە هەموو شتێ حاڵی بوو. پێش ئەوەی پاڵتۆیەکەی دابکەنێ، یان دەستە کلیلەکەی لە شوێنێ دابنێ، دەستی لە ملم وەرێنا و گوتی:

-گیانەکەمی، خۆشحاڵت کردم. چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووم، دڵنیابووم کە ئەم ڕۆژە هەر دێ.

زۆر سەرم لە قسەکانی دەرنەدەکرد، بەباشی لە مەبەستی حاڵی نەدەبووم. پێشتر لە ژوورەوەو لەلای مووبەقەکەوە، ژوورێکی بەمن نیشاندابوو، دەرگایەکی هەبوو، بە سەر پاگەردی (صحن) قاڵدرمەکەدا دەکرایەوە. من جانتاکەم و ڕادیۆ کۆنەکەمم، کە هەموو موڵک و داراییەکی دنیام بوو، لەوێ دانابوو. خا فرومیجا هیچ پرسیارێکی لێنەکردم. ڕەفتاری زۆر خۆمانە بوو، وەکو ئەوە بوو، چەند ساڵێک بێ لەوێ بم. دوای حوریە، لەوێندەر ئاسوودە بووم. تەنانەت ماری ئالین –ش ناخۆش بووبوو، دەیویست هەموو شتێک بزانێت، خۆی لە هەموو شتێک هەڵبقورتێنێ، وام لێهات بیرم لە نونو-ش نەدەکردەوە. ئەویش دەیویست بمخاتە داوی خۆیەوە. دەیویست پێکەوە بچینە دەرەوە و ببم بە کەپڵ و دەزگیرانی. کەسێکی میرەبان، ڕوخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، پێکەنینێکی جوانی هەبوو، هاوڕێیاتی ئەوم لا خۆشبوو، بەڵام چونکە کامیرونی و بێ ناسنامە بوو، هەمیشە دەترسام پۆلیس دەسگیری بکەن. هەستم دەکرد درەنگ یان زوو نونو دەگیرێت و نەمدەویست منیش، بە هۆی ئەوەوە بگرن.

ماڵی خا فرومیجا، ئەمین و ئەمان بوو. دەمزانی چ پێشهاتێک لێرە ڕوونادات. گەڕەکەکەیان پێشکەوتوو بوو. بریتی بوو لە شەقامێکی بچووکی پێچاوپێچ، خانووێن بچووکی بە باخچە، بینای بەرز و ئەرستوکراتیانە. منداڵانی قژ زەرد بە جلکییەکچەشنی قوتابخانەوە، پۆلیس بۆ ئەو ناوە نەدەهاتن. لە هەوەڵەوە کە بۆ ئەوێندەر چووبووم، بە زۆری دەخەوتم. وەکو ئەوە بوو ساڵانێک بێ نەخەوتبم، چونکە هەمیشە بە ترس و لەرزو، خانە بە کۆڵی ژیابووم، هەمیشە لەوە دەترسام پۆلیسەکانی زوهرە، لە هەر ئان و ساتێکا بدەن بە سەرما و بمگرن. لە شەقامی جان بوتون –شدا، یان ڕەش پێستەکان دەگەڵ خاتوو مایردا شەڕیان دەکرد، یان باندە کوتەک بەدەستەکان، بە هەڵەداوان بەنێو کوچە و کۆڵانەکان دەکەوتن، تا عەرەب و ڕەش پێستەکان دارکاری بکەن. شەوانیش دەنگی شاوری پۆلیسان و ئاژیری شوومی ئەمبولانسان خەویان لە خەڵک و خوا حەرام دەکرد.

لەبەر ئەوە تا سەعات نۆ یان دە دەخەوتم. هەندێجار خا فرومیجا خەبەری دەکردمەوە. پەردەکانی لادەدا و ڕوناکی ڕۆژەکە دادەخزییە سەر پێڵوەکانم. لە پەنجەرەکەوە مێوە سوورەکەم دەبینی. جریوە جریوی چۆلەکەکانم دەژنەوت. ئیدی بۆ ئەوەی ساتێ دێرتر ڕابم، خۆم لە نێو جێگەکەدا گرمۆڵە دەکرد، خانم لە قەراخ تەختە خەوەکە دادەنیشت و بە ناو لەپی گۆنای نەوازش دەکردم، ڕێک وەکو ئەوەی فەرخە پشیلە بم. دەنگێکی خۆش و میهر ئامێزی هەبوو. بە زمانێکی هێندە شیرین دەیدواندم دەتگوت خەون دەبینم. دەیگوت: " گیانەکەمی، مەجوڵێ، ئێرە ماڵی خۆتە، با دەست لە ملت بکەم، تۆ کیژی بچووکی منی، تۆ ئەو کەسەی کە چاوەڕوانم دەکرد، با سایەی سەرت بم، تا من هەبم لە هیچ مەترسە، بە ڕوح دەتپارێزم، تۆ کیژی منیت، منداڵی بچووکی منیت.." بەردەوام ئەو جۆرە وشانەی؛ بە دەنگێکی خۆش بە گوێمدا دەدا، دەستە گەرم و زبرەکانی بە ڕوخسارمدا دێنا، قژەکەمی لە پشتەوە نەوازش دەکرد، لە قامکی خۆیی دەئالاند، نازانم ئەم حاڵەم پێخۆش بوو یان؟ شتێکی سەیر بوو، لە خەون و خەیاڵێکی دوور و درێژ دەچوو، دەتگوت بە سەر هەورەوە دەسوڕێمەوە. دەلەرزیم، هەستمدەکرد تەزوویەک بە پشتمدا دێت و لە ناخما دەگیرسێتەوە، لە بنی پێمەوە دێت و بە هەموو دەمارەکانمدا دەسوڕێتەوە و ناتوانم لە جێی خۆم ببزووم. پاشان دووبارە دەخەوتمەوە و، کە سەر لەنوێ چاوم هەڵدەهێنایەوە، نزیکی نیوەڕۆ بوو و خانم ڕۆیی بوو بۆ سەر کار، ئیدی ڕادەبووم و

دەچووم بۆ حەمامەکە و ماوەیەکی زۆر لە ژێر دووشەکەدا دەمامەوە تا بە تەواوەتی فێنک دەبوومەوە و دەبوژامەوە.

ئێستا بۆ بازاڕکردن زۆر دوور نەدەکەوتمەوە. دەترسام لەو گەڕەکە دوور بکەومەوە، لەو شەقامە بێدەنگە دوور بکەومەوە و دەرگای ژمارە هەشتم لە بەرچاو نەبێت، دەچووم بۆ بازاڕی قەسابەکانی سەری جادەکە، نزیکی وێستگەی میترۆ، لەوێ میوە و سەوزە و پەنیرم دەکڕی. لەو حاڵەدا پارەکە کورتی دێنا، بۆ ئەوەی داوای پارە لە خانم نەکەم، لە پاشەکەوتەکەی خۆمم دەخستە سەری. وام هەستدەکرد خا فرومیجا بۆیە ئەم کارەی خستبووە عۆیەی من، چونکە هەم زرینگ و زیتەڵە بووم و هەم شارەزای بازاڕکردن بووم. حەزم نەدەکرد هەست بەوە بکات کە تەمەڵ بووم و چیتر پاشەکەوتی بۆ ناکەم. چونکە پارەکەم کەم بوو، بەشی نەدەکرد، جارەهای جار پەنام بۆ دزی برد. دزینی  شتی وەکو کیسە ماسی سەلەموون، پسکیت، یان چەرچەف بۆ ماڵەکە، هێندە مەعلان و تەڕدەست بووم کە فرۆشیارە ساویلکەکانی گەڕەکەکە پێیان نەدەزانیم و گومانیان لێنەدەکردم. یەک جار پێشهاتێکم بۆ هاتە پێشێ، کە زۆر کاری تێکردم. لەو کاتەدا هیچ حاڵی نەبووم، بەڵام پاشان کارێکی سەیری تێکردم. دەتگوت سڕێک لە ئارادا بوو، کە پەیم پێنەدەبرد. ئافرەتێکی گەنج لە سەر سوپەر مارکێتێک بوو، ئافرەتێکی ڕەقەڵەی بەلە باریکە، قژ زەردی قژ تەنک بوو، کە بە بەردەمیا ڕەت بووم، سەریم کرد خراپ سەیرم دەکات، لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە لە کاتی دزینی تەپڵەکە جگەرەکەدا منی بینی بێ، بیەوێ غافڵگیرم بکات. خەریک بوو لە گیرفانمی دەربێنم تا پارەکەی بدەمێ، بەڵام زۆر بە ئەسپایی گوتی:– تۆ نەفەرە تازەکەی؟

لەبن لێوانەوە گوتم: نەفەری تازە؟

بە نیگا سارد و سڕەکانی دای بێژتم و گوتی:– بەڵێ، بەڵێ، کە کیژێکی جوانی.

هەنگێ هەموو شتەکانی بۆ لە عەلاگەیەک نام و دایە دەستم و پارەشی لێوەرنەگرتم. بەهەشتاو لەوێ وەدەر کەوتم، دەترسام دووبارە بانگم بکاتەوە.

هەندێجار، پاش نیوەڕۆیان تەلەفۆنم بۆ حوریە دەکرد. جا بۆ ئەوەی خاتوو مایر تەلەفۆنەکەی بۆ ببات، دەمگوت لە جێیەکی دوورەوە تەلەفۆن دەکەم، بۆ نموونە لە ئینگلتەراوە یان لە ئەمریکاوە. ئیدی ئەویش بە دەنگە نەرم و کزەکەیەوە دەیگوت:– ئاوها!

دوای تۆزێک، گوێم بە دەنگە گڕ و نزمەکەی حوریە دەزرنگایەوە، ئەو بە عەرەبی قسەی دەگەڵ دەکردم و من بە فەرەنسی بەرسڤم دەدایەوە.

– لە کوێی؟

– لە پاریسم نەک لە ئەمریکا.

– ئەدی کەی دەگەڕێیتەوە؟

– نازانم، گوێ بگرە، من زۆر گیرۆدەی کارم.

– ئۆووو...

– ئەریَ، باوەڕ بکە نامپەرژێ سەری خۆم بخورێنم. شوێنەکەم دوورە، لەوسەری شارم.

– ئۆووی..

– چما دەڵێی ئۆی؟ باوەڕم پێناکەی؟

بێدەنگی.

– گویَ بگرە، هەر کە دەرفەتێکم بۆ هەڵکەویَ دێمە سەردانت. هیچت پێویست نییە؟ پارەت پیَ ماوە؟

– ئا، هێشتا کەمێکم پیَ ماوە.

– ئێستا دەبیَ بڕۆم، پاشان تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

– بۆ درۆ دەکەی؟ مەگەر بۆ مردنەکەم بێی.

– گویَ بگرە، من درۆت لە گەڵدا ناکەم. حاڵی حازر ناتوانم بێم بەڵام تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

– زۆر چاکە.

– خوداحافیز.

– خودات لە گەڵ لەیلا.

– خواحافیز پووریَ.

هەستم بە شەرمەزاری دەکرد. بە میترۆ بە نیو سەعات دەگەییمە لای ئەو. کە بیرم لە شەقامی جان بوتون دەکردەوە دڵم تێکهەڵدەهات، لە تۆ وایە دیوارێک لەوێندەرم هاوێر دەکات.

بەیانیەک نونو بۆ ماڵەکەی خا فرومیجا هات. نازانم چۆن ئەوێی دۆزی بووەوە. ڕەنگە لە ماری ئالین–ی دەرهێنابیَ. هەڵبەتە ماری زۆر لێی بەگومان بوو، بۆیە ڕەنگە لە خەستەخانەکە پرسیاری کردبیَ. ڕەنگە تاقیبی کردبم و کە بۆ بازاڕ چووم، دیتبوومی. ڕەنگە لە سووچێکی دەرگاکەدا زۆر چاوەڕوانی کردبێت. بەو باو سەرمایەی پاییزە تەنیا قەمسەڵە چەرمیەکەی لەبەر بوو. هەناسەی تەنگ بوو، چونکە سەرمای بووبوو. پێدەچوو بە دیتنم خۆشحاڵ بیَ. نەمتوانی پولی پێوە بنەم. نیگەران بوو. گوتی:– گۆڕاویت.

–بەڕاست؟ بەرەو باشتر؟

پێکەنی:– بووی بە خانم.

بەڵگەی ئەو جلکانە بوو کە خا فرومیجا بۆی کڕی بووم. پانتۆڵێکی ڕەشی بەدەن چەسپ، بلوزێکی یەخە حەوتی و، دەسەسرێکی سوور کە لە ملم بەستبوو.

هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە دیتنی کەسێکی ژیانی ڕابردووم ناخۆش بیَ، بەڵام بە کەماڵی سەرسامیەوە، بە دیتنی نونو زۆر خۆشحاڵ بووم.

بەدرێژایی ماوەی بازاڕکردنەکە هەر لە گەڵما بوو. شتەکانی بۆ هەڵگرتم. کەسێکی چوارشانە و مل ئەستوور بوو. ڕوخسار و چارەی منداڵانە بوو. سەرم لە قەد و قەڵافاتی دەسوڕما. لە جاران کورتتر دەهاتە بەرچاوم،

فرۆشیارەکان، خۆشیان دەویست و سوعبەتیان لەگەڵدا دەکرد. یەکێک لە فرۆشیارەکان پرسی: " براتە؟ " دوای چەندین هەفتە ئەمە یەکمجار بوو کە دڵم دەکرایەوە و لە خەون و خەیاڵان دەرباز دەبووم.

نونو، خەبەر و باسی شەقامی جان بوتون– ی بۆ گێڕامەوە. خاتوو مایر، گێرمە و کێشەی بۆ چێبووبوو. پۆلسی پێی بۆ ئەوێندەر کرابووەوە. چونکە خاتوو مایر، ناوی هەموو کرێچییەکانی نەدابوو بە پۆلیس، ئیدی تەنگەتاویان کردبوو کە دەبێ غەرامەی دارایی بدات. نونو دەیگوت، پیرەژن دەگریا! دەیگوت: " خەتای من نییە، ئەو زەنگیانە هەموویان لە یەکدی دەچن! بۆم جیا ناکرێنەوە! "

–ئەدی پورم؟

بە حوریەم دەگوت پورێ.. هیچی نەگوتبوو، بە ئاستەم دەرگاکەی ترازاندبوو و بلەز دای خستبووەوە. زۆر لە پۆلیس دەترسا. وای وێنا دەکرد، دەیگرن و بۆ لای مێردەکەی دەنێرنەوە. لێ پۆلیس بەڕادەیەک سەرقاڵی ئانتکی و ئەفریقاییەکان بوون، ئەویان هەر لە بیر نەبوو. نونو بە زێرابەکاندا هەڵاتبوو و بۆ ئێرە هاتبوو.

لێم پرسی:– ئێستا لە کوێی؟

ئاماژەی بۆ ئەوپەڕی شار کرد، وەکو ئەوەی لێرەوە ببینرێ.

– برادەرێک بە ئەمانەت گەراجێکی داومەتێ، شەوان لەوێ دەنووم.

– لە کوێیە؟

کەمێک لە فکران ڕاچوو و گوتی:– ناوێکی سەیری هەیە. شەقامی جافلو.

ئەوسا پارچە کاغەزێکی بچووکی دەرهێنا، بە خەتێکی ناخۆش ئەدرەسەکەی لەسەر نووسرابوو: پلاکی ۲۸، شەقامی جافلو. لە دڵی خۆدا گوتم ناوێکی جوانە بۆ بابایەکی بۆکسەری کامیرۆنی.

نونو دەیگوت:

–شەوان باشە، بەڵام بە ڕۆژەوە زۆر تاریکە، من بۆ مەشق و ڕاهێنان دەچم بۆ یانەی وەرزش، مانگی ئایندە پێشبڕکێم هەیە، بەڕێوەبەری یانەکە دەڵێت دەتوانم ببم بە وەرزشوانێکی پیشەیی و لەم حاڵەدا شادەتنامە و ناسنامەی فەرمیم دەداتێ.

وەختایەک گەیشتینە بەر دەرگای ژمارە هەشت، نونو خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبووەوە، بردمە ژوورەوە تا قاوەیەک بخواتەوە. سەری لە خانووەکە سوڕمابوو. هێندە بە ئەسپایی ڕێی دەکرد، لە تۆ وایە دەترسێت ئەرزەکە لە ژێر پێیدا درز ببات. بە هۆڵەکەدا ڕەت بووین، تا گەیشتینە مووبەقە گەورە سپیەکە. سەرسامیەکەیم لە گیان خۆشبوو. من کە ماڵە دەوڵەمەندانی زۆرم دیتبوو، هەر لە ڤێلاکەی خاتوو دولاهی – یەوە بیگرە تاکو ئێستا، ئیدی ئەم جۆرە شوێنانەم بەلاوە نائاسایی نەبوو. بەڵام حاڵی نونو وەکو منداڵێک بوو لە هەنبەر ئەسپاپ بازی تازەدا تەمەشای جەزوە کارەباییەکە، فڕنە کارەباییەکەی دەکرد. چەکمەجەی کەونتەرە گەورەکەی ناو مووبەقەکەی ڕادەکێشا و دادەخستەوە. گوتی:

– بەڕاستی شوێنێکی ئەشرافیە.

- وایە، بەدڵتە؟

بە دەنگێکی زەلاڵ پێکەنی:- گەراجەکەی لەمەڕ خۆمم پێ خۆشترە.

دەستم لە ملی وەرێنا و گوتم:- ئەگەر ببی بە بۆکسەرێکی ناودار، دەتوانی خانوویەکی وەکو ئەمە بکڕی.

کەمێک لە فکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی:- هەنگێ زەماوەند لەگەڵ تۆدا دەکەم.

هێندە جدی بوو، خۆم پێنەگیرا و لە قاقای پێکەنینم دا. گوتم:

-گەوج مەبە. کە ببی بە بۆکسەرێکی ناودار، بیر لە من ناکەیتەوە، هەنگێ دەگەڵ بووکەڵەیەکی قژ زەردا زەماوەند دەکەیت!

نونو، نیگایەکی گازن ئامێزی کردم و گوتی:- قسەی وامەکە، من تەنیا تۆم دەوێ.

**

نونو، کردبووی بە عادەت، جگە لە ڕۆژانی پشووی کۆتایی هەفتە، کە خا فرومیجا لە ماڵ دەمایەوە، ئیدی هەموو بەیانیەک بۆ ئێرە دەهات. هەرچیەکم لە بازاڕ دەکڕی بۆی هەڵدەگرتم، منیش هێلکە و ڕۆنم بە کەرە و مرەباوە بۆ دەکرد و بە کوپێ شیری گەرمەوە دەرخواردیم دەدا.

خا فرومیجا هیچی نەدەگوت، بەڵام پێدەچوو کەسێک شتی بۆ گێڕابێتەوە، چونکە ڕەفتاری گۆڕابوو. ڕووی گرژ بووبوو، لەسەر شتی هیچ شەڕی پێدەفرۆشتم. هەندێجار لە ناکاوا بە تووڕەیی بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، وەکو ئەوەی شتێکی لەبیر چووبێ؛ جانتا، کلیل، فایل و ئەو جۆرە شتانە. بەڵام لە ڕاستیا ئەم کارە بۆ ئەوە بوو کە من لەگەڵ نونودا بدینێت، غافلگیرمان بکات. یەکسەر لە هەموو شتێک حاڵی بووم، بە نونوم گوت کە چیتر بۆ ئێرە نەیات، لە دەرەوە، لە سەر شەقامەکە چاوەڕوانم بکات. بە گاڵتە و تەوسەوە دەیگوت: " خانمەکەت چەند حەسوودە! "

ئەم گۆڕانەی خا فرومیجام زۆر لەبەر گران بوو. هەستم دەکرد پێشهاتێک بەڕێوەیە. نەمدەزانی چییە. لەم سەروبەندەدا خا فرومیجا نووسراوێکی نهێنی دامێ، لە سەر زەرفەکە نووسرابوو: " پۆلیسی نیشتمانی، مەخفەری ناوچەی شازدە. " دەعوایەک بوو سەبارەت بە یەکلایی کردنەوەی ڕەوشی من. خا فرومیجا، دەیزانی مەسەلەکە چییە. فرومیجا دۆست و ئاشنای مامور مەخفەرەکە بوو، ئیدی خانم، بەڵگەنامە و، شادەتنامەی خۆش ڕەفتاری منی ئامادە کردبوو، کەلە ماڵی ئەودا کار دەکەم. دەمویست بزانم مەسەلە چییە. پێی گوتم:- وابزانم یەکلایی کردنەوەی ڕەوشی تۆ قەبووڵ دەکەن و ئیدی ڕەگەزنامە وەردەگریت.

شۆک بووبووم، لەزگ بوو بڵێم:- خۆ من داوای ڕەگەزنامەم نەکردووە! ئیدی یەکسەر زوهرە و مێردەکەی و ئەپارتمانەکەیانم بیر کەوتەوە، کە چەندین مانگ لەوێندەر حەپسیان کردبووم. تەبریکەم بیرکەوتەوە کە مشک و جرجان لە سەربان و بن بانەکانیا تەراتێنیان دەکرد و چنگیان لەسەر بانە تەنەکەکان دەدا. گوتم: " مەمنوونم " و ، خانم دەستی لە ملم وەرێنا.

ڕەنگە نها خانم پەشیمان بووبێتەوە. وەختایەک لە پۆلیسخانە گەڕامەوە، چونکە دنیا گەرم بوو، کەمێک سوور بووبوومەوە. یارۆی کارمەندی ئەوێ زۆر بەپەلە بوو، دەبوایە هەموو شتێک بگێڕمەوە، ئەو کاغەز و

ئەوراقانەی کە ئیمزام کردن، پەنجەمۆر و ئەو ناوەی کە کارمەندەکە بۆی هەڵبژاردم: " لیز هانویت ". ئەو پیاوە وای ویناده‌کرد کە ئەو ناوەم لێدێت. خا فرومیجا پێکەنی، چەپڵەیەکی لێدا، زۆر کەیفی خۆشبوو، وەکو ئەوەی ئەو هەموو شتە بۆ خۆی کرابێ. هەڵبەتە ئەوەم بۆ خانم نەگێڕایەوە کە چۆن یارۆی کارمەند بە سەرما دانەوی بووەوە، دەستی خستبووە سەر ملم و بە ئەسپایی لێی پرسیم: " بە عەرەبی، چۆن دەگوترێ خۆشم دەوێی؟ "

وەڵامم دایەوە: : خوێڕی " ئەمە دزێوترین جنێو بوو کە فێری بووبووم، ئەمە جنێوک بوو، حوریە لە تەبریکە بەو پیاوانەی دەدا کە گێچەڵیان پێدەکرد. خا فرومیجا لەوە تێ نەدەگەیشت کە ئەم کارانە بەلای منەوە چەند بێ بایەخن، و ئەم ئەوراق و بەڵگەنامانە بۆ من ناکەنە هیچ، دەبوایە بدرێن بە حوریە نەک بە من. بەڵام تازە درەنگ بوو.

خانم کەمێک هێور بووەوە، پرسی:- خۆ بەتەمای ڕۆیشتن نیت؟ بەنیا نیت من بەجێ بێڵی و بڕۆیت؟

وەکو حوریە، وەکو تەغریدە قسەی دەکرد. بەشەر هەمووان وەکو یەکن.

ماوەیەکی زۆر بوو لەلای ئەو بووم، ئەگەر پێشهاتەکەی ئەو شەوە ڕووی نەدابا، لەگین بوو، زیاتریش مابامەوە. خۆیشم نەمدەزانی ئەوە چۆن ڕوویدا. شەوێک لە پاش شام، من و خانم پێکەوە قسانمان دەکرد، ماوەیەک بوو، ناوبەناو پێکەوە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد. ئەو شەوە، بەدەم جگەرە کێشانەوە، جگەرەی ئەمریکی دەکێشا. نیو نیگایەکی تەلەفزیونمان دەکرد، بەبێ ئەوەی بە جدی پەیجۆری بەرنامەکە بکەین. دنیا گەرم بوو، ئاخر و ئۆخری مانگی ئەیلوول بوو، پەنجەرەکان لەسەر گازی پشت بوون، باران نم نم بەسەر گەڵای درەختەکاندا دەباری. هەموو شتێک لە شەقامی دار بەڕووەکاندا، ئارام بوو، ئینسان هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە بزانێ لەو شارە گەورەیەدا چ بویەرێکی ترسناک ڕوودەدات.

خا فرومیجا، بەو گەڵا و گوڵانەی کە تامی بیبەریان دەدا و دڵ کەمێک لێی تێک هەڵدەهات، چای دڵخوازی خۆی دەم دابوو. لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابووم، خەوم لێنەکەوتبوو، بەڵام هەستم دەکرد، لەشم زۆر سووک بووە و ناتوانم دەست و لاقم بجوڵێنم. بە تەسەوری خۆم ڕوخساری خانم زۆر لە منەوە نزیک بوو، گەش دەتگوت ئەستێرەیە. بزەیەکی غەریب نیشتبووە سەر لێوی، چاوە ڕەش و درێژکۆڵەکانی، لە چاوی پشیلە دەچوون. بە ڕاوێژێکی نەرم و هێدی دەپەیڤی، دەیگوت و دەیگوتەوە: " کۆرپەکەم، جەرگەکەم " لە تۆ وایە دەپرخێنێ، هەستم بە دەستە لاواز و گەرمەکانی دەکرد کە لە ژێر کراسەکەمەوە، کە دوگمەکانی کرابووەوە، بە لەشمیا دێنا، یاری بە گۆی مەمکەکانم دەکرد. دڵم بە تووندی لێی دەدا، گوێم لە دەنگی بوو کە لە بن لێوانەوە، دەیگوت: " چکۆلەکەم. " خوا خوام بوو، بوەستێ و بێدەنگ بێت، حەزم دەکرد لە بەرچاوم نەمێنێ. حەزم دەکرد بچم بۆ شوێنێ کەسی لێنەبێت، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بچم بۆ ئەو گۆڕستانەی کە جاران بۆی دەچووم، ئەو گۆڕستانەی دەیڕوانیە دەریاکە، بۆ لای ئەو هەتاوەی دەیدا لە کێلی سپی گۆڕەکانی ناو چەمەنزارەکە و وەکو ئەستێرەی سپی دەدرەوشانەوە، ستێرانێکی بێناو و تەیروتو، بەدەم باڵە خوارەکانیانەوە، خوار وەکو داس، خۆیان دەدایە دەم بایەکەوە.

بەیانی گاڤێ لە خەو ڕابووم، دەمم وشک بوو، دەم و قەپۆزم زۆر دەیەشا. نەمدەتوانی بویەرەکە بە دروستی وەبیر خۆم بێنمەوە. لە هۆڵەکەدا، لە سەر قەنەفەکە خەوتبووم، بەڵام خۆم لە ڕۆبەکەی خانم دا کە لە

ئاوریشمی ژاپۆنی دروست کرابوو بینییەوە. بەڵام هەوەڵ شتێ کە سەرسامی کردم، بۆنی چەرمی ڕووسی بوو، کە گێژ و کاسی کردبووم. وێڵ و سەرگەردان، بەناو ماڵە چۆڵەکە کەوتم، خۆم بە موبیلەکاندا دەکێشا و خۆیشم نەمدەزانی لە چی دەگەڕێم، نەمدەتوانی بیر لە هیچ بکەمەوە. ئاوم کوڵاند، قاوەم دروست کرد، هەتاو لە ناو مووبەقەکەی دەدا، هەوای دەرەوە خۆش بوو، مێوە نۆبەرەکە لە ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا خەریک بوو سوور دەبوو و پۆلێک چۆلەکەی دووری لەوێ دەیانخوێند.

بەدەم خواردنەوەی قاوەکەمەوە، لەناکاوا بویەرەکەم بەتەواوی بیر کەوتەوە. دەبوایە لێرە بڕۆم. هەستم کرد دڵم بە توندی لێدەدات، سەرم زۆر دەیەشا، بەدەوری خۆما دەخولامەوە، کورسیەکانم قلْپ دەکردەوە و لەبەر خۆمەوە پەیتا پەیتا دەمگوت: " هەی پیرەژن! هەی پیرەژنی سەر سپی! " ڕێک وەکو چۆن ماری ئالین، خاتوو مایری بە پیرەژن ناودەبرد.

لەم کاتەدا ئەو حیکایەتەم بیر کەوتەوە کە کاتی خۆی لالە ئەسما بۆی گێڕابوومەوە. دەیگوت: " هەرگیز چای دەستی خەڵکی نەناس نەخۆیتەوە، لەوەیە شتێکی خراپت دەرخوارد بدەن. " ئەوسا چیرۆکی پیاوێکی دەگێڕایەوە کە کچانی دەعوەتی قاوەخانە دەکرد، شەربەتێکی دەرخوارد دەدان و کە خەو دەیبردنەوە، بۆ ماڵەکەی خۆیی دەبردنەوە و دوای ئەوەی زۆرگێی دەکردن، سەری دەبڕین.

نها بیرم کەوتەوە کە خانم پەیتا پەیتا چای بۆ دێنام، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە سەرم گێژ بووبوو، چاوە ڕەشەکانی پرشنگی دەدا. دیاربوو دوێشەو ڤالیومی بۆ کردبوومە چایەکەوە و ئیدی هۆشم بە خۆوە نەمابوو. زۆر ڕقم لێی بوو، خاپاندمی. دۆست و دڵسۆزی من نەبوو. ئەویش کەسێک بوو وەکو ئەوانی دی، وەکو زوهرە، ئاغای دولاهی، وەکو مامور مەخفەرەکە، لێی بێزار بووم. حەزم دەکرد بیکوژم. " هەرزە، هەرزەی پیر! "

جلەکانم لەبەر کرد. هەمان ئەو پانتۆڵی جینز و کراسەی کە پێوەی بۆ ئێرە هاتبووم. هەموو ئەو شتانەم کە خا فرومیجا بۆی کڕی بووم، تووڕ دا. ئەو زنجیرە ئاڵتونە بچووکە و ئەو پارچە زێڕە کە ناوی ئەوی لەسەر نەخشێنرابوو خستە ئاودەستەکەوە و سیفۆنەکەم ڕاکێشا. بەڵام شەپۆلی ئاوەکە نەیتوانی ڕایبماڵێت. لە شتێک دەگەڕام کە بتوانم بیکەم تا تۆڵەی خۆم بکەمەوە. نەمدەویست شتێک بدزم، نەمدەویست شتێک لە ماڵەکەی ئەو بەرم، دەمویست ئەو لە یادگەی خۆم بسڕمەوە، ئەو و بیانووەکانی بسڕمەوە، خۆم بە نووسینگەکەیدا کرد، هەموو کتێبەکانیم تووڕ دایە سەر ئەرزەکە، لە ناو کتێبخانەکە یەک یەک دەرم دێنان، تەمەشای عینوانەکانیانم دەکرد، دەمخوێندنەوە و ئەوسا تووڕم دەدانە ناوەندی ژوورەکە. ئیدی جۆرە هەڵچوونێک دایگرتم.

خێرا خێرا کتێبەکانم تووڕ دەدا، دەنگی دڕانی کتێبەکان ژوورەکەی پڕکرد، دەمکێشان بە دیوارەکەدا و بەردەبوونەوە سەر ئەرزەکە. هەمان کارم لەگەڵ وێنە و نامە و ئەوراقەکانیشیا کرد، وابزانم بەدەم ئەو کارەوە قسەشم دەکرد، هاوارم دەکرد، بە عەرەبی، بە فەرەنسی جنێوم دەدایێ، هەرچیم بەدەمدا دەهات نەم دەگێڕایەوە. ئەو کارە ئاسوودەی دەکردم.

پاش ئەوەی هەموو ئەو کارانەم کرد، نووسینگە و هۆڵەکەی خانم لە مەزرایەکی پاش تۆفان و زریان دەچوو. هەنگێ جانتاکەم و ڕادیۆ کۆنەکەم هەڵگرت و، ڕۆیشتم.

شەقامی جافلو سەیرترین شوێنی پاریس بوو. لە هەوەڵەوە باوەڕم نەدەکرد شوێنی وەها هەبێت. کاتێ نونو بە ماتۆر سکلیتەکەیەوە ( ئەو ماتۆرسیکلێتەی بە ئەمانەت وەری گرتبوو ) هات بە شوێنما، خۆمان بە ژێر زەمیندا کرد، وامدەزانی بۆ وەی ڕێگاکە قەدبڕ بکەین خۆمان بەو تونێلەدا کردووە. بەڵام شەقامەکە لە ژێر ئەرزەکەدا بە تونێلێکی کۆنکریتیدا پێچی دەکردەوە، کە دەرگای کۆمەڵێک کۆگای بازرگانی بەسەردا دەکرایەوە، ئیدی دەنگی ماتۆڕسیکل دنیای پڕ کردبوو، دەتگوت لە دۆزەخدای. ئوتومبیلیش بە لایتی هەڵکراوەوە و بەدەم هۆڕن لێدانەوە تێدەپەڕین. دوای ئەو هەموو بویەرەی بە سەرم هاتبوو، زۆر ماندوو بووم، تووند چنگم لە قەمسەڵەکەی نونو گیرکردبوو. هەستم دەکرد گوم بووین، نەمدەزانی بۆ کوێ دەچین وچ پێشهاتێک چاوەڕوانمانە. لامواية هێشتا کاریگەری حەبە هۆشبەرەکە بەری نەدابووم. پاشان، نەخۆش کەوتم. شوقەکەی نونو لە ژێر ئەرزدا بوو، زۆر بچووک بوو، بەهیچ جۆرێ هەتاو لێی نەدەدا، جارجار، ڕوناکیەکی کزو کەم لە کلاو ڕۆژنەیەکی بچووکەوە تەنیا لە مووبەقەکەی دەدا. لە ڕاستیا ئەمە شوقە نەبوو، گەراج یان ژێرزەمین بوو. لە بنەڕەتدا تەوالێتێ بوو، بەوجۆرە بۆ هەموو بیناکە دروست کرابوو، باقیەکەی کرابوو بە ژووریێ کۆنکرێتی، کە دەرگای ئاسنی ڕێ ڕێیان تێ خرابوو، سەقفەکانیان مەیلەو کەوانەیی، نیمچە گومەزی بوو. بەڵام بەهەرحاڵ خراپ نەبوو، چونکە دەنگی هەرا و زەنا نەدەهات، تەنیا ئەوە نەبێ کە جارجار دەنگی قوڵە قوڵی بەلوعەی ئاو یان دەنگی پانکە و هەواکێش دەهاتە گوێ. خۆیشم نەمدەزانی چیم بەسەر هاتووە، زۆربەی کات لە سەر ئەو جێگایە خەوتبووم کە نونو لە ژوورەکەی خۆیدا بەتایبەتی بۆ منی ڕاخستبوو. نونو لە هۆڵەکەدا دەنووست، یان با بڵێین لە گەراجەکەدا. ئەرزەکەی چیمەنتۆیەکی کەوەیی بوو، دەرگایەکی گەورەی دوولایی هەبوو. ماتۆرەکەشی هەر لەوێ دادەنا، وەکو شێت، کۆمەڵێک کارتۆنی لەسەر یەک دانابوو و لە سەری دەخەوت. نونو دەگەڵ مندا میرەبان بوو، ژوورەکەی خۆی دابوومێ. زۆر نیگەران بوو لەوەی بەو حاڵەوە و، بە کرێ لە سەر جێگا دەیدیمی. دەکۆکیم، تاقەتم لەبەر بڕابوو، بە ئاستەم دەمتوانی دەستەکانم بجوڵێنم یان سەرم وەربگێڕم. هیچم پێنەدەخورا، هەستم بە برسێتی نەدەکرد، ئیشتیام نەبوو. جاری واهەبوو، دەمم پڕ دەبوو لە بەڵغەم و لیکاو، دەبوایە بکەوتمایە سەرلا تا تفەکەم ڕۆبکەم. لەبێ نوێژی وەستام. هەموو شتێک لە ناخما وەستا.

نونو، دەیگوت: ئەمە جادووە، سیحرت لێکراوە، بە چاوەوە بووم. دیاربوو لەو شتانەی دەزانی، باسی ئەو کارانەی دەکرد کە باوەڕی پێیان هەبوو، خوێ کردنە ئاگرەوە، دانانی پەڕ یان پوشکە، نەخشاندنی وێنە و ڕەسمان لە سەر عاردی و دووکەڵ کردن. گوێم لە قسەکانی دەگرت، هەر قسەیەکی، هەر پێکەنینێکیم بە هەند دەگرت، تاقە کەسێک بوو کە بە دنیای دەرەوەی گرێ دەدام. کەلە ڕاهێنان و مەشق دەهاتەوە، بۆنی شەقام، ئارەقە، دووکەڵی ترۆمبیلانی لێدەهات. دەستیم دەگرت، دەستە چوارگۆشەکانی بە قامکە بەهێزەکانیەوە، ناولەپی نەرم و ساف وەکو بەرد و چەوی کەناران.پێمدەگوت: " بۆم بگێڕەوە، ئەمڕۆ لە دەرەوە چیت بینی، دەنگ و باسی ناو شەقامەکان چییە. " و بۆی دەگێڕامەوە کە چۆن پاسێک خۆی بە ئوتومبیلێکدا کێشاوە و لایەکی داغان کردووە و چامرلغەکەی لێکردووەتەوە، چۆن هەندێ ئەسکوتلاندی بینیوە، ئامێرێکیان دەژەند کە لە هەنبانە دەچوو ( باگپایپی ) . دیسان ماری ئالینی دیتووە. باسی شەقامی بوتون– ی بۆ دەکردم. هەواڵی پورە حوریەم لێ دەپرسی، سەری بادەدا: " نەمدیوە، لێ دیارە خا فروم... " ناوەکەی ئەوی بۆ تەواو نەکرا، پێکەنین دەیگرت. " پێدەچێ خانم لە دووت بگەڕێ، ئەم پیرەژنە ڕقی لێهەڵگرتوویت، هەر ئەو سیحری

لێکردوویت. دەیکوژم! " نونو بە کەسی نەگوتبوو کە من لە نک وی ئاکنجیم. تەنانەت بە ماری ئالین– شی نەگوتبوو. ئەگەر خانم بیدۆزیبامەوە، دەیتوانی وەکو پەڕۆیەکی پیس، توورِم بداتە دەرەوەی فەرەنسا. هەرچەندە هیچ دزییەکم لێی نەکردبوو؛ لە ڕاستیا ئەو شتێکی لە من سەندبوو، ئەو منی خاپاندبوو، درۆی لە گەڵدا کردبووم.

خەونی ئاجڕ و باجڕم دەبینی، رموزن سواری سەرم دەبوو. شەو و ڕۆژم لێکدی جیا نەدەکردەوە. وام هەستدەکرد لە ناو ورگی ئاژەڵێکی گەورەدام کە هێدی هێدی هەرسم دەکات. ڕۆژێک هاوارم کرد، نونو هات بە دەنگمەوە، کەوتە نەوازشی ڕوخسارم، زۆر بە نەرمی، وەکو ئەوەی منداڵێک بدوێنێ، دواندمی و هێوری کردمەوە. کە ویستی بۆ شوێنەکەی خۆی بڕواتەوە توند گرتم. بە هەموو هێزی خۆمەوە دەستم لە ملی وەرێنا. هەستمکرد ماسولکەکانی پشتی وەکو پەت وایە. توند بە خۆوەی گوشیم و گلۆپەکەی کوژاندەوە. جەستەی گرژ بوو، دەلەرزی، نازانم چما پێم سەیر بوو لە جیاتی من بترسم، ئەو دەترسا و دەلەرزی. ئەمجارە هیچمان نەکرد، تەنیا لە لایەوە چاوم لێک نا. نونو نەدەجولا، باسکی لە ملم وەرێنا و، هەناسەکەی بەر ملم دەکەوت. شەوێک، زۆر بە نەرمی مومارەسەی ئاشقێنی لەگەڵ کردم. پاشان تەوازی بۆ هێنامەوە و گوتی: " خۆ ئازارم نەدایت؟ "

ئەمە بۆ یەکەمجار بوو، وێڕای ئەوەش غافڵگیر نەبووم. هەستم دەکرد دەمێکە ئەمە دەزانم، بەلامەوە تازە نەبوو.

پاشان، ڕەشەکە بڕێک باش بوو. لە جێ دەجولام، دەمتوانی تا مووبەقەکە بچم، لە سەر خوانی تێشت بە نونو – م دەگوت:– هەوا خۆشە؟

–بوەستە با تەمەشا بکەم.

تەپڵەکێکی بچووکی دێنا، سەری کلاو ڕۆژنەکەی هەڵدەدایەوە، خۆی باریک دەکردەوە و، دەیتوانی نیوەی لاشی بەرێتە دەرێ، ئەوسا سەری دێنایەوە ژوورێ، کراسەکەی لە دووکەڵ و تەنیدا (هیس) ڕەش دەبوو. " ئاسمان شین و سایەقەیە! " چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکردم کە لە گەڵیا سواری ماتۆڕسکیلەکەی ببم و پێکەوە فەرەیەک لێبدەین.

وەختایەک بۆ یەکەمجار لەوێ وەدەرکەوتم، هەوەڵجار بە قاڵدرمەکانی قەراخ دەرگای گەراجەکەدا سەرکەوتمە سەرەوە، ئەوسا سواری ئاسانسور بووم و ئەنجام لە ژێرزەمینەکەوە گەیمە سەرەوەی بینایەکە. کات بەیانی بوو، نونو چووبوو بۆ هۆڵی مەشق و ڕاهێنان. هەموو شتێک کرِوکپ بوو، کە دەگەیشتیە هەر قاتێک هەستت بە تەکانێک دەکرد. گەییمە سەری سەرەوە، گەییمە قاتی چواردەیەم. ئەوێ ئۆفیس و نووسینگە بوو، نووسینگەی بیمە و دەستەبەر، نووسینگەی پارێزەران، نووسینگەی کەشتیرانی و ئەوجۆرە شتانە. خۆم بەوێندەردا کرد، بێ هیچ هەڵوەستەیەک، یەکراست بەرەو پەنجەرەیەکی گەورە چووم.

سکرتێرە ئافرەتەکان، کە چاویان بە کیژێکی ڕەشی قژ گڤ و لوول کەوت کە پانتۆڵێکی کابۆی کۆنی لەبەر بوو و زەق زەق دەیڕوانی، زۆر ترسان. بۆ یەکەمجار هەستم کرد کە منیش دەتوانم خەڵکێک بترسێنم.

سەرم نا بە شووشەی پەنجەرەکەوە و تەمەشای دەرەوەم کرد. بۆ ساتێک سەرە گێژکەم پێکەوت و لە جێی خۆم وەستام. هەرگیز لە بەرزاییەکی ئەوهاوە هیچ شارێکم نەبینی بوو. تا چاو بڕکات هەر جادە و شەقام،

سەربان و ئاپارتمان، مەیدان و باخ بوو. لە دوورتر گرد و تەپە و ڕووباری درەخشانی بە پێچ و دەورەی ژێر هەتاو بوو. ڕێک دەتگوت بەسەر تاوێرێکی بەرزی ئەو گۆڕستانەوەم کە دەیڕوانیە سەر ئەو دەریایەی نەوڕەسان بە سەریەوە دەفڕین. ترۆمبیلان لەو سەرەوە، وەکو سیسرک، دەبریسکانەوە. دڵم لەو هەرا و زەنا و ژاوەژاوە تێکهەڵدەهات، ئیدی هەرا و هەنگامە لە هەموو لایەکەوە دەهاتە گوێ و تێکەڵ بەدەنگی هۆڕن و شاوری پۆلیس و ئاژیری ئەمبولانسان دەبوو. دەستم نابوونە سەر ئەوشووشە ئەستوورە و نەمدەتوانی چاو لەو شتانە بگوازمەوە کە دەمدیتن.

پەڵە هەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو، لایەکی ئاسمان هەتاو بوو و لاکەی تری باران بوو! باوەڕ بکەن، سوێندتان بۆ دەخۆم کە لە ژیانما دیمەنی لەمە جوانترم نەبینی بوو.

لە پشتەوە دەنگێکی گلەیی ئامێزم هاتە گوێ. ژنێک بە نەرمی و میرەبانی قسەی دەکرد، من لە هەوەڵەوە هیچ حاڵی نەبووم، دەیگوت: " خاتوونێ! خاتوونێ! حاڵت باشە؟ " ئاوڕم لێی دایەوە، بزەیەکم بەڕوویدا دا. چاوم تەژی ڕوندک بوو، لە ناکاوا هەستم بە شادی کرد، بەرسڤم دایەوە: " نا، باشم، عەیبم نییە، مەفتوونی ئەم دیمەنە بووبووم. " پێدەچوو بزەکەم دڵنیایی تەواوی پێنەبەخشی بێ، چوونکە دوور کەوتەوە.ئافرەتێکی گەنجی قژ زەردی، قژ درێژی، چاو سەوز بوو، ئافرەتی دیکەشی لەگەڵدا بوو، یەکێکیان برێک گۆشتن بوو، ئەویتریان لە خا فرومیجا دەچوو. لەوە دەچوو، ئاسایش و ئەمنیان ئاگادار کردبێتەوە، چونکە وەختایەک لە نووسینگەکە وەدەرکەوتم و چووم بۆ لای ئاسانسۆرەکە، دەرگا ئاسنینەکەی ئاسانسۆرەکە کرایەوە و پیاوێک بە جلکی نیلیەوە، کە کەلەپچەیەک بە پشتێنەکەیەوە شۆڕ بووبووەوە، لەوێندەر هاتە دەرێ و بە دیقەت تەمەشای کردم. خۆم بە ئەسانسۆرەکەدا کرد و دەرگاکە دووبارە داخرایەوە. زۆر شەکەت بووم، کەمێک گێژ بووم. وەختایەک بۆ گەراجەکەی ژێرزەمینەکە زڤڕیمەوە، لەسەر جێگاکە ڕاکشام. زۆربەی ڕۆژەکە خەوتم. کە نونو– ش لە یانەی وەرزش گەڕابووەوە، بێداری نەکردبوومەوە. ئیدی کە بینی بووی خەوتووم، پشتی بە دیوارەکەوە دابوو و لە جێی خۆی بەبێدەنگی ڕۆنیشتبوو وەکو ئەوەی برا گەورەم بێ.

پاشان بڕیارم دا کەمێک بچمە دەرێ. نەمدەزانی ئەو هەموو ماوەیە لەوێدا وەکو زندانی ماومەتەوە. لە دەرەوە گەواڵە هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، هەتاو بە ئەسپایی بە بەینی گەواڵە هەورەکاندا تێدەپەڕی. دنیا سارد بوو. تەنانەت درەختەکانی ڕەخی ڕوباری سین– ش گۆڕابوون، گەڵا زەردەکانیان بەدەم شەپۆلی بایەکەوە دەڕژان.

بیرم لە حوریە دەکردەوە، هەرکە کەمێک وەخۆ هاتمەوەو توانای ڕێکردنم پەیدا کرد، بە پێیان چووم بۆ وێستگەی لیون. سەرمام بوو.نونو، قەمسەڵە چەرمینەکەی بە ئەمانەت دابوومێ، شانەکانی بۆ من گەورە بوو. قەمسەڵەکەم زۆر بەدڵ بوو، بۆنی نونوی لێدەهات، لە شوێنی ئانیشکەکانیەوە تەواو پوا بوو، هەستم دەکرد ئەم قەمسەڵەیە، وەکو زرێ لە هەموو گەزەنێکم دەپارێزێ.

شەقامی جان بوتون وەکو خۆی بوو، دەتگوت دوێنێ ئەوێندەرم بەجێ هێشتبوو. ئوتێلی پەڕپووت، کیسەی زبڵ، دەلاڵ و گەوادانی ئەوسەر شەقامەکەی پێش کوێرە کۆڵانەکە و دەرگا ئاسنینە ڕەشەکە و شووشە پیسەکانی هەموو وەکو خۆی مابوو. لە زەنگم دا، ڕەشێک کە نەمدەناسی هات و دەرگای لێکردمەوە. کابرایەکی وردیلەی لاوازی بزن ڕیش بوو. بێئەوەی هیچ بڵێ تەمەشای کردم، پاشان بۆ مووبەقەکە گەڕایەوە، بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە خەریک بوو مەنجەڵەکانی دەشۆرد. ماری ئالین هەمیشە پیاوانێکی لەلا بوون کە

خزمەتیان دەکرد. دەرگای ژوورەکەی خاتوو مایر بە ئاستەم کرابووەوە و گڵۆپەکەی پێ بوو. بەبێدەنگی بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشتم و لە دەرگام دا.

کە حوریە هاتە بەر دەرگا بە ئاستەم ناسیمەوە. زۆر قەڵەو بووبوو، ژێر چاوەکانی ڕەش هەڵگەڕابوو، لێ بە دیتنی من ڕووو و ڕوخساری گەشایەوە: " چاوەڕوانت بووم، خەوم دیتبوو کە ئەمڕۆ دێیت. "

هەمیشە ئەو قسەیەی دەکرد. گوتم: " ئەوەتا هاتم. " هیچ پرسیارێکی نەکرد کە ئەم ماوەیە کێوە چووبووم، چیم دەکرد. وادیاربوو بۆ ئەو کە خزی بووە بنەبانی ئەم شوقەیەوە، کات بەو خێراییە نەدەڕۆیی. دەیگوت: " هەر خەمم بوو، بێتاقەت بووم، هەموو ڕۆژێ لە خۆمم دەپرسی: تۆ بڵێی ئەمڕۆ بێت، یان تەلەفۆن بکات؟ "

**

لە زەرفی چەند خوڵەکێکدا هەموو کەل و پەلەکانیم کۆ کردەوە. جلەکان و چەرچەفەکانی، دەرمانەکانی، پاکەتە شۆڤانەکانی و هەموو شتەکانیم پەستایە ناو کیسەیەکەوە. حوریە زۆر دەترسا لەوێندەر دەربچێت، چونکە چەند مانگێک بوو کە کرێی نەدابوو. لێ من سیوام بووبووەوە نە لە خا مایر دەترسام و نە لە کەسی دی. لە کاتی دەرچووندا هێندە بە توندی دەرگاکەم بەیەکدا دا، کە پارچەیەک لە گەچی میچەکە بەربووەوە و کەوتە سەر قاڵدرمەکە. خۆشحاڵ بووم. هەستم دەکرد ژیانێکی تازە خەریکە دەست پێدەکات. دەستم خستە سەر ورگی حوریە، پرسیم: " دەجووڵێت؟ " بە ئەسپایی، لێ بە هانکە هانک ڕێی دەکرد: " ئەرێ، وەستانی بۆ نییە، منداڵێکی شەیتان و بزێوە."

ڕۆژانی هەوەڵ لە شەقامی جافلو جەژن و شاییمان بوو. هێندە بە دیداری دووبارەی حوریە خۆشحاڵ بووم، دڵم نەدەهات بە بست لێی دوور بکەومەوە. نونو، ئامێرێکی ستریو و تەلەفزیونێکی ڕەنگینی شاشە گەورەی هێنابوو. کە لێم پرسی ئەم هەموو شتەی لە کوێ پەیدا کردووە، بە پێکەنینێک خۆی لە وەڵامدانەوە دزییەوە. موسیقا لە هەر چوار نکاڵی گەراجەکەدا دەنگی دایەوە. نونو دۆست و هاوڕێ ئەفریقاییەکانی دەعوەت کرد و لە سەر ڕیتم و ئاوازی موسیقای ئەفریقی؛ ڕای، ڕیگا، ڕوک، بەکامی دڵ هەڵپەڕین. ئەوسا تەپڵە بچووکەکانیان " جون جون " یان دەرهێنا و دەستیان بە تەپڵ لێدان کرد، هەنگێ حەکیمێکی دۆستی نونو، ئامێرێکی ( سانزا ) ی سەیری لە کیفێکی بچووک دەرهێنا، ئامێرێکی بە نەخش و نیگار بوو لە هارپ دەچوو، دەنگێکی ڕەوان و نەرمی لێوە دەردەچوو، لە تۆ وایە لە هەموو لایەکەوە دێت.

ئیدی کۆکامان لە گەڵ عارەق و، فودکا و، بیرەدا دەخواردەوە. حوریە سیغار لە دوو سیغاری بەبادا دەدا، لەسەر کورسیەکەی خاو بووبووەوە. هەوڵیدا بە گوێرەی شارەزایی خۆی برەقسێت، بنی پێی بە ئەرزەکەدا دەکێشا و سمت و کەفەڵی بادەدا، بەڵام ورگە زەلام و مەمکە ئاوساوەکانی ڕێگەیان نەدەدا. لەوەتای بۆ ئێرە هاتبوو، ئەمە یەکەمجاری بوو کە پێدەکەنی. هەموو شتێکم لەبیر کرد، شەقامی جان بوتون، پیرەژنی سەر سپی. مۆسیقا لە زەوییەوە هەڵدەقوڵا، هەموو دەر و دیواری بیناکەی دەلەراندەوە، دەگەییە سەری سەرەوەی هەر سی و یەک نهۆمەکە و تەنانەت دەگەییە شەقامەکانی دەوروبەریش، شەقامی شاتو دیرانتیە، شەقامی تولبیک، شەقامی جان دارک و، تەنانەت دەگەییە سالبیتر و وێستگەی لیون– ش. حەکیم بەسەر ئامێرەکەیەوە کزکۆڵەی کردبوو و دەیژەند، خۆی بەسەر سانزاکەیەوە دانەواندبوو، ئارەقە بەسەر هەر دوو گۆنایەوە، دەڕژایە سەر ڕدێنە چکۆلەکەی. لە سیحرباز دەچوو. نونو لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، ئازای لە ئارەقەدا

دەبریسکایەوە، بەسەریقامکان دەیکێشا بە تەپڵەکاندا، حوریە، بنی پێیە ڕووتەکانی بە چیمەنتۆکەدا دەکێشا، مووچەوانە مسەکانی خرینگە خرینگ دەنگیان دەدایەوە.

ئاسانسورەکە داخرابوو. ئیدی حوریەم بە قاڵدرمەکاندا برد تا گەیاندمە بیناکەی لای ئەو دەرگا بچووکەی کە نونو پێشتر قفڵەکەی شکاندبوو – ئیدی لە پلیکانە ناچارییەکەوە چووین بۆ سەربان. دنیا تازە تاریک بووبوو، لێ لە پاریس هەرگیز شەوی تەواوەتی دانایەت. لەوێندەرەوە ڕوناکیەکی ئامال سوور، وەکو گومەز بەسەر شارەوە دیاربوو. حەکیم و نونو هاتن بۆلای ئێمە. لەوێ لەسەر بانەکە لە نزیکی هەواکێشەکانەوە دانیشتین. نونو دەستی بە تەپڵ لێدان کرد، حەکیمش کەوتە سانزا ژەندن. زۆر بە ئارامی دەستمان بە گۆرانی چڕین کرد، تەنیا ئا، ئو، یا و ئەو جۆرە دەنگانەمان، زۆر بە نزمی دووبارە دەکردەوە. گەنج بووین، نە پارەمان هەبوو نە ئایندە. سیغاری بچووک بچووکمان دەکێشا. بەڵام هەموو ئەو شتانە؛ سەربانەکە، ئاسمانی ئاڵ، هەرا و هەنگامەی شار، موڵکی کەس نەبوو، بە خەیاڵ هەر هەمووی هی ئێمە بوو.

**

پاشان هەموو شەوێ ئەم بەزمەمان دووبارە دەکردەوە. ئەوە بووبوو بە سینەمای ئێمە. بە ڕۆژەوە وەکو سیسرک لە ژێرزەمینەکەدا، خومان پەنا دەدا. لێ شەوان لە کون دەهاتینەدەر و بۆ هەموو شوێنێ دەچووین، بۆ تونێلی میترۆ، وێستگەی تولبیاک، هەندێجار بۆ شوێنی دوورتریش دەچووین، وەکو وێستگەی ئەستەرلیتز. حەکیمی هاوڕێی نونو، کارێن دەسکاری ئەفریقای ڕەش، مت و موروو، گەردانە و ئیکسسواری هەرزان بایی دەفرۆشت. بەلایەوە گرینگ نەبوو، بۆیە ئەو کارەی دەکرد، تا خەرجی خوێندنەکەی، لە بەشی مێژووی زانکۆی پاریسی حەوتەمدا دەربێنێ. بەخۆی لە خەوگەی زانکۆی ئانتونی دەژیا. باسی ( یامبا ئەلحاج مافوبا ) ی باپیری بۆ دەکردم کە چۆن لە سوپای فەرەنسادا سەگڤان بووە و دژی ئەڵمانەکان شەڕی کردووە. هەموو شەوێک دەنگی تەپڵ و دومبگ لە ڕاڕەوەکانی میترۆدا، لە مەیدانی ئیتالیا، لە ئوستیرلیتز، لە باستیل، لە ئوتیل دوفیل دا دەنگی دەدایەوە. ئەم دەنگانە هەندێجار لە باهۆزێکی خەتەر دەچوو، هەندێجاری دی، وەکو دڵ بە ئارامی و سیستەماتیک لێی دەدا.

هەموو سازڤانەکانم دەناسین. لەم وێستگەیەوە بۆ ئەو وێستگە دەچووم. پشتم بە دیوارەکەوە دەدا، دادەنیشتم و گوێم لێ دەگرتن. لە ئوستیرلیتز گروپێک لە ولوفەکان، لە سان پول، گروپێک لە مالیەکان و لە تولبیاک ،گروپێک لە ئانتیلی و ئەفریقاییەکان، موزیقایان لێدەدا. ئەوانیش منیان دەناسی. کە دەگەیشتمەجێ، ئاماژەیان بۆ دەکردم، دەستیان لە ژەندن هەڵدەگرت، تا تەوقەم لە گەڵدا بکەن. وایاندەزانی ئەفریقی یان ئەنتیلیم و دۆستی نزیک و گیانی بە گیانی نونوم. پێدەچوو نونو زۆر بەمەوە بنازێ.

بەوجۆرە تێکەڵاویم لە گەڵ حەکیم دا پەیداکرد. دەڕۆیشتم و لە تولبیاک یان ئوستیرلیتز دەمدۆزییەوە. دەستبەرداری مێزی وردەواڵەکانی دەبوو وبە یەکێک لە هاوڕێیەکانی دەسپارد. ئیدی بە شەو، بەدەم باو سەرماوە دەکەوتینە ڕێ. بەرەو ڕوبار دەچووین. حەکیم باسی ڕوباری گەورەی سینیگالی بۆ دەکردم. بەخۆی ڕوباری ناڤبری نەدیتبوو. بەڵام بابی، وەختایەک ئەم بچووک بووبوو، بۆی باس کردبوو، کە چۆن ئاوی ڕوبارەکە بە ئەسپایی دادەکشا و ئاومالکە و دار و دەوەنی ڕادەماڵی و دەڕژایە دەریاوە، باپیرەشی؛ ئەلحاج کە نها بینایی لە دەست دابوو، هەندێجار، هێندە بە وردی باسی ئەم ڕوبارەی دەکرد، لە تۆ وایە ئاوی لێڵ و زەردباوی ڕوبارەکە بە بەردەمیا ڕەت دەبێ، بەلەمە درێژکۆڵە و پڕ لە ژن و زارۆکەکان بە بەردەمیا

تێدەپەڕێ، و باڵندە کاکۆڵ سپیەکان لە پێش بەلەمەکانەوە دەفڕن. منیش باسی ڕوباری (بورگرگ)م بۆ دەکرد، هەرچەند لە ڕوبارەکەی ئەو نەدەچوو، بەڵام من تەنیا ئەو ڕوبارەم دەناسی، من کە ماڵی لالە ئەسمام بەجێهێشت بۆ یەکەمجار ئەو ڕوبارەم بینی و هەموو ڕۆژێ کە بۆ تەبریکە دەگەڕامەوە، پێیدا دەپەڕیمەوە.

لە کافەکاندا دادەنیشتین و بۆخۆ قسانمان دەکرد. حەکیم باریکەلەیەکی باڵابەرز بوو، چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەر دەکرد کە زۆر لێی دەهات. شتی عەنتیکە و غەریبی دەگێڕایەوە. ڕۆژێ کتێبێکی بۆ هێنام، دیار بوو خەڵکانێکی زۆر بە دەستی چەور و پیسەوە خوێندبوویانەوە. ناونیشانی کتێبەکە " دۆزەخیانی سەر زەوی " بوو، ناوی نووسەرەکەی " فرانز فانون " بوو. حەکیم بە شێوەیەکی نیمچە نهێنی کتێبەکەی دامێ:- بیخوێنەوە، زۆر شتت فێر دەکات.

نەیدەویست پێم بڵێ چی لێوە فێر دەبم، کتێبەکەی خستەسەر مێزەکەی بەردەمم و گوتی:- کە تەواوت کرد دەتوانی بیدەی بە کەسێکی دی.

کتێبەکەم، بێئەوەی هەوڵبدەم زیاتری لە بارەوە بزانم، خستە جانتاکەمەوە.

حەکیم حەزی لە نونو نەدەکرد، دەیگوت وەکو تەیر هەر هەڵقوون هەڵقوونیەتی، خۆی مژوول دەکات، عەتر و بۆن لە خۆی دەدات و هەر ئەوە دەزانێ، تەنانەت ڕێزی پیشەکەشی وەکو بۆکسەر ناگرێت، دەیگوت تەواو نیە، داشی دامەیە، بووکەڵەی دەستی سپی پێستەکانە، هەرکاتێ شکا، سپی پێستەکان تووڕی دەدەنە تەنەکەی خۆڵەوە، دەیگوت کابرایەکی مشەخۆرە، چونکە لە سەر حیسابی برادەرێکی بەناوی ئیف دەژیا، ئەم ئیفە پیاوێکی گۆنگ بوو، سەفەری ئەوپەڕی دنیای دەکرد، دەچوو بۆ تاهیتی. دڵم لە حەکیم ڕەش بوو، نونو شایەنی ئەوە نەبوو بەو خراپیە لە عەلەیی بڵێت.

حەکیم، جارجارێ، شتێکی تەم و مژاوی بە گوێمدا دەدا، دەیگوت:- دەزانی تەوا نەبوونی ئینسان دەکاتە چی؟

-یانی شێت بووە، وانییە؟

حەکیم، بە پێکەنینە تەوسئامێزەکەیەوە دەڵێت:- ئەمە وەڵامێکی خراپە، لێ ڕەنگە لە ڕاستیا وابێ.

حەزی نەدەکرد، لەوە زیاتر لەو بارەیەوە بڵێت.

ڕۆژی یەک شەممەیەکی بە باران، بۆ پورت دوریەی بردم بۆ تەمەشای مۆزەخانەی هونەری ئەفریقایی. لاموایە پێشتر نەچووبوومە هیچ مۆزەخانەیەک.

حەکیم لە نێو مۆزەخانەکەدا، پڕ جۆش و خرۆش دیار بوو. هەرگیز بەو حاڵەوەم نەبینی بوو. دەستی گرتم و گوتی:- تەمەشای دەمامکەکانی فون بکە. ( فون: قەومێکە لە باشووری داهومی ).

بە دەنگی گڕ و گیراوەوە دەیگوت: " تەمەشاکە لەیلا، هەر هەموو شتەکان کۆپیە، هەموو شتەکانیان دزیوە، پەیکەرەکان، دەمامکەکان و گیانەکانیان دزیوە و لێرە، لەنێو ئەم چوار دیوارەدا حەپسیان کردووە. دەڵێی، وردەواڵەی ساختەن، گەمەی دەستی منداڵانن، عەینی ئەو شتانەی کەلە میترووی تولبیاک دەفرۆشرێن هەر هەمووی ساختە وقەڵبە.

بەباشی لە مەبەستی حاڵی نەدەبووم. هەستم بە دەستی دەکرد کە دەستی دەگوشیم، دەتگوت لەوە دەترسا هەڵێم.

–لەیلا تەمەشای دەمامکەکان بکە. لە ئێمە دەچن. دەڵێی زندانین و ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن. ئەمانە لە ڕیشە دەرهێنراون و لە هەمان کاتدا، ئەسڵ و ماکی هەموو ئەو شتانەن کە لە جیهاندا هەن، ئەمانە ڕەگیان لە ڕابردوودایە، ڕابردوویەکی دوور، بۆ ئەو ڕابردووەی خەڵکی لێرەدا، لە کونا، لە ژێر ئەرزا دەژیان، ڕوو و ڕوخساریان لە دووکەڵ و تەنی دا ڕەش بووبوو، ددانیان لە بێ خۆراکیدا هەڵوەری بوو.

لە جامخانەکان نزیک دەبووەوە، کۆڵە مستی دەگوشی:– ئاخ لەیلا، دەبێ ئەمانە ڕزگار بکەین، ئازادیان بکەین، لێرەیان دەرباز بکەین و بۆ ئەو شوێنەیان بگێڕینەوە کە لێوەی دزراون. بۆ ئاروکوکو ( شارێکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی نایجیریا ) بۆ شوکو، بۆ ئابومی ( شارێکە لە وڵاتی بنین " داهومی کۆن " لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا )، بۆ بورگوز، بۆ کونگ ( شوێنێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی ساحل العاج لە ئەفریقیای ڕۆژهەڵات ) بۆ جەنگەڵان، بۆ سارا و بیابان، بۆ ڕووبارەکان!

لە ناکاوا پاسەوانەکە لە دەنگ و کۆڵە مستە گوشراوەکەی حەکیم، کەبە جامخانەکەیدا دەکێشا، وەئاگا هاتەوە، بە ترسەوە لێمان نزیک بووەوە. بەڵام حەکیم لەوێندەر دووری خستمەوە و لە ناکاوا لە بەردەم جامخانەیەک ڕایگرتم، کە هەندێ لەتە گۆزە و دیزەی شکاو، لۆسەی چاڵ هەڵکەندن و جۆرە بێڵێکی دارینی تیابوو.

حەکیم گوتی:– تەمەشاکە لەیلا، بچووکترین شتی ئێرە گەنجە، جەواهیرە.

دەمامکێکم بە دەمێکی تووڕەوە بینی کە هی خەڵکی دوگون بوو ( دوگون: قەومێکی خەڵکی بندیاگاران ) یەکێکی دیکەم بینی هی سونگیەکان بوو کە لە بابایەکی مردوو دەچوو، یەکپارچە زیپکەی بزمار ئاسا بوو، هەروەها یەک ڕیز بووکەڵەی ئاشانتی– م بینی کە وەکو تاپۆیان وەستابوون، هەروەها ڕوخساری درێژکۆڵەی خواوەند فانگ– م بە چاوە نوقاوەکانیەوە بینی، لە تۆ وایە خەون دەبینێ. ( فانگ: خەڵکانێکی خێوەت نشین و مەڕدارن کە هەزار و پێنج سەد ساڵ لە کەناری نیلی شینی ژووروودا ژیاون. ) تەمەشای پارچە شووشە و پارچە دارانی دەکرد کە لەبەر کۆنی و بەهۆی ئەوەوە زۆر دەستیان لێدرابوو ڕەش بووبوونەوە، نها بیرم نەماوە کە لە سەر تابلۆی ئەو شتە چی نووسرابوو، وابزانم شتێک بوو دەربارەی ئاشانتییەکان ( ئاشانتی: ئیمپراتۆریەتی ئاسانتە یان ئاشانتە کە لەلایەن خەڵکانی جۆراوجۆری تویی زمانەوە دامەزرابوو ). حەکیم دەیگوت:– ئەمانە ئێسک و ددانی ئێمەن، بەشێکن لە جەستەی مە، هەمان ڕەنگی پێستی مەیان هەیە، شەوان وەکو گوڵە ئەستێرە ( ئەستێرۆک ) دەبریسکێنەوە.

ڕەنگە ئەو بە خۆیشی شێت بووبێ. بەڵام ئەوەی ئەو دەیگوت موچڕکەی پێدا دێنام، قووڵ بوو وەکو حەقیقەت. ئیدی بەناو مۆزەخانەکەدا دەسوڕاینەوە، بەبەردەم مەتاڵ و تەپڵ و چاوەزارەکاندا تێدەپەڕین. هەروەها بەلەمێکی درێژمان بینی کە لە قەدی دارێک دروستکرابوو کە بە ئاستەمێک موریانە خواردبووی، وەکو ئەوە بوو هەموو ئەو شتانە، پاش تێکشکان و نقوم بوونی کەشتیەک، لە ڕووبارێکی نادیارا، مابێتەوە و بۆ ئێرە هێنرابن.

لێ دەنگی هێواش و نەرمی هەنگاوەکانی یارۆی پاسەوان، حەکیمی تووڕە دەکرد، بۆیە بلەز لە مۆزەخانەکە وەدەرکەوتین، خەریک بوو لە داخا شەقی دەبرد. پێی گوتم:- دەبینی؟ چاودێریم دەکات کە نەبا شتێک بدزم، نەبا ئێسکی باب و کالانم هەڵگرم و بۆی دەربچم.

زۆر ماندوو دیاربوو، پیرتر لە خۆی دەهاتە بەرچاو.

-ئەو ئاسنە مشت و ماڵدراوەت بینی، ئەدی پایەی پەیژەکە کە نازانم لە چی دەچوو! کورتە ڕمەکان، تیرەکان، ئەو جلکانەی لە توێکڵی مۆز دروستکرابوون!

پاشان سواری قیتاری ئیڤری کورکورون بووین تا سەری باپیرەی حەکیم بدەین. ئەلحاج مافوبا بە تاقی تەنیا لە بینایەکی گەورەی سپیدا، لە دەوربەری ڤیلابیە، نزیکی شارێگایەکە دەژیا. ئاسانسۆرەکە ئیشی نەدەکرد. دەرگای چوونە ژوورەوە لە گرێژەنە دەرچووبوو، کاشی سەرپلیکانەکە دەبە بووبوون. ئیدی منداڵ و تواڵ لە هەموو جێیەک دەسوڕانەوە. وەختایەک بە پلیکانەکەدا سەردەکەوتین، کوڕێکی منداڵی قەڵەو، بە هەشتاو لە پلیکانەکەوە دادەگەڕا، چوار چوار پلەکانی دەبڕی، ژنێک لە سەرەوە هاواری دەکرد: " سلڤادور، بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ". دەستەیەک لاوی عەرەب لە سەر پلیکانەکە ڕۆنیشتبوون و سیغاریان دەکێشا، کەمێک لە سەرووترەوە دوو کیژ دادەگەڕان، گەنجێکی قژ زەردی کورتەباڵای عەینەک لە چاویان لەگەڵدا بوو، هاواری دەکرد: " ئەهای ناجسنینە ڕاوەستن تا منیش بێم! خۆ من هێنامنە دەرەوە. " کیژەکان وەڵامیان دەدایەوە: " ئەرێ گێلە گیان، بەهۆی تۆوە بۆمان هەیە، تەنیا تا سەعات شەش لە دەرەوە بمێنینەوە."

پیرەمێر، بەتاقی تەنیا لە ژوورەکەی خۆی، لە سەر کورسیەکی ئاسن لە هەنبەر پەنجەرەکە ڕۆنیشتبوو، وەکو ئەوەی بتوانێ دەرێ ڕا بدینێ.

-سڵاو باوە گەورە.

ئەلحاج، دەستەکانی خستنە سەر ڕوخساری نەوەکەی. بزەیەکی کرد و پاشان سەری هەڵبڕی.

-کەست لە گەڵدایە؟

حەکیم پێکەنی:- باوە گەورە چەند گوێت سووکە، کەس ناتوانێ فریوت بدات.

-کێت لە گەڵە؟

حەکیم، منی بۆلای بابای برد، ئەلحاج دەستەکانی خستە سەر ڕوخسارم و لە کاتێکا قامکەکانی بە ئەسپایی بە سەر گۆناکانم، بە سەر پێڵوەکانم، بەسەر کەپوو و لێوەکانمدا دێنا، لەبن لێوانەوە گوتی:

-لە مریەم دەچێت، ئەمە کێیە؟

لەبن لێوانەوە ناوی خۆم پێگوت. ئەوکم گیرابوو. ئەمە یەکەمجارم بوو کە ڕووبەڕووی پیاوێکی وا گەورە دەبوومەوە. زۆر قۆز بوو، ڕەنگی لە ڕەنگی بەردی ڕەش دەچوو، قژە سپیە لوولەکەی، سام و هەیبەتێکی نورانی پێبەخشی بوو. هیچ کورسییەکی دی لەوێ نەبوو. ئیدی لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشتم و پشتم بە دیوارەکەوە دا، حەکیم خەریکی ئاو گەرم کردن بوو، تا چای لێبنێت.

ئەلحاج، بە ڕاوێژێکی شیرین و هێدی قسەی دەکرد، دەنگی کەمێک گڕ بوو، وشەکانی بە دانسقە هەڵدەبژارد، نە ڕووی دەمی لە نەوەکەی بوو نە لە من. بە دەنگی بەرز بیری دەکردەوە، وەکو ئەوە بوو بیرەوەریان لە ڕابردووەوە هەڵێنجێنێ، یان چیرۆکێک دابهێنێ و بگێڕێتەوە.

ئیدی بەدەم چا خواردنەوە، کەوتە باسی ئەو شتەی من چاوەڕوانم دەکرد. کەوتە باسی ڕوباری گەورەی سنیگال، کە چۆن بە ئاوە لیڵ و سورباوەکەیەوە، داری وشک و تمساحی لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵی. گوێم لە دەنگی دەگرت کە هەندێجار لە بنەبانی گەرویەوە دەردەهات و هەندێجار بە ڕوونی و ڕەوانی لە زاریەوە دەڕژا. باسی یامبا؛ گوندەکەی زێدی خۆی، کە هاوناوی خۆی بوو دەکرد. باسی دیوارە گڵەکانی گوندی دەکرد، کە ژنان بە قامکی لە ڕەنگ و بۆیە هەڵکێشراوەوە، نەخش و نیگاریان لەسەر دەکێشا. باسی داک و بابی خۆی و ئەو دە منداڵەی خودا پێی دابوون، بۆ دەکردم، باسی هەرا و زەنای بەیانیانی بۆ دەکردم، باسی خۆی دەکرد کە دوا بەرەی داک و بابی بوو، چۆن دەبوایە دوو سەعاتان بڕوات تا بگاتە قوتابخانە و لەوێ تا ئێوارە قورعانی دەخوێند. بەدەم قسە کردنەوە گەرم دەبوو، حاڵیی لێدەهات و وەکو منداڵی حەوت هەشت ساڵان خۆی ڕادەژاند، دەنگی وەکو دەنگی منداڵ تیژ و خویا و زەلال دەبوو.

–باپیرە، بەسە، خەریکی لەیلا بێزار دەکەی.

حەکیم، لەلای دەرگاکەوە وێستابوو، پێدەچوو بیەوێ لە ژوورەکە وەدەربکەوێ.

بابە گەورە گوتی:– چۆن بێزاری دەکەم؟ تۆ خۆت حەزت لەم قسانە نییە.

ڕووی کە لە پەنجەرەکە بوو و ڕوناکییەکە لێی دەدا، وەرگێڕا و ڕووی کردە من و گوتی:– نایەوێ کتێبی پیرۆز بخوێنێ، نایەوێ گوێ لە کەسێک بگرێ کە باسی پێغەمبەر بکات، ئەو تەنیا ئەو کابرایەی دەوێ... ناوی چییە؟ فانو...

–فانون.

–ئا، ئا فانون، تەنیا فانونی دەوێ. دەزانم ئەو کابرایە قسەی باش دەکات. بەڵام باشتر و باشترین فەرامۆش دەکات.

ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بووم و ئەوسا پرسیم:– گرینگترین شت، باشترین شت کامەیە حاجی؟

–باشتر ئەوەیە، کە بێ شەوکەت ترین کەس لەلای خودا، لە چاوی خودادا بۆ خۆی گەنجینەیەکی گەورەیە.

کە حاجی بینی حەکیم خەریکە پەست دەبێ، زیرەکانە بایدایەوە:

– با واز لەمە بێنین، ئەو باوەڕی بە خوا نییە، ئەدی تۆ لەیلا، باوەڕت پێی هەیە؟

– نازانم.

– بەڵام فانون– کەی لەمەڕ ئەو شتی زۆر دروست دەڵێت، ئەمە ڕاستە کە دەوڵەمەندان گۆشتی هەژاران دەخۆن. وەختایەک فەرەنساییەکان گەیینە وڵاتی مە، گەنجەکانیان بردین تا لە کێڵگە و مەزراکاندا کاریان بۆ بکەن، کیژەکانیان برد تا کارەکەرییان بۆ بکەن، سفرە و خوانەکانیان بۆ بسڕن، خواردنیان بۆ لێبنەن، لە

گەڵیان بخەون، چونکە ژنەکانی خۆیان لە فەرەنسا بەجێ هێشتبوو. تا منداڵانی ڕەش پێست بترسێن، قەناعەتیان پێ هێنابوون کە دەتوانن بیانخۆن.

–منداڵەکانیان لە فەرەنسادا بۆ کوشتارگەکان برد، بۆ مەیدانی شەڕیان بردن..

حاجی، تووڕە بووبوو. " بەڵام وانەبوو، چونکە لە ڕاستیا شەڕەکە دژی دژمنانی بەشەریەت نەبوو.

– تۆ دەتزانی بۆچی و لە پێناوی چیدا دەمریت؟

– با، ئەوەمان دەزانی.

بە درێژایی ئەو ماوەیەی حاجی بەرانبەر پەنجەرە کراوەکە، بەدەم سیغار کێشانەوە لە فکران ڕاچووبوو، بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو. باران نم نم دەباری. حاجی کراسێکی دەڵبی بێ یەخەی شینی پەراوێز سپی و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەر بوو. جووتێ پێڵاوی زلی چەرمی ڕەش و جووتێ گۆرەوی ئەستووری بەنی لە پێدا بوو. سیغارێکی لە نێو قامکە درێژەکانی نابوو و بەبێدەنگی، قیت لە سەر کورسییەکەی ڕۆنیشتبوو.

وەختایەک ساز بووین کە بڕۆین، حاجی دووبارە دەستی بە ڕوخسار و چاو و لێومدا هێنا و بە ئەسپایی گوتی:

–چەند منداڵی لەیلا. تۆ دەبێ دنیا کەشف بکەی، ئیدی بۆت بەدیار دەکەوێ کە شتی جوان لە هەموو شوێنێک هەیە و دەڕۆی، بۆ دوور دەڕۆی تا بیاندۆزیتەوە."

وەکو ئەوە بوو دوعای خێرم بۆ بکات، هەستم بە ڕێز و ڤیانێکی تایبەتی بەرانبەری کرد.

وەختایەک لە بینایەکە هاتینە دەرێ، دنیا شەو بوو، بۆ یەکەمجار لە گۆڕەپانی کەنار شاڕێگاکەدا، ئوردوگای قەرەجانم بینی. ڕێک لە خەڵکانێک دەچوون کەشتیەکەیان شکابێ و لە گراڤ و دوڕگەیەکدا گیریان خواردبێ.

(( ٩ ))

ئیدی کردم بە عادەت کە سەردانی حاجی بکەم. هەموو هەفتەیەک جارێ دووان دەچوومە دیدەنی. باشی ئەم کارەم ئەوە بوو کە ئەو چاوەڕوانی نەدەکردم، یان بەلای کەمەوە، وای دەنواند کە چاوەڕوان نەبووە. کە خۆم بە ژوورە بچووکەکەیدا دەکرد، پرسیاری لە حەکیم نەدەکرد، بەخۆی دەیزانی کە لەوێم، سەری وەردەگێڕا و دەیگوت: " لەیلا؟ " حەکیم دەیگوت نابینایان ئاوهان، هەستیارن، هەستێکی تایبەتیان هەیە، زۆر بە بۆنن، بەبۆن خەڵکی دەناسنەوە، سەد پەڵیان بە هەنگڵی سەگدا داوە.

لە نێو قیتاری ئیڤری دا، دەستەیەک کوڕ و کچێن دوازدە سیازدە ساڵان هەبوو، لە ڕاستیا هێشتا منداڵ بوون. هەموو شڕپۆش، لاسار، قەرەباڵغ، بەلام بە دیتنیان خۆشحاڵ بووم، مژوول و سەرگەرم دەبووم. لە بەینی خۆیاندا سیغاریان دەگۆڕییەوە، دەمە لاسکێی ئەم و ئەویان دەکردەوە، بەدەنگی بەرز قسەی ناشیرینیان دەکرد، جنێوی بازاڕییان دەدا و ژێراوژێر تەمەشایان دەکرد، تا کاریگەری قسەکانیان لە ڕوخساری دێهاتیە تووڕە و پەستەکاندا بخوێننەوە. کەمێک پێش ئەوەی بگەینە ئیڤری، دوو مامور و چاودێری قیتارەکە هاتن تا بیانگرن، بەلام کوڕەکان، بەرلەوەی قیتارەکە بگاتە وێستگەکە لە پەنجەرەکانەوە، خۆیان هەڵدەدایە خوارەوە و

هەڵدەهاتن، خۆیان بە پەنجەرەکانەوە هەڵدەواسی و ئەوسا بەدەم هاوارەوە خۆیان بەردەدایەوە، لە هەلۆیستێکی واهیدا ئاشنایەتیم دەگەڵ خوانیکودا پەیدا کرد.

نها، زۆر زوو لە جافلوی داگیرکراو وەدەر دەکەوتم، بۆ ماوەی یەک دوو سەعات دەچووم بۆ کارەکەری لە دەڤەری پێنجی پاریس، لە هەوەڵەوە بۆ ماڵی بیاتریس، بیاتریس ئەندامی دەستەی نووسینی ڕۆژنامەیەک بوو لە دەڤەری پێنجەمی پاریس، دوای ئەوە دەچووم بۆ ماڵی ژن و مێردێکی خانەنشین، کە ماڵیان لە شەقامی جان دارک بوو. حوریە لە ماڵەوە دەمایەوە و خواردنی لێدەنا، هەندێجار لە دەوروبەری نیوەڕۆدا دەهاتە دەرەوە، تا بە ورگە زەلامەکەیەوە، بەتاقی تەنیا، بەناو باخچەی بیناکاندا پیاسە بکات. تازە ئاشنایەتی لەگەڵ ئاغای یوکەدا پەیدا کردبوو. یوکە کابرایەکی ڤێتنامی بوو، بەڕێوەبەری خوارنگەیەکی گەڕەکی خۆمان بوو.

نونو– م زۆر نەدەبینی. کە بەیانیان من دەچووم بۆ سەرکار، ئەو هێشتا لە هەمان ژووری ناو گەراجەکە، لەسەر مقەباکاندا نووستبوو. لەو یەکەمجارە، کە هەوەڵجار گەییمە ئەوێندەر و دەستی لە ملم وەرێنا و ماچی کردم، بترازێ ئیدی ڕێم نەدا لە لامەوە بخەوێ. حەزم لێنەبوو. دەترسام شتێک ڕووبدات و قسە و قسەلۆکانم دوو بکەوێ. بەم مەسەلەیە زۆر پەست بوو، بەڵام هەر لە گەڵما میرەبان بوو، وەکو ئەوەبوو هیچ شتێک ڕووی نەدابێت..

دوا نیوەڕوان، دەچووم بۆ کافەیەکی نزیکی سوربون تا حەکیم بدینم. حەکیم ناوی نابوو کافەی نائومێدی، چونکە بە قەناعەتی وی لە دەروازەی دۆزەخ دەچوو. ئەو کتێب و دەفتەرانی دێنا و منیش دەستم بە خوێندنەوە دەکرد. زۆر مکووڕ بوو لە سەر ئەوەی کە سەعی بکەم تا ئیمتیحانی خارجی بدەم و شادەتنامەی بەکالوریا وەربگرم و کۆلیجی ماف، یان مێژوو یان فەلسەفە تەواو بکەم، ئەو شتانە بۆ من زۆر ئاسان بوو، چونکە ئەوەی لالە ئەسما فێری کردبووم، زۆر گرینگ بوو. لە تەمەنێکا ئەو بابەتانەی فێر کردبووم کە هاوتەمەنانی من خەریکی بووکەڵەبازی و تەمەشاکرنی فیلمی کارتۆن بوون. حەکیم ناچاری دەکردم نیتشە و هیوم و لوک و بویتی بخوێنمەوە. فۆتۆکۆپی وانەکانی بۆ دێنام. شتەکەی زۆر بە جدی گرتبوو. پێموایە ئەم مەسەلەیەی لە دەرچوونی خۆی لە تاقیکردنەوەکانیا بەلاوە گرینگتر بووبوو.

حەکیم ئەم ڕازەی بە باپیری گوتبوو، بۆیە هەرکە دەچووم بۆ ئیڤری کورکورون، حاجی دەیپرسی:– ئێ لە گەڵ فەلسەفەدا چۆنی، گەیویتە کوێ؟

ئیدی پێکەوە باسی بابەتێن ڕەوشت و توندوتیژی و پەروەردە، بیروبۆچوونی جڤاکی و ئازادی و... شتی ترمان دەکرد. لە قسە پەکی نەدەکەوت، هەمیشە قسەی جوانی پێبوو، کە دەتگوت لە بنەبانی ڕۆژگاری دوورەوە هەڵدەقولێن و بەو تازەییە لە یادگەیدا دەیدۆزینەوە. دەیگوت:– خودا تۆو شەق دەکات، زندوو لە مردو و مردوو لە زندوو دروست دەکات. دەزانی ڕۆژی حەقیقەت چیە، کەیە؟ ئەو ڕۆژەیە کە بەشەر دەبن بە پەپولەی پەراگەندە و چیاکان وەکو لۆکە شی دەبنەوە. لە سەری دەڕۆیی: من لە دەستی شەڕ، لە دەستی شەوی درێژ، لە دەستی خەڵکانی حەسوود پەنا دەبەمە بەر خوای فەلەق.

ڕووی بۆ لای پەنجەرەکە وەردەگێرا، لە تۆوایە ئەو وشە جوان و ناسکانە لە ناخی ناخیەوە هەڵدەقوڵێن.

باسی پێغەمبەر و بیلالی بەندەی دەکرد کە یەکەم بانگی دا. ئەوسا باسی هیجرەت و ئەو کاتەی کرد کە پێغەمبەر بە باوەشی عایشەوە گیانی دەرچوو، بیلال بۆ ئەفریقیا گەڕایەوە، هەموو جەنگەڵانی تا ڕوباری مەزن

و کەناری ئۆقیانووس دایە ژێر پێوە. بەجۆرێ باسی بیلالی دەکرد وەکو ئەوەی لە نزیکی نزیکەوە بیناسێت، وەکو ئەوەی یەکێک بێت لە ماڵباتەکەی خۆی. من تەمەشای حەکیمم دەکرد کە لە ئەرزەکە دانیشتبوو و بە دڵ گوێی لە قسەکانی باپیری دەگرت. ئیدی هەرگیز ئەم چیرۆکەی بیلالم لەبیر نەچووەوە، هەمان چیرۆکە تایبەتیەکەی من بوو.

حەکیم دەعوەتی کردم بۆ شاری زانکۆیی. ئەوێ دنیایەکی دیکە بوو، نە لە شەقامی جافلو دەچوو، نەلە وێستگەکانی میترۆ، لە کورکورن– وەش زۆر دوور بوو. زۆر بەرین بوو، باخی جوان و سەوز دەوری دابوو، وەکو گوند پڕ بوو لە قەلەباچکە و بولبولان. خوێندکاران لە هەموو دنیاوە ڕوویان تێکردبوو، لە ئەمریکا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، بەلجیکا، تورکیا و مەکسیکەوە ڕوویان تێکردبوو. حەکیم بۆ خوارنگەی زانکۆیی دەعوەتی دەکردم، بە بلیت حەقی خواردنەکەمی دەدا. من رافیولی و لازانیام دەخوارد، هەندێ خواردنی دیکەم دەخوارد کە پێشتر نەم دیتبوو. جۆرەها شیرینیم تاقی دەکردەوە، لەوانە پەنیری تازەی لوولەکی، کێکی ناو بە کەرە و کرێم، زولابیای بە سێو و بادەم. حەکیم تەمەشای منی دەکرد کە بە چ تامەزرۆییەکەوە خواردنم دەخوارد، پێدەچوو پێی خۆش بێ. ئەو کەسێکی کەم خۆر و دژ خۆر بوو. بە پسکیتێک تێر دەبوو، دڵی خواردنی نەدەبرد، دڵی لە خواردن تێک هەڵدەهات.

ئەوسا دەعوەتی دەکردم بۆ ژوورەکەی. دەیوت حەز دەکات کتێبەکانیم نیشان بدات. من حەزم نەدەکرد بە گژیا بچمەوە. دەمزانی دەیەوێ ماچم بکات، حەزم نەدەکرد پەیوەندییەکەمان بەو ئاراستەیەدا بڕوات. حەزم دەکرد تەنیا دۆست بین و هیچی دی، پێکەوە بچینە دیدەنی حاجی و باسی پێغەمبەرمان بۆ بکات.

زۆر چاک دەمزانی بەمە نارەحەت بوو. غیرەی دەکرد، چونکە لای وابوو نونو کەپڵ و دۆستی ڕاستەقینەمە، بەڵام زاتی نەدەکرد لەمبارەیەوە هیچ بڵێت. دەچووین بۆ هۆڵەکە، لە سەر قەنەفەکە دادەنیشتین، من کتێبی ( ئەودیوی خێر و شەڕ ) م لە جانتاکەم دەردێنا. دەمگوت:

–بۆم باس بکە چما نیتشە باسی پەیمان و گرێبەست دەکات، خۆ تۆ پێت گوتم هیچ شتێکی دانەهێناوە، لە کاتێکا ئەو گوتوویەتی کە هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکان پشت بە پەیمان و قەرارداد دەبەستن."

لە پشت چاویلکەکەیەوە تەمەشای دەکردم، بە ڕدێنە بچووک و چاویلکە کانزاییەکەیەوە، لە پیاوێکی تووڕە و ترۆ دەچوو.

وابزانم حەزی دەکرد وەکو مالکوم ئیکس بێ ( مالکوم ئێکس X ، سیاسەتوانێکی ئەمریکی ئەنتی نەژادپەرستی بوو. ) بۆیە هەمیشە بە کراسی سپی ئوتوکراو و بۆینباخەوە نەبا، دەرنەدەچوو. حەزی نەدەکرد وەکو ئەفریقاییانی نانیز یان ئانتیلی سول – کە قژی خۆیان دەهۆنیەوە، ڕقی لەو شتانە بوو و لە هەمان کاتدا بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە . ڕۆژێک پێی گوتم:– دەزانی چ شتێک زۆر ئازارم دەدات؟ وەختایەک تەمەشای منداڵانی ڕەش پێست دەکەم و بیریان لێدەکەمەوە کە نیوانیویان هەر بە منداڵی دەمرن. وەکو ئەوەی لە تونێلی مەرگا بژی.

هەروەها باسی ئەفریقا، باسی عادەتی تۆڵە ئەستاندن، باسی بەکرێگیراوانی بیافرا و، ئەو منداڵانەی دەکرد کە لە برسا، یا بە ئایدز و پەتا دەمردن.

زۆری حەز لە نیتشە بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش فانون– ی بەسەردا پەسند دەدا. زۆرجار بەشێک لە " ئاغایان و کۆیلان " ی ئەلبیرتوفرایری بۆ دەخوێندمەوە. بەڵامنە حەزی لە ڕۆمان بوو و نە لە شیعر، جگە لە شیعری مەحموود دەرویش و تیماجین هوات. " ڕۆمان هیچ نیە، هیچیان تیا نییە، نە حەقیقەتیان تیایە نە درۆ. تەنیا تۆز و بایە. " لە ناچاریدا رامبو وجون دونی بەدڵ بوو، بەڵام لەم دواییانەدا ڕامبۆشی لەبەرچاو کەوتبوو، چونکە لە عەلەیی زەنگیەکان دوابوو، دەستی لە قاچاخچیاتی بەوانەوە هەبوو.

ڕۆژێک پێمگوت:– تۆش وەکو باپیرت بیر دەکەیتەوە، کە هەرچی شتێک هەیە لە قورئاندا وتراوە.

وامدەزانی لە قسەکەم تووڕە دەبێت، لێ ماوەیەک لە فکران ڕاچوو ئەوسا وەڵامی دایەوە:– دروستە، هیچ شیعرێک ناگاتە قورئان. بەڕاستی سەیرە، ئەو شتانەی بەرلە هەزار ساڵ پتر وتراون، و هەرچییەک بکەین نەتوانین لەوە باشتر بڵێین.

گوتم:– ئەدی دەتوانین خراپتر بڵێین؟

بە حیرەتەوە تەمەشای کردم، لاموایە لە مەبەستم حاڵی نەبوو.

من دوو ژیانم هەبوو. ڕۆژم لە گەڵ حوریەدا و بەکاری خاوێن کردنەوەیماڵەکەی ئەو خانمە ڕۆژنامەڤان و بازاڕ کردن لە گەڕەکی چینییەکان دەبردە سەر. بەدڵی هەموو خەڵکەکە بووم، خۆشیان دەویستم. جارجاریش دەچووم بۆ هۆڵی ڕاهێنان و مەشقی بۆکسێن، لە بیربیس، تا نونو بدینم. پاش ئەوە دەچووم بە سۆراخی ژوانە ڕۆشنبیریی و فیرکاریەکانمەوە لە زانکۆی سوربون یان نزیکی شەقامی ئاساس، لە گەڵ حەکیم دا.

حەکیم کە منی بە هاوڕێ و خوێندکارەکانی دەناساند زۆر بە خۆوە دەنازی:

–ئەمە لەیلایە، خۆی لە ماڵەوە فێری خوێندەواری کردووە، نەچووەتە قوتابخابە، بەڵام ئەمساڵ بەشداری لە تاقیکردنەوەی دەرەکی، بەکالوریا، بەشی ئەدەبیدا دەکات.

شەوان، هەموو شتێک دەگۆڕا. دەبووم بە سیسرک. دەچووم بۆ وێستگەی تولبیاک یان ئوستیرلیتز یان ریومور سیباستوبول، بۆ دیدەنی سیسرکەکانی دی. کە بە ڕاڕەوە پێچاوپێچەکانی میتروکەدا دەگەییمە جێ و گوێم لە دەنگی تەپڵ و دومبک دەبوو، ڕادەجفریم. بەڕاستی جادوو ئەنگێز بوو، خۆم لەبەری نەدەگرت . ئامادەبووم لە پێناوی ئەو ڕیتم ومۆسقایەدا خۆم بە ئاو و ئاگردا بدەم.

زۆربەی ئەفریقاییەکان لە باستیل و سان بول بوون، ئەنتیلیەکان لە ڕیومور و سیباستوبول بوون، بەڵام هەندێجار سیمونیش لەوێندەر دەبینرا. هەوەڵجار نونو بەوی ناساندم. ئاپۆرایەکی زۆر لە ڕاڕەوەکاندا هەبوو، بەڵام من هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندە ڕیزی یەکەم. سیمون کیژێکی باڵابەرزی، زۆر ڕەش بوو، دەم و چاوی کەمێک درێژکۆڵە و چاوەکانی بادەمی بوون. سەرپۆشێکی تەنکی سووری بەسەریا دابوو، کراسێکی درێژی سووری تۆخی لە بەرکردبوو. لە هەوەڵەوە وامزانی میسریە. بەڵام نونو گوتی: " ئەمە سیمونە، خەڵکی هایتیە. " دەنگێکی نەرم و لەرزۆک و گەرمی هەبوو کە تا قوڵایی ناخم ڕۆدەچوو. سیمون بە زمانی کریول– ی، بە وشەێن ئەفریقایی دەستری (گۆرانی دەگوت) گۆرانی گەڕانەوە لە ڕێگەی دەریاوەی دەگوت، هەمان ئەو گۆرانیەی کە ڕۆنیشڤانانی دورگە دوای مردن لە دەریادا دەیلێن. بەپێوە، بەبێئەوەی تەقریبەن لە جێی خۆی

بجوڵێت هەڵیدەکردە گۆرانی. ئەوسا دەسوڕایەوە، بە هەردوو کەفەڵی خۆیدا دەکێشا و کراسە دەڵب و درێژەکەی پڕ با دەبوو، هێندە جوان بوو، لە تەمەشای حەپەسابووم.

سیمون، شەوێک قسەی دەگەڵ کردم. ئەو شەوە بوو کە پۆلیس دایان بەسەر هۆڵی ئاهەنگەکەدا، خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، لە وێستگەکەدا و لە کۆتایی ڕاڕەوێکی درێژدا تووشی یەکدی بووین، دەبوایە بڕۆین، بلیتێکم دایە و سواری میترو بووین و بەرەو مەیدانی ئیتاڵیا ڕۆیشتین. ئەو لە سەر کورسیەک لەو کورسیانەی قەد دەکرێنەوە و هەڵدەدرێنەوە دانیشت و منیش لەلایەوە ڕۆنیشتم. لەناو ئەو فارگۆنە پیسەدا، بە چاوە خەواڵو و قورسەکانیەوە، بە لێوە ئەستوورەکەیەوە کە بردبووی بەدەمیا، بە گۆنا پان و لووسەکانیەوە، لە دۆتمیران دەچوو. لێی پرسیم کە من کێم و کوێندەریم، نازانم بۆچی ئەو ڕازەی، کە بە هیچ کەسم نەگوتبوو، نە بە نونو و نە بە ماری ئالین و نە بە حەکیمم، نەگوتبوو، بەوم گوت. پێمگوت کە نە دەزانم کێم، نە دەزانم کوێندەریم، ئەوەندە دەزانم شەوێک منیان بە جووتێ گوارەی هەیڤک ( هلال ) ئاساوە فرۆشتووە و تەواو. ماوەیەکی زۆر لێم ورد بووەوە، وادیار بوو دڵی بە حاڵم بسووتێ. دەستی گوشیم، دەستەکانی گەورە و گەرم و بەهێز بوون. گوتی: – تۆش وەکو منی لەیلا، ئێمە مانان نازانین کێین، کوێندەرین، خۆمان خاوەنی خۆمان نین.

پێم سەیر بوو، بو ڕاشکاویە قسەی دەگەڵ مندا دەکرد، لە کوێش؟ لە ناو هەرا و هەنگامەی فارگۆنەکەدا، لە ژێر تیشکی ئەو ڕوناکیەی لە وێستگەکانەوە پرشنگی دەدا و لە ڕوو و ڕوخساری دەدا و هەر دوو بیلبیلەی چاوە کاڵەکانی، وەکو جووتێ یاقووتی پرشنگدار دەبریسکانەوە.

سیمون، منی بۆ ماڵەکەی خۆی بردەوە. لە خانوویەکی بچووکدا دەژیا، باخچەیەکی بچووکی هەبوو، کەوتبووە شەقامێکی بچووکەوە کە ناوێکی غەریبی هەبوو؛ بوت ئوکی. دەگەڵ دۆستەکەیدا لەوێ دەژیا، دۆستەکەی پزیشکێکی خەڵکی هاییتی بوو. پیاوێکی باڵابەرزی باریکەلەی شیکپۆش بوو. خەڵکانێکی دیکەی هاییتی و خەڵکی کۆماری دومینیکاش لەوێ هەبوون. بە زمانێکی خۆش و لەزبلەز دەگەڵ یەکدیدا دەئاخفین کە من هیچی لێ حاڵی نەدەبووم. ئەگەر سیمون لەوێندەر نەبا، لاموایە یەکسەر لەوێ دەڕۆیشتم، چونکە لەو خەڵکانەی ئەوێ دەترسام، بەتایبەتی لە (مارتاجوایو)ی دۆستی سیمون کە بە جۆرێ تەمەشای دەکردم لە تۆ وایە دەیەوێ هەرچیم لە ناخا، لە دڵ و دەروونا هەیە، بیخوێنێتەوە. هەڵبەتە خەڵکانێکی سپی پێستیانیش لە گەڵدا هەبوو، یەکێک لەوانە کابرایەک بوو لە هەوەڵی تەمەنا، خۆی بە ڕەخنەگری هونەری دەزانی، کەمێک لە ئاغای دولاهی دەچوو. هەروەها ژنانێکیش هەبوون کە بە دەستووری ئەفریقایی جل و بەرگیان دەپۆشی و ملوانکەی قورس و مت وموورووی ساختەیان، لەو بابەتانەی کە حەکیم دەیفرۆشتن لە مل دەکرد. دووکەڵی سیغار وحەشیشە دەچوو بە ئاسمانا و بە دەوری تیشکی گۆلۆپەکاندا لوولی دەخوارد و دەپەنگایەوە، دەتگوت عەوداڵی نۆتەی ئارامی ئەو موسیقایەن کە دەتگوت لە هەموو لایەکەوە، لە ئەرزەکەوە و تەنانەت لە پەنجەرەکانیشەوە، هەڵدەقوڵان و بڵاو دەبوونەوە.

کەس گوێی بە من نەدەدا، هەر بەو دەقەوە لە بەر دەرگای هۆڵەکە و بەدەم جگەرەکێشانەوە وەستابووم، چاوم دەگێڕا تا سیمون بە سەرپۆشە سوورە تۆخەکەی و بە گوارە زێڕەکانییەوە بدینم.

یارۆی ڕەخنەگری هونەریی، لێم نزیک بووەوە، بە دەنگی نەوی شتێکی بە گوێمدا دا، لەبەر ئەوەی هیچی لێ حاڵی نەبووم، دەمی لە پەنا گوێم نا و دووبارەی کردەوە: " چەند بە شکۆ و شەوکەتە ". لاموایە گوتی: " ئەم ژنە نموونەی هەموو پاکی و بێگەردییەکە." من نە بە ئەرێ و نەبە نەرێ وەڵامم نەدایەوە. پێدەچوو وابزانێ

هیچ حاڵی نابم. چاوم لە دوڕ چاوانی بڕی و بۆ ئەوەی گوێی لێم بێ بەدەنگی بەرز شیعرێکی سیزیرم لەبەر بۆ خوێندەوە:

" سەما بۆ من

سەمای زەنگی شەڕانی

سەما بۆ من

سەمای تێکشکانی کۆت و زنجیران

سەمای ڕەڤین لە زندانان

سەما، چەند جوانە، چەند شایستە و ڕەوایە کەسێکی زەنگی بم " .

یارۆی ڕەخنەگر بێئەوەی لە جێی خۆی بجوڵێت، چاوی تێبڕیم، ئەوسا کەوتە چەپڵەلێدان. هاواری دەکرد:

-گوێ بگرن، گوێ لەم کچۆڵەیە بگرن، شتێکی پێیە دەیەوێ پێیان بڵێ!

سیمون هەڵیکردە گۆرانی، بۆ کەس نا تەنیا بۆ من نەبێ. دەمزانی گۆرانی بۆ من دەڵێت، چونکە لەوپەڕی هۆڵەکە وەستابوو و دەستی بۆ لای من ڕادەکێشا، بە دەنگە خۆشەکەی و بە فەرەنسی ئاوازێکی یەجگار خۆشی دەگوت، خۆبەخۆ دەخزییە ناو ڕیتمی تەپڵەکانەوە.

دوای ئەوە حەشیشەم کێشا. پێشتر ئەو شوێنانەم دیتبوو کە ئەو فیعلانەی تیا دەکرا، بۆ نموونە لە میوانخانەکەدا دۆتمیرەکان ناوبەناو ئەوەیان دەکرد، لە ژوورێکدا کۆ دەبوونەوە و بە نۆرە حەشیشیان دەکێشا، ئیدی بۆنی کەسکونی حەشیشەکە بڕێک تیژ و هەندێک شیرین بوو، بڵاو دەبووەوە، ئەوە مەستی دەکردم و خەوی لێدەخستم.

لێرەدا، ڕەوشەکە وەکو ئەوێندەر نەبوو. کەسێکی تاهیتی سیغارێکی دامێ، بەهۆی موسیقاکە و دەنگە خۆش و زوڵاڵەکەی سیمونەوە، مژێکی قووڵی قووڵم لێدا، وەکو ئەوەی بمەوێ لە تەپڵی سەرمەوە بێت و لە بنی پێمەوە دەربچێت. ئەلکولیشم خواردەوە؛ ویسکی، بیرە، عەرەق. لە بیرمە نەمدەتوانی خۆم بەپێوە بگرم. دیاربوو دوای ماوەیەکی کەم مەستی مەست بووبووم، بە تەواوەتی هۆشم لە دەست نەدابوو، بەڵام بڕێک مەست بووبووم، وەکو هەندێجار ئەو حاڵەتە لە سینەمادا دەبینین. لە بەردەم سیمون دا وەستابووم و منیش گۆرانیم دەچڕی، وشەکانی ئەوم دووبارە دەکردەوە و لە هەمان کاتدا دەرەقسیم. مەست بووم، لێ هاوسەنگی خۆم لەدەست نەدابوو، بە پێچەوانەوە هەموو شتێکم بەلاوە ڕوون بوو. بە بەردەوامی وشەی گۆرانیەکم لە سەر ڕیتمی دومبک و تەپڵە بچووکەکان دەگوتەوە.

" گوێم لە شارە

لە دڵما، لە زارما

لە خوێنما لێدەدا

ئێمەی خەڵکانی دی

لە دوور، سەرگەردانین لە دەریادا... "

خەڵکەکە وەکو ئەوەی بەر بوومەلەرزە و عەرد هەژ کەوتبن، بەلادا دەهاتن، دیوارەکان بە بەرچاومەوە دەهەژان و تاپۆی خەڵکەکە شەپۆلیان دەدا و سەرپۆشە سووره تۆخەکەی سیمون لە بەر چاو گەورە دەبوو، هەموو هۆڵەکەی پڕ دەکرد. دکتۆر جوایو ئاگای لە حاڵم بوو، لە سەر تەختێک ڕایکشاندم و، سیمون بە دەستەسڕێکی تەڕ و سارد، ڕوو و ڕوخساری فێنک دەکردمەوە. ڕەفتاری پڕ میهر و زۆر دایکانە بوو. بە نەرمی قسانی دەکرد، هەستم دەکرد هێشتا گۆرانی دەچڕێ، بە دەنگە نەوی و کەمێک گرەکەی گۆرانی دەڵێ، تەنیا بۆ منی دەڵێت، بەڵام گوێم لە دەنگی نەرمی تەپڵەکان نەبوو، تەنیا دەنگی دڵی خۆم لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە.

ئامادەبووان، دەستە دەستە ڕۆیشتن و بڵاوەیان لێکرد. پێدەچوو ترسابن کە کێشەیەکیان بۆ دروست بکەم. خەڵکانێکی ناودار بوون: ڕەخنەگرانی هونەری، سیناریستان، سیاسەتوانان. ئەمانە هەمیشە، هەوەڵین کەسن کە مەجلیس چۆڵ دەکەن..

لە لایەکی دییەوە، سیمون و دۆستەکەی مشت و مڕیان بووبوو. دیمەنێکی کۆمیدی و سەیر بوو، من لە دوورەوە گوێم لە دەنگیان دەبوو. وەکو ئەوە بوو، بەسەر جەستەی خۆمەوە شەپۆل بدەم و ئەوان لە هەنبەر کەسێکی دیکەدا قسان بکەن. پاشان لە سەر تەختەکە بە جێیان هێشتم و چوون بۆ ژوورەکە. گوێم لە ڕاوێژی نەوی دکتۆر و هاواری سیمون دەبوو. لە هەوەڵەوە لەوە دەچوو لە سیمون بدات یان ئەشکەنجەی بدات، پاشان گوێم لە زەمزەمەیان بوو، هەستم کرد، خەریکی حوب حوبێنەن.

تام لێهاتبوو، لە سەر تەختەکە هەڵدەلەرزیم. لە ناکاوا هێڵنجم هات. بلەز بۆ مووبەقەکە چووم تا بڕشێمەوە، بەلادا دەهاتم، کورسیەکانم دەخست. هێشتا دوو پیاوی هاییتی لەوێ مابوونەوە و دەیانخواردەوە. کە منیان بەو حاڵەوە بینی چوون دکتۆر ئاگادار بکەنەوە. گوێم لێبوو بە کریولی باسی منیان دەکرد، مارتینال جوایو گوتی: " ڕەنگە سەرخۆش بێ، باشتر وایە بۆ ماڵی خۆی ببرێتەوە."

وابزانم تەلەفۆنی بۆ زۆر کەس کرد تا ئەنجام حەکیمی دۆزییەوە. بەو ئاوایە ئەدرەسی گەراجەکەی شەقامی جافلوی دەسکەوت. ئیدی لەوەوە بۆم بەدیارکەوت کە دنیا زۆر بچووکە، من بیرم لەمە دەکردەوە و دۆستەکەی سیمون– ش پەیتا پەیتا تەلەفۆنی دەکرد. مێشکم دەکولا. لە هەمان کاتدا ڕوخساری سیمون– م دەبینی، چاوە درشتەکانی کە لە چاوی گامێشێکی میسری دەچوو، و خەمێکی قووڵیان لێنیشتبوو، لە ناکاوا بۆم دەرکەوت چما بە منی گوت لێکدی دەچین، ئێمە خاوەنی جەستەی خۆمان نین، چونکە ئێمە هەرگیز خاوەن قەراری خۆمان نەبووین، چارەنووسمان بە دەستی خەڵکانی دی بووە.

سیمون لە ماڵەوە مایەوە، مارتینال جوایو و یەکێک لە برادەرەکانی بە ئوتومبیل گەیاندمیانەوە. لە دەرەوە باران دەباری، ئاو لە چاڵ و چۆڵەکانی سەر شۆستەکە کەڵەکە بووبوو و بە ئاستەم شەپۆلی دەدا. ئوتومبیلەکە بە شەقامە چۆڵ و بێدەنگەکاندا دەڕۆیی. لاموایە لە دەرمانخانەیەکی ئێشکگر دەگەڕان، دکتۆر ڕۆیی تا دەرمانم بۆ بکڕێت، قەترەی برامبیران یان شتێکی لەو بابەتەم بۆ بکڕێ. منیان لە سەر جادەکە و لەبەردەم دەرگای گەراجەکە بەجێهێشت. دایانگرتم، دایان نیشاندم و پشتیان نام بە دیواری گەراجەکەوە. مارتینال جوایو بەبێدەنگی تەمەشای کردم. برادەرەکەی دکتۆر بە کریولی شتێکی گوت. بەلامەوە گرینگ

نەبوو؛ خوای دەکرد بە زمانی جاوەیی قسەی دەکرد. پاشان ڕۆییشتن، بە دەوری چرا سوورەکەدا پێچیان کردەوەو لە چاو ون بوون.

(( ١٠ ))

ئەنجام زستان هات. لە هەموو ژیانما هەستم بە سەرمای وا نەکردبوو. تەغریدە، پێشتر باسی سەرمای فەرەنسای بۆ کردبووم: ناسی ئاسمانی تاریک و بە هەور و ئەو شەقامانەی بۆ کردبووم کە لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆوە، گڵۆپەکانی هەڵدەکران، باسی بەفر، شەختە و سەهۆڵبەندان و، دار و درەختی ڕووت و چەماوەی تاپۆ ئاسای فەرەنسای بۆ کردبووم. بەڵام بەهەرحاڵ زستانەکە زۆر لەوە سەخت تر بوو کە ئەو باسی کردبوو.

حوریە لە هەیڤی شوباتدا منداڵەکەی بوو. پاش ئەوەی لە دایک بوو هزرم دەکرد، کە ڕەنگە ئەمە یەکەمجار بێ حاڵەتێکی وەها ڕوویدات؛ منداڵێک لە ژێرزەمینێکی قووڵی ئەشکەوت ئاسادا و دوور لە هەتاو و ڕوناکی لە دایک بوو‌بێ.

وابزانم لەبەر ئەمە کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتەسەر کە بڕۆم بۆ باشوور و گەڕانەوە بۆ باوەشی خۆر، تا هەتاو لەم منداڵە بدات و ناچار نەبێ، هەوای بۆگنخی ئەم شەقامە بێ ئاسمانە هەڵمژێت.

ئیدی دەگەڵ نونودا کەوتینە نەخشەدانان، نونو بەتەما بوو، لە پێشبڕکێی کێشی پەڕدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، لەو حاڵەدا دەمانتوانی ئوتومبیلێک بکڕین و هەموومان، لە گەڵ حوریە و کچەکەیدا، بەرەو باشوور بڕۆین و بەو شارێگایەدا کە بە ئیڤری کورکورون دا تێدەپەڕی و هەر هەشت لقەکەی کە لە ڕوبار دەچوو ببڕین و بڕۆین بۆ کان، بۆ مونتیکارلۆ، بگرە بۆ ڕۆما و ئیتاڵیاش. چاوەڕوانی هەیڤی نیسان یان ئایار بووین، تا منداڵەکە کەمێک هەراش و فراژی ببێت وبەرگەی سەفەرەکە بگرێت. یان تا حوزەیران، چونکە دەبوو بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی بەکالوریادا بکەم، بەڵام نەدەبوا لەوەی پتر دێر بکەوین، چونکە ئەوەندە دوادەکەوتین، لەوە بوو، دەرفەتەکەمان لە دەست بچێت و هەرگیز سەفەر نەکەین.

مانگی حوزەیران کاتێکی زۆر باش بوو. پێشبڕکێیەکە لە هەشتی حوزەیراندا ئەنجام دەدرا، نونو بەردەوام ڕاهێنان و مەشقی دەکرد. لە گەراجەکەدا توورەکەیەکی بەتاڵی پەتاتەی، پڕ کردبوو لە پەڕۆ و پارچە کوتاڵ و ڕاهێنانی لە سەر دەکرد.

هەوای شەقامی جافلو سارد بوو. خۆشبەختانە نونو هیتەرێکی کارەبایی هێنابوو، کە دەکەوتە کار، دەنگی هێندە بەرز بوو دەتگوت دەنگی فڕۆکەیە. جا بۆ ئەوەی کارەبا زۆر سەرف نەکەین، نونو فێری کردبووم چۆن دەسکاری سەعاتەکە بکەم، بە درێلێکی دەستی کونێکی بچووکی لەلاوە کردبووە قەپاغی سەعاتەکە، تا بە پەت و قولابێک میلی سەعاتەکە ڕابگرین، کە کاتی هاتنی چاودێری کارەباکە نزیک ببوایەتەوە، پەت و قولابەکەمان لادەبرد، کونە بچووکەکەمان بە تۆزێ ماجوومی شین دەگرت. زۆربەی کات بێ پارە بووین. نونو بەردەوام ڕاهێنانی دەکرد، وەختی ئەوەی نەبوو کار بکات، دەرامەتمان بە زەحمەت بەشی دەکردین. کە شەوان دەهاتەوە لە ماندوویەتیدا خۆی بەپێوە نەدەگرت، یەک تەختە لەسەر جێگاکەی دەکەوت. زامنە کۆمەڵایەتیەکەی بەڵێنی دابووێی کە ئەگەر لە پێشبڕکێیەکەدا براوە بێ، کارتی ئیقامەی بۆ وەردەگرێت و نونوش دەیویست بە هەر نرخێ بووە ئەو دەرفەتە لە کیس خۆی نەدات. حوریە لەم ڕۆژانەی دواییەدا وای لێهاتبوو زیاتر لە

شاهەنگ دەچوو. لە نزیکی شۆفاژەکەوە، کە بەردەوام گیزە گیزی لێوەدەهات، لەسەر جێگاکەی پاڵدەکەوت، تەواو قەڵەو بووبوو، هیچ کارێکی نەدەکرد، دەم و چاوی ئاوسابوو. نەیدەویست هیچ یاریدەدەرێکی جڤاکی یارمەتی بدات.

تەنانەت دکتۆریشی نەدەویست. دەترسا خەبەری پۆلیسی لێبدەن و بینێرنەوە بۆلای مێردەکەی. ئەو ژێرزەمینە بۆ ئەو ئەمین بوو، وەکو جاڵجاڵۆکە داوی بە دەوری خۆی و کچەکەیدا تەنی بوو. کەس نەیدەتوانی لێرەدا بیدۆزێتەوە. تاقە خەتەر برادەرەکەی نونو بوو. بەڵام بە گوێرەی دوا هەواڵ، ئەو بورابورای پێخۆش بوو و لە ژیانی خۆی لەوێ ڕازی بوو و ئەگەری ئەوە نەبوو کە بەو باران و سەرمای زستانە لە ناکاوا بۆ پاریس بزڤرێتەوە.

حوریە کە وەختی منداڵبوونی هاتبوو، لە جیاتی دکتۆر داوای مامانی کردبوو. نونو، وێڵ و سەرگەردان ، شپرزەو شەپرێو، بە هەڵەداوان بەناو جادە و کۆڵانان دەکەوێت. منیش کە نەمدەزانی چ بکەم و کێوە بچم، سواری قیتاری ئیڤری کورکورون بووم و بۆ ئوردوگای قەرەجان چووم. خوانیکو ژنێکی دۆزییەوە. بە زمانی مانوش گەنگەشەیەکی زۆری لەگەڵدا کرد و ئەنجام قاییل بوو بە بڕی پێنج سەد فرانک لە گەڵماندا بێت. ناوی خوسیفا بوو، ژنێکی درێژ، کەمێک لە پیاو دەچوو. دەم و چاوی درێژکۆڵە و پڕ چرچ و لۆچ، دەستەکانی بەهێز بوون. بەحاڵ فەرەنسی دەزانی، کەبە ئیسپانی لە گەڵیا کەوتمە قسان هەندێک دڵی نەرم بوو، زمانی وەکو گالیسی یەکان زبر بوو.

خوسیفام بە قیتار لە گەڵ خۆمدا هێنا. لێ پێش ئەوەی بگەینە شەقامی جافلو، ویستی هەندێ شت بۆ خۆی و حوریە کە لە سەر منداڵ بوون بوو، بکڕێت. ئیدی هەندێ شتی وەکو لۆکە، سارغی، چەسپ و ئەو شتانەی کڕی و هەروەها لەلای کەسێکی چینی گیای وشکی وەکو زەعتەر و گوڵی مریەم و قوتووە مەڵحەمێکی کڕی کە وێنەی بەوری بە سەرەوە بوو. هەروەها کۆلا و پسکیت و سیغاریشی کڕی.

ئەنجام ژنەی تاین گەییە گەراجەکە، بۆ ئەوەی کەس بێزاری نەکات پەردەیەکی بە ژوورەکەی حوریەدا هەڵواسی. سێ دانە ڕۆژ لەوێ مایەوە بەبێ ئەوەی بێتە دەرەوە یان قسەیەک بکات. کە دەیبینی جێگاکە بۆنێکی ناخۆشی لێدێت، بەردەوام بخوردی دادەگیرساند و جگەرەی دەکێشا. لەو ڕۆژانەدا من و نونو نەماندەتوانی لەوێ بمێنینەوە و بەردەوام لە دەرەوە بووین. پاش ئەوەی لە ماڵی پیاتریس لە کار دەبوومەوە، دەچووم بۆ هۆڵی ڕاهێنان لە باربیس تا نونو ببینم. ئیدی بۆکسێنی دەکرد، پەتبازی دەکرد. ئیدی لە گۆشەیەکەوە ڕۆدەنیشتم و تەمەشای چالاکییەکانی ویم دەکرد. هەمووان وایاندەزانی من گێرلفرێندی گیانی بە گیانی ئەوم، تەنانەت نوێنەرە کۆمەڵایەتیەکەش هات و قسەی دەگەڵم کرد. بە " نونو " یان " لیون " ناوی نەدەبرد بەڵکو بەناوی فامیلەوە، ئادیخو ناوی دەبرد: " ئادیخو دەبێ کار بکات، جدی بێ، نابێ هیچ گەوجایەتیەکی لێ سادر بێ، ئەوەی پێ بڵێ. " وابزانم مەبەستی ئەوە بوو کە نابێ نونو تێکەڵاوی ئەو کەسانە ببێت کە دەرگای ئوتومبیلانیان دەشکاند، مەبەستی ئەو ڕیکۆردەرانە بوو کە هەندێجار نونو لە گەڵ خۆی دەیهێنان و دەیفرۆشتن. ئەم نوێنەرە پیاوێک بوو کورتە باڵا، قژ کورتی قژ گڤ، سەروسیمای لە وەرزشکار و پۆلیس دەچوو.

حەزم نەدەکرد قسەم لە گەڵدا بکات، هەروەها حەزم نەدەکرد بەو ڕاوێژە بڵێ ئادیخو، وەکو ئەوەی دەسەندەخۆری ئەو بێت. یەک دووجاران هەوڵیدا، بزانێ لە ڕووی قانوونیەوە ڕەوشم چیە و چۆنە، ئیقامەم

هەیە یان نا. حەزم نەدەکرد ئەو پرسیارانەم لێبکات، بەو خۆمانی و ڕاشکاویەوە، هەموو کەس بە ناوی خۆیەوە بدوێنێ، وەکو ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئێمە و ئەودا نەبێت. ڕەنگە ئەمەی لە ڕووی دۆستایەتی و بێ فەرقیەوە بووبێ. دەستی چەپی بڕابوو، پێدەچوو ڕەفتاری ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی بن، ڕووی دەکردە خەڵکی و بەدەنگی بەرز دەیگوت:

–ئادەی بێزەحمەت یارمەتیم بدە با کراسەکەم لەبەر بکەم.

دۆستایەتیەکەی هەندێک گوماناوی بوو. تەقریبەن هەموو ڕۆژێک بە نونوی دەگوت:– خەمت نەبێ، ئیقامەکەت مسۆگەرە، لە تەواوبووندایە.

هەموو کارێکی پێدەکرا.

ئەنجام حوریە کچێکی بوو. کە لە ماڵی پیاتریس– ی ڕۆژنامەڤان گەڕامەوە، ساواکە بە باوەشی حوریەوە بوو. مامانەکە شەکەت دیاربوو، چەند پێکە شەرابێکی خواردبووەوە، بەسەر تەختەکەوە خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو. تەنانەت تیشکی گڵۆپە نیونەکەش خەبەری نەکردبووەوە.

حوریەش خەواڵوو دیار بوو. بۆنێکی تیژ ژوورەکەی پڕ کردبوو، بۆنی میز و ئارەقە، بۆنێکی کەمێک کەسکون. ئەگەر پەنجەرەیەک هەبوایە دەمخستە سەر گازی پشت بۆ ئەوەی تیشکی هەتاو و هەوا بهاتبایە ژوورەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە پێویستە هەرچی زووترە ئەو منداڵە لەوێ بەرینە دەرەوە، دەنا لەو ژێرزەمینە ناژی.

لە ڕۆژانی دواتردا، پلەی گەرما دابەزی. هەرهەموومان شەکەت بووین. دەتگوت هەموومان لە دروستکردنی منداڵەکەدا شەریک بووین. بەنۆرە ئێشکی منداڵەکەمان دەگرت. مەمکی حوریە بریندار بووبوو. بە زەحمەت شیری منداڵەکەی پێدەدرا. هێشتا لە جێگادا بوو کە تووشی خوێن بەربوون بوو. مامانەکە دووبارە هاتەوە، شیر و ڕازیانەی دەرخواردی حوریە دا، مەمکەکانی بە مەڵحەمێک چەور کرد. حوریە لەرز و تای لێهاتبوو، منداڵەکەی دەگریا. سەرەنجام پیاتریس– ی ڕۆژنامەڤان، خانمێکی دۆستی خۆی، کە یاریدەدەری پزیشک بوو بۆ ناردین، ئەم خانمە حوریە و منداڵەکەی بۆ زاینگە برد. هەڵبەتە حوریە ڕەوشی زۆر خراپ بوو، بۆیە بێ هیچ ئیعتیزارێک قاییل بوو بخرێتە سەر دەستەبەرە و بەو ئاسانیە بیبەن.

هەموو پاش نیوەڕۆیەک دەچووم بۆ دیدەنی. لەگەڵ کۆمەڵێک دایکانی دیدا، لە ژوورێکی جوان و سپی و ڕوناکدا، لە نهۆمی خوارەوە خەوێنرابوو. لە پەنجەرەکەوە دار سەروو و گوڵی کێوی سپی و کێشکان دیاربوون، کە بەملا و بەولادا دەفڕین، تەنانەت ئاسمانی هەورینیش جوان بوو. شیرینی وشک و ترمۆسە چام بۆ حوریە دەبرد. بۆ ئەوەی دڵنەوایی حوریە بکەم و سەرگەرم بێ، هەرچیەکم  بە خەیاڵدا بهاتبایە بۆم باس دەکرد. دەمگوت دەبێ ناوێک بۆ منداڵەکە هەڵبژێرین، ناوی دەنەین پاسکال، چونکە لە وەختێکی زۆر باشدا لە دایک بووبوو، بەر لە دەرچووونی یاسا تازەکە لە دایک بووبوو، بە گوێرەی یاسا تازەکە خوێن و نەژاد مەرجە بۆ بەفەرەنسی زانینی هەر کەسێک. حوریە ڕازی بوو، بەڵام حەزی دەکرد ناوی مەلیکەشی بۆ زیاد بکات چونکە ناوی دایکی بوو. بەو ئاوایە منداڵەکە ناونرا " پاسکال مەلیکە ". لە کاتی تۆمارکردنی ناوەکەی لە دایەرەی ناسنامەدا، حوریە دەیویست ناوی ڕاستەقینەی بابی منداڵەکە کە محەمەدی ناوبوو، لە ناسنامەکەیدا تۆمار بکات تا کچەکەی باب نادیار نەبێ. حەکیم هات تا منداڵەکە بدینێ، تەمەشای ئەو بوونەوەرە چکۆلە

سوورکەلەیەی کرد کە لە بێشکەیەکدا، لە تەنیشت حوریەوە خەوتبوو. گوتی: " ئەم منداڵە لە فەرەنسیان دەچێت."

حوریە لە ناکاوا، بە نیگەرانی گوتبووی: " باشە ئەگەر بمەوێ بۆ وڵاتی خۆم بگەڕێمەوە، ئەوانە منداڵەکەم لێ ناسەنن؟ " بە گوێرەی توانا دڵنەواییم کرد و گوتم: " کەس ناتوانێ لێتی بسەنێت، ئەمە منداڵی تۆیە و مافی کەسی تری بەسەرەوە نییە."

پێموایە ئەمە یەکەمجار بوو دەبوو بە خاوەنی شتێکی تایبەت بە خۆی، وێڕای ئەو هەموو زەحمەتەی کێشابووی و ئەو نیگەرانیە زۆرەی سەبارەت بە ئایندە هەی بوو، بەم بەشە خۆشحاڵ و بەختەوەر بوو.

هاتنی پاسکال مەلیکە، شەقامی جافلوی بە تەواوی گۆڕی. ئیدی زانیم کە هیچ شتێک وەکو جارانی لێنایەتەوە، کاروبارەکان باشتر دەبن.

حوریە بیر لە گەڕانەوە ناکاتەوە. نایەوێ بۆ وڵاتی خۆی بزڤڕێتەوە. نها، پاش ئەوەی منداڵەکەی بوو، هەستی دەکرد لە جاران بەهێزترە، لە شار و خەڵکەکە نەدەترسا. هەموو بەیانییەک منداڵەکەی لە شاڵێکەوە دەپێچا و دەچووە دەرەوە، سەرێکی باخەکانی دەدا، پیاسەیەکی شەقامەکانی دەکرد، یان سەرێکی ئاغای " یو " ی دۆستی دەدا. جا بۆ ئەوەی حوریە کارێکی دەست بکەوێ، من داوام لە پیاتریس کردبوو، کە ئەو لە جێگای من دابنێ. پیاتریس، بێشکەیەکی بۆ منداڵەکە کڕی و حوریە هەموو بەیانیەک دەچوو تا لەلای ئەو کار بکات، پیاتریس و مێردەکەی منداڵیان نەدەبوو. بۆیە بەبوونی ئەم منداڵە لە ماڵی خۆیاندا، خۆشحاڵ بوون. پاشان حوریە بەوە ڕاهات کە بۆ ماوەیەکی زۆرتر منداڵەکە لەوێ بەجێبێڵێ و بەخۆی بچێ بۆ بازاڕ کردن، یان دەوامی نەهێشتنی نەخوێندەواری. پاسکال مەلیکە ژوورێکی زۆر جوانی هەبوو، پیاتریس و شووەکەی مێزەکە و دۆڵابی کتێبەکانیان لابردبوو، ژوورەکەیان بە ڕەنگی پەمەیی بۆیە کردبوو، زۆر کپ و هێدی بوو، ڕوناک و هەتاوگیر بوو. حوریە کە شەوان بۆ ژێرزەمینەکەی شەقامی جافلو دەزڤڕییەوە، منداڵەکە دەگریا و خەوی لێنەدەکەوت. پیاتریس و مێردەکەی بە حوریەیان نەگوتبوو، بەڵام وابزانم لە هەوەڵەوە بەتەمای ئەوە بوون پاسکال مەلیکە بۆ خۆیان هەڵگرنەوە، بیکەن بە منداڵی خۆیان.

**

دووبارە سیمون– م بینییەوە. شەوێک چووم بۆ میترۆی ریومور سیپاستوبول. دەتگوت ساڵانێکە بۆ ئەوێندەر نەچووم. وەختایەک لە دوورەوە دەنگی تەپڵەکانم لە ڕاڕەوەکانی میترۆکەدا بیست، ئازام هاتە جۆش، ئیدی زانیم چەند تامەزرۆی ئەم هەرا و بەزمەم. بە لە دایکبوونی منداڵەکە بە تەواوی گۆڕابووم، بگرە پیر بووبووم. وەکو ئەوە بوو ئێستا لەو جم و جوڵانە، لەو چالاکیانە، لەو مانا پەنهانەی کە لە پشت ئەو موسیقایەوە بوو، حاڵی ببم.

سازڤانەکان، لە دوو ڕیانی ڕاڕەوەکانی میترۆکە ڕۆنیشتبوون و لە تەپڵەکانیان دەدا. هەندێکیانم، بە تایبەتی نەنتیلیەکان و ئەفریقاییەکانم دەناسییەوە، هەندێکی دیکەیانم لە ژیانما نەبینی بوو، گەنجێکی قژ درێژی، ڕەنگ زافەرانیان تێدابوو، وابزانم خەڵکی سان دومینیکان بوو. سیمون گۆرانی نەدەگوت، دانیشتبوو و پشتی بە دیوارەکەوە دابوو. عەینەکێکی ڕەشی گەورەی لە چاوا بوو کە هەموو ڕوخساری گرتبووەوە. لەلایەوە ڕۆنیشتم، کە ناسیمەوە، بزەیەکی بۆ کردم، لێ سەیرم کرد گۆنای ڕاستی ئاوساوە.

-چما وات لێهاتووه؟

سیمون شانەکانی هەڵتەکاند، بەرسڤی نەدامەوە. دەنگی مۆسیقای جامبی و تەپڵی جون جون بە ئارامی، زۆر بە هێواشی دەهاتە گوێ، ئەم مۆسیقایە لە ژێرزەمینەکەدا شەپۆلی دەدا و تا ئەوپەڕی دنیا دەڕۆیی، تا موسیقای ئەوبەڕی ئوقیانووس وەکو سروود، وەکو ئاواز، وەکو زمان بێدار بکاتەوە. من تینوو و تامەزرۆی ئەو مۆسیقایە بووم، ئەو موسیقایە گەشکەی بە ڕۆحم دەدا. لە دەنگی ئەو بانگ بێژە دەچوو کە بە سەربانەکاندا دەهات و دەگەییە ناو حەوشەکەی لالە ئەسما، لە دەنگی پێشینیانی من دەچوو لە وڵاتی بنەماڵەی هیلال.

لە پڕێکا خەبەری هاتنی پۆلیس بڵاو بووەوە، ئیدی تەپڵ کوت و تەمەشاڤانان هەموو بلەز بڵاوەیان لێکرد و ئیدی خۆم بەتەنیا لە گەڵ سیموندا بینییەوە، ڕێک وەکو ئەو کەڕەتەی کە لەگەڵ ئەودا چووبووم بۆ ماڵی ئەو. بەڵام بە ڕاوێژێکی شپرزە و نیگەران پرسی: -لەیلا، دەتوانم ئەمشەو بێم بۆ ماڵی تۆ؟

لەو شەوەوە کە مارتیناڵ لە بەر دەرگای گەراجەکە دابنابووم، بە شوێنەکەمی دەزانی. لێم نەپرسی بۆچی. بە پێیان و بەبەر نەرمە باراندا شەقامەکانی پاریس– مان تەی کرد و بۆ ماڵ چووینەوە.

دوو ڕۆژ لەنک مە مایەوە، لەسەر ئەو دۆشەکە خەوت کە نونو هێنابووی، ناوبەناو تۆزێ کۆلای دەخواردەوە و دووبارە دەنووستەوە. ئیدی خۆی کردبوو بە عەماری دەرمانی ئارامبەخش. شتێکی کەمی بۆ گێڕامەوە. مارتیناڵی کەپڵی شێت بووبوو، بە خیانەت تۆمەتباری کردبوو، لێی دابوو و لە گەڵ یەک دوو دۆستیدا دەست درێژی سێکسییان کردبووە سەری. سیمون نەیویستبوو لەلای پۆلیس سکاڵا بکات. دەیگوت کارێکی بێفایدەیە، دەیگوت دکتۆر جوایو، پیاوێکی دەسترۆیە، لە هەموو جێیەک دۆست و بناژۆی هەیە، لە خەستەخانەی گەورەی شار کار دەکات و کەس باوەڕ بە قسەکانی سیمون ناکات.

شەوێک دکتۆر هات بە دوای سیمون دا. گوێم لە دەنگی ئوتومبیلەکەی بوو کە لە پشت دەرگای گەراجەکەوە وەستا. نازانم چۆنی زانی بوو کە سیمون لەلای من خۆی پەنا داوە. لە هەموو شوێنێ سیخوڕی هەبوو. هیچ قەرقەشە و بەزمێکی نەنایەوە، بە ئەسپایی لە دەرگای دیواری حەریقەکەی دا، بەدەم خەوەوە گوێم لە دەنگێکی سووک بوو. کە گڵۆپەکەم پێکرد، بینیم سیمون حایر و حەپەساو لە سەر جێگاکەی دانیشتووە، هەردوو چاوی ئەبڵەق بووبوون وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ئەو بێ. دکتۆر بە زمانی کریول، بە نەرم و نیانی مجامەلەی دەکرد. بە سیمون– م گوت:- دەتەوێ پێی بڵێم بڕوات؟

نیگای غەریب، ئەفسووناوی، ترساو بوو. تەمەشای گۆنا هەڵماساوەکەی و ئەو خوێنەم دەکرد کە بەسەر برۆیەوە وشک بووبووەوە، هەستم بە تووڕەیی و شەرمەزاری دەکرد.

-گوێی لێ مەگرە، بەرسڤی مەدەوە. خۆی ماندوو دەبێ و دەڕوات.

لێ وەسوەسە و مەیلی دەروونی بەسەریا زاڵ بوو، ئیدی سیمون لە درزی دەرگاکەوە لە گەڵیا کەوتە چپەدوو. بۆیە بە ئەسپایی قسەی دەکرد تا منداڵەکە خەبەری نەبێتەوە. هەوەڵجار بە فەرەنسی و پاشان بە زمانی کریول جنێوی دەدا.

ئەنجام دەرگاکەی کردەوە، ئوتومبیلە مارسیدسەکە، لە تاریکیەکەدا وەستابوو، لایتەکانی کوژاندبووەوە، جگە لە هاژەی هەواکێشەکانی دەوروبەر هیچ دەنگێکی دی نەدەهات. بەدرێژایی شەوەکە هەر قسەیان کرد. لە ناکاوا خەبەرم بووەوە، سەرمام بوو، بایەکی سارد لە درزی دەرگا نیمچە کراوەکەوە دەهاتە ژوورەوە، مارسیدسەکە وەستابوو، هەموو لایتەکانی کوژابووەوە و سیمون و هاورێکەی لە سەر کوشنەکەی دواوە ڕۆنیشتبوون و بەردەوام قسەیان دەکرد.

دەمەوبەیان سیمون بێئەوەی چ قسەیەک دەگەڵ مندا بکات لە گەڵ ئەودا ڕۆیی. سەرم لەوە دەرنەدەکرد، چۆن ژنێکی وەکو ئەو دەتوانێ بەم ڕادەیە وابەستەی پیاوێکی وەهابێت.

ئیدی کردم بە عادەت، هەموو ئەو پاش نیوەڕوانانەی کە مارتینال جوایو لە ماڵ نەبوایە، دەچووم بۆ ماڵی سیمون تا فێری موزیک و گۆرانی ببم. تەقریبەن هەموو ڕۆژەکەی بێئەوەی لە جێی خۆی ببزوێ، بە تاقی تەنیا لە ماڵە بچووکە پەنجەرە داخراوەکە یا لە گەڕەکی ئوکای بەسەر دەبرد. بە مۆم و شەمالکێن داگیرساو لە ژوورێکی نهومی ژێرەوە، سێ گۆشەیەکی گەورەی دروست دەکرد، ئیدی حەزی لە هەرچییەک کردبا لە ناوەڕاستیا دایدەنا، میوەی جۆراوجۆر، مانگۆ، ئەناناس، بابایا. زاتم نەدەکرد لێی بپرسم چما ئەم کارانە دەکات و هیچم لێی نەدەپرسی، لەبەر ئەوە زۆری خۆش دەویستم. ئەهلی جادوو و سیحربازی بوو، مادەی هۆشبەریشی بەکار دێنا. زۆرجار بە پایپێکی سیرامیکی ڕەشی بچووک کراک– ی دەکێشا. جوان بوو؛ چاوە درشتە میسرییەکانی، هەنیە زەقەکەی وەکو مەڕمەڕی ڕەش دەدرەوشایەوە.

پیانۆ ئەلیکترۆنیەکەی بە دوو بڵندگۆوە بەسترابوو، دەنگەکەی بە تەواوەتی کز دەکرد، بەڵام بە ڕادەیەک کە بتوانم گوێم لێی بێت، ئامۆژگاری دەکردم، لەبەر ئەوەی گوێم گرانە خۆم فێری موزیک بکەم، قەناعەتی وابوو هەموو گەورە موزیکڤانەکان کێشەیەکیان هەبووە، یان کەڕ بوون یان نابینا یان برێک گێژ و وێژ بوون.

دکتۆر جوایو بە ڕۆژەوە بۆ ماڵ نەدەهاتەوە هەموو کاتی خۆی لە سالباترییر، دەگەڵ شێتەکاندا بەسەر دەبرد. بەخۆیشی شێت بوو. بەو کارانەی کە سیمون بە مۆم و نەزر و نیاز دەیکرد، ئاسوودە نەبوو. ئەگەر ئەو شتانەی دیتبا تووڕە دەبوو، دەیکرد بە شەڕ. لێ سیمون، پێش ئەوەی ئەو بێتەوە، مۆم و بخوردەکانی دەپێچایەوە، فەرش و مێز و کورسیەکانی، لە جێی خۆیان دادەنایەوە.

ڕژد بوو لە سەر ئەوەی فێری گۆرانیم بکات. بە چوارمشقی لەلایەوە لە سەر ئەرزەکە دادەنیشتم، سیمون کراسە درێژەکەی وەکو پەڕەی گوڵێکی سوور لە سەر ئەژنۆکانی کۆ دەکردەوە. بە دەستی چەپی قامکی بە دوگمەکاندا دێنا، ئەو دەستە گەورە و سووکانەی سێ، چوار، پێنج کەڕەت بە سەر ئاوازەکاندا دێنا، ئەوسا نۆرەی من دەهات کە گۆرانی بڵێم. بۆیە بەدەستی چەپ دەیژەند، تا بە گوێیە ساغەکەم گوێم لێی بێت. من هیچم پێی نەگوتبوو، بەڵام دەیزانی کە من نیمچە کەڕم. سەیر بوو ئەوەی بەبیرا هاتبوو کە من فێری موزیک بکات، وەکو ئەوە بوو ناخی منی خوێندبێتەوە، بۆی دەرکەوتبێ کە من بەو ئاواتەوە دەژیام.

دوا نیوەڕوانێکی زۆرمان پێکەوە لە ماڵەکەی شەقامی بوت ئوکای دا، بەدەم مەشق و ڕاهێنانی موزیکەوە گوزەراند، چامان دەخواردەوە، سیغارمان دەکێشا و دەمەتەقێمان دەکرد. لە خوت و خۆڕایی پێدەکەنین. هەستم دەکرد هەرگیز دۆستێکی وەکو سیمونم نەبووە. سەردەمانی ئەوسای میوانخانەکەم بیردەکەوتەوە، ئەو ڕۆژگارەی دەگەڵ دۆتمیرەکاندا بووم، سەمام بۆ دەکردن، دەگەڵ خۆدا بۆ حەمام یان کازینۆ و کافەکانی

ڕەخی دەریایان دەبردم، سیمون هەموو خەسڵەتەکانی دۆتمیری تیابوو. بەڵام ڕازێکی خەماوی لە دڵی خۆیا حەشار دابوو، کە بە باشی پەیم پێنەدەبرد، بەشێکی ژیانی شاراوە بوو، شتێک بوو لە بابەتی شێتایەتی.

فێری کۆمەڵێک گۆرانی کردم لە سەر ڕیتم و ئاوازی موسیقای جیمی هندریکس، لەوانە: گۆرانی سووتان لە چرای نیوەشەودا، فاکسی لیدی، تۆزی ئەرخەوانی، هۆڵی ئاوێنە، خۆری ڤیانی تۆ. هەروەها فێری کۆمەڵێک گۆرانی دیکەی کردم لە سەر ڕیتم و ئاوازی نینا سیمون لەوانە: ڕەنگی قژی ڤیانی حەقیقی من ڕەشە، ئەفسوونت دەکەم.

هەروەها هەندێ گۆرانی مودی واترز لەوانە: خانمی ڕازاوە، هەروەها هەندێ گۆرانی بیلی هالیدی. بەڵام من گۆرانیەکانم نەدەگوتەوە، بەڵکو تەنیا دەنگەکانم دووبارە دەکردەوە. ئەویش نەک هەربەدەم و گەرووم، بەڵکو لە قوڵایی دڵ و گیانمەوە. هەرکە چوار پێنج دەنگم دووبارە دەکردەوە، ئەوسا ڕایدەگرتم و پێی دووبارە و سێ بارە دەکردمەوە. قامکەکانی بەسەر کیبۆردی دوگمەکاندا سەمایان دەکرد، دەبوایە منیش هەمان شت دووبارە بکەمەوە. یان بە تووندی موزیکەکەی دەژەند و دەبوایە منیش فریای بکەوتمایە و دەنگەکەم بگوتبایەوە: " بابیلوبو، بابلولالی، لالیلالو..."

سیمون، هەندێجار باسی دورگەکەی دەکرد کە کەوتبووە ئەوپەڕی دنیاوە، باسی موزیکی دەکرد کە چۆن ڕوبار و دەریایان دەبڕێ و دەگاتە ئەو کۆنە هەوارەی ئابا و ئەژدادیان لێ فڕاندبوون و فرۆشتبوویانن. ناوی پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکانی دەبرد، کە وەکو وشە و پەیڤی گۆرانی لە گوێدا دەنگیان دەدایەوە: " ئیلبوو، موکو، تام، مندیکا، شامبا، گانا، کیومانتی، ئاشانتی، فون "، عەینی ناوی داک و باب و کەس و کارەکانم کە لە بیرم چووبوونەوە.

باسی هەژاری دەکرد ودەیگوت:- " پیاوانی هاییتی دڵڕەقترین پیاوانی دنیان. ڕەش پێست خیانەت لە ڕەش پێست دەکات، ڕێک وەکو زەمانی شا دیسالین. کە برسی دەبین تەنیا سکمان دەبینین."

باسی شەقامی سیزاری، لە پورتوپرنس، دەکرد، باسی ئەو دڵەی دەکرد کە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکیدا لێی دەدا، باسی روز کارول- ی دایکی دەکرد کە چۆن جاران گۆرانی فودوی دەگوت تا مردووەکان بگەڕێنێتەوە. تەپڵی لێدەدا، بەدەم تەپڵ لێدانەوە چاوی دەبڕییە سێ گۆشەیەکی گەورەی ناو حەوشەی ماڵەکەی، عەینی ئەو سێ گۆشەیەی کە سیمون بە مۆمەکانی دروستی دەکرد. دەیگێڕایەوە کە بەدەم حیکایەتەوە گۆرانی دەگوت، بە زمانی تەپڵ قسەی دەکرد، دەیبینی کە ڕۆحەکان بە جادەکەدا بۆ ئێرە، بۆ ناو حەوشەکەی ئەو دەهاتن. ناوی روحەکانی دێنا و ناوی ڕووەکان؛ میوەی روحی ڕاستەقینە، درەختی پاپایا و درەختی زەبەلاحی ڕۆژگار کە سێبەرە تاریکەکەی هەموو دورگەکەی دادەپۆشی. گوێم لێی دەگرت، شتەکانی ئەوەندە جوان بوون، خەو دایدەگرتم. لەبەر من دەکەوتە ساز ژەندن، هەمان ئاوازی هەمیشەیی بۆ لێدەدامەوە، یان بەسەری قامکان لە تەپڵە جۆراوجۆرەکانی دەدا، تەپڵی چی دەتگوت قسە دەکات. دەنگی تەپڵەکە، وەکو دەنگی تەپڵەکانی ناو ڕاڕەوەکانی ریومور سیپاستوبول، لە ناخما بەرز دەبووەوە، مەستی دەکردم، ڕێک دەبووم بەو ئەژدیها سەماکەرەی لەبەردەم ڕاهێنەرەکەیدا، وەکو دەروێشان، حاڵی لێدێ و دەرەقسێ، بەدەوری خۆما دەخولێمەوە تا سەرەگێژکەم پێدەکەوێت.

له قسان دەکەوین. ئەو له نێو کراسە دەڵبەکەیدا دادەنیشت، بەدەم موزیک ژەنینەوە خۆی بادەدات و گۆرانیەکی ئەفریقایی دەچرێت، که لەوبەری دەریا دەنگدەداتەوە، منیش جووڵه و وشەکانی ئەو، جووڵەی چاو و دەستەکانی دووبارە دەکەمەوە، بێئەوەی بەخۆ بزانم هێزێکی موگناتیسی بەرەو ئەو کێشی دەکردم.

لەسەر ئەو حاڵه بەردەوام دەبوو، تا مۆمەکانی دەتوانەوە و دەکوژانەوە. که مۆمەکان تروسکاییان لێدەبڕا، ئێمەش له پەل و پۆ دەکەوتین. ئیدی له سەر بالیفه پەراگەندەکانی دەوروبەرمان و له ناو جەرگەی دووکەڵدا لاڵ و پاڵ لێی دەکەوتین. خەڵکی له دەرێی ئێرەدا، له جم و جووڵدا بوون، میترۆ، قیتار، ئوتومبیلان، بەشەران وەکو مێروانی خرۆشاو لەزبلەز دێن و دەچن، خەڵکی شت دەکڕن ودەفرۆشن، زاوزێ دەکەن، زۆر دەبن، توڕەدەبن، وەبەرهێنان دەکەن. لەم حاڵەدا من هەموو شتێکم فەرامۆش دەکرد، حوریه، پاسکال مەلیکه، پیاتریس و ریمون، ماری ئالین، نونو، خاتوو مایر و خانم فرومیجا، هەر هەموو ئەمانه دادەخزین و تێدەپەڕین. تاقه وێنەیەک که دەهات و له خۆیا نقومی دەکردم ڕوباری مەزنی سینگال، ڕێژاوی ڕوباری فالیمیه بوو، خەرەندی لەوەڕگاکانی خاکی سووری وڵاتەکەی حاجی بوو. موزیقاکەی سیمون بۆ ئەوێندەری دەبردم.

**

شەوێک مارتینال جوایو ، له جاران زووتر بۆ ماڵ هاتەوە. دەرگای هۆڵەکەی کردەوە، بۆ ساتێک له بەر دەرگاکه وەستا و تەمەشای ژوورەوەی کرد. دنیا له دەرەوە تاریک بوو. مۆمەکان له کوژانەوەدا بوون، به حاڵ تروسکاییان تیا مابوو. هەستم دەکرد دکتۆر چاو به تاریکیەکەدا دەگێرێت. هیچی نەگوت. خۆی به تەپڵەکانی سیموندا کێشا و به هۆڵەکەدا تێپەڕی و یەکڕاست بۆ حەمام ڕۆیی. دیاربوو زۆر تووڕە بوو، بۆیه بەو بێدەنگیه بەناو هۆڵه جەنجاڵەکەدا تێپەڕی. سیمون، هەڵیساندم و بەرەو دەرگاکه دەڵەکی دام:- برۆ، تکایه برۆ.

تەواو ترسابوو. پێمگوت:- تۆش وەرە، لێره مەمێنەوە.

دڵنیابووم ئەگەر بیتوانیبا لەگەڵ مندا بێت، ئازاد دەبوو، بەڵام ئەو بیری لەمه نەکردبووەوە. تۆزێ پارەی دامێ و گوتی:- برۆ، تەکسیەک بگره و بڕۆرەوە، دنیا سارده.

نازانم چما لەو کاتەدا وام وێنا دەکرد که ئیدی هەرگیز نایبینمەوە. نەیدەتوانی بڕیار له چارەنووسی خۆی بدات، بۆیه کۆیله بوو. ئەگەر توانیبای بۆ تاقه جارێک بڕیار بدات، ئیدی ترسی دەشکا، نه له مارتینال دەترسا و نه له تەنیا باڵی خۆی، نه پێویستی به جادوو و خورافات دەبوو، نه به دەرمانی ئارامبەخش، ئەگەر یەکجار بڕیاری بدابایه، هەنووکه حوری نەفسی خۆی دەبوو، ئازادی ئازاد دەبوو.

**

وەزع و حاڵی حاجیش باش نەبوو، ئەم سەربازه دێرینه له زستان دەترسا. که هەندێجار دەرفەتم بۆ دەڕەخسا، به قیتار یان پاس بۆ کورکورون و شەقامی فیلابیه دەچووم. گوند بەستبووی، شەختە و زقوم، هەڵدێرەکانی داپۆشی بوو. قەل و داڵ بەناو مەزراکاندا دەسوڕانەوە. حاجی، له شوقه بچووکەکەی تاوەری ( ب )دا و له بەردەم پەنجەرەکەدا دادەنیشت، بلوزێکی دەڵب و گەورەی بەسەر کراسه شینەکەیدا لەبەر کردبوو، شەو کڵاوێکی ئەستەڕ چەرمی له سەر دەکرد. خەونی به ڕوبارێکی مەزنەوە دەبینی، که به ئارامی بەناو جەرگەی بیاباندا تێدەپەڕی؛ ڕوبارێ که به شەویش دەدرەوشێتەوە. زیاتر لەبەر ئەمه دەچووم بۆ سەردانی

حاجی تا باسی ڕووبارەکەم بۆ بکات. هەڵبەتە باسی ڕۆخانەی فالیمیە و شارێن مەدین، ماتام و گوندی یامبا؛ گوندەکەی خۆشی دەکرد. بەجۆرێ باسی دەکردن، وەکو ئەوەی، بەسواری بەلەمێک دەگەڵ ژنان و منداڵاندا، بەسەر دەریاوە بڕوات و تەمەشای ماڵەکانی کەناری ڕووبارەکە و، پەروازی نەورەس و کەڵکان بکات. بۆ یەکەمجار باسی مریەمی نەوەی بۆ کردم. مریەم خوشکی حەکیم بوو، کە لەوێ مردبوو؛ هاوینێک چووبوو بۆ دیدەنی دایکی و لەوێ مردبوو. لە وەرزە بارانێکی دەڤەرەکەدا، تووشی لوکیمیا دەبێت، سەرما کاری تێدەکات، ڕۆژبەڕۆژ کەسیرەتر دەبێت و ئاقیبەت دەیکوژێت. حاجی وێنەکانی نیشان نەدام. ئەم کارە هیچ دەردێکی ئەوی دەرمان نەدەکرد. تەنیا دەفتەری قوتابخانەکەی نیشاندام، چونکە زۆر دڵی بە نمرەکانی خۆشبوو. مریەم لە دوا ساڵی ئامادەیی سان لویس بوو.

هەندێجار لە بیری دەچووەوە کە مریەم مردووە. بەجۆرێ قسەی دەگەڵ مندا دەکرد وەکو خودی ئەو بم، مریەمێکی تازە بم. دڵی زۆر شکابوو، لە ئێسکێکی شکاو دەچوو کە قەت لە ئازار نەدەکەوت، هەرگیز بە عەزرەتی ئەوەوە نەبوو کە بۆ ئەوێندەر بگەڕێتەوە. " هەموو شتێکیان وێران کردووە، هەموو جێیەکیان کردووە بە ڕێگاوبان، بە پرد، بە فڕۆکەخانە و پاشەڵی هەموو بەلەمە دارینەکانیان شکاندووە و ماتۆڕیان لێبەستووە. پیرەمێرێکی وەکو من لەوێ چ بکات؟ بەڵام هەر کاتێ مردم، دەمەوێ جەندەکەکەم بۆ زاگەی خۆم ببەیتەوە، تا لە پاڵ داک و بابمدا، لە گوندی بامبا و لە ڕەخی ڕووباری فالیمیە بە خاکم بسپێریت. لەوێندەر لە دایک بووم و دەبێ بۆ ئەوێندەر بگەڕێمەوە."

بەڵێنم دەدایێ کە پێکەوە بۆ ئەوێ دەگەڕێینەوە، هەرچەندە دەمزانی ئەمە زیاتر خەیاڵ پڵاوە. هەڵبەتە منیش گۆڕستانێکم هەبوو و حەزم دەکرد لەوێ بە خاکم بسپێرن.

هەندێجار باسی ئەو شتانەی دەکرد کە لە عەرەبستانی سعودیە دیتبوونی، چۆن بەردە ڕەشەکەی جبرائیلی ماچ کردبوو. ئاوی زەمزەمی لە دەبەیەکی پلاستیک کردبوو و لە گەڵ خۆیدا هێنابوویەوە، چۆن چووبووە سەر کێوی عەرەفات، کە چۆن بای بیابان چاوی ڕێبوارانی دەسووتاندەوە. ڕووی بۆ لای پەنجەرەکە وەرگێڕا، منیش دیواری سپی بیناکانی دەوروبەرم دەبینی، دەنگی سروودی نیشتمانی لە جێیەکەوە، کە زۆر دوور نەبوو دەهاتە گوێ، لەو دوڕگەیەوە دەهات کە قەرەجەکان لەوێ لایان دابوو. لێ ئیدی حاجی هۆشی لای من نەبوو، لە جێیەکی دی بوو، لەگەڵ خەون و خەیاڵەکانی خۆیدا بوو. تا شەوێ لەلای حاجی مامەوە. چام بۆ ئامادە کرد، قاپەکانم بۆ شت، ماڵەکەم ڕێکخست. دەتگوت دڵم خەبەری داوە کە چیتر نای بینمەوە. ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە لالە ئەسما کەوت و دڵم خەبەری دا کە ئیدی نایبینمەوە.

زستان بەرەو کۆتایی دەچوو. هەمیشە هەستی بە سەرما دەکرد. حەکیم هیتەرێکی کارەبایی بۆ کڕی کە شەو و ڕۆژ کاری دەکرد، ژووره چکۆلەکەی حاجی هێندە گەرم بوو، کە ئاو بە شووشەی پەنجەرەکەیدا دادەچۆڕا. هەندێجار کۆکە لە کاتی قسەکردنا ئەمانی نەدەدا، ئیدی بەدەم کۆکەی توندەوە، سینگی دەکەوتە خیزە خیز، زۆرم خەفەت بۆ دەخوارد. حەکیم پێی گوتم نەخۆشی تەنگە نەفەسی لەگەڵە. بەڵام من پێم وابوو، سەرما و با و باران و هەتاو تەنگیان پێ هەڵدەچنی.

کە هەستم دەکرد زۆر ماندووە، دەڕۆیشتم. دەستیم ماچ دەکرد، ئەویش بۆ ساتێک دەستی دەنایە سەر هەنیەم، ئەوسا دەیهێنایە خوارەوە بۆ سەر چاوەکانم، بۆ سەر کەپووم، بۆ سەر گۆنا و لێوەکانم. دەیگوت: " خواحافیز کچەکەم. " وەکو ئەوەی بەڕاستی من مریەم بم. پێدەچوو لە بیری چووبێ کە من مریەم نیم. هێندە

چووبووم بۆ لای و گوێم لە قسەکانی گرتبوو کە چۆن لە ڕەخی ڕوباری گوندەکەی زاگەی خۆیدا ژیاوە، پێدەچوو لێی بووبم بە مریەم. وام لێهاتبوو، تەنانەت خۆیشم نەمدەزانی من کێم.

کە دەچووم بۆ کورکورون، بە دورگە و گراڤی قەرەجاندا دەڕۆیشتم، بۆ ماوەیەکی کەم لامدەدا تا خوانیکو بدینم. شەوێک هات بۆلام، پێدەچوو چاوەڕوانی من بکات. ڕەوشێکی غەریبی هەبوو. داوای جگەرەیەکی لێکردم. بە دەنگێکی کەمێک گیراوەوە گوتی:- برونا، یەکێک لە منداڵەکانی دەفرۆشێت.

کە زانی لە مەبەستەکەی حاڵی نەبووم، بە بێتاقەتیەوە دووبارەی کردەوە:- بەڕاستیمە، برونا منداڵەکەی دەفرۆشێت.

دنیا شەو بوو. عامودێن کارەبای ڕەخی جادەکە وەکو ستێرانی زەرد، سەرانسەری جادەکەیان ڕوناک دەکردەوە، لەو نزیکانەدا، لەو دیوی سەکۆیە چیمەنتۆییەکەوە، بینای سوپەر مارکێتێک وەکو کۆشکێکی ئەفسانەیی دەدرەوشایەوە.

دڵم بە تووندی کەوتە پەلەپەل. دوای خوانیکو کەوتم، بە ڕێگەی ئەو سەگانەدا دەڕۆیشتم کە یەکسەر بۆ ئوردوگای قەرەجان دەڕۆیی. بلەز دەڕۆیشتم. لە مەبەستەکەی خوانیکو حاڵی نەبووم، وام هەستدەکرد ئەمە چیرۆک و سەربهوردی خودی منە کە ئەو دەیگێڕێتەوە، کاتێ خەڵکانێکی نادیار منیان لە توورەکەیەک ناوە و و خەڵکانێک بردوویانم و ئیدی دەستاودەست فرۆشتوویانم، تا لە ماڵی لالە ئەسماوە سەرم دەرهێناوە.

خوانیکو بۆ کوختەیەکی دارینی بردم کە سەرەکەی بە چینکو گیرابوو، لە تەنیشت لۆریەکی سپییەوە بوو. چەند منداڵێکی تیابوو، ڕوناکی چرایەکی غازی کە لە ئەرزەکە دانرابوو لە ڕوخساریانی دەدا. دەوروبەری کوختەکە هەر زڕ و زبڵ و کارتۆنە دڕاو و قوتووی ژەنگن بوو. منداڵێکی شەل لەوێ بوو، خەڵکانێک لەناو گالیسکەیەک دا بوون، پیاوان و ژنانێک نانیان دەخوارد، دەنگی تەلەفزیون دەهاتە گوێ، سەگانێک بە زەنجیر بەسترابوونەوە، تووکەکەیان زەرد، وەکو سوژن ڕەپ ڕاوەستابوو. خوانیکو دەرگای کوختەکەی کردەوە.

برونا، لە سەر تەختێکی سەفەری شەق و شڕ، لە سەر دۆشەکێکی نایلۆن کە لە هەر چوار لاوە بەرز بووبووەوە دانیشتبوو، دوو منداڵی لەلاوە بوو، کچۆڵەیەک کە تەمەنی شەش ساڵێک دەبوو لە گەڵ کوڕێژگەیەکدا کە تەمەنی نزیکەی دوازدە ساڵێک دەبوو. نیگای زیتەڵ و تیژ بوو، بە ڕۆمانیایی قسەیان دەکرد. خوانیکو کەوتە پرسیار لە ژنەکە. ڕوخساری ژنەکە لاواز بوو، قژ زەردێکی مسین بوو، چاوەکانی زۆر سەوز بوون، زیت عەینی چاوی حەیوان. گوێی لە قسەکانی خوانیکو دەگرت و نیگای لە نێوان من و ئەودا دەهات و دەچوو، وەکو ئەوەی بیەوێ بچێتە بنج و بناوانی مەسەلەکە. پاشان ژنەی تاین هەستا، چوو پەردەکەی لادا. عەرەبانەیەکی ڕەشی منداڵان بەدیار کەوت، منداڵێکی تیا نوستبوو. خوانیکو گوتی: " کچە " ئەوسا لە بن لێوانەوە گوتی: " بە برونام گوتووە کە تۆ خەڵکی دەوڵەمەند دەناسیت، دکتۆران و پارێزەران، دەنا مەحاڵ بوو منداڵەکەی بە تۆ نیشان بدات." نەمدەزانی چ وەڵامێک بدەمەوە. تەمەشای منداڵەکەم دەکرد کە لە غورابی خەودا بوو، ئەوەندەی شت پێدا درابوو، تەقریبەن دیار نەبوو. پرسیم: " ناوی چییە؟"

برونا سەرێکی لەقاند، ڕوخساری زۆر جدی و توورە بوو. دوای بێدەنگیەکی زۆر خوانیکو هەڵیدایە: " ناوی نییە، ئەوانەی دەیکڕن ناوی لێدەنەن. "

لێ کە لە ماڵەکە وەدەرکەوتین، خوانیکو بە ڕاوێژێکی نەوی گوتی:

-دەزانی، ڕاستم نەکرد، منداڵەکە ناوی هەیە. ناوی ماجیدەیە.

یەکسەر پیاتریسی ڕۆژنامەڤانم بیرکەوتەوە کە سەبارەت بە کچەکەی حوریە گوتبووی ئەگەر دایکی ناتوانێ بەخێوی بکات من ئامادەم هەڵی بگرمەوە و بیکەم بە منداڵی خۆم. بە خوانیکوم گوت:

-گوێ بگرە، ئەگەر ئەم ژنە بەڕاستی دەیەوێ کچەکەی بفرۆشێ من یەکێک دەناسم ئامادەیە بیکڕێت.

بەدەم ئەو قسەیەوە، گریان لە ئەوکم گیرا، چونکە بیرم لەوە دەکردەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەو کاتەدا کە من دزراوم، کەسێک هەمان ئەو قسەیەی سەبارەت بە منیش کردووە، ڕەنگە لالە ئەسماش هەمان قسەی کردبێ: " من ئامادەم بیکڕم. " کەش و هەوای ئەو شەوە زۆر ناخۆش بوو، ئوتومبیلان بە گڤ و هوڕ، وەکو هاڕە و هاژەی ڕوباری خرۆشاو، بەملا و بەولای گراڤی قەرەجاندا دەبوورین. خوانیکو تا وێستگەی پاسەکان لە گەڵمدا هات و ئیدی لەوێندەرەوە بۆ پاریس زڤڕیمەوە.

(( ١١ ))

حاجی دوای سێ ڕۆژان مرد. حەکیم لە ڕێگەی دۆستێکەوە ئەو هەواڵەی دامێ. پێوەبووم بەنیازی پەیگیری وانەی فەلسەفە بۆ گازینوی دیزیسبیرانس بچم کە ئەو هەواڵەم پێگەیشت. ئیدی یەکڕاست سواری قیتار بووم و بەرەو کورکورون وەڕێکەوتم. کەش و هەوا ناخۆش و غەمگین، هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، دەتگوت ڕۆژگار لە جێی خۆی وەستابوو، ڕادیو باسی ئەگەری بەفر بارینی دەکرد.

دەرگای شوقەکە نیمچە کراوە بوو. بە هێمنی وەژوور کەوتم، وەکو ئەوە بوو هێشتا هەر لەوێ بێ و من نەمدەویست لە ناکاوا غافڵگیری بکەم و ڕای بچڵەکێنم. مووبەقەکە، کە ئەو عادەتی وابوو زۆربەی کاتی خۆی لەوێندەر بگوزەرێنێ، خاڵی بوو، پەردەکانی ژوورەکەی تا نیوە دادرابوونەوە. حەکیمم لە پشتەوە بینی کە بەدیار تەختەکەوە وەستابوو، پاشان هەندێ خەڵکی دیکەم بینی کە نەمدەناسین، دیار بوو دراوسێی بوون. کۆمەڵێک پیاوی دان عەمر و ژنێکی درێژی بەخۆوە بوون وام مەزەندە دەکرد دایکی حەکیم بێت، بەڵام زۆر گەنج بوو، سەر و سیمای لە عەرەب دەچوو، پێستی سپی و قژی لوول و بە خەنە بوو. پێدەچوو پاککەرەوەی ژوورەکە یان دەرگاوانی بنیاکە بێ. حاجی، بە جلەکانیەوە لە سەر تەختەکە ڕاکشابوو. وەکو هەمیشە هەمان کراسە درێژ و بێ یەخەکەی لەبەر بوو، هەمان پانتۆڵە قاوەییە ئوتوکراوەکەی لەپێدا بوو. تەنانەت پێڵاوە ئەستوورە ڕەشە بۆیاخ کراوەکەشی لە پێدا بوو، دەتگوت خۆی بۆ سەفەر ئامادە کردبوو. هەرگیز بەو دەقەوە نەمبینی بوو. ڕوخساری وەکو مستێکی داخراو هاتبووەوە یەک.پێڵوەکانی هاتبوونەوە یەک، دەمی، تەنانەت کەپوویشی گرژ بووبوونەوە و خەم و ئازاریان پێوە دیاربوو. بیرم لەو شتانە دەکردەوە کە دەربارەی ڕوباری سینگال، دەربارەی گوندەکەی خۆی، یامبا و دەربارەی ڕوباری فالیمیە و هەموو ئەو شتانەی کە دەیگێڕانەوە، ئیدی دوور لە هەموو ئەو شتانەی کە خۆشی دەویستن و بە تاقی تەنیا لە ژوورەکەی خۆی، لە نهۆمی چوارەمی بورجی ( ب ) لە کۆمەڵگەی ڕۆنیشڤانی فیلابیەدا مرد.

ئێستا کەس هیچی نەدەگوت. حەکیم بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە من دەستم بە هەنیەی باپیرەیدا دێنا، کە هەمووی یەک چرکە بوو، تەمەشای منی دەکرد، ئەو ماوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی سەری قامکەکانم هەست بە ساردی گیانی بکەن. دنیا کڕ و کپ و بێدەنگ بوو. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد دەنگێک هەبوایە وەکو ئەو دەنگانەی لە فیلمەوە دەبیسترێ، یان دەنگێک وەکو شین و شەپۆڕی خەمناکی ژنان. یان وەکو ژاوە ژاوی ئەو پیاوانەی

لە پرسەی مردوودا قاوە دەخۆنەوە یان وەکو دەنگی ئەو مەسیحیانەی لە بن لێوانەوە دوعا دەخوێنن. یان سەگێک لە حەوشێکا بوەڕێ، یان دەنگی خەمناکی زەنگێک بهاتبایە. بەڵام هیچ دەنگێک نەبوو. تەنیا ناوبەناو دەنگی تەلەفزیونێک لە بڵندایی ئاپارتمانەکەوە دەهات. میوانەکان بە خەمباری و لە کاتێکا نیگایان لە من دەدزییەوە دەڕۆیشتن. حەزم دەکرد تەپڵ ژەنەکانی میترۆ هەموو لێرەبان و بێ وچان تەپڵیان لێدابا و دەنگی ڕیتم و موسیقای وان وەکو هەورە گرمە لە نێو لێرەوارەکانەوە، بە درێژایی ڕوبارەکاندا بهاتبایەتە گوێ و سیمون بە دەنگە بەرزەکەی گۆرانی بگوتبایە. ژنە کەتە قژ بە خەنەکە، بە ئەسپایی لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت. سەیرم کرد لە لالە ئەسما دەچێت. هەمان نیگای وێڵی ئەو کورت بینانەی هەبوو کە لە پشت عەینەکەکانیانەوە تەمەشا دەکەن. بەخۆیشم نازانم چما دەستیم گرت و بەرەو لای تەختە خەوەکەم برد: " تکایە، تۆزێکی دیکەش وەمێنە، جارێ مەڕۆ. " سەری لەقاند. بە دەنگێکی گڕ گوتی: " پیاوێکی میرەبان بوو. " بەجۆرێ ئەو قسەیەی کرد وەکو ئەوەی بیەوێ عوزرخوایی بکات. هێدی هێدی خۆی لە دەستم دەرباز کرد. دەستمی لە سەر دەستی خۆی لادا. جۆرە ترسێک بە چاوە سەوزەکانیەوە دیاربوو، هەستم دەکرد بیلبیلەکانی لە چاڵی چاوەکانیا مەلە دەکەن.

ئەنجام حەکیم بە هانامەوە هات و ئەوی لە دەستم دەرباز کرد.هەر دوو شانی توونـد گرتم، وەکو چۆن شێتێکی هیستریک بەرهەق دەکەن. حەکیم برام بوو و من مریەم. هەستم بە قامکە پیرەکانی حاجی بەسەر چاو و گۆناکانم و لێوەکانمەوە دەکرد. هەناسەم تەنگ بووبوو. دەتگوت شتێک لە دەروونما، لە سینگمدا کەڵەکە دەبێت و ئەوکم دەگرێت. " بەڕاستی باپیرەم بوو. دەی ئێستا چم بەسەر دەهات؟ " بەدەم ورتە ورتی پچڕپچڕەوە، گریان لە ئەوکم گیرابوو. حەکیم وایدەزانی دەگریم. بەڵام گریانێک لە گۆڕێ نەبوو، بەڵکو تووڕەیی بوو، دەمویست هەموو شتێکی ئەم ئەپارتمانە بشکێنم، دەمویست ئاسمانی تار و تاریک شەق بکەم کە حاجی لە بینین مەحرووم کردبوو. دەمویست پەنجەرەکان بشکێنم، پەردەکان دابدڕم، فارگۆنەکان و شووشەی ئۆتومبیلەکان، هێڵی ئاسن و ئەو کەشتیە بشکێنم، کە ئەو هەموو کاتەی پێدەچوو تا بگاتە ڕەخی ڕوباری سنیگال و یامبای زاگەی باپیرە و ڕۆخانەی فالیمیە.

حەکیم، خۆی پێدا کێشام، کەوتمە سەر ئەرزەکە، لە پاڵ تەختە خەوەکەدا کەوتم، هەموو ئەو شتانەم دەبینی کە ژیان لە حاجی حەرام کردبوو، قەعدەی میز پێکردنەکە، شووشەی دەرمانی کورتیزون، هەموو ئەو شتانەی لەو گۆڕە کەوتبوون و کەس نەیپەرژابوو لەبەر ئامادەکردنی ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی جەنازەکە، پاکی بکاتەوە.

حەکیم بۆ ساتێک لە باوەشی کردم، وابزانم ئەویش پێویستی بە دڵنیایی بوو. لەناکاوا ماچی کردم و هەستم بە ڕوندکەکانی سەر گۆنای کرد. پاشان هەموو شتێک تەواو بوو. هەستام و ڕۆیشتم. تەمەشای پیرەمێردم، کە بە هەموو جلەکانیەوە لە سەر تەختە خەوەکە ڕاکشابوو، نەکرد. ئیدی دڵنیابووم کە جارێکی دی بۆ زاگەی خۆی بۆ ڕەخی ڕوبار ناگەڕێتەوە. لە فیلابیە دەمێنێتەوە، جێگەیەکی بچووکیان لە گۆڕستانەکەی ئەوێ بۆ پەیدا کردبوو. لە جیاتی خورە خوڕی ڕۆخانە، گوێی لە هاڕەی ترومبیلی شا ڕێگایان دەبێت. ئایا ئەو شتانە بایەخیان هەبوو؟ لە ناو قیتارەکەوە، کە لەو ساتەدا چۆڵ بوو، دەمڕوانیە شەو کە لە شووشە چڵکنەکەی پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە. وابزانم هێندەی بیرم لە ماجیدە دەکردەوە بیرم لە حاجی نەدەکردەوە. دڵم تێکهەڵدەهات. لە بەیانیەوە نە هیچم خواردبوو و نە هیچم خواردبووەوە.

پێش ئەوەی میترۆکە بگاتە پاریس گیرۆدەی چاودێرانی قیتارەکە بووم. زۆر وریا بووم، ڕێک لەو کاتەدا کە چاودێرەکان سوار دەبوون، من بلەز دادەبەزیم، بەڵام ئەو ڕۆژە خۆم لەبیر کردبوو. خەیاڵم ڕۆیی بوو، وەکو یەکێک ئازارێکی زۆر هۆش و گۆشی بردبێ، بەو ئاوایە ئاگام لە خۆ بڕابوو. لەوەش دەچوو، پێشتر لە دووم بووبن. وەختایەک دیتمن ڕێک بەدیار سەرمەوە بوون، هەقیان بەسەر ڕێبوارەکانی ترەوە نەبوو. هەندێ منداڵە قەرەجیش، لەوانەی کە یەکەمجار لەگەڵ خوانیکودا دیتبوومن لەوێ بوون. یەکسەر پێیان وەغارەوە نا و پەنجەیان لە چاودێرەکان ڕادەوەشاند. چاودێرەکان هەقی ئەوانیان نەبوو و وادیار بوو لە تاقیبی مندا بوون. لە هەوەڵەوە زۆر بە ئەدەب بوون.

-خاتوون، تۆ بلیتت نییە، بێزەحمەت ناسنامەکەتمان نیشانبدە.

کاتێ پێمگوتن یەکەم: ناسنامەم نییە و دووەم: ئەگەر هەشم بێت ئەوان مافی ئەوەیان نییە ناسنامەم لێ داوا بکەن، ئیدی ڕەفتاریان بە تەواوەتی گۆڕا.

-جا لەم حاڵەدا دەبێ لە گەڵماندا بێی بۆ پۆلیسخانە..

ئەم چاودێرانە جووتەیەکی کومیدی بوون. یەکێکیان کابرایەکی درێژ، کەتە، چەناگە پان و سمێڵ بچووک و زەرد بوو. ئەویتریان کورتەباڵایەکی وردیلەی ئەسمەر بوو، توونده میجاز و بە زمانی تولوزی قسەی دەکرد. هەریەکەیان قۆڵێکیان گرتم و دووبارە سواری قیتارەکەیان کردمەوەو، فارگۆن بە فارگۆن بردیانم تا گەیاندمیانە فارگۆنەکەی خۆیان کە لە پشت مەکینەکەوە بوو. منیان لە بەینی خۆیاندا لە سەر کورسییەکی ڕەقی بچووکدا و لە نزیکی دەرگاکەوە دانا. پێمگوتن پێویست بەو ڕەفتارە توونده ناکات، بەڵام گوێیان لەو قسانە نەبوو. قیتارەکە بەرەو پاریس دەڕۆیی، شەو داهاتبوو. هەردوو چاودێرەکە بە سەر سەری منەوە قسەیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد، وەکو ئەوە بوو من لەوێ نەبم هەواڵی تازەی دایەرەکەی خۆیان بە یەکدی دەدا، هەڵبەتە من دەمتوانی سۆز و بەزەییان بجوڵێنم و پێیان بێژم باپیرەم مردووە و لەبەر ئەوە، ئەوان توانیویانە غافڵگیرم بکەن، بەڵام من نەمدەیویست سواڵی بەزەییان لێبکەم، هیچ شتێک ئەوەی نەدەهێنا لەبەریان بپاڕێمەوە و چاو بەرەو ژێری وان ببم، بۆیە ئامادە نەبووم لەڕای بەدەست هێنانی بەزەیی ئەو بەکرێگیراوانە، مردنی حاجی بکەم بە بیانوو.

لە ئوستیرلیتز، ئەو جووتە بردیانم بۆ ئوفیسێکی چکۆلە، یەک سەعاتی تەواو لەوێندەر چاوەڕوانم کرد، ئەوان بە درێژایی ئەم ماوەیە، بەدەم قسەوباس و جگەرە کێشانەوە لەبەر دەرگا وەستان. بیرم لەوە دەکردەوە کە بە ڕاستی من بۆ ئەو جووتە زەلامە توونده و تیژە، بە جلکی فەرمی و دۆنکی دەستیان و دەمانچەکانی قەدیانەوە، جگە لە ماسییەکی چکۆلە ناکەمە هیچی دی. بەڵام وێدەچوو ئەوان وەها بیر بکەنەوە کە هیچ شتێک لە ژیاندا بێبایەخ نەبێت، خەڵکانێک هەن حەز دەکەن باوەڕ بەو بابەتە بکەن.

ئەنجام سەرۆکەکەیان هات، ویستی لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکات، تەواو لێم نزیک بووەوە: هاواریکرد:- ناوت چییە؟

- لەیلا.

- تەمەنی یاساییت تەواو کردووە؟

– نازانم، بەڵێ، نا، لەوەیە.

– کەس و کارت لە کوێن؟

– لە ئەفریقان.

ئیدی لێرەوە ڕەوشەکە خراپ بوو. سەرۆک مێردەکێکی کورتەباڵای بێ شان و شەوکەت بوو. ناوی ئاغای کەستور بوو، ئەمەم لە نووسینی زەرفێکەوە هەڵێنجا کە لەسەر مێزەکەی دانرابوو.

–هیچ بەڵگەنامە و ناسنامەیەکت نییە؟

بەدەم و دوویدا دیاربوو تووڕەیە. بۆ ئەوەی ڕەوشەکە هێور بکەمەوە، بیرۆکەیەکی باشم بە مێشکدا هات.

– دەتوانن، بنێرن بە دووی پارێزەرەکەمداو پرسیار لەو بکەن.

– دڵت تێ هەڵدانی دەوێ؟

ئەم شێوازە، شێوازێکی باش نەبوو بۆ هێورکردنەوەی وان، بۆیە دیش کەمم لێکرد.

–من لە ڕاستیا پارێزەرم نییە. خانمێک هەیە کە بایەخم پێدەدات. یانی بەخێوم دەکات، مامۆستامە، دەڵێن چی؟

ئەمەیان پێخۆش بوو. ناو و ژمارە تەلەفۆنی پیاتریس– م دانێ. ڕۆژنامەڤان یان مامۆستا زۆر فەرقیان نەبوو. بەتایبەتی کە نەمدەویست هیچ شتێک لە مەڕ شەقامی جافلو بزانن.

نونو و حوریەش کێشە و ئاریشەی خۆیان هەبوو، کێشەی ئەوانیش لە هی من کەمتر نەبوو. خۆشبەختانە لەوەتای گەیی بوومە پاریس، وەکو کۆماندۆیانی فیلمێن جەنگی، هەر هەموو ئەو بەڵگەنامانەم لە ناوبردبوو کە دەبوونە هۆی ناساندنم.

پیاتریس، بلەز بە خۆی و ئوتومبیلە ئینگلیزییە بچووکەکەیەوە هات. پارەی هەموو شتەکانی دا، هی بلیتەکە و هی غەرامەکەش، تەنانەت بەڵێننامەشی پڕ کردەوە.

باران بە خوڕ دەباری، فلچەکان بە جیرەجیڕ بەسەر جامەکەی پێشەوەدا دەهاتن و دەچوون، دەتگوت قوڕاو و لم لە ئاسمانەوە دەبارێ. بە پیاتریس– م گوت:– ناتوانم بۆ ماڵی خۆم بگەڕێمەوە.

تەمەشایەکی کردم، بۆ وەڵام دەگەڕا.

–دەتوانی ئەمشەو لە لای من وەمێنی. ریمون هیچ ناڵێت.

زۆر بەمە خۆشحاڵ بووم. سەرم خستە سەر شانی. ئەو شەوە پێویستیم بە کەسێک بوو خۆیم لێ بکات بە خاوەن، ئیدی دەستە خوشکێک یان خوشکێکی گەورە بوایە بۆ من فەرقی نەدەکرد.

لە کاتێکی زۆر باشدا هاتبووم بۆ ماڵی پیاتریس و ڕیمون. پێموایە زۆر ماندوو بووم، بەڵام بە خۆم نەدەزانی. لەم ماوەیەدا، بەردەوام دەهاتم و دەچووم، هەموو ژیانم بووبوو بە منداڵەکەی حوریە، بە نونو، وانە و دەرس و دەورم، بازاڕ کردن و سیمون کە هاتبووە ماڵی مە و، مردنی حاجی. نها تەواو شەکەت و بێتاقەت بووبووم،

ڕێک وەکو ئەو کاتەم لێهاتبوو کە لە ماڵی خانم دکتۆر وەدەرکەوتم و نونو بۆ شەقامی جافلوی بردم و لەوێ پەنای دام.

باش لە بیرم نییە دە ڕۆژ یان مانگێک لەوێ مامەوە. کەش و هەوای دەرەوە سارد بوو، دنیا لێڵ و تاریک بوو، لەوە دەچوو بەفر بباریێت. لە سووچێکی هۆڵەکەدا، کە بە ئوفیسی کارکردنیان دەژمێردرا، لە سەر دۆشەکێک دەنووستم، بیاتریس لاپتۆپەکەی بردبووە ژووری نووستن. هەموو شوێنێ پڕ بوو لە کتێب، لەناو کارتۆنا، لەسەر ڕەفەکان، ئیدی کاتی خۆم بە خوێندنەوەوە بەسەر دەبرد، هەر کتێبێ بوایە؛ ڕۆمان، کتێبی مێژوو و تەنانەت شیعریش، هی مالاپارت و، کامۆ و، ئاندرێ جید و، ڤۆلتیر و، دانتی و، بیراندیللو و، جولیا کریستیڤا و، ئیڤان ئیلیچ، هەموویان یەک بوون، هەمان وشە، هەمان سیفەت، نە کاریان تێکردم و نە دڵیان یەشاندم. پێویستم بە فرانتز فانون بوو. هەوڵمدەدا ئەو بێنمە بەرچاوی خۆم و وێنای ئەو قسانە بکەم کە دەیتوانی بیانکات، وێنای ئەو گوتانەی بکەم کە دەیتوانی لە مەڕ ئۆل و مەزەب بیکات، پێکەنینە تەوسامێزەکەی دەربارەی ئەم وڕینانە. شیعر شتێکی غەریب بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو، هی من نەبوو. وێڕای ئەوەش زۆرم حەز دەکرد وشەکان کۆ بکەمەوە، بیاندەمە دەم یەکەوە. وشە بۆ ئەوەی بە گۆرانیەوە بیانڵێم، بۆ ئەوەی لە ژوورەکەدا بە دەنگی بەرز بیانڵێم، گوێیان لێبگرم، بۆ ئەوەی بشکێن و ببن بە هەزار پارچەوە یان بە پێچەوانەوە وەکو میوەی گەییوو هەڵوەرن و بڕژێنە سەر زەوی. دەفتەرچەیەکم هەبوو، ڕۆژانە هەر وشەیەک، یان هەر دەستەواژەیەکم پەیدا کردبا بە ڕیزی یەکەوە تۆمارم دەکرد:

کەش و هەوا

سێبەران

تەیرێن کلک چەنگی

نەوڕەسێن کلک سپی

تیشکی ڕوناکی

شەپۆلێن خرۆشاو

بروسکەی ئاسمان

ئەمانە هیچ مانایەکیان نەبوو. پیاتریس دەوروبەری سەعات شەش دەزڤرییەوە، دەرگای دەکردەوە، شنەی شار، هەرا و هەنگامە و دووکەڵی شەقامەکانی لە گەڵ خۆیدا دێنایە ژوورەوە. ریمون درەنگتر دەهاتەوە، شەرابی لەگەڵ خۆیدا دێنا. هەر سێکمان لە مووبەقەکەدا شاممان دەکرد، جۆرەها ماکەرۆنیمان بە سوپی پیستۆ وپەنیرەوە دەخوارد. مانەوەم لەگەڵ وان دا لە گیان خۆشبوو، هەردووکیان جێگەی متمانە بوون، زۆر میرەبان و بە لوتف بوون.

بە ئانقەست خۆم لە باسی ماجیدە دەبوارد. لە دڵی خۆدا دەمگوت هەرکە ناوی ئەو بێنم، دەبێ بڕۆم. ئیدی دەبوا بکەومە سەر جادە، بکەومە ناو ئاپۆڕای ئەو خەڵکەی ڕاتدەماڵن، بکەومە ناو هەرا و هەنگامەی ترۆمبیلان و دەروازەی شەقامی جافلو کە وەکو تونێلێک بۆ ناوەندی زەوی دەڕۆیی.

ئەوان، بە دوو قۆڵی باسی پیشەکەی خۆیان دەکرد. پیاتریس باسی ڕۆژنامەکەی، خوتە و بۆڵەی سەرۆکەکەی و گوت و بێژە تەلەفۆنیەکانی و هەندێ کێشە و ئاریشانی دەکرد کە من هیچ سەرم لێدەرناکردن، وەکو ئەوەی هەموو ئەم دنیایە مەتەڵ بێ و نەیەتە هەڵهێنان.

ریمون، دەنگ و ڕاوێژێکی یەکنەوای هەبوو. لە ئوفیسێکی پارێزەروانی ( محاماة ) دا لە شوێنێکی دووری وەکو سارسیل یان فلوری میروجی، کاری دەکرد.

هەوڵمدەدا وێنای ماجیدە لەلای وان بکەم، ماجیدە لە ژوورێکی چکۆلەدا، بە بۆیەی پەمەیی بۆیە کرابووەوە، تەختە خەوێکی بچووکی زۆر سپیان بۆ تەرخان کردبوو، وەکو عادەتی ئەم وڵاتە ئاوێزەی موسیقاداریان بە دیاریەوە هەڵواسی بوو، تا فێری سەبر و ئارامگرتنی بکەن. ژیری بکەنەوە.

ماجیدە بە خنەخن بۆ مووبەقەکە غار دەدات، باوەش بۆ ریمون دەگرێتەوە و هاوار دەکات: " بابە! " ریمون–ش بانگی دەکات: " جولی " یان " رومی " بەهەرحاڵ ئەمە بەو مانایە نییە کە هەرگیز ناوە ڕاستەقینەکەی نەزانرێ. ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان کە گەورە دەبێت، من کە وەکو پووری وام، حەقیقەتی ناوەکەی خۆی پێ بڵێم. " ئەمرۆ ناوە ڕاستەقینەکەی خۆتت پێدەڵێم، ئەو ناوەی کە پێوەی لە دایک بوویت. " لەگینە خوانیکو ئەم کارە بکات، لەوەیە لە میترۆی ریومور سیپاستوبول تووشی ببێت و بانگی بکات: " ماجیدە، دۆتمام!"

**

ناویان نا کلیر، چونکە ناوی دایکی ریمون کلیر بوو. هەروەها جوانا– شیان پێدەگوت چونکە پیاتریس حەزی لەو ناوە بوو. ئەو گۆرانی " ئومێدم بدەیە " ی جوانای دەگوتەوە، وەکو زۆر کەسی دی لە کاتی جەنگی ڤیتنامدا پازدە ساڵان بوو.

هەرگیز نەمزانی چەندیان پارە داوە. لە دەرێرا مامەوە، گوێم لە هاژەی شەپۆلی ئوتومبیلان، بە دەوری دورگەکەدا، دەگرت. ڕێک وەکو ڕۆژی لە دایکبوونی منەوە، قەلان بە ئاسمانەوە دەسوڕانەوە، بەڵام لە ترسا نەیان دەقڕاند.

لەم سەروبەندەدا، زۆر بویەر ڕوویاندا، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێ کە حوریە چوو بۆ ماڵی ئاغای یو. ئیدی من بە تەنێ مامەوە. ئیدی لە پێناوی بژێوی ژیاندا، لە دەزگایەکی کەڕ و لاڵاندا کەوتمە کارکردن، خێر و سەدەقەم کۆ دەکردەوە، کارتی ڕیکلام و بانگەشەیی دەزگاکەم لە گەڵ مەدالیایەکی سویچ و کلیلاندا لە سەر مێزی خوارنگەکاندا دادەنا و لەبری ئەوە تۆزە پارەیەکم بەدەست دێنا. کە مەدالیاکانم لە سەر مێزی خوارنگەکاندا دادەنا، یان دەچووم بۆ گوێگرتن لە موسیقای میترۆی ریومور، زۆر پارێزم دەکرد. هیچ کاتێ دووجاران بە هەمان ڕێگادا نەدەڕۆیشتم، خۆم لە ڕاڕەوە چۆڵەکان و دەرگا گەورەکان دەبوارد و چاوم لە دوڕ چاوی کەس نەدەبڕی.

لە دوورەوە، بەڕەڵڵا وشەلاتیانم دەناسیەوە، ئەمانە هەندێ تاقم و دەستەی بچووک بوون، بە زۆری لە شەقامێکی نزیکی ئیڤری یان لە مەیدانی جاندارک خڕ دەبوونەوە. هەرکە ئەوانم دەبینی، بلەز بە بەینی ئوتومبیلەکاندا لە جادەکە دەپەڕیمەوە و لەو بەرەوە خۆم ون دەکرد. لەم کارەدا زۆر تەڕدەست و مەعلان بووم، کەس نەیدەتوانی بمگاتێ. هەندێجار وامدەزانی ئێرە جەنگەڵ یان بیابانە، شەقامەکانم لێ دەبوو بە ڕووبار؛ ڕووبارێن گەورە و بە خوڕ، پڕ لە تات و تاوێران و، من لەم تاوێرەوە بازم دەدا بۆ ئەو تاوێر. دەنگی

هوڕن و هەرا و هەنگامەی ئۆتومبیلان لە زەوییەوە هەڵدەقوڵا و بە لاقما سەردەکەوت و ناخی پڕ دەکردم. لە ناکاوا پیاوێک لەو مەیدانە گەورەیەوە کە بایەکە گسکی دەدا و لە ڕوناکی گڵۆپی عامودەکانی سەر جادەکەدا نقوم بووبوو، پەیدا بوو، من هاتنی ئەوم نەبینی، پیاوێک بوو وەکو هەر کەسێکی دی، بارانیەکی لەبەر و کڵاوێکی لەسەر بوو، هەر دوو دەستی لە گیرفانەکانی نابوون، من سەرقاڵی ژماردنی ئەو پارانە بووم کە لە خوارنگەی ڤیتنامیەکان کۆم کردبووەوە، سەد یان سەد و پەنجا فرانکێک بوو کە لە زەرفی چەند خولەکێکدا لە ڤێتنامیەکانم کۆ کردبووەوە، هیچم نەکردبوو تەنیا ئەوە نەبێ مەدالیای کلیلەکانم لەگەڵ کارتی دەزگای کەڕ و لاڵاندا، لە سەر مێزێک دانابوو.

لە دوا ساتدا نیگام لە نیگای هەڵەنگوت، ترسم لێنیشت، چونکە ئەو نیگا سامناکەم ناسییەوە، هەمان نیگای ئەوسای هابیل بوو کە خۆی بە حەمامەکەدا کردبوو. بەڵام فریا نەکەوتم، تووند گرتمی، بە هەموو هێز و قوەتی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی چ قسەیەک بکات، بەر زەفتی کردم. دیاربوو تاقیبی کردبووم، پیاسەیەکی بە دەوری فرۆشگاکاندا کردبوو، ئەوسا هاتبووەوە تا لەم شوێنەدا، لە چاڵاییەکی نێوان بورجەکە و فرۆشگا داخراوەکاندا بەگیرم بێنێ.

ویستم هاوار بکەم، بەڵام زۆر بە توووندی کەوتە لێدانم، وەکو ئەوە بوو بیەوێ بمکات بە دوو لەتەوە. هەناسەم لەبەر بڕا. قەڵەمی دەست و پێم شکا. شتەکە زۆر غەریب بوو، لە هەمان کاتدا دەمزانی چیم دێتە ڕێ، بەڵام هیچ توانا و دەسەڵاتێکم نەبوو، وەکو ئەوە بوو مۆتەکە سواری سەرم بووبێ. بە دەستێکی دوگمەی پانتۆڵە جینزەکەی کردەوە، زۆر بەهێز و توانا بوو، بە دەستەکەی دیکەی، منی لە چاڵایی پەنا دیوارەکە بەرهەق کردبوو. لە بیرمە بۆنی میزی لێدەهات. بۆنێکی ناخۆش بەسەرما دەهات و دڵم تێکهەڵدەهات. ئەوسا کێری دەرهێنا و ویستی پێمیدا بکات، تەکانی دەدا، هانکە هانکی لە سووچی بورجەکەدا دەنگی دەدایەوە.

نازانم ئەو ڕەوشە چەندی خایاند، بەڵام هەستم دەکرد هەرگیز کۆتایی نایەت؛ ئەو دەستەی تووند مەمکی گرتبووم، ئەو تەکانەی لە سکم ڕۆ دەکرا، وای لێکردبووم نە دەمتوانی بیر بکەمەوە نە هەناسە بدەم. هەستم دەکرد ئەو ڕەوشە هەرگیز دوایی نایەت. پاشان کابرا کشایەوە. پێموایە تەواو نەبوو، ئیدی یا من زۆر تەسک بووم یان یەکێک لەو کاتەدا بەسەرا هات. ئەو بلەز ڕۆیی و من تەنیا و داماو لەو پەنایەدا مامەوە. لە جێی خۆم وشک بووبووم. لاواز و داماو، لە سەر چیمەنتۆکە خوێنم لەبەر دەڕۆیی. ئەوسا بە قاڵدرمەکەدا داگەڕام، خۆم گەیاندە سەر جادەکە، بۆ ژێرزەمینەکە گەڕامەوە، کتریەک ئاوم گەرم کرد و لە تەشتەکەی کچەکەی حوریەدا خۆم شۆرد. دنیا خامۆش و بێدەنگ بوو. لەو کاتەدا هەستم کرد هەر دوو گوێم کەڕ بوون. نەمدەزانی لە کوێم، دەتگوت بەسەر دنیاوە نیم. وابزانم لە تەوالێتەکەی ئەوسەری ڕاڕەوەکەدا ڕشامەوە. وابزانم هاوارم کرد، دەرگا ئاسنینەکەم کردەوە و لەناو تونێلەکەدا هاوارم کرد، بە ئومێدی ئەوە بووم هاوارەکەم بگاتە سەر بورجەکان، لێ کەس گوێی لە دەنگم نەبوو. تەنیا دەنگی هەواکێشەکان یەک لە دوای یەک بەرز دەبووەوە، دەتگوت دەنگی فرۆکەیە. ئەم دەنگە هەموو دەنگەکانی دی قووت دەدا. سیمون– م بیرکەوتەوە. پڕ بەدڵ بیرم دەکرد؛ حەزم دەکرد بیدینم و ئەو گۆرانی بڵێت و من گوێی لێبگرم، بەڵام دەمزانی کە شتی وەها مەحاڵە. وابزانم ئەو شەوە، تەمەنی یاساییم تەواو کرد.

**

ئەو ماوەیەی لە ماڵی پیاتریس بووم، لە هەموو کێشە و سەریەشەیەک دوور بووم. ماوەیەکی زۆر بوو لە سایە و پەنای هیچ کەسێکدا نەبووم، بیرم لە سبەینێی خۆم نەدەکردەوە، هەرچییەکم بویستبا دەمتوانی لەناو شوقەکەدا بیکەم. بەکەیفی دڵی خۆم شتەکانم ڕێکدەخست و چاودێری و سەرپەرشتی منداڵەکەم دەکرد، ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە حوریە لە خەستەخانە هاتبووەوە، تەنیا جیاوازی ئەمە بوو کە ئێرە ڕوناک بوو، هەتاو بوو، کەش و هەواکەی خۆشبوو و ئینسان بێخەم وخەیاڵ لە هیچ نەدەترسا. پەنجەرەی هۆڵەکە دەیڕوانیە حەوشەیەکی بچووکی پشتەوەی خانووەکە، لاولاوێکی لێ ڕوابوو و کێشکان بەسەر لق و چڵەکانەوە هەڵنیشتبوون. بەیانیەک یەکێک لەو کێشکانەم بینی لە قەراخ پەنجەرەکەدا کزکۆڵەی کردبوو، پەڕەکانی گڤ بووبووەوە. ناوم نا هاری. کارتۆنێکی پێڵاوم هێنا و هەندێ لۆکەم تێئاخنی و هێلانەیەکی نەرمم بۆ دروست کرد و لە ژووری منداڵەکە و لە تەنیشت بێشکەکەوە دامنا. ئەم دیمەنانە هێندە جوان و ئارام بوو، وەکو ئەوە بوو هیچ شتێک لە دنیادا دزێو و کرێت نەبێت، دنیا شامی شەریف بێت، نە تاوانبار، نە پۆلیس، نە کچانی تەعدا لێکراو، نە پیرانێ کە لەناو کوختەی پەڕپووت و بێ پەنجەرەدا لە برسا بمرن، لەم دنیایەدا هەبن.

دوایی شووشەی شیرەکەی کلیرم (یان جوانا، من ناوی جوانام پێ پەسندتر بوو) هێنا، تۆزێ نانم لە گەڵ چەند دڵۆپێک شیری گەرما کرد بە هەویر.

هاری لە ناو کارتۆنی پێڵاوەکە پەرێشان بوو، لێ پەڕەکانی خەریک بوو وشک دەبووەوە. لە جێی خۆی نەدەجولا، بە چاوە ڕەشەکانی تەمەشای دەکردم کە چۆن هەویرەکەم گرمۆڵە دەکرد و لە بەردەمیا دام دەنا، ئەوسا شووشە شیرەکەم دایە ماجیدە ( هەڵبەتە نەمدەتوانی ناوە ئەسڵیەکەی منداڵەکە لەبیر بکەم. ) لەو دەمەدا کە منداڵەکە لە شیر خواردنەکە بووەوە، کێشکەکەش کەوتە باڵەفڕە و خۆ خوراندن و خوێندن.

نازانم توانی بووی هیچ لە گرمۆڵە هەویرەکان بخوات یان نا، بەڵام گەرمای خۆشی ژوورە چکۆلەکە بەتەواوەتی بوژاندبوویەوە، دوای تۆزێک فڕی، بەدەم جریوە جریوەوە خۆی بە شووشەی پەنجەرەکەدا دەدا. لەو دیو پەنجەرەکەوە، هاوڕەگەزە چکۆلەکانی ئەم چڵ و ئەو چڵیان دەکرد و بانگیان دەکرد. هەرکە پەنجەرەکەم کردەوە هاری لە چاو تروکانێکا دەرفرتا و دیتم تێکەڵ بە کێشکەکانی دی بوو، کە وەکو گەلای دەم با چەرخەڵەیەکیان کرد و دوای تۆزێک هاری لە گەڵیاندا ڕۆیی و دیار نەما.

لەو کاتەدا کە بە شووشە و مەمەکە شیرم بە جوانا دەدا، دیقەتم دا چاودێرەکان لە خوارەوە بوون. جلی ئاساییان لەبەر بوو، بارانی و کڵاو و پێڵاوی کەتان، بەڵام من بە ئاسانی ناسیمنەوە. بە غەریزە  ئەو جۆرە خەڵکانەم دەناسییەوە. ئەوانە بەجۆرێ دەڕواننە پەنجەرەی بیناکان وەکو ئەوەی بیانەوێ ئەودیوی پەردەکان بدینن. چاودێرەکان خۆیان بە بیناکەدا کرد، دیاربوو پرسیاریان لە دەرگاوانە پرتوگالیەکە کردبوو کە منی خۆش نەدەویست، ئەوسا دەستیان بە زەنگەکەدا نا، ئەم زەنگە بەردەوامە جوانای خستە گریان و وەکو ویزە ویزی مێروویەک لە مێشکی خۆمیشا دەنگی دەدایەوە.

تا نەڕۆیشتن لە جێی خۆ نەجووڵام. نیگەران بووم. نەمدەتوانی بۆ یەک خولەکیش لەو ماڵەدا وەمێنم. خۆ نەشدەکرا  جوانا بەدەم گریانەوە و بە تەنیا لە بێشکەکەدا بەجێ بهێڵم. بۆ ژمارە تەلەفۆنی ئەو ڕۆژنامەیە گەڕام کە پیاتریس کاری تیا دەکرد. بە ڕادەیەک پەشۆکابووم کە دەسکی تەلەفۆنەکەم نابوو بە کوێچکە کەرەکەمەوە. گوێم لەو قسانە نەدەبوو کە دەکران. وەکو تووتی ئەم قسەیەم دەگوت و دەگوتەوە: " بیاتریس تکایە یەکسەر وەرەوە. تکا دەکەم بەپەلە وەرەوە، شتەکە زۆر زەروورییە. تکا دەکەم بیاتریس. " لەو کاتەدا کە

خەریک بووم دەرگام دادەخست، تەلەفۆنەکە لێی دا. ئەمجارەیان دەسکی تەلەفۆنەکەم نا بە گوێچکە ساغەکەمەوە. گوێم لە دەنگی بیاتریس بوو: " لەیلا، چی قەوماوە؟ " پێمگوت دەبێ بگەڕێیتەوە، چونکە من ناچارم بڕۆم. نها تەواو ئارام و ئاسوودە بووم. پێش ئەوەی هیچ پرسیارێکی دیکە بکات، تەلەفۆنەکەی داخستەوە. جوانا– ش خەوی لێکەوتبوو. ئیدی خۆم گەیاندە سەر جادەکە و بەرەو ئوستیرلیتز وەڕێ کەوتم.

**

گەڕامەوە بۆ شەقامی جافلو. بە تونێلە درێژەکەدا کەوتمەڕێ تا گەییمە بەر دەرگای گەراجەکە، کە بە بۆیە ژمارە ( ٢٨ ) ی لەسەر نووسرابوو، دڵم بە تەواوەتی گوشرا. هەستم دەکرد ناتوانم چیتر لێرە هەڵبکەم و ژیانی من لێرە نییە، لە جێیەکی دیکەیە، ئیدی هەر جێگەیەک بێت. خوانیکو هەندێجار، لەو بابەتە قسانەی دەکرد و دەیگوت: " دەزانی هەندێجار دەبێ هەڵێم، شتەکە بەدەست خۆم نییە، لە من بەهێزترە، ڕنگە بگەڕێمەوە، بەڵام ئەگەر بمێنمەوە تۆ دەکوژم، خۆم دەکوژم. " نها بۆم دەرکەوت کە مەبەستی چی بووە.

لە شوقەکەدا هیچ شتێک نەگۆڕابوو. ئیدی گەرمای سپلیتەکە، کە غازێکی ژەهراوی دەردەدا، ئینسانی نیوە خنک دەکرد. سەیرم کرد نونو کۆمەڵێک ئامێر و دەزگای تازەی هێنابوو، وەکو تەلەفزیون، ڤیدیو، ماتۆڕ سکیلێکی سووری تازەی هەبوو، سەرجەکەی لە چەرمی زێبرا بوو. نازانم چما هەستم دەکرد دەچمە ماڵی منداڵانەوە. ئەم هەستە وای لێکردم هەم پێکەنین بمگرێ و هەم گریان.

زەرفێک لە سەر تەختە خەوەکە بوو کە ناوی منی بەسەرەوە بوو. خەتەکەم نەناسییەوە، بە خەتێکی ناسک و بە شێوەی قەدیمی نووسرابوو: " پاریس. بگاتە دەست خاتوو لەیلا. " زەرفەکەم هەڵپچڕی، هەوەڵجار هیچ حاڵی نەبووم. پەساپۆرتێکی فەرەنسی تیابوو بەناوی مریەم مافوبا.

**

ژێرزەمینەکە چۆڵ بوو. نە حوریە لەوێ بوو نە پاسکال مەلیکە. بێشکەکەش لەوێ نەبوو. ئەمەم لەبەر گران بوو، ئیدی دڵم خەبەری دا کە حوریە دووی خێر و خۆشی خۆی کەوتووە و ئیدی بۆ ئێرە نایەتەوە.

نامەیەک، لە ناو پەساپۆرتەکەدا، لە جێگای وێنەکە هەبوو. خەتەکەی حەکیم، کە لە شەڕە پشیلە دەچوو ناسییەوە. هەمیشە وانەکانیم بەلاوە زەحمەت بوو. ئەوەی لە نامەکەدا نووسی بووی لە چاو وانەکانیا زۆر ئاسان و مەفهووم بوو. وێڕای ئەوەش چەند جارێک خوێندمەوە بەبێئەوەی لێی تێبگەم.

ئازیزم لەیلا

باپیرەم پێش ئەوەی بمرێت ئەم پەساپۆرتەی بۆتۆ نابووە لاوە. دەیگوت تۆ وەکو کچی خۆی وایت و تۆ شایستەی پەساپورتێکت هەبێ و وەکو هەر فەرەنسیەک بۆ هەر کوێت بوێ سەفەری پێبکەی، جا چونکە مریەم دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا بەکاری بێنێ، دەتوانی بە کەیفی دڵی خۆت بەکاری بێنی. سەبارەت بە وێنەکە، بەخۆت دەزانی هەموو ڕەشپێستەکان بەلای فەرەنسیانەوە لەیەکدی دەچن.

حەزم دەکرد بەرلە سەفەرەکە بتبینم. بڕیارم دا حاجی بۆ زێدی خۆی ببەمەوە. بەهەرحاڵ بۆ خوێندنەکەم قەرزێکم لە بانک کردبوو، وام بەباش زانی لەم کارەدا خەرجی بکەم، مخابن کە لەم سەفەرەدا تۆمان لەگەڵدا

نیت تا بێی بۆ بامبا، گوندەکەی زێدی بابام. بەڵام ئێستاکە پەساپۆرتت هەیە، ڕەنگە بتوانی ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕۆی بۆ ئەوێندەر، من شوێنی گۆڕەکەیت پێ دەڵێم.

لەگەڵ ڕێز و حورمەتی

حەکیم

کە لە مەسەلەکە حاڵی بووم، گریان ئەوکی گرتم، ڕوندک لە چاوما قەتیس ما. لەوەتای لالە ئەسما مردبوو، هەرگیز تووشی ئەو حاڵە نەبووبووم. چ کەسێک دیارییەکی ئەوهای نەدابوومێ، ناو و ناسنامە. تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە، کاڵە مێرێکی نابینا، کە بە ئارامی سەری قامکە چرچەڵەکانی بەدەم و چاو و هەنیە و گۆناکانمدا دێنا، بە مریەم بانگی دەکردم، نەک لەبەر حەواس پەرتی، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە دەیویست ناو، پەساپۆرت و ئازادی سەفەرم هەبێت. دەیویست هەموو ئەو شتانەم بداتێ.

(( ١٢ ))

کە دار و درەختەکانی ناوەندی بازرگانی کەوتنە شکۆفە و گوڵ کردن ئیدی زانیم بەهار بەڕێوەیە و دوور نییە. ئەو درەختە بچووکانەی کە ڤێتنامییەکان ڕواندبوویانن، درەختێن گێلاس، قۆخ و هەڵوژە بوون و، تەنکە کوڵکی سپی و پەمەیی دای پۆشی بوون. ئاسمان هێشتا بە هەور و سارد بوو. بەڵام ڕۆژ درێژ بووبوو. کەش و هەواکەم لە گیان خۆشبوو.

چەند هەفتەیەک بوو نە هەواڵی نونو– م دەزانی نە هی کەسی دی. بۆ گوێ گرتن لە موسیقای جامبیایی، بۆ وێستگەی سیومور سیباستوبول نەدەچووم. تەلەفۆنم بۆ سیمون کرد، بەڵام تەنیا گوێم لە دەنگە ناسک و دزێوەکەی دکتۆر جوایو بوو، ئازام ڕاجفری. ناوی خۆمم نەگوت. هەندێجار شەوان بە تاقی تەنیا لە ژێرزەمینەکەی شەقامی جافلودا دەمامەوە، گوێم لە دەنگی مەکینەی ئوتومبیلێکی بەر دەرگا دەبوو، دڵم لە ترسا دادەخورپا، بەڵام ئەمە تەنیا خەیاڵ بوو؛ زادەی ترس بوو.

نونو، پاش نیوەڕۆیەک زڕییەوە. لەزگ بوو نەیناسمەوە. سەری تاشرابوو، تەمەشاکردنەکەی کۆمیدی و سەیر بوو، پێشتر شتی وام لێ نەبینی بوو. خواردنم بۆ ئامادە کرد، کە بریتی بوو لە کریپی مریشک کە زۆری حەز لێدەکرد، لە گەڵ کاکڵە بوندق و، نان و نۆتێلا. چاوەڕوانی ئەوە بووم، باسی ئەوەم بۆ بکات کە چی کردووە یان لە کوێ بووە، بەڵام هیچی نەوت. بەپەلە نانی دەخوارد و پەرداخە کۆلای بەسەردا دەکرد. یەکەمجار بوو کە بە ڕیش و سمێڵەوە بیدینم. دەم و چاو و لێوی لەبەر ڕیش دیار نەبوو.

–لە زیندان بوویت؟

وەڵامی نەدایەوە. ئەوسا سەرێکی لەقاند کە بەڵێ، هەرکە لە نان خواردن بووەوە، لەسەر جێگاکەی ڕاکشا و سەری وەبن هەردوو باسکی نا. یەکسەر خەوی لێکەوت.

چەندین ڕۆژ بوو بەتەنیا بووم، بە تاقی تەنیا لە ژێرزەمینەکەدا بووم، بەبێئەوەی کەسێک هەبێ قسەیەکی لەگەڵدا بکەم. تەنیا گوێم لە موسیقای ڕادیۆ بچووکەکەم دەگرت. لەلایەوە پاڵکەوتم، باسکم لە قەدی ئالاند، خەبەری نەبووەوە. بۆ چەند سەعاتێک بەو دەقەوە و بەبێ جووڵە ماینەوە. گوێم لە هەناسەی دەگرت، هەوڵم دەدا بزانم لەو ماوەیەدا لە کوێ بووە، تەنیا لە ڕێگەی بۆنکردنی گەردن و پشتیەوە ئەو هەوڵەم دەدا. کە

خەبەری بووەوە، مومارەسەی ئاشقێنیمان کرد؛ زۆر بە نەرم و نیانی وەکو جاری یەکەم مومارەسەمان کرد. لە پێشا چوو لە گیرفانی چاکەتەکەی کوندومێک بێنێ. ئەو پێی دەگوت شەپقە. ئەو خۆی ئەوەی ویست نەک من. من نە بیرم لەوە دەکردەوە، نە لە ئایندە و نە لە منداڵ و نەلە نەخۆشی. پاشان بە دوو قۆڵی بە ڕێگە نهێنییەکەدا بۆ سەرووی تاوەرەکە سەرکەوتین، تا قاتی سی و یەک بە ئاسانسور ڕۆیشتین، لەوێندەروە بە ڕێگا ناچاریەکە و پلەکانی ئاگر کوژێنەوەکەدا سەرکەوتین. ئاسمانی شین وەکو پەنجەرەیەک بێ و بەسەر بێ کۆتاییدا بڕوانێ، بەو ئاوایە باڵی بەسەرماندا کێشابوو. لەو ساتەدا زانیم کە فایدەی نییە، دەبێ بڕۆم.

لەو سەری سەرەوە، بایەکە بە گڤ و هۆڕ خۆی بە بەینی ئەنتێنەکاندا دەکرد و دەیلوراند. دەنگێکی نائاسایی بوو. لە کوێش، لێرە، لە ناوەندی شارێکی ئەوەندە دوور لە دەریاوە. وێڕای ئەوەش دەنگی ترومبێلان، لە خواری خوارەوە، لە جادەی ئیڤرییەوە، لە مەیدانی ئیتاڵیاوە و لە شوێنی دوورتریشەوە، لە سەر شۆستەکانەوە یان لە گەڕەکە دوورە دەستەکانی شارەوە، لە شێوەی وردە شەپۆلانی کاتی کشانی دەریادا دەهاتە گوێ. لە ناکاوا هەستم بە بۆشاییەک کرد، کە لە ناخەوە ئازاری دەدام. هۆیەکەی شڵپ و هۆڕی دەریا بوو، کە لە مێژ بوو گوێم لێی نەبووبوو، تووشی سەرگێژکەی دەکردم. بەرەو ڕەخی سەربانەکە چووم، بەدەم بایەکەوە لار دەبوومەوە، وەکو ئەوە بوو بمەوێ لەو سەرەوە دەریا بدینم. نونو گرتمی. نەیدەزانی بەنیازی چیم:

-ئەوە چ دەکەی؟ شێت بووی؟

لە فکران ڕاچووم:

-ڕەنگە خەڵکانێک کە لە پەنجەرەوە خۆ هەڵدەدێرن، وابیر بکەنەوە کە خوارەوە دەریایە.

خۆم بە نونو — ەوە گرت: " بمگرە، توووند بمگرە، حاڵم باش نییە. "

نونو، لە تەنیشت سەندووقی ماتۆڕی ئاسانسۆرەکەوە داینیشاندم، تا بایەکە کارم تێنەکات. لە ماندوویەتی و سەرمادا هەڵدەلەرزیم. نونو، قەمسەڵەکەی خۆی، کە بەرەکەی فەروو بوو، داکەند و دای بە شانی مندا و گوتی:

-بیگرە لەیلا، بۆ خۆت بێ، تا هەمیشە منت لە بیر بێ.

ڕوخساری ساف و ڕۆشن بوو. سەری کەمێک گەورە بوو، لە سەری کورتەباڵایان دەچوو. لێ چاوەکانی میرەبان و زۆر ڕەش بوون. هەستمکرد زانیویەتی کە بەنیازی ڕۆیشتنم، ڕەنگە لە پێش خۆمەوە بەوەی زانیبێ، هەر بۆیەش زڤڕی بووەوە..

نها هەموو شتێک لە حاڵی گۆڕاندا بوو. ساتێک بوو بەرەو کۆتایی دەچوو. لە سەربان بووم، لە قاتی سی و دووەم، لە سەرووی قاڵدرمەکە، گوێم لە دەنگی با دەگرت، شینی ئاسمان ڕوندکی دەزایاندە چاوم، ڕێک وەکو جاری یەکەم کە نونو بۆ ئێرەی هێنابووم.

**

نامەیەک لە سەر ئەو مێزە هەبوو، کە ئەرکەکانی وانەی فەلسەفەم بۆ مامۆستا حەکیم لەسەری نووسی بوو، نامەکە هی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکە بوو، باسی ئەوەی دەکرد کە دزییەک لە عەدادی ئاو و

کارەبا کراوەو ئەو مەسەلەیە لە لێکۆڵینەوەدایە. بەو زووانە تاوانباران دەدۆزرێنەوە و دەردەکرێن و بە گوێرەی پێویست سزا دەدرێن. نامەکەم بەجۆرێ لە سەر مێزەکە دانا، کە نونو بیدینێ. بەجۆرێ دەرگا ئاسنەکەی گەراجی ژمارە ( ٢٨ ) ی دا بەیەکدا، کە لەسەری سەرەوەی تاوەرەکەدا دەنگ بداتەوە..

(( ١٣ ))

سواری قیتار بووین بەرەو نیس. دەڵێم سوار بووین، بەڵام لە ڕاستیا من بە تەنیا سەفەرم دەکرد، یەک بلیتم پێبوو. خوانیکو لە گەڵ مندا سوار بوو، وەکو ئەوەی بیەوێ خاترخوازی لە من بکات، بەڵام بەهەر جۆرێ بوو خۆی بە فارگۆنێکدا کرد، خۆی لە بەشی بار و کەل و پەلاندا شاردەوە. هەر بۆ پێکەنین و ڕابواردن ئەمەی کرد، دەنا هیچ پێویستی بەو کارە نەبوو. خوانیکو دەیزانی چۆن خۆی لە چاودێر و مامورانی قیتار دەرباز بکات. لەم کارەدا کارامە بوو.

تەنیا سێ نەفەر لە فارگۆنەکەدا هەبوون، دوو نەفەر لە خوارەوە بوون و شوێنەکەی منیش لە سەر تەختە خەوەکەی سەرەوە بوو. ماوەیەکی زۆر لە ڕاڕەوەکەدا وێستام، لێکدا لێکدا جگەرەم دەکێشا و دەمڕوانییە ئەو ڕوناکییەی بە هەشتاو لە پاشەوە تێدەپەڕی. خوانیکو لە پەناگەکەیەوە دەرهات. هیچی نەگوت. جێگەی جەزرەبەکەی سەر گۆنای شین و مۆر بووبووەوە. وەختایەک زانیم باوە پیاڕەکەی لێی داوە، پێشنیازم کرد کە لەگەڵ مندا بێت.

نازانم ئەمە لە هەوەڵەوە بیرۆکەی کێ بوو. ڕەنگە بیرۆکەی خۆی بووبێ. هەمیشە دەیگوت: " ڕۆژێ لە ڕۆژان دەڕۆم " ئیدی نها ئەو ڕۆژە هاتبوو.

باسی خاڵی خۆی کە نێوی ڕامون ئورسو بوو و لە نیس ئاکنجی بوو، بۆ کردبووم. خوانیکو تەنیا پێویستی بە کەسێک بوو تا لە گەڵیدا سواری قیتارەکە ببێت، بوونی من دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئاسانکردنی ئەم کارە. بەهەرحاڵ دەبوایە سەفەر بکات. لەگین بوو ڕۆژێک لە رونجی دا و لە بەنزینخانەیەکدا خۆی بە کامیونێکدا بکات و بڕوات.

ئەم مەسەلەیە منیشی خستە سەر کەڵکەڵەی سەفەر، ماوەیەکی زۆر بوو لە پاریس بووم. هەستم دەکرد ساڵانێکە لە پاریسم، تەنانەت بە تەواوی لە بیرم نەمابوو کەی دەگەڵ حوریەدا گەیی بوومە ئوستیرلیتز. لەم ماوەیەدا پێشهاتێن فرە هاتبوونە پێشێ. هەستم دەکرد پیر بووم، پیری ڕاستی نا، بەڵام باری قورسی ئەزموونەکانم قاڵی کردبوومەوە، ئێستا، ترسم شکابوو. دەمتوانی یەکڕاست چاو لە دوڕ چاوی خەڵکی ببڕم، درۆیان لەگەڵدا بکەم، ڕووبەڕوویان ببمەوە، دەمتوانی هۆش و هزرینیان لە چاویاندا بخوێنمەوە. هزر و نیازیان هەڵبێنم. یەکسەر و پێش ئەوەی فریای پرسیار بکەون، وەڵامیان بدەمەوە. دەمتوانی وەکو ئەوان هاوار بکەم و بە ڕوویاندا هەڵشاخێم. لێ لەنها و هێوە نەمدەتوانی ئەو کارانە بکەم کە جاران دەمکردن، بۆ نموونە وەکو دزی لە فرۆشگایەکی گەورە، ڕێکردن لە دوای کەسێکەوە و وا بنوێنم کە کەس و کاری خۆمە، یان لە ڕێگەوباندا دووی کەسێک بکەوم، لە دڵی خۆدا بڵێم ڤیانی گەورەی منە.

بۆم دەرکەوتبوو کە مارتینال، یان هابیل، یان زوهرە، یان ئاغای دولاهی ترسناک نین، بەڵکو قوربانیەکانی ئەوان ترسناکن، چونکە بەوە ڕازین کە قوربانی بن. بۆم دەرکەوتبوو ئەگەر خەڵکی لە نێوان هەڵبژاردنی بەختەوەری خۆیان و تۆدا سەرپشک بن، بێگومان تۆ هەڵنابژێرن.

له لیون زۆر شەکەت بووم. بە لەپە کوتێ بۆ تەختە خەوەکەی قاتی سەرەوەی قیتارەکە سەرکەوتم. ئەو خانمەی کراسی پەمەیی لەبەر بوو، لە سەر تەختە خەوەکەی خوارەوە دەنووست، لە تەختە خەوەکەی ئەولاترەوە سەر و کەللەی خانمێکی ئیسپانیم بەدی کرد کە لەبەر ڕوناکی وێستگەکەدا دیاربوو. لەبەر قژی و چاوە ڕەشەکانی وام وێنا دەکرد ئیسپانییە. وام مەزەندە دەکرد دەیەوێ شتێک بڵێت. بەڵام بەبێئەوەی چاو بتروکێنێ یان بزەیەک بکات، ماوەیەک لە ڕوخسارم ڕاما و تەواو. خوانیکو، لەسەر تەختە خەوەکە ڕاکشابوو و بە ئاستەمێک دەیپرخاند. بۆنی ئارەقەی لێدەهات، جلەکانی چڵکن و پڵکن بوون. وەکو ئەوە بوو دەگەڵ بابایەکی بەرەڵڵای کوچە و کۆڵاناندا خەوتبم. بەرەو لای دیوارەکە دەلەکم دا، بەڵام تەکان و لەرە لەری قیتارەکە دووبارە دەیهێنایەوە جێی خۆی. ئەنجام خەوم لێکەوت، خەوێکی قورس، کە بە هۆی ڕوناکی و تەکانی پێچکەی قیتارەکە بە سەر ڕێلەکانەوە، دەزڕا.

خوانیکو، خەبەری کردمەوە. بەبێدەنگی لە تەختە خەوەکە هاتبووە خوارەوەو وەکو مەیموون خۆی بە پەیژەکەوە هەڵواسی بوو. بۆوەی ناچار نەبێ هاوار بکات، دەمی لە پەنا گوێم نا و گوتی:

–وەرە تەمەشاکە، لەیلا وەرە تەمەشاکە!

بە کوێرە کوێر هاتمە دەرێ. فارگۆنەکە تاریک بوو، کەش و هەوا گەرم بوو، بۆنی هەناسە فارگۆنەکەی پڕ کردبوو. لە ڕاڕەوەکەدا، ڕوناکییەکی تیژ لە پەنجەرەی قیتارەکەوە، دەهاتە ژوورێ کە چاوی دەخستە ڕێشکە و پێشکە. خانوو و تاوەرەکان دەبینران.

دەریا لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقایەوە. قیتارەکە بە کەنارەکەدا ڕێگای تەی دەکرد، خۆی بەم تونێلدا دەکرد و لەو تونێلەوە دەردەچوو، دەریاکە هەر لە جێی خۆی بوو، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشایەوە، هێندە شین بوو، ڕوندک دەزاییە چاوانم.

خوانیکو لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. یەکەمجار بوو کە دەریای دەبینی. وەختێ لە ڕۆمانیاوە، لەگەڵ دایکی و براکانیا بە قیتار هاتبوون، قیتارەکە یەکسەری و بەبێ وەستان لە تیمیوراوە هێنابوونی، تەنیا ئەو کاتەی بە کێڵگە سنووریەکانی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا تێپەڕی بوو سووکە هەڵوەستەیەکی کردبوو، یەکسەر لەوێندەرەوە هاتبوون و لە ئۆردوگای قەرەجەکاندا دابەزی بوون.

خوانیکو، ناوبەناو ئاوڕی لای منی دەدایەوە و بەدەم زەردە خەنەیەکەوە کە ددانە سپیەکانی بە ڕوخسارە ئەسمەرەکەیەوە بەدیار دەخست دەیگوت: " دەبینی؟ ئەمە دەبینی؟

خەڵکەکە یەک لە دووی یەک لەم شارە کەنارییانە دابەزین. ئاگای، سان رافائیل، کان و ئانتیب. بەرلەوەی بگەینە نیس هەر هەردووکمان لە فارگۆنەکەدا ماینەوە. قیتارەکە بە درێژایی کەنارێکی بەردەڵاندا دەڕۆیی، ڕێگەیەکی دیکەی هاوتەریب هەبوو، کە ئۆتومبیلانی بەهەمان خێرایی پێدا دەڕۆیی. شەپۆل لە هەموو لایەکەوە پێکیاندا دەدا، هەتاو لەو دیوی پەنجەرەکەوە لە ژوورەوەی دەدا و پێستی لەشی دەسووتاند. هەستم کرد بێدار دەبمەوە، لە خەونێکی درێژ بێدار دەبمەوە، وەکو چۆن لە نەخۆشییەک چاک دەبینەوە.

هەر لەوێ، لە ڕاڕەوەکەدا، ئەو تێشتەمان خوارد کە لە پاریسەوە لە گەڵ خۆدا هێنابووم: پرتەقاڵی مەغریبی، کێکی ناو بە کرێم، هەرگیز جامبونمان ( گۆشتی بەراز ) نەخواردبوو، من نەمدەخوارد چونکە بە حەرامم دەزانی، خوانیکو نەیدەخوارد چونکە بە خراپی دەزانی بۆ بەشەر. جارێک کە گەنگەشەی ئەم بابەتەمان دەکرد،

نازانم له کوێوه ئەم بیرۆکەیەی بۆ هات گوتی زۆر ئاساییە بە ناوی جامبونەوە گۆشتی بەشەرت دەرخوارد بدەن. بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی بنوێنێ دەستێکی بە سمتی خۆیدا کێشا.

**

ئەلهەقی نیس جوان بوو، هەمان شوێن بوو کە وێنام کردبوو، شارێکی سپی و جوان، پڕ لە گومەز و سەربانی جوان بوو، پڕ بوو لە کۆتر و خەڵکانی پیر، لە شەقامی پان و بەرین، لە کە ئەم بەر و ئەوبەریان یەکپارچە دار چنار بوو، پڕ بوو لە پاس، شۆستەکانیش لەبەر پاس بەرنەدەکەوتن. عەرەبێکی زۆری لێبوو، وێڕای ئەوەش لە ئەفریقا نەدەچوو. تەنانەت لەو ڕووەوە لە ئیسپانیاش نەدەچوو.

شارێکی دڵگیر و خۆشبوو، شوێنی خەون و خەیاڵ، گەشت و گەڕان بوو، کە من و خوانیکو دەست لە نێو دەست وەکو خوشک و برا تیایدا دەسوڕاینەوە.

خەڵکی بەهۆی ڕەفتار و جلەکانمانەوە بە تەوسەوە تەمەشایان دەکردین، من قەمسەڵە ڕیشودارەکەی نونوم لەبەر و پانتۆڵێکی جینز و جووتێ پووتی وەرزشی مۆدی مەکسیکیم لە پێدا بوو. خوانیکوش کە هەمیشە جلکی شڕ و شەپڕێو و دەڵبی لەبەر دەکرد، سێ تیشرتی جیاواز ڕەنگی بەسەر یەکەوە لەبەر دەکرد، هەرە درێژ و تەنگترەکەیانی لە ژێری ژێرەوە لەبەر دەکرد، هەرە گەورەکەیانی کە مقەلەمێکی شین و سپی و، سوور و پەمەیی بوو، لە سەر هەموو ئەوانی ترەوە لەبەر دەکرد. قژی لوول و ڕەش، ڕوخساری هندی و برونزی بوو. هیچ شتێکمان پێ نەبوو، هیچ باروبنەیەکمان پێنەبوو، من جانتایەکی بچکۆلەم پێ بوو کە کۆنە ڕادیۆکەم و هەندێ شتی بچووکی ژنانە و کتێبە ئازیزەکەی فرانتس فانوونی تیابوو.

کەش و هەواکە زۆر خۆشبوو. بە درێژایی ڕۆژەکە، بێ هیچ مەبەستێکی دیار، بە کەناری دەریادا، بە شەقامە کۆنەکانی شارا، بە گرد وهەورازە پڕ باخەکاندا سوڕاینەوە. خوانیکو، شوێنی ژیانی خاڵی نەدەزانی. تەنیا ناوەکەی و ئادرەسەکەی پێ بوو کە بە خەتێکی خوار و خێچ لە سەر زەرفێک بەم شێوەیە نووسرابوو:

" رامون

ئورسو

ئوردوگای کریما "

نیوەڕۆش، لە هەمان کەناری بەرین و بەردەڵان نان و کێکمان خوارد، نەوڕەسی دنیا دەوری دابووین. خوانیکو وەکو تووتەڵە سەگ بەزیک زاک بە کەنارەکەدا غاری دەدا، بەسەر بەرد و لمەڵانەکەدا و بەناو نەوڕەسەکاندا خۆی غل دەکردەوە، هەزاران نواندنی لەو بابەتەی نمایش دەکرد. هەرگیز بەو حاڵەوە نەمبینی بوو. لە ناکاوا منداڵ بووبووەوە، ئازادی ئازاد بوو، ئایندەی بەلاوە گرینگ نەبوو. منیش وەکو ئەو بووم، بیرم لەوە نەدەکردەوە کە چی دەکەین، لە کوێ دەنووین، بۆ شێوی ئێوارە چ بکەین. دوا پارچە نانی گەورەم بۆ نەوڕەسەکان تووڕ دا؛ زۆریش بەیات و کۆن بوو. ئەگەر بکرابا جانتا دەستیە شینەکەم بە هەموو شتەکانی ناویەوە فڕێ دەدایە دەریاکەوە. هەڵبەتە لەمپەڕی بەردەم ئەم کارە نە ڕادیۆکە بوو، نە کتێبەکەی فرانتس فانوون بوو، چونکە ڕادیۆکە تەنیا قاوغێکی موسیقا بوو، کتێبەکەش پەیدا دەبووەوە. بەڵام لە هەموو ئەوانە

گرینگتر ئەو زەرفە بوو کە پەساپۆرتەکەی مریەم و ئەو نامەیە بوو کە حەکیم بەرلەوەی جەنازەکەی باوە گەورەی بۆ یامبا بەرێتەوە و لە کەناری ڕوباری فالیمیە بەخاکی بسپێرێت بۆی نووسی بووم.

**

هەموو هەیڤی ئایارمان لە نیس بەسەر برد. هیچ کارێکمان نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ بەیانیان دەچووین بۆ زبڵدانێک ، دوا نیوەڕوان بۆ کەناری دەریا دەچووین و لە شەقامەکانی ئەم شارە کۆنەدا دەسوڕاینەوە.

لە سەرەتاوە ئەم کارە، چونکە لە ئوردوگا بووین، هەندێک قورس بوو. چونکە ئوردوگاکە لە هەموو شوێنێکەوە دوور بوو. کەوتبووە ناو دۆڵێکی باکوورەوە، هەم لە شارەوە دوور بوو هەم لە پردەکانی شارێگاکەوە دوور بوو. ڕێک وەکو گەڕەکی تەبریکە بوو، تەنیا لەمەدا نەبێ کە ئەم بە بەرزاییەوە و دوور لە دەریا بوو، بەسەر گردێن ڕووتەن و سەختەوە بوو، زۆر باگیرو، تەپ و تۆزەکەی تامی چیمەنتۆی دەدا.

ئەم شارۆچکە و ئوردوگایە، لە خوار زبڵدانێکەوە ڕۆنرابوو، چەند بینایەک بوو، لە یەک ئاستا. بە بۆیاخی پەمەیی بۆیاخ کرابوو، سەربانەکانیان قرمید بوو. بە هەمووی نزیکەی پەنجا خانوویەکی بچووک دەبوو. تەسەور دەکەم، لە ڕۆژی کردنەوەکەیدا، نوێنەرانی پارێزگار و سەرۆکی شارەوانی و بەرپرسی گەڕەکە هەژار نشینەکە لەوێ بووبن، بێگومان شوێنێکی جوان بووە بۆ وێنەگرتن، بەتایبەتی ئەگەر زبڵدانەکە لە وێنەکەدا دەرنەچووبایە. بەڵام دوای چەند ساڵێک وەکو شارەکانی دی بووبوو بە تەنەکە ئاوا، دووکەڵ و سیانی سووتاندنی زبڵدانەکە نیشتبووە سەر دیوارەکانی، کاغەز وکیسە و عەلاگەی نایلۆن، بوبوو بە زینەتی تەلبەندی دەوری شارەکە، شەقامەکان، هەر چاڵ و قۆرت بوو، یەکپارچە قوڕ و چڵپاو بوو.

ئەوەی باڵکێش بوو، کابینەکان بوو، لەبەردەم هەر کوختەیەکدا کابینەیە دووان هەبوو، زۆربەیان تایەیان پێوە نەبوو و لە سەر بەرد و خشت دانرابوون. رامون ئورسو، لە یەکێک لەم کابینانەدا، بەخۆی و سێ منداڵی، لە تەمەنی خوانیکو خوارترەوە پێشوازی کردین؛ ناویان مالکو، جۆرج و، ئیڤا بوو. شەوان کیسە خەوەکانمان دەکردەوە، چەرچەفمان دێنا، بۆ ئەوەی سەرمامان نەبێ، بە ڕیزی یەکەوە دەخەوتین.

رامون ئورسو، پیاوێکی درێژ و تۆکمە بوو، قژ و برۆکانی یەجگار ڕەش بوو، لە کارگەی بیناسازیدا وەکو قۆنتەراتچییەکی بچووک کاری دەکرد. بە فەرەنسییەکی زۆر خراپ قسەی دەکرد. خوانیکو دەیگوت ڕۆمانیەکەی لە فەرەنسیەکەی خراپترە. لە ڕاستیا پێویستی بە قسەکردن نەبوو. شەوێ کە لە ئیش دەگەڕایەوە، لە قەراخ تەختەخەوێکی ناو تاقە ژووری ماڵەکەدا دادەنیشت و بەدەم سیغارکێشانەوە تەمەشای تەلەفزیونی دەکرد.

کە خوانیکوی لەوێندەر بینی، هیچ پێی سەیر نەبوو. پێدەچوو چاوەڕوانمان بکات، وەکو ئەوە بوو پێشتر خەبەریان دابووبێ. رامون ئورسو، دەگەڵ ژنێکی باڵابەرزی قژ زەردی، سوورەدا، لە کوختە بچووکەکەیا دەژیا. ژنەکە ناوی ئیلینا بوو. ئیڤا کیژی ئەو بوو، بەڵام جورج و مالکو لە ژنێکی دیکە بوون، کە رامونی بەجێ هێشتبوو.

بەیانانی زۆر زوو لە گەڵ خوانیکو و کوڕەکانا دەچووین بۆ زبڵخانەکەی شار، خوانیکو بەمەی دەگوت " کارکردن ".

گەلابە، یەک لە دوای یەک دەگەیینە ئەو هۆڵە گەورەیەی کە زڕ و زبڵەکانی تێدا ورد دەکرا و دەهاتە هاڕین. هەموو منداڵانی ئوردوگاکە لەوێندەر خڕ بووبوونەوە، هەرکە زڕ و زبڵ و خۆڵ و خاشاکەکە هەڵدەڕێژرایە سەر ئەرزەکە، بەرلەوەی شۆفلەکان فریابکەون و باری بکەن بۆ ئاشە پۆلاینەکە، منداڵەکان وەکو مشک بە هەشتاو دەگەیینە سەری.

من پێشتر لە تەبریکە کارگەی پەین سازیم بینی بوو، بەڵام لە ژیانما شتی وەکو ئەمەم نەبینی بوو. هەوا یەکپارچە گەرد و تۆز بوو، بۆنی بۆگەنی و مرداران، چاو و گەرووی دەسووتاندەوە. گەلابەکان لە تاریکیەکەدا لایتیان پێدەکرد و دەهاتن و دەچوون، بارەکانیان بەتاڵ دەکرد، ئاشە پۆلاینەکە دەیزیڕاند، لە سەرێ ڕا، تاقگەی ڕوناکی دادەڕژایە خوارەوە و لوولە گەرد و تۆزەکەی بەرجەستە دەکرد. کە ددانە تیژەکانی ئاشە پۆلاینەکە دەکەوتە کار، پارچە دار و چڵ و چێو و هەموو ئاسنەواڵەیەکی ورد و خاش دەکرد و، دەنگێکی تیژی ئەوتۆی لێ بەرز دەبووەوە کە لەزگ بوو گوێ کەڕ بکات. خوانیکو و جورج و مالکو، خۆڵ و خاشاکەکەیان هەڵدەدایەوە. هەرچیەکیان دۆزیباوە بۆلای منیان دێنا: کورسیە شکاو، قاپلەمەی قوپاو و دەسک شکاو، بالیفی دڕاو و، تەختەداری بزمارڕێژی ژەنگاوی، جل و بەرگ، پێڵاو، بووکەڵە، کتێب. خوانیکو زیاتر کتێبی بۆ دێنام. بەبێئەوەی تەمەشای ناونیشانی کتێبەکان بکات، دەیهێنا، لە نزیکی منەوە و لە سەر دیوارێکی نزمی نزیکی دەروازەی هۆڵەکە دایدەنا و، بە ڕاکە ڕاک دەگەڕایەوە تا فریای گەلابەیەکی تازە بکەوێت.

لەنێو ئەو شتانەدا هەموو جۆرە بلاڤۆکێک هەبوو. ژمارەی کۆنی گۆڤاری " هەڵبژاردە "، مێژووی کۆن، کتێبانی پێش شەڕ، ڕۆمانێن پۆلیسی، دیماسک، زنجیرە کتێبی، سەوز، پەمەیی، سوور و زێڕین و.. لە سەر دیوارەکە دادەنیشتم و لەبەر بایەکە دەستم بە خوێندنەوە دەکرد. بۆ نموونە گیتاری چەمەن زاران. نازانم کەی بۆ یەکەمجار ئەو ناوەم بیست، کێ بۆی باس کردم. ڕێک لە پێش ئەو پایزەدا بوو کە چووین لە سەر لقی درەخت دانیشین، بەڵام پێموایە، چەند پایزێک لەوە پێشتر بوو کە دولی باسی گیتاری چەمەنزاری بۆ کردم، تەنیا ئەو دەیتوانی ئەو وشانە دابهێنێ، گیتاری چەمەنزار.

هەرچیەکم لەو دۆزەخی زبڵدانەدا دەست بکەوتبایە دەمخوێندەوە. هەستم دەکرد وشەکان هەمان مانایان نییە. بەڵکو زۆر بەهێزتر بوون، زیاتر لە مێشکمدا دەمانەوە. تەنانەت ناونیشانی ئەو ڕۆمانانەش کە دوای خوێندنەوە فڕێ دەدرێن، زیاتر لە هزرما دەمانەوە، ناونیشانی وەک: دەرگای کراوە، دەرگای تەنگ، بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کە بلەز بەبەر چاوتا ڕەت دەبن، بەڵام لە یادگەدا دەمێننەوە، وەک: " چما لە کەناری ژیان دوور دەکەوینەوە؟ "

یان بۆ نموونە ئەم لاپەڕەیە، کە هی کۆنە کتێبێک بوو و بە پەڕجوو، لە ناو خەرمانێک زبڵ و خاشاکدا بە سەلامەتی دەرچووبوو:

دەشت بەرین و سپییە

کڕ و بێدەنگە

نە دەنگێ، نە نەوایێ. ژیان سەرانسەر خامۆشە

بەڵام هەندێجار وەک ناڵەی خەمناکی دەشت

دێتە گوێ

سەگانی بێ لانە، دەقروسکێنن لە گۆشە و کەناری جەنگەڵدا.

ئاخ، شەوێکی سامناکە بۆ باڵندەێن بچووک

بایەکی سارد دەلەرزێ و خۆی بە کۆڵانەکاندا دەکات

ئەوانە پەناگەی خۆیان لە سایەی درەختاندا لە دەست داوە،

ناتوانن لە سەر لاقە سڕ بووەکانیان بنوون.

ئەوانە لە هەمان جێگادان

لە نێو درەختانی بەرز و ڕووتەن و بەفرپۆش.

لەرزۆک بێ ئەوەی چ شتێک بیان پارێزێ

لە دژی نیگەرانی چاوەوە، تەمەشای بەفر دەکەن

چاوەڕوانی ڕۆژێکن کە شەو کۆتایی بێ.

من و خوانیکو پاشان ئەم شیعرەمان وەکو تەرجیع بەند دەگوتەوە، هەندێجار لە شەقاما دەمانگوتەوە، هەندێجار لە ناو کیسە خەوەکانمانەوە، کە لە ناو کابینەکەدا ڕاکشابووین، بە ئاوازێکی خۆش دەستی پێدەکرد:

" شەوێکی سامناکە بۆ باڵندەێن بچووک! " یان من دەمگوت: " نە دەنگێ، نە نەوایێ! " وابزانم خوانیکو ئەمە یەکەمجاری بوو لە ژیانیا شیعرێکی لەبەر کردبوو.

هەموو بەیانیەک، بەپەلە لە گەڵ کوڕەکاندا خۆم دەگەیاندە شوێنی خاشاک فڕێدانەکە. ئەم کارە، بۆ ئێمە وەکو یاری لێهاتبوو. کە بیرم لەو شتانە دەکردەوە کە لەگینە دەستمان بکەون، دەهاتمەجۆش.

ئوتومبیلی زبڵ و خاشاکەکان وەکو مێرووی دێوئاسا بە گردەکاندا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان، هەزاران تۆن زبڵ و خاشاکی هاڕدراو سواو لەو گۆڕە کەوتبوو، گەرد و تۆزی زۆر ناخۆش و زیانمەند ئاسمانی دۆڵەکەی داپۆشی و تا حەوێقی ئاسمان دەڕۆیی و دەبوو بە پەڵەیەکی قاوەیی بە قولایی ئاسمانی شینەوە. باشە چۆن لە شوێنەکانی دیکەی شار هەستیان پێنەدەکرد؟ خەڵکی زبڵ و خاشاکی خۆیان فڕێ دەدا و پاشان وەکو پیسییەکانی خۆیان لە بیریان دەکرد. بەڵام هەموو ڕۆژێ گەرد و تۆز، بەسەر قژ ودەست و باخچە پڕ گوڵ و گوڵزارەکانیانەوە دەنیشتەوە. ئیدی لەو زبڵدانەدا هەموو شتێکمان دەدۆزییەوە. بەیانییەک مالکو بە شانازییەکی زۆرەوە هات. بووکەڵەیەکی بەدەستەوە بوو، وشترێکی چەرمی دەستەچنی بەدەستەوە بوو، وشتر سوارەکە جلکێکی سووری لەبەر و شاشکێکی سپی لەسەر و شیرێکی بە قەدەوە بوو.

ڕۆژێک، لە گەڵ دەستەیەک ئیسپانیایی دا بووبە شەڕمان، هەموو لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوون، کراسی گوڵ گوڵییان لەبەر بوو، سەر و نەواریان لە قژیان بەستبوو. لەبەر ئەوەی مالکو و جۆرج بە ڕۆمانی قسەیان دەکرد، بەر دەمرێژی جنێوانیان داین. هاتبوون تا بزانن چیمان دۆزیوەتەوە. تایەی پاسکیل، شیشی پەردە، تەلی بادراوی ژەنگن، قاپلەمەی قوپاو، تەنەکە، تایپ، چەترێکی ڕەشی ساغ و بێ عەیب، چەکمەیەک. تەمەشای

کتێبەکانیان کردم، ڕۆمانی پۆلیسی، دیوانە شیعرێکی ئیتاڵیایی هی لیو پاردی ( لیوپاردی: شاعیر و نووسەرێکی ئیتاڵیاییە ١٧٩٨ – ١٨٣٧ ) بوو یان هی ئەنونیزیو ( نووسەرێکی ئیتاڵیاییە ١٨٦٣ – ١٩٣٨ ) بوو. یەکێکیان پەڕەی کتێبەکانی هەڵدایەوە و ئەوسا بە قێز و بێزەوە تووڕی دا.

بەهەشتاو بەرەو لای من هات، توووند ملی گرتم و ویستی ماچم بکات. دەڵەکم دا، خوانیکو پەلاماری دا و، بەربوونە گیانی یەکدی، بەسەر زبڵ و خاشاکەکەدا غل دەبوونەوە، بەڵام هاواریان نەدەکرد، تەنیا دەنگی هانکە هانکیان دەهات! بە لەقە و مستان کەوتبوونە گیانی یەکدی. ئوتومبیلە زبڵڕێژەکان وەستابوون، مەردووم خڕ بووبوونەوە و تەمەشای شەڕەکەیان دەکرد. مالکو و جورج بە هەر دووکیان بەربووبوونە کوڕێکی ئیسپانی و خوانیکوش بەر بووبووە یەکێکی دی. منیش کە بایەکە قژەکەمی خستبووە سەما و بە قەمسەڵە ڕیشودارەکەمەوە، کە یەکپارچە گەرد و تۆز بوو، ئەو چەکمانەم کە دۆزی بوومنەوە لە سەر دیوارە نزمەکە دانابوو، شێت ئاسا یەک بەخۆم هاوارم دەکرد.

دوای ئەوە یەکێک لە خزمەتگوزارەکانی زبڵخانە، کە پیرەمێرێکی نەژادپەرست بوو و لە عەلەیی ڕەشپێست و عەرەب و قەرەجان دەدوا و جنێوی دەدانێ، سۆندەیەکی شینی هەڵگرت، کە بۆ شۆردن و پاککردنەوەی ئەو شوێنە دانرابوو، و کەوتە ئاو پێداکردنمان، ئاوی چی، سارد و تەزی دەتگوت بەفراوە. گوشاری ئاوەکە هێندە بەهێز بوو، خوانیکو وەکو سیسرک بە پشتا کەوت و کتێبەکانم پارچەپارچە بوون و چوون بە ئاسماندا. بەوجۆرە ئاوە ساردەکە، وەکو قامچی سەراپای تەزاندم و هەموو کتێبەکانیش تیاچوون. حەزم لە چارەی ئەو پیاوە نەبوو. هاوارم کرد: " خوێڕی، بەراز، خاشاک! " پاشان بەو تۆزە عەرەبییەوە کە دەمزانی بەر دەمرێژی جنێوم دا. لەوە بەدواوە ئیدی نەچووم بۆ ئەو زبڵدانە.

❊

کیژێک هەبوو ناوی سارە بوو. یەکەمجار، بەرێکەوت لە بارِی ئوتێل کونکوردا تووشی بووم. ئەم ئوتێلەم بۆیە بەلاوە خۆشەویست بوو، چونکە پەیکەری برۆنزینی ژنێکی درێژی تیابوو، کە دەیویست لە نێوان دوو دیواری سەختەوە هەڵێت. خۆم بە هۆڵەکەدا کرد تا بپرسم کێ ئەم پەیکەرەی دروستکردووە، دەرگاوانەکە ناوی پەیکەرتاشەکەی پێگوتم: " سوسنوفسکی " و پاشان ناوەکەی لە سەر پارچە کاغەزێک نووسی و دایە دەستم. دەمەو ئێوارە بوو. خوانیکوم لە گەڵ خۆدا نەهێنابوو، چونکە بە قژە لوول و ئەو تیشێرتە چڵکنانەوە کە بە سەر یەکا لەبەری کردبوون، ڕووی مەجلیسی ئەو شوێنانەی نەبوو، ئەمە جگە لە بۆنی لەشی. لەوسەری هۆڵەکەوە دەنگی موسیقا دەهات. ئەمەم بەلاوە سەیر بوو، چونکە من بەهۆی گوێچکەی چەپمەوە لە دوورەوە گوێم لە موسیقا نەدەبوو. بەڵام لەوێ دەنگەکە، بە خاوی و بە نزمی دەگەییە گوێم، جۆرە تەزوویەک بە گیانما و بە ناخما دەهات. بەناو هۆڵەکە کەوتم، بەدەم دەنگەکەوە چووم. لەناکاوا دڵم بە توووندی کەوتە لێدان، چونکە پێموابوو سیمون– م دۆزیوەتەوە، سیمون لەو سەری هۆڵەکەدا وەستاوە و گۆرانی دەڵێت. گۆرانی " ڕەنگی قژی ڤیانی ڕاستەقینەی من ڕەشە "ی دەگوت. بۆوەی باشتر گوێم لێی بێت، تەواو نزیک بوومەوە، لەسەر پلیکانەی ستەیجەکە ڕۆنیشتم، سارە کە چاوی بە من کەوت وەکو ئەوەی بمناسێت بزەیەکی بۆ کردم. وابزانم پێشخزمەتی بارەکە، کە بە تووڕەیی تەمەشای دەکردم، لەبەر بزەکەی ئەو، منی کچۆڵەی ڕەشپێستی، قژ لوولی، پانتۆڵ جینز و قەمسەڵە ڕیشوداری، لەوێندەر وەدەر نەنا.

تا شەوێ گوێم لە گۆرانی گرت، ئیدی بارەکە پڕ بوو لە خەڵکی، بەدەم ویسکی خواردنەوەوە خەریکی گوت و بێژ بوون، ژن و پیاو دەست و مشتاق و ماچ و مووچیان دەکرد و ئەوسا هەریەکە و بەلایەکدا دەڕۆیشتن.

هەندێکیان دەڕەقسین. بەڵام من پەیڤ و موسیقام دەنۆشی، غەرقی تەمەشای بەژن و باڵای بەرزو کراسە ڕەشە هاوداماو و بەدەن چەسپ و قژە کورتەکەی کچە گەنجەکە بووم.

پاشان، قسەی لەگەڵم کرد. لە قسەکانی حاڵی نەدەبووم، هەوڵمدا جووڵەی لێوەکانی بخوێنمەوە. لەبەردەم پێشخوانەکەدا بوتڵی ئاوی مەعدەنی گازداری خواردەوە. پێی گوتم ناوی سارەیە و خەڵکی شیکاگۆیە. بە " خوشکە سوالو " گازی دەکردم، نازانم چما بەو ناوەی گاز کردم. پێی گوتم: " دڵبەند و شیفتەی قژەکەتم. " ناو و ئەدرەسی خۆی لە سەر کارتێک بۆ نووسیم؛ لە سەر سەفەر بوو. منیش ناوی خۆم نووسی، هیچ ئەدرەسێکم نەبوو بۆی بنووسم، بۆیە بە ناچاری ئەدرەسی پیاتریس– م دایێ.

پیانۆژەنەکە، سەرلەنوێ دەستی بە ژەنین کردەوە. سارە چووەوە بۆ سەر ستەیجەکە. من تا شەوێ، تا کۆتایی بەرنامەکە لەوێ مامەوە. پیاوێکی بەژن زراڤی ئەسمەر بەدوایدا هات. چاکەت و پانتۆڵ و پاڵتۆیەکی کەسکی لەبەر بوو، وەکو ئەکتەرانی سینەما، ملپێچێکی سپی لە مل کردبوو. سارەی لە گەڵ خۆیدا برد، سارە بە لەنجە و لار بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیی، کە بەلای مندا تێپەڕی، دووبارە بزەیەک بەسەر ڕوخسارە ڕەشەکەیەوە پرشنگی دا. لە تۆوایە ئەستێرەیە، خواوەندە، فریشتەیە.

لەوە بەدواوە هەموو ڕۆژێ لە سەعات پێنجەوە دەچووم بۆ ئەوێندەر و تا سەعات نۆ دەمامەوە، لە هەمان سووچدا، لە جێگاکەی خۆم ڕۆدەنیشتم. هەر گارسۆنێ پرسیاری لێکردبام، وەڵامم حازر و ئامادە بوو: " ئەمە خوشکمە " . لێ پێدەچوو ئاگاداری کردبنەوە، چونکە هیچ کەسێک، هیچی لێنەپرسیم.

سارە، بە درێژایی هەیڤی ئایار گۆرانی بۆ گوتم. بە درێژایی ئەم مانگە هەر سەرما و سۆڵە و با و باهۆز بوو. باران دەباری، دەریا سەوز و بە هەیبەت خرۆشابوو. خوانیکو هەموو ڕۆژێ لە گەڵما بۆ کەنارەکە یان بەربەستە کۆنکریتیە شەپۆل شکێنەکە دەهات، بەڵام ئێرە بۆ کیژان شوێنێکی گونجاو نەبوو. ڕۆژێک کە چاوەڕوانی خوانیکو بووم، کابرایەک هات و کێرە خەتەنە نەکراوەکەی لێ دەرهێنام. نیگای غەریب و سەرگەردان بوو. بەڵام ئەمجارەیان حەزم نەدەکرد، وەکو ئەو جارەی بەڕووی پیرەمێردی گۆڕستانەکەدا هەڵشاخی بووم، هاواری بەسەردا بکەم: " برۆ بمرە تا چاو هەرزانە " . ماسیڤانەکانیش لە نێو بەلەمەکانیانەوە و بەدەم کۆکردنەوەی تۆڕەکانیانەوە، شێت ئاسا هاواریان دەکرد و، ڕەفتاری قۆڕیان دەکرد و هیچیان لێ حاڵی نەدەبووم، خوانیکو تووڕە دەبوو: " هەی حیز دایکینە، بزانە چۆنتان دەکوژم! " لەم تاوێرەوە بازی دەدایە سەر ئەو تاوێر و وای دەنواند کە بەردیان تێدەسرەوێنێ.

زۆر بەم حاڵە پەست دەبووم. لەم دنیا گەورەیەدا شوێنێ، تاقە شوێنێکی ئەمن و ئەمان نەبوو. هەرکە پەنایەک، کەلەبەرێک، کونێک و کوێرە شکەفتێک یان گۆشەیەکی چۆڵ و دوورە دەستت پەیدا دەکرد، یەکسەر سەروکەللەی پیاوێی بێ شەرەف، نامەردێک، گوسەگێک، نەخۆشێکی سێکسیت لێ پەیدا دەبوو.

ئیدی هەموو دوا نیوەڕوانێک، دەچووم تا گوێ لە موسیقای سارە بگرم کە گیان و روحی ئاوەدان دەکردمەوە.

هەموو پاش نیوەڕوانێک، من و سارە، لە کاتی پشووەکاندا، پێکەوە قسەمان دەکرد، بەڵام لە ڕاستیا قسەشمان نەدەکرد، چونکە نە ئەو فەرەنسی دەزانی و نە من بە باشی گوێم لە دەنگی ئەو دەبوو کە چی دەڵێت. هەموو

جارێک بەدەم زەردەخەنەوە دەیگوت: " خوشکە سوالو، شیفتەی قژەکەتم. " ئەو قسەیە بووبوو بە وێردی سەر زمانی.

تا کۆتایی بەرنامەکە لەوێندەر دەمامەوە، هەموو شەوێک دۆستەکەی دەهات بە شوێنیا، ئەویش بەبێ ئەوەی چ قسەیەک بکات، بە بەردەممدا ڕەت دەبوو، وەکو ئەوەی نە یەکمان دیبێ نە یەکدی بناسین، تەنیا چاوەکانی لە من بوون و سووکە بزەیەک ڕوخساری ڕوناک دەکردەوە. هەنگێ بە کەش و فشەوە، بە لار و لەنجە بەرەو دەرگای ئوتێلەکە، بە پیری شەوەوە دەچوو. یەک مانگی تەواوم بەوجۆرە و بە عەشقی سارەوە بردە سەر.

لەو ماوەیەدا دوو کوڕی ئۆردوگای کریما کێشەیان بۆ دروستکردم. ئەمانە دوو برابوون بە نێوی دانی و هیوگ، قژی دانی لوول و قاوەیی بوو، هیوگ قژ سوورێکی باڵابەرز بوو. بەهۆی کراسە گوڵ گوڵی و ئەو نەوارانەوە کە لە قژیان بەستبوو، پێم دەگوتن هندیە سوور. ئوتومبیلێکی کرایزلەریان هەبوو، پێی دەسووڕانەوە. ڕۆژێک من و خوانیکو و مالکو لە گەڵیاندا سوار بووین، بەبێ هیچ ئامانجێک بە شەقامەکاندا دەسوڕانەوە، سەرسەریانە ئوتومبیلەکەیان داژۆت، بەدەم ستۆپ گرتنەوە جیرەجیرپیان لە تایەکان هەڵدەستان، هۆڕنیان لێدەدا، هاواریان دەکرد. ئەوپەڕی شێتایەتیان دەنواند. بەوپەڕی خێرایی شەقامەکانیان تەی دەکرد، بایەکی سارد لە پەنجەرە کراوەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. وابزانم بایەکە سەرمەستی دەکردن، بەڵام دیاربوو شتێکیان کێشابوو، چاویان سوور بووبوو.

نەدەترسام، لە خەڵکانی وەکو دانی و هیوگ نەدەترسام، بەبۆچوونی من منداڵ بوون، دوو منداڵی لاسار، کۆمیدی و لاواز.

دانی بیست ساڵان بوو و براکەشی وەکو من هەژدە ساڵان بوو. پێش ئەوەی شەو دابێت بە ماوەیەکی کەم کرایزلەرەکەیان لە گەراجێکی گەورە سەر بە کۆگایەکی ئەوزار فرۆشی جۆری " بریکولتو " ڕاگرت، بینایەکی سەوز بوو، لەبیرم نەماوە. لە ئوتومبیلەکە دابەزین. جووتە برا وەکو دوو هۆڤی، بە قژە درێژەکانیانەوە کە بەسەر شان و ملیاندا ڕژابوو، بە کراسە گوڵ گوڵی و یەخە کراوەکانیانەوە بەو سەرمایە، کەوتنە سوڕانەوە بە ڕاڕەوی کۆگاکاندا. خەڵکەکە کە لە سەرما ملیان بردبووە ناوەوە، لە دیمەنی ئەو کوڕانە حەپەسابوون، بەجۆرێ تەمەشای ئەو دوانەیان دەکرد وەک ئەوەی گورگ بن و بەناو ڕان کەوتبن. جووتە برا بە زمانی ئیسپانی و بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد، لەم سەری ئەم کۆگایەوە بۆ ئەوسەری کۆگاکە یەکدییان گاز دەکرد، قاقا پێدەکەنین، ددانە سپییەکانیان بە ڕوخسارە ئەسمەرەکانیانەوە، دەبریقایەوە. پاشان ڕۆیشتین، بەبێ بەرنامە، بە کەناری ڕۆخانەکەدا بەرەو کوێستان ڕۆیشتین، بە شارۆچکەیەکی نوستوو و خامۆشدا تێپەڕین، شار لەم تەم و مژدا غەرق بوو، گڵۆپی عامودی سەر شەقامەکە بە ئاستەم زەردی دەکردەوە، ڕەفتاری شێتانەمان دەکرد، دەچووین بۆ گۆڕستان و گوێمان بە گۆڕەکانەوە دەنا تا گوێمان لە هەناسەی مردووەکان ببێت. پێموایە دانی بڕێک گێلۆکە بوو. مامی خوانیکو ئاگاداری کردینەوە: " لە گەڵیاندا مەگەڕێن، کێشەتان بۆ دروست دەکەن " . هیوگ– م خۆش دەویست، لە کوشنەکەی پێشەوە و لە نێوان جووتە براکەدا دانیشتبووم. لە ڕێگە وەستاین تا شتێک بخۆینەوە، لەو ماوەیەدا کە خوانیکو و دانی دابەزی بوون و بەدەم جگەرەکێشانەوە لەسەر بۆنیتی ئوتومبیلەکە دانیشتبوون، کەمێک موغازەلەی هیوگ– م کرد. دانی ویستی ماچم بکات، نەمهێشت، توورە بوو، گڕ لە چاوی دەبووەوە. ئەوسا چەرخێک و بوتڵێکی بچووکی غازی دەرهێنا، گڕی تێبەردا و، سرەواندیە من، لە ناکاوا هەستم بە دەنگێک کرد، وەکو دەنگی شەقەزللە بوو، خۆم لە دەرێی ئوتومبیلەکەدا

بینییەوە، هاوارم دەکرد، سینە و دەستەکانم دەسووتان. هیوگ فریام کەوت، ئاگرەکەی کوژاندەوە. لە قەمسەڵەکەی خۆیەوەی پێچام و بە ئەرزەکەدا غلی دەکردمەوە و بە مست تێم بەر بووبوو. گێژ و مەنگ بووبووم، نەمدەزانی مەسەلە چییە.

هیوگ و دانی، بە درێژایی ئەم ماوەیە لە شەڕدا بوون. خوانیکو و مالکو، حایر و حەپەساو تەمەشایان دەکرد. پێدەچوو نەزانن مەسەلە چیە. من کە وەخۆ هاتمەوە، بەجێم هێشتن و بەرەو جادەکە ڕۆیشتم. یەکسەر شوفێرێک گەیاندمیە خەستەخانە، بە ڕواڵەت پیاوێکی میرەبان بوو، ویستی لە گەڵما بمێنێتەوە، لێ سوپاسم کرد و گوتم پێویست بەو زەحمەتە ناکات. مەسەلەکە هیچ نییە و مایەی نیگەرانی نییە. دکتۆری موقیم دەرمانی کردم، هەردوو مەمک و مل و بازووەکانم سووتابوون.

دکتۆرەکە لێی پرسیم: " چی بووە، بۆ واتلێهاتووە؟ " دەمزانی کە ئەو زانیاریانەیان بۆ پۆلیس دەویست. ئازارم هەبوو، هەستم بە بێتاقەتی دەکرد، بەڵام وێڕای ئەوەش گوتم: " هیچ، کە دەمویست ئاگر بکەمەوە، بە ڕێکەوت ئەو بویەرە قەومی. " وادیاربوو باوەڕی بە قسەکەم کرد، ئیدی تاکسیەکم بەکرێ گرت و بۆ ئوردوگای کریما گەڕامەوە.

دوای ئەم بویەرە ناچاربووم لەوێ بڕۆم. رامون ئورسو هیچی نەگوت، بەڵام ئیلینا خۆی بە کابینەکەدا کرد. شتەکانی کۆ کردمەوە و لە جانتاکەمی نا و بلوزێکی تازەی سوفی سوور و ڕەشی دامێ. بە غەزەبەوە تەمەشای دەکردم، پێدەچوو لێم بێزار بێ. مالکو و خوانیکو، لە سەر جادە پڕ چاڵ و قۆرتەکەدا تۆپانێیان دەکرد. بە ئیلینا - ، گوت: " ئەدی خوانیکو؟ " بە ئاماژە حاڵی کردم کە لە دەف وان دەمێنێتەوە.

پێموایە نەهەقی نەبوو، بەهۆی منەوە ڕۆژگاریان شێوابوو. پێ و قەدەمم شووم بوو. دەستەیەک قەرەج لەبەر دەروازەی ئوردوگاکەدا، لە دەوری کۆمەڵە پەیکەرێکی ئاسنین خڕ بووبوونەوە و گەنگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە کۆمەڵێک ڕاوچین لە کاتی دابەشکردنی نێچیرێکدا. بەیانییەکی ڕۆژی یەک شەممە بوو، و کارگەی هاڕینی زبڵ و خاشاکان کاری نەدەکرد. بەهۆی سووتاویەکەی بەدەنمەوە، جانتاکەم دا بەشانی چەپمدا. ئاسمان شینی شین بوو، پەڕەسێلکان بە ئاسمانەوە دەهاتن و دەچوون، بە باشی گوێم لە دەنگیان بوو. بە پاس تا وێستگەکە چووم. ئەوەندە پارەم پێ بوو کە بلیت ببڕم و بە قیتاری دواتر خۆ بگەیەنمە پاریس.

(( ١٤ ))

پێش هاوینی ئەو ساڵە، گۆڕانی زۆر چێببوو. پێش هەموو شتێک لە تاقیکردنەوەی خارجی بەکالوریا بەشداریم کرد، وەکو چاوەڕوان دەکرا دەرنەچووم. لە تاقیکردنەوەی بیرکاری و مێژوودا، دەفتەرەکانم بە سپیەتی ڕادەست کرد. لە تاقیکردنەوەی زارەکی زمانی فەرەنسیدا ئەو مامۆستا خانمەی تاقی دەکردمەوە باوەڕی نەدەکرد، کە من قوتابی خارجیم. تەمەشای پەساپۆرتەکەی دەکردم، چاوی بە فایلەکەمدا دەگێڕا و دەیگوت: " بەسە، درۆم لە گەڵ مەکە، پێم بڵێ لە کوێ خوێندووتە؟ "

سەرەنجام، لە کاتێکا لە تووڕە بوونەکەی خۆی ژێوان بووبووەوە پێی گوتم: " کێت بۆ سەرپەرشتی شرۆڤەکانت هەڵبژاردووە؟ " یەکسەر گوتم: " ئەیمیە سیزیر. " ناوی ئەیمیە سیزیر لە بەرنامەدا نەبوو، بەڵام بە سەرسامی گوتی: " دەی باشە، گوێم لێتە. " ئیدی کۆپلەیەکم لەبەر لە کتێبی " دەفتەری بیرەوەری گەڕانەوە بۆ زەید " کە فرانتس فانون شتێکی لەسەر نووسی بوو، بۆ خوێندەوە:

له بۆ ئەم خواوەندە دان چەرمووە

پیاوانێک بە گەردنی لاوازەوە

ملکەچ و گوێ ڕایەڵ

سەمای خۆم هەیە

سەمای بەدی زەنگیان

تا ئەو شوێنەی کە دەڵێت:

بمبەستەوە، بە برایەتی کوشندەم ببەستەوە

بە کەمەندی ئەستێرەکانت بم خنکێنە.

بفڕە ئەی کۆتر

بەرز ببەوە

بەرز ببەوە

بەرز ببەوە

لە دووی تۆم، ئەی ئەو شتەی لە ڕابردووی

منا ئاکنجیت، من بە چاوانی سپیەوە

پەیگیریت دەکەم

بەرز ببەوە ئەی ئەو کەسەی

سەر لە ئاسمان و ئەو

عەدەمە دەسوی، کە دەمویست

تیایدا غەرق بم

لەوێندەر مانگێکی دیکە هەیە

دەمەوێ زمانە سەختەکەم

لە شەوی کڕ و کپ بدزمەوە.

ئەو ساڵە، بابەتی ئەزموونی فەلسەفە، مرۆڤ و ئازادی یان شتێکی لەو بابەتە بوو. من بابەتێکی دوور و درێژی بیست لاپەڕەییم لەو بارەیەوە نووسی، لە زۆر شوێن دا وتەکانی فرانتس فانون و لینین– م بە نموونە هێنابووەوە، بەتایبەتی ئەو پەرەگرافە بە نێوبانگەی کە دەڵێت: " کاتێ کە لە سەر زەوی چەوسانەوەی مرۆڤ

نەمێنێ، موڵکایەتی و موڵکداری کارخانان نەمێنێ، کاتێ برسی و تێر لە دنیادا نەمێنێ، وەختایەک هەموو ئەو دیاردانە نەمان، هەنگێ پێویست بە دام و دەزگای دەوڵەت نامێنێ. "

بەوجۆرە لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچووم. چونکە بەپەلە ویەکسەر دەمنووسی، بە نووسینەکەی خۆمدا نەدەچوومەوە، دەتگوت ڕاوم دەنەن، کە لێبوومەوە، کاغەزەکانم لە سەر مێزی چاودێرەکە دانا و بلەز لەوێ وەدەر کەوتم، هەر ئاوڕیشم نەدایەوە. تەنانەت لە ڕۆژنامەشدا بۆ ناوەکەی خۆم نەگەڕام، چونکە پێشوەختە دەمزانی ناوم لە ڕۆژنامە دەرناچێت.

لە پاریس دا هەموو شتێک وەک خۆی بوو و هەم جیاواز بوو. لە ماڵی پیاتریس دا کەش و هەوا خۆشبوو. پەنجەرە گەورەکەی هۆڵەکە، غەرقی ڕوناکیەکی جوان بوو، جوانا گەورە بووبوو، قژی درێژ بووبوو. هێشتا هەمان چاوانی عەقیق ئاسا و نیگای لاسار و نیگەرانی هەبوو.

بەیانیان، کە ریمون دەچوو بۆ ئوفیسی کاری پارێزەروانیەکەی و پیاتریس دەچوو بۆ ئۆفیسی ڕۆژنامەکەی، من لەلای جوانا دەمامەوە. سەرچڵ و بن چڵی لاولاوەکە پڕ بوو لە کێشکان، جوانام بۆ بەر پەنجەرە کراوەکە دەبرد تا گوێی لە دەنگ و ئاوازی کێشکەکان بێت.

لێبڕام بڕۆم. ئیدی لە ڕێگەی مامۆستای ناوەندی ڕۆشنبیریی و عەقیدێکی بەشی زانیاری ئەمریکییەوە کە ژێراوژێر بۆم لێدرابوو، توانیم فیزای جێگۆڕکێ بەدەست بێنم و لە ماڵی سارە لیبکاپ، لە بوستن ئاکنجی ببم. تەنانەت ناوی خۆم لەو لاتارییەش ( یا نەسیب ) تۆمار کرد کە کارتی ئاکنجی بوونی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دابەشدەکرد، پشکی ئەفریقاییەکان لەو ساڵەدا باش بوو. بەڵام پارەم نەبوو، ناچار بووم یەکێک لە گوارە هیلالییەکانم کە یادگاری پێشینیانم بوو، بفرۆشم، بیست و پێنج هەزار فرانکم لە بیاتریس قەرز کرد، خەجاڵەت بووم، بەڵام چارم نەبوو، ئیدی مەسەلەی مەرگ و ژیان لە ئارادا بوو. هەستم کرد بیاتریس و ریموند بۆیە ئەو پارەیەیان دامێ، تا بە یەکجارەکی لە ژیانی خۆیان وەدەرم بنەن و لە خۆیانم دوور بخەنەوە، چونکە من تاقە کەس بووم کە دایکی ڕاستەقینەی جوانام دەناسی؛ دەیانویست شتێک نەمێنێ کە جوانا بە دایکیەوە ببەستێتەوە..

هیچ کەسێکم نەبوو کە خواحافیزی لێبکەم. ژێرزەمینەکەی شەقامی جافلو داخرابوو. وەختایەک موریا ئیف – ی هاوڕێی نونو، گەڕابووەوە، ئەنجوومەنی کارگێڕی ئاپارتمانەکەی ئاگادار کردبووەوە کە قفڵەکە بگۆڕن، ئەوانیش قفڵەکەیان گۆڕی بوو. پاش نیوەڕۆیەک، بە تاکسی بەبەر ئاپارتمانەکەی نونودا ڕەتبووم، کە دیتم دەرگا ئاسنینەکە بە بۆیەیەکی سەوزی چیمەنی بۆیاخ کرابوو و بە بۆیەی ڕەش ژمارە ( ٢٨ ) ی لە سەر نووسرابوو، هەستێکی غەریب و نامۆ دایگرتم. ڕێک وەکو گەراجێک یان دۆڵابی هەڵگرتنی سەعاتی ئاو و کارەبا و ئەو شتانە بوو، دەتگوت هەرگیز کەسی تیا نەژیاوە، یان پاسکال مەلیکە شەوێک لە شەوان لەوێندەر لە دایک نەبووە، بەڕاستی غەریب بوو، دەتگوت هەموو شتەکان ئاوەژوو بوونەتەوە. کە لە تونیلەکە وەدەرکەوتین، بە تاکسیەکەم گوت: " بگەڕێوە ". لە ئاوێنەکەوە تەمەشایەکی کردم. دووبارەم کردەوە: " تکایە، دەمەوێ بە هەمان ڕێگادا بگەڕێمەوە." بە ئەسپایی زڤڕییەوە، تاکسیەکە لایتە نزمەکانی پێکردبوو. ڕوانیمە ئەو شوێنەی کە مێرسیدسەکەی مارتینال جوایو، بە درێژایی شەو لە چاوەڕوانی سیمون دا، لەوێ وەستابوو. پەڵەی زەیت، وەکو پەڵەی خوێن بەسەر جادە قیرەکەوە دیاربوو، دوور نەبوو سیمون مردبێ. مارتینال جوایو، هەمیشە بە ڕوویا هەڵدەشاخی و گەڤی کوشتنی لێدەکرد، ئەگەر سیمون دەستبەرداری بوایە، لەگین بوو

بیکوشتبایه. بۆیه سیمون زندانی ئەم پیاوه بوو.نەیدەتوانی هەڵێت. بۆیه سیمون جۆره بۆدرەیەکی هۆشبەری دەکرده لووتیەوه یان حەبی دەخوارد. ئەمەش جۆره هەڵاتنێک بوو.

تاکسییەکه له بولڤاری پاریس و لەبەردەم یانه وەرزشییەکەی نونودا دایگرتم. بەنێو دووکانی کۆنه فرۆشەکان و فرۆشیارانی ئامێرێن دەنگی دا، سەرکەوتمه سەرەوه، دەرگای یانەکه داخرابوو، بەڵام ژاوه ژاو و دەنگ دەهاته گوێ، ماوەیەکی زۆر له دەرگام دا، تا هاتن. کابرایەکی عەرەبی درێژداهۆڵ به جلکی وەرزشەوه هات و دەرگای کردەوه. نەمدەناسی. لێم پرسی:- ئەرێ نونو له کوێیه؟

داوای لێکردم قسەکەم دووباره بکەمەوه، ئەوسا ڕووەو ناو هۆڵەکه هاواری کرد. ئەوسا گوتی:- نونو دەناسیت؟

له بەردەممدا وەستابوو، نەیدەهێشت ژوورەوه بدینم. پیاوێکی باڵابەرزی چل ساڵەی، ئەسمەری، دفناک ( کەپوو زل ) قژ لوولی ماش و برنج هات. له ئاغای دولاهی دەچوو. نازانم چما له خۆڕا وام هەست کرد ئەمه دەبێ ئیڤ لونگان- ی هاوڕێی نونو بێت. ماوەیەکی زۆر، بەبێئەوەی ورتەی لێوه بێت، لێم ڕاما. بێگومان ئەویش منی ناسی بووەوه. هیچ کاردانەوەیەکی نه باش و نه خراپی نەنواند.

نونو، برادەری هەردووکمان بوو. به ئاماژەی دەست ئەوەی نیشاندا که تەواو، هەموو شتێک تەواو بووه. ئەوەی له جووڵەی لێوەکانیا خوێندمەوه، زۆر لەوه زیاتر بوو که گوێم لێی بوو. به ڕاوێژێکی نیمچه نەوی گوتی:- لێره نەماوه، نها هاتوچۆی ئێره ناکات، پێشبڕکێیەکەی دۆڕاند، تەواو، لێره بۆکسێن ناکات. جارێکی دی هەرگیز بۆکسێن ناکات.

بەدەم نیمچه هاوارێکەوه گوتم:-لەکوێیه؟له کوێ بیدۆزمەوه؟

شانەکانی هەڵتەکاند:- ئاگام لێی نییه، ڕەنگه بۆ ئەفریقا گەڕابێتەوه، یان لێره دەرکرابێ. بۆڕی خوارد، بەزی.

هەرچیم دەکرد، نەمدەتوانی باوەڕ به قسەکانی بکەم، زۆر گەوجانه هەستام، لەسەر نووکی پێیەکانم وەستام، تا له سەرووی شانی کابراوه ناو هۆڵەکه بدینم، وام زەن دەبرد شتێک له من دەشارنەوه. هۆڵێکی پیسم بینی، مەیدانی بۆکسێن، ئەو منداڵانەی که به بۆکس بەربووبوونه کیسه لمەکانیان، لەتۆ وایه سەما دەکەن. زەنگییانی زۆر لەڕ و لاواز و گەنج، هاوشێوەی نونو، مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد. پاشان کابرا پشتی کرده من و ڕۆیی، کابرای عەرەب بەناو لەپی دەڵەکی دام، تا دەرگاکه دابخاتەوه. بۆنی ناخۆشبوو، بۆنی ئارەقە، بۆنی کەڕوو، که نونو له مەشق دەهاتەوه هەمان بۆنی لێدەهات. له ناکاوا هەستم بەوپەڕی تەنیایی کرد، ئەنجام گەییمه قەناعەت که دەبێ بڕۆم، چونکه هەمووان له پێش منەوه ڕۆیشتبوون.

بۆ مەیدانی ئیتاڵیا گەڕامەوه، تا حوریه بدینم. ئاغای یو زۆر حەزی له چارەم نەدەکرد، لێ بەلامەوه گرینگ نەبوو. بڕیارم دابوو حوریه و پاسکال مەلیکه، ئەگەر بۆ خولەکێکش بووه، بدینم. لەو ساتەدا هێشتا متمانەم بەو کاره نەبوو که به تەما بووم بیکەم. خوارنگەی فوتای تو، تازه دەرگای بۆ خواردنی شێوان کردبووەوه، هێشتا هۆڵه بچووکەکەی خاڵی بوو. ئاغای یو، له دەرگای نووسینگەکەوه سەری کێشا و به ڕاوێژێکی کرێتەوه گوتی: " ها، چیت دەوێ؟ "

ویستم تێپەڕم و وەژوور بکەوم، بەڵام ڕێی نەدام. لە چاو خۆیا کە کابرایەکی کورتەباڵاو و مردەلۆخ بوو، بەهێز بوو. هاواری دەکرد: " برۆ، برۆ بەلای کاری خۆتەوە! " بەو ئومێدە بووم کە حوریە بەدەم هاوارەکەی ئەوەوە بێت، بەڵام حوریە لە هیچ شوێنێکەوە بەدیار نەکەوت. پێدەچوو، ئاغای یو بە خۆرتی دەستبەسەری کردبێ، یان خۆی حەز نەکات بمدینێت. یان پێدەچوو من شووم و پێ و قەدەم بەشەڕ بم.

ئەو شەوە زۆر لە میترۆکەدا سوڕامەوە، هەروەها لە بومور و وێستگەی لیون و دینفر روشرو سوڕامەوە. خەڵکانی سەیر و غەریب لە فارگۆنەکان و لە سەر شۆستەکان هەبوون، سەربازانی بە مۆڵەت گۆرانیان دەگوت و ئەلکولیان دەخواردەوە، خەڵکانی وێڵ و سەرگەردان، ژنانی چاو گەش، گەشتیارانی گوم بوو، خەڵکانێ بە خۆ و زەمیلەکانیان و شاڵ و کڵاوەکانیانەوە ئاسایی دەهاتنە بەرچاو. لە دەوروبەری ئارت ئیت میتیە لە پیرە سەربازە ئەرەتیریەکەی دۆستی خۆم دەگەڕام. لە شەرڤانێکی ئیسا دەچوو، جل و بەرگێکی دەڵبی لەبەر بوو، هەر دوو لاقی بە پەڕۆ کۆن بەستبوو، لە دووی عیسای خۆم گەڕام کە چۆکی دادابوو و هەر دوو بازووی وەکو خاچ بڵاو کردبووەوە. هەروەها مریەمی مەجدەلیە بەخۆی و چاوە سەوزەکانی و قژە پەرێشان و دەمە سوورەکەیەوە، کە دەتگوت لەو کاتەدا کەسێک گازی لێگرتووە. شتەکە سەیر بوو، بۆ یەکەمجار تەپڵەکان بێدەنگ بوون، بێدەنگی، لە قوڵی ئوسترلیتزەوە باڵی بەسەر ڕاڕەوەکاندا کێشابوو، ڕێک وەکو بێدەنگی و ئارامی پاش باهۆز، یان دوای لێدانی زەنگان. من ئەوەم بە نیشانەیەک زانی..

لە ئاخیر ڕۆژدا، بەرلەوەی سواری فرۆکە ببم و بەرەو بوستن بڕۆم، ماوەیەک وێڵ و سەرگەردان بە شەقامی جان بوتن دا سوڕامەوە، وەکو ئەوە بوو، بۆ شتێک بگەڕێم، شتێک جگە لە کیژانی وێڵ و سەرگەردان، دەلالانی مادەێن هۆشبەر و ئوتێلە موبێلەکەی خاتوو مایر. لە دڵی خۆدا، بە ئومێدی ئەوە بووم ماری ئالین لە بینایەکە بێتە دەرەوە، بە پیرمەوە بێت و تووند لە هەمێزم بگرێت، نونو بە ڕووتی لە موبەقەکەی ئەودا جامبیە لێبدات. باران دەباری، دەنکە دەنکەی باران لە گۆلاوە لێڵ و تاریکەکانی دەدا. هیچ شتێک نەگۆڕابوو، کەچی وێڕای ئەمەش وامدەزانی هەموو ئەو شتانەم لە ژیانێکی دیدا، لە ژیانێکی دووری دووردا، دیتوون. ئوتومبیلێکی پۆلیس زۆر بە هێواشی تێپەڕی، من بە هەشتاو بۆی دەرچووم و ڕووم وەرگێڕا تا کەس ڕووم نەبینێ کە بەو ڕادەیە ڕەشم. هەرچەندە پەساپۆرتەکەی مریەم و نامەی ئۆفیسی کۆچبەری سەفارەتخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکام هەبوو کە دەیسەلماند ناوم لە تیر و پشک دەرچووە، هەر دەترسام وەدەرم بنەن. ئیدی وام بیر دەکردەوە کە لەم دنیا گەورەیەدا جێیەک بۆ من نییە. ڕوو بکەمە هەر جێیەک پێم دەڵێن ئێرە نیشتمانی تۆ نییە، ئێرە ماڵی تۆ نییە، دەبێ بیر لە چارەیەک بکەمەوە و بڕۆم تا شوێنێکی دی پەیدا بکەم.

(( ١٥ ))

هاوینی بوستن ناخۆشە، بەشەر هەناسەی تەنگ دەبێت، تەم و مژ شارەکەی گرتووە، بینا سەر بە هەورەکان، لە تەم و مژدا دیار نین. سارە لیپکاب لە شوقەیەکی بچکۆلەی دوو ژووریدا، لە بینایەکی خشتی سووردا، لە نزیکی ڕوباری چامزدا دەژیا. دانی بەیانی لە قوتابخانەیەکی ئۆلیدا وانەی موزیکی دەگوتەوە. ئێوارانیش لە کابارەیەکدا، دەگەڵ جوب– ی هاوڕێیدا، کە پیانیست بوو گۆرانی دەگوت.

لە هەوەڵەوە ڕەوشم باش بوو، لە ژیانما بەو ڕادەیە هەستم بە ئازادی نەکردبوو. ڕێک لەو کاتانە دەچوو کە لە میوانخانەکەدا لە گەڵ دۆتمیرەکاندا دەژیام، هەڵبەتە بەم جیاوازییەوە کە لێرەدا کەس نەبوو تاقیبم بکات. سواری تراموای دەبووم و بۆ هەر کوێم بویستایە دەچووم، بە درێژایی ڕۆژ لە دەرەوە دەمامەوە، لە باک

بای، لە های مارکێت، لە ئارلینگتون و لە مینا، بە پێیان، بە قەراخ ڕوبارەکەدا بۆ کامبریدج دەڕۆیشتم. لەو ماوانەدا کە سارە دەچوو بۆ وانە گوتنەوە، من کاروباری ماڵەوەم ئەنجام دەدا، ماڵەکەم خاوێن دەکردەوە، قاپەکانم دەشت و جوان هەڵمدەچنین، خواردنم بۆ نیوەڕۆ و بۆ ئێوارە ئامادە دەکرد. سارە، داوای ئەم کارانەی لەمن نەکردبوو. هەر خۆم بە کاردانەوەیەکی پێویستم دەزانی لە بری ئەوەی کە جێگای کردبوومەوە، ڕێک وەکو ئەو کاتانە بوو کە لەلای پیاتریس بووم، تاقە جیاوازی لە گەڵ ئەو کاتانەدا ئەمە بوو کە نە سارە و نە جوب شتاقیان پارەیان نەدەدامێ. قەت لێیان نەدەپرسیم بۆ ئامادەکردنی ئەو خواردنانە چەند خەرج دەکەم، منیش ڕووم نەدەهات هیچ شتێک بڵێم. بەڵام دەمبینی پاشەکەوتەکەم دەداتە کەمی و بەبێ گرین کارت– ش نەمدەتوانی هیچ کارێک بکەم.

ئیدی هەموو ڕۆژێ چاودێری سەندوقی پۆستەم دەکرد، بەتەمای ئەوە بووم نامەیەکم لە دایەرەی کۆچبەرییەوە پێبگات. ڕۆژبەڕۆژ نیگەرانتر دەبووم، هەستم دەکرد کەوتوومەتە تەڵەیەکەوە بەرەبەرە تەنگ و تەنگتر دەبێت و منیش ناتوانم هیچ بکەم.

سارە وجوب– ش، تاقە پولێکی پاشەکەوتیان نەبوو، ئەوەی پەیدایان دەکرد، ڕۆژاوڕۆژ خەرجیان دەکرد و بیریان لە سبەینێ نەدەکردەوە. سارە بەو مووچەیەی کە لە ڕێگەی وتنەوەی وانەی موزیکەوە وەریدەگرت کرێی شوقەکەی دەدا و باقی خەرجیەکانی وەکو شەونشینی لەگەڵ دۆستان، چوونە خوارنگە و خەرجی جل و بەرگ، لە پارە و دەرامەتی کابارەکە دەدرا. هەندێجار منیشیان دەعوەت دەکرد و لە گەڵ خۆیاندا دەیانبردم بۆ یانە سیتی یان یوفی باک بای کە جوب ناوی نابوو بلاک بای کە دەکرا لەوێ گوێ لە باشترین موزیکی جاز بگری.

سارە زۆر حەزی دەکرد، بە هاوڕێکانیم بناسێنێ. وەکو خۆی گۆرەوییەکی نایلۆنی ڕەشی ژنانەی پێ لە پێ دەکردم، کراسێکی ڕەشم لەبەر دەکرد، بێرییەکم لە سەر دەکرد، بەخۆی قژەکەی دەهۆنیمەوە، وەکو چۆن دۆتمیرەکانی میوانخانەکە ئەوەیان لە گەڵ دەکردم. پێدەچوو زۆر بە منەوە بنازێ، دەیگوت من لە کەس ناچم، من ئەفریقاییەکی ڕەسەنم. ئەو شتانەی بە دۆست و بناژۆکانی دەگوت: مریەم، خەڵکی ئەفریقایە. خەڵکەکە دەیانگوت: " نا؟ " ئیدی پرسیاری گەوجانەیان دەکرد، وەک: " بە چ زمانێک لەوێ قسە دەکەن؟ " وەڵامم دەدایەوە: " لەوێ؟ بەڵام لەوێ قسە ناکەن."

لە هەوەڵەوە ملم بۆ گەمەکەی سارە دا، بەڵام بەرەبەرە بە تەواوی بێزار بووم، لە پرسیارەکان، لە تەمەشاکردنەکانیان، لە بێئاگاییان لە هەموو شتێک. لە باڕ و کابارەکەدا موزیکێکی توونـد، ئاوازێکی قورسی لێدەدا، لە ناخما دەنگی دەدایەوە، هەرچەندە من گوێچکە ساغەکەم توونـد گرتبوو، بەڵام موزیکەکە ئازای دەسویم و ئازاری دەدام. بیرەو مارگریتا وکوبالیر–م دەخواردەوە، ئیدی مەست و سەرخۆش دەبووم، ڕێک وەکو ئەوسای حوریە کە لە بەزم و ڕەزمەکانی دەگەڕایەوە.

ئیدی نازانم ئەو ڕەوشەم پێخۆش بوو یا ناخۆش. شتەکە تازە بوو. هەستم دەکرد جەستەم گۆڕاوە، لاواز بووبووم، چاوەکانم سووتابوونەوە، هەستم دەکرد سەری قامکەکانم بە تەزووی کارەبا بارگاوی بوون، تەنانەت سەری تاڵی قژیشم کارەباوی بوون. هەستم دەکرد ئەلکول کارم تێدەکات، جومگەکانم ئەستوور دەبن و نەرمتر دەبن. ئیدی لەم گروپەوە بۆ ئەو گروپ دەچووم، جوب ناو قەدی دەگرتم، بەدەنگی بەرز و بلەز قسەی دەکرد، تێنەدەگەیشتم چ دەڵێت، سارە بە شێوەیەکی سەیر پێدەکەنی، پێکەنینەکەی وەکو تاڤگە دادەڕژا.

ساره لیپکاپ حەزی دەکرد چیرۆک و سەربهوردی من بگێڕێتەوە، چۆن ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، نازانم لە ئوتێلی ئیکسیلسی بوو یان لە کونکورد پەیکەری ژنە ڕووتەکە لە نێوان دوو دیواردا، دەتگوت دوای عەردهەژێک دروست بووە، و من چۆن هەموو شەوێک لە سووچێکی ستەیجەکە، وەکو کیژێکی عاقڵ دادەنیشتم تا گوێی لێبگرم کە گۆرانی بۆ مالیا جاکسون و تینا سیمون دەڵێت. خوشکی گەورەمە و ئەو منی دۆزییەوە، منێک کە لە دنیادا هیچ کەسێکم نەبوو، منێک کە دەمتوانی دومبک لێبدەم و گۆرانی بڵێم – هێنامی بۆ ماڵی خۆی، لێرە لە بوستن، لەم شارە گەندەڵەدا، شاری ئینگلیزە گێلەکان، کە چ کەسێک بەهرەی نەبوو، چ کەسێک نەیدەتوانی دەستبەرداری داب و نەریتە کۆنەکانی ببێ کە دەبوا لە سایەیدا بژی.

لە هەوەڵەوە ڕەوشەکە بەوجۆرە بوو، بەڵام لە ئاخر و ئۆخری هاویندا، با و باهۆزێک ڕوویدا، ئەو باهۆزەی هەموو شتێکی ژێر و ژوور کرد، هەموو شتێکی وێران کرد. ئیدی نازانم ئاخۆ باهۆزەکە سەدەمی ئەو بویەرانە بوو یان نا، دنیا، لە هەوەڵی مانگی ئابەوە زۆر گەرم و قورس بوو. هەندێجار تەم و مژەکە هێندە چڕ دەبوو، سەرووی بیناکانی دەستی بەندەرەکەی دادەپۆشی. کاتێ گەرداو و باهۆزەکە گەییە کاب کود، هۆشداری درا. خەڵکی دەرگا و پەنجەرەکانیان داخست، نەواری کاغەزینیان بە بەرزایی بورجە شوشەییەکانەوە چەسپاند. لێ سارە، هەر دەوامی خۆی دەکرد و دەچوو بۆ وانە وتنەوەی پیانۆ.

جوب، بەیانیان لە ماڵەوە دەمایەوە. بیانووشی ئەوە بوو کە گوایە دەیەوێ لە کاروباری ماڵەکە و ئامادەکردنی خواردندا یارمەتی من بدات، لێ لە ڕاستیدا لە سەر قەنەفەکەی ژووری دانیشتندا پاڵدەکەوت و بەدەم بیرە خواردنەوە، لە سەرووی شاشەی تەلەفزیونەکەوە کە کاری دەکرد، بە تیلەی چاو تەمەشای منی دەکرد.

ئەو بەیانییە بویەرێکی سەخیف ڕوویدا کە بە ڕاستی خەمباری کردم. جوب، بەبێدەنگی، بێئەوەی هیچ بڵێت، وەکو ئەوەی بیەوێ لە مووبەقەکەدا شەراب بێنێ، بەرەو لای من هات. دنیا گەرم بوو، جگە لە دەرپێ قوتەکەی هیچی دیکەی لەبەر نەبوو، ئارەقە لە پێستە ڕەشەکەی دەچۆڕا. من پەڕۆیەکی تەڕم لە ماسیحەکەوە پێچابوو، کاشی مووبەقەکەم دەسڕی. لە جیاتی بە بەردەم ماسیحەکەدا بڕوات، لە دواوە هات و تووند منی گرت، لە هەوەڵەوە وامزانی گاڵتە دەکات، بەڵام توونتر دەستی لە قەدم ئاڵاند، هەوڵی دەدا ماچم بکات، دەستێکی خستە ژێر تیشێرتە خامەکەمەوە تا مەمکم بگرێ. پڕ بە زار هاوارم بە سەریا کرد، هەنگێ بەری دام، وامزانی تەواو، بەڕاستی وازی هێنا، بەڵام دووبارە هاتەوە، هەوڵیدا بە خورتی بۆ ژوورەکە و بۆ سەر قەرەوێڵەکەم ببات، جوب زۆر بەهێز نەبوو بەڵام ئەلکولەکە هێز و جورئەتی پێبەخشی بوو. بە توونی بۆ ژوورەکەی ڕادەکێشام، لەسەر هاوارکردنی خۆم بەردەوام بووم، بە مست تێی بەربووم، هەنگێ لێی دام، لە هەوەڵەوە کێشای بە لایەکی سەرما، ئەوسا بە ڕوومەتما و ئەوسا بە ملم دا و بەو حاڵەوە هاواری دەکرد: " هەی هەرزە. " کە زانی هیچی دەست ناکەوێ، یان لەوە ترسا دەر و دراوسێ ئاگادار ببنەوە و بێن لە دەرگا بدەن و بپرسن چ قەوماوە، بەری دام. دەستی گرتم و نایە سەر کێری کە ڕەپ بووبوو، دەیویست دەستپەڕی بۆ بکەم، و دەیوت نەخۆشە، وابزانم وای دەگوت و ئەگەر دەستپەڕی بۆ نەکەم نەخۆش دەکەوێت.

هاوارم بە سەریا کرد: " سەرت بخوا، بەخۆت بیکە " و لە ماڵ وەدەر کەوتم.

بە درێژایی ڕۆژ بە جادەکانی بوستن دا سوڕامەوە. ئەنجام زریان و باهۆزیش هەر نەهات. خۆی بە بەرزاییەکانی کاپ کودا کێشابوو و خانووە دارینەکانی دەوڵەمەندەکانی دەڤەری مارتاز ڤینیارد– ی کاول کردبوو.

دوای نیوەڕۆ باران دەستی پێکرد، بۆ ئەوبەری ڕوبارەکە چووم و کەوتمە گەڕان بە جادە بچووکە ئینگلیزییەکانی کامبریدج دا. خەڵکی لە ماڵ هاتبوونە دەرەوە. ئەو ناوە پڕ بوو لە خوێندکاری زانکۆ و عاشقانێ کە لە سەوزەزارەکەدا خۆیان دەدایە پەنای چەترەکانی گولف، بارانی گەرم، بۆنی سەوزەزار و خاکی بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە.

هەستم بە تەنیایی و ماندوو بوون دەکرد. لە گازینۆ و کافەیەکی تەنیشت وێستگەی ترامواکەدا، تووشی کابرایەک بووم بەنێوی جان ڤیلان. دەیگوت بە مەبەستی خوێندن بۆ هارڤەرد هاتووە و لە دەزگای فێرکاری شیکاگۆش وانەی زمانی فەرەنسی دەڵێتەوە. باڵای بەرز نەبوو، پێشی سەری کەمێک ڕوتابووەوە، بەڵام چاوی سەوز و جوان و کەمێک شڵەقا بوون، بزەیەکی ناسک بە ڕوخسار و لێویەوە بوو. هەموو ڕۆژەکەمان بە قسەکردن و پیاسە و ، چوون لەم گازینۆوە بۆ ئەو گازینۆ بردە سەر. دەنگی بەرز بوو، بەباشی گوێم لە دەنگی دەبوو. دەستەکانی بەهێز و جوان بوون، هەستم دەکرد لە ژیانما ئەوەندە قسەم نەکردووە، لە تووایە ساڵانێک بوو بەم جۆرە قسەم نەکردبوو. ڕێک وەکو ئەو کاتانەی قسەم دەگەڵ بابای حەکیم دا دەکرد. خۆمان دەدایە پەنای درەختانی باخەکان، کە باران بە تەواوەتی تەڕی دەکردین، دەچووین لە کافەیەک ڕۆدەنیشتین. ئەنجام کە دنیا تاریک بوو و شەو داهات، بە دوو قۆڵی چووین بۆ ژوورەکەی ئەو لە ئوتێلی ئین، کە لە قاتی سەری سەرەوە بوو، پەنجەرەیەکی هەبوو دەیڕوانیە سەر شەقامی ماساچوست ئەڤینیو.

بەهۆی گوێیە کەڕەکەمەوە هیچ قسەیەکمان نەکرد، گوێچکەکەی دیکەشم ماندوو بووبوو. هەستم دەکرد سەرم درنگەی لێوەدێ، بۆش و بەتاڵ هیچی تیا نییە. حەزم نەدەکرد بیر لەو بویەرە بکەمەوە کە لە ماڵی سارەدا بەسەرم هاتبوو. جارجار قسەیەکم دەکرد. جان– ش باسی خۆی دەکرد، باسی دەورانی خۆشی زارۆکانی خۆی دەکرد، باسی خوشک و براکانی، لە بورتانی و پاریس دەکرد.

هەندێجاریش کە نوکتەیەک دەهاتە پێشەوە، پێدەکەنین. ئیدی کات بۆ گەڕانەوەی من درەنگ بوو. حەزم نەدەکرد بۆ ماڵی سارە بگەڕێمەوە. ئەو پسکیتە سوێرەمان خوارد کە لە یەخچاڵەکەدا بوو. چەند شووشەیەکی بچووکی جن و ڤودکای لێبوو، ئەوانەشمان خواردەوە.

بەیانی تێرخەو نەبووبووم. جان لە سەر قەنەفەکە ڕاکشابوو، ڕەنگی زەرد و ماندوو دیاربوو، ڕدێنی هاتبوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت کە لێرە وەدەر بکەوین خاوەن ئوتێلەکە وادەزانێ ماشقەی ئەوم یان سۆزانیەکی ڕەوتەنیم.

بۆ نانی بەیانی چووین بۆ کافتریای ئوتێلەکە، چای و هێلکە و فاسۆلیای زۆرمان خوارد. جان لەسەر سەفەر بوو، دەبوایە بۆ نیوەڕۆ فریای فڕۆکەی شیکاگۆ بکەوێت.

بۆ ماڵی سارە زڤڕیمەوە. بەڵام ڕۆژانی دواتر خۆش نەبوون. نازانم جوب چی بە سارە گوتبوو، بەڵام سارە لێم لا لووت و پەست بوو. بیرم کردەوە کە ڕاستی بویەرەکەی پێ بڵێم، بەڵام فایدەی چی بوو؟ خۆ باوەڕی پێنەدەکردم. ژنان، هەمیشە لەم جۆرە هەڵوێستانەدا لایەنی پیاوەکانیان دەگرن، تەنانەت ئەو کاتانەش کە فریویان دەدەن، ئەو دەمانەش کە خیانەتیان لێدەکەن.

ئیدی بلیتی گرایوندم کڕی، شتەکانم لە جانتا چکۆلەکەم نا، وەکو هەمیشە ڕادیۆ چکۆلەکەم و کتێبەکەی فرانتس فانون– م کە یادگاری حەکیم بوو، هەڵگرت و بەرەو شیکاگۆ ڕۆیشتم.

**

ئیدی باکم بە هیچ نەبوو، لە هیچ شتێک نەدەترسام. لە خۆم ڕادەبینی ڕووبەڕووی هەموو دنیا ببمەوە. هەرکە گەییمە ئەوێندەر، دوای دوو ڕۆژ لە ئوتێلێکی کەنال ستریت ئیشم دەسکەوت، ئەم ئوتێلە هی ئاغای ستیبان ( ئەلسنیور ) بوو، کە کابرایەکی کوبایی دوورخراوە بوو. ئیشەکەم بریتی بوو لە کۆکردنەوەو شۆردنی پەرداخەکانی باڕی " سەعاتی شادمانی " بوو – سەعاتی ڕێبوارانی گرایوند.

گۆرانی بێژێکی ڕەشی لێبوو، هیچ لە سارە نەدەچوو، دەنگی گوێی دەڕوشاند، پیانیستێکی کلۆلی لەگەڵدا بوو. لە باشووری ڕوبستون دا؛ ژوورێکم لەماڵێکدا بە کرێ گرت. لافیتەیەک بە پەنجەرەکەی قاتی خوارەوە هەبوو، ڕێک وەکو سینەما. ماڵێکی کۆنی داڕوخاو لە دار و تەختەیەکی قاوەیی دروستکرابوو، پەیژەیەکی دەرەکی هەبوو. سەرەکەی بە لەوحی ڕەش گیرابوو، دوو دووکەڵکێشی بەرزی هەبوو لە قرمید دروستکرابوون.

پاش ماوەیەکی کەم پیانیستەکە نەخۆش کەوت و من پیانۆکەم وەرگرت. سوودم لە وانەکانی سیمون و سارە وەرگرتبوو. ئەو شتانەم دەژەند کە ئەزبەرم کردبوون، پێویستم بە خوێندنی موزیک نەبوو. هەموو شتێکم بۆ ئاسان بوو. هەموو شەوێک پەنجا دۆلارێکم دەست دەکەوت، ئیدی بە چوار شەو کرێی شوقە بچووکەکەم پەیدا دەکرد. بەرلەوەی بچمە سەر ستەیج لە ئوتێلەکە گەس و جامپونم دەخوارد، ئیدی تا شەوی دواتر بەرگەم دەگرت و بە نان و ماست بەڕێم دەکرد. خاوەن ئوتێلەکە حەزی لە ژەنینەکەم بوو. کە پیانۆم دەژەند دەهات بۆ هۆڵەکە و بەدەم خواردنەوەی ساردیەوە گوێی دەگرت. کە گۆرانی بێژەکە دەڕۆیی، من جێگەی ئەوم دەگرتەوە، گۆرانیم دەچڕی و پیانۆم دەژەند. ئەو شتانەم دەچڕی کە لە سارەوە فێری بووبووم: بیلێ هولیدەی، تینا سایمون. هەندێجار ئیرتیجالی، ئەو موزیکەم دووبارە دەکردەوە کە لە ڕاڕەوەکانی وێستگەی ریومور سباستوبول یان لە شەقامی جافلو لە سەربان لێمان دەدا، تەنیا ڕیتمی لەزگینی پیانۆ، هاڕە و هاژەی گەڕداو و زریانێکی دوور، نەڕەنەڕی ئوتومبیلی گەورە بە سەر جادەکانەوە، یان هاواری ئەو خەڵکانەی لە کێڵگەی سان دومینک قامیشیان دەبڕی: " ئاها هۆ! "دەهات.

ئەلسینور، زۆر قسەی نەدەکرد، بەڵام بە پاڵدانەوەیەکدا لە سەر کورسییەکەی بە چاو نوقاندنەکەی و جگەرە کێشانەکەیدا بۆم بەدیار دەکەوت کە زۆری ئەو حاڵەی پێخۆشە، گوێم بەو خەڵکانە نەدەدا کە لە باڕەکەدا مژوولی خواردنەوە بوون، وام وێنا دەکرد گۆرانی بۆ ئەو دەڵێم. هەوڵم دەدا بە خەیاڵ ژیانی بێنمە بەرچاوی خۆم، بە چ قۆناغێکدا تێپەڕیوە تا گەییوەتە ئێرە. ڕەنگە جاران لە سوپای کوبی دا سەرهەنگ بووبێ، یان لە پێش کاسترۆدا قای ئاشتی بووبێ. جگە لە کاتی ئەنجامدانی ئاهەنگی باڕەکە، کە بەخۆی و پەرداخە ساردیەکەیەوە دەمبینی، ئیدی هەرگیز نەمدەبینی. بەتاقی تەنیا لە ساختمانێکی پاشکۆی ئوتێلەکەدا، لە کۆتایی کۆڵانێکی خاکیدا، دەژیا. هیچی نەدەکرد، گوێی بە هیچ شتێک نەدەدا، تەنانەت بە خۆی مووچەی کرێکارەکانیشی نەدەدا. سامبوی سکرتێری، کارەکانی بۆ بەڕێوە دەبرد، هەر ئەویش، دوای تەواوبوونی هەر ئاهەنگ و بەرنامەیەکی شەوانە پارەکەی منی دەدا.

دووبارە تووشی جان فیلان بوومەوە. دەگەڵ خانمێکدا بەنێوی ئانجلینا، لە بینایەکی جواندا، لە پاین گروڤ، لە نزیکی لیک شور، دەژیا. ناوبەناو بۆ وەی هەموو شتێک لە بیربکەم، هەندێ پاش نیوەڕوان لەگەڵ ئەودا دەردەچووم. دەچووین بۆ ئوتێلی ناوەندی شار، کە بە ترۆپکی تاوەرێکەوە بوو. لەگەڵ ئەودا زۆر ئاسوودە بووم، لە هۆڵێکی نمرە یەکی ڕاستەقینەدا دادەنیشتین، لەو پەنجەرە شووشەییە گەورەیەوە کە دەیڕوانیە

ڕۆژهەڵات دەمڕوانیە شەوە شینەکە، دەریاچەکە و ئەو ترومبێلانەی لە خواری خوارەوە بە سەر شاڕێگاکەدا پێچیان دەکردەوە. دەتگوت لەو سەرەوە، لە بەرزی سێ هەزار پێوە باڵم گرتبوو. هەندێجار قسەمان دەکرد، زۆرجار، وەکو ئەو سای ژوورەکەی ئوتێل هارفەرد، عاشقێنیمان دەکرد، دوایی نانمان دەخوارد، ئیدی تا شەوێ دەخەوتم. زۆربەی جاران کەلە خەو ڕادەبووم، جان ڕۆیی بوو بۆ وانە گوتنەوە. کاری لەسەر تێزێکی جڤاکناسی، سەبارەت بە کۆچبەرانی مەکسیکی لە دەوروبەری شیکاگۆی باشوور، دەکرد. یەک دوو جاران لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ تاخێن (گەڕەک) روزیل، تینلی، نابروڤیل و ئەورورا، بۆ شایی و ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی غوسڵی تەعمید دەعوەت دەکرا، وەکو ئەوە بوو بچێ بۆ مەریخ، باوەڕ ناکەم جان بەو هەموو شادەتنامەیەوە کە هەیبوو، ئەوەی دەی بینی، لە من باشتر تێی بگات.

خەڵکانێکی سەیر و سەمەرە لە روبنسون دەژیان، دەمەو ئێوارانی درەنگ، بە ماوەیەکی کەم بەر لە داهاتنی شەو، لە ماڵەکانی خۆیان، کە پەنجەرەکانیان بە تەختە قەپات کردبوو، دەهاتنە دەرەوە. وردەواڵەیان دەفرۆشت. فێری ئەوە بووبووم خۆمیان لێ دووربگرم. بەڵام ڕێک بەرانبەر پەنجەرەی ژوورەکەی من، لەوبەری شەقامەکەوە ئەلسیدور دەژیا. دێوێک بوو لەو گۆڕە، بە ئەندازەی ورچێکی ڕەش دەبوو، سەروسیمای منداڵانە بوو، هەمیشە پانتۆڵێکی جینز و تیشێرتێکی سوور و سپی لەبەر دەکرد، تەنانەت لەو کاتانەشا کە بای شەماڵ دەهات. لە خانوویەکی بچووکی پەڕپوتا لە گەڵ دایکیدا دەژیا. ژنێکی وردیلەی ڕەش بوو لە کافەدا کاری دەکرد. ئەم کوڕە جۆرە مەیلێکی بەلای مندا پەیدا کردبوو. هەموو بەیانییەک گاڤێ دەوروبەری سەعات یازدە یان لای نیوەڕۆ بەمەبەستی بازاڕ کردن لە ماڵ وەدەر دەکەوتم، دەمبینی ئەلسیدرۆ، لە بەردەم پلیکانەی بەردەم ماڵەکەیاندا دانیشتبوو و ئاماژەری بۆ دەکردم. بەڵام نەیدەتوانی قسان بکات، مێشکی پارسەنگی دەویست، کە شتێکم پێی دەگوت سەری دەلەقاند. لە سەگێکی زەلامی هۆڤی بێوەی دەچوو. منداڵانی گەڕەک پێیان ڕادەبوارد، ناوکە میوەیان دەخێواندێ، بەڵام قەت تووڕە نەدەبوو. دەیتوانی بە سەعاتان لە بەر دەرگای ماڵەکەیان دانیشێت و بەدەم کولیچە خواردنەوە چاوەڕوانی دایکی بکات.

فرۆشیارانی مەوادی هۆشبەر هەقیان بەسەر ئەوەوە نەبوو. هەندێجار هەر بۆ ڕابواردن جگەرەیەکی حەشیشەیان دەدایێ تا بزانن چ کارێکی تێدەکات، ئەلسیدرۆ جگەرەکەی دەکێشا و بای دەدایەوە سەر خواردنی کولیچە و نانە ڕەقەکەی خۆی. هەموو کاریگەری حەشیشەکە ئەوەبوو کە زیاتر پێدەکەنی. بەڕاستی توانایەکی باوەڕ نەکردەنی هەبوو. ڕۆژێ لۆرییەک کە کابرایەکی سەرخۆش دەی ئاژۆت، لە ڕێگە دەرچوو، کەوتە سەر شۆستەکە، خۆی کێشا بە دیواری بینایەکدا، لە بناغەوە ڕوخاندی، شێلمانی سەر بیناکە کەوت، سەرێکی کەوتە سەر شۆستەکە و سەرەکەی تری کەوتە سەر کۆڵەکەیەکی جەمەلۆنەکە. ئەلسیدور هات، شێلمانەکەی هەڵگرت و بەتاقی تەنیا خستیەوە سەر جێگاکەی خۆی. وادیار بوو، کابرایەکی ئەهلی بەرپاکردنی پێشبرکێی وەرزشان ویستبووی بیباتە لای خۆی و بۆ زۆرەبانی سوودی لێوەربگرێت، بەڵام ئەلسیدور، کوڕێکی زۆر ناسک و میرەبان بوو، حەزی لە زۆرەبانی و شەڕ نەبوو. کەمدوو بوو. زۆر کەم قسەی دەکرد، ئەگەر قسەشی کردبا زیاتر پێشبینی کەش و هەوای دەکرد، بۆ نموونە کەش و هەوای ئەم زستانە چۆن دەبێت: " ڕەنگە باران، لەوەیە بەفر بێ، نازانم."

داکی پشت و پەنای بوو. ڕۆژێک بە خۆ و کتێبێکی چیرۆکێن وێنەدارەوە، لە سەر قاڵدرمەکەی بەر ماڵی ئەلسیدور دا دانیشتبووم. بڕیارم دابوو فێری خوێندەواری بکەم. دایکی هات بەسەرا، کە منی بینی تووڕە بوو: " ئەم کیژە زەنگیە کێیە؟ چی لە کوڕەکەم دەوێ؟ " جارێکی دی ئەم کارەم دووبارە نەکردەوە.

پاش نیوەڕۆیەک، قەرقەشەیەکی تووند دەگەڵ پۆلیس دا چێبوو. وادیاربوو پارێزگاری شار ئەمری دەستگیر کردنی هەندێ لە قاچاغچیانی مادەێن هۆشبەری دەکردبوو. ئەمەشی تەنیا بۆ ئەوە بوو وێنەی لە ڕۆژنامانداا بڵاو بکرێتەوە و باسی بکەن، نازانم چما شەقامی روبنسون– یان هەڵبژاردبوو، پێدەچوو لە بەر ئەوە بێ کە هیچ شتێک لەوێ ڕووی نەدەدا. لەناکاوا ژمارەیەکی زۆری ترۆمبێلی پۆلیسان گەیشتنە ئەوێ، شەقامەکەیان گرت. پۆلیس دایان بەسەر ماڵەکاندا، بەتایبەتی ماڵەکانی ئەوسەری شەقامەکە، ئەو ماڵانە بە تەختە پەنجەرەکانیان داخستبوو. ئەم پۆلیسانە قەرار بوو چەند کوڕێژگەیەک دەستگیر بکەن، کەلە ناکاوا چاویان بە ئەلسیدور کەوت. ئەم دێوە، تازە لە نیوەڕۆ خەو بووبووەوە، بەهەمان جل و بەرگە هەمیشەییەکەیەوە، بە پانتۆڵە جینز و کراسە سوور و سپیەکەیەوە، هاتبووە بەر دەرگا. کە چاوی بە لایتی ئوتومبیلی پۆلیسەکان کەوتبوو؛ هەڵدەبوون و دەکوژانەوە و چاوبڕکێیان دەکرد. ئەمە سەرنجی ڕاکشابوو. ئیدی چووبووە پێشەوە تا بزانێ چ باسە. لە سەر نەردەوانی ماڵەکەیانەوە گەورەتر و باڵابەرزتر دەنوێنێ، ڕێک لە ورچێکی گەورە دەچێ کە تازە لە لێرەوار هاتبێتە دەرەوە. دڵم بە توندی لێی دەدا، چونکە دەمزانی ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نییە و نازانێ پۆلیسەکان لێی ترساون. ویستم هاواری لێبکەم: " ئەلسیدور، بڕۆ، بچورە ژوورەوە! "

بڵندگۆی پۆلیسەکان فەرمانی دەدا، بەڵام ئەلسیدور، ئاگای لە هیچ نەبوو، هەردوو دەستی لە گیرفانەکانی نابوو و شاد و بێخەم و خەیاڵ لۆژ لۆژ بەرەو لای ئەوان دەڕۆیی. دوای ئەوە سێ پۆلیس بەسەریا دارژان و ویستیان بە عاردیدا بدەن، لێ ئەلسیدور، شانێکی لێدان و دووری خستنەوە. وای وێنا دەکرد گەمەی لەگەڵدا دەکەن، دەیڕوانیە لوولەی ئەو چەکانەی کە کردبوویانە ئەو، بەبێئەوەی بزانێ چ باسە. بەرەو ناوەندی شەقامەکە ملی نا. کە پۆلیسەکان زانیان چەکی پێ نییە، زۆر خۆشحاڵ بوون، ترسیان ڕەوییەوەو، پەلاماریان داو بە باتۆمەکانیان ( دارە قوڵەی دەستی دارۆغە ) بەربوونە پشت و بازووەکانی و سەری. خوێن  بە کەپوو و کەللەی ئەلسیدور دا دەهاتە خوارەوە، بەڵام هێشتا هەر بە پێوە بوو و بەدەم مینگە مینگەوە بە دەوری خۆیا دەسوڕایەوە. هەر دوو باسکی شۆڕ بووبوونەوە، لەوە دەچوو بیەوێ خۆی بە شتێکەوە بگرێت. پاشان پۆلیسەکان هێندەیان بە لاقیا کێشا ئەنجام لە پێ کەوت و کەوتە سەر ئەرزەکە. هەنغی دووبارە بە باتۆمەکانیان تێی بەربوون، هێندە بە توندی لێیان دەدا وام هەست دەکرد گوێم لە دەنگی جەزرەبەکانیانە. جنێویان دەدایە و لێیان دەدا، سەرەنجام ئەلسیدورم بینی کە دەگریا، لە ئەرزەکەدا کەوتبوو و هەر دوو دەستی خستبوونە سەر سەری تا خۆی لە جەزرەبەکانیان بپارێزێت. هاواری دەکرد، دەیناڵاند و هاواری دایکی دەکرد کە فریای بکەوێ. پیرەژن لەو دەمەدا بەسەرا هات کە پۆلیسەکان خەریک بوون، ئەلسیدور– ی کوڕیان دەخستە ناو یەکێک لە ئوتومبیلەکانەوە. کەلەشی هێندە گەورە بوو کە نەیاندەتوانی بە ئیسراحەت بیخەنە ناو ئوتومبیلەکەوە، بۆیە سەریان بۆ پێشەوە برد و هێندەیان بە لاق و لەتەریدا کێشا تا ناچار بوو کەمێک خۆی کۆ بکاتەوەو لە ئوتومبیلەکەدا جێگەی ببێتەوە. پیرەژنی ڕەش پێست بەدەم ئاهو ناڵینەوە و بە غاردان دوایان کەوت، دەیویست ڕێیان پێبگرێ و نەیەڵێت کوڕەکەی بەرن. پاشان پۆلیسەکان ڕۆیشتن و ئەویش بۆ ماڵەکەی خۆی زڤڕییەوەو دووبارە دەرگاکەی داخستەوە. پیرەژن قەناعەتی وابوو کە بە فیتی ئێمەی خەڵکی ئەم شەقامە شوومە، پۆلیس هاتوون تا کوڕەکەی ببەن. دوای دوو ڕۆژ ئەلیسدور گەڕایەوە،

ڕەوشەکە تۆزێ گۆڕا، ئیدی ئەلسیدور لەبەر دەرگا دادەنەدەنیشت تا تەمەشای هاتوچۆی ڕێبواران بکات. لە ماڵ نەدەهاتە دەرێ، دەترسا. پاش ماوەیەکی کورت لافیتەیەک بە ماڵەکەوە هەڵواسرا، پیرەژن ئەلسیدور– ی برد و بۆ گەڕەکێکی دی باریان کرد، لەو ڕۆژە بە دواوە هیچ سۆراخێکیم نەزانی.

**

دوای ئەوە، کەوتمە سەر ڕێگەی کەچڕەوی. لە جان و ئەنجلینا بێتاقەت بووم. نەمدەویست لەوەی پتر ببم بە بار بە سەریانەوە. بەگەڵ بیلا کەوتم، بیلا بابایەکی ئیکوادۆری بوو لە جولیە دەژیا، کەسێکی درێژ داهۆڵی قژ خاوی قژ داڕژاو بوو، لە هندی سینەما دەچوو، ئەڵماسێکی چکۆلەی لە گوێی چەپی کردبوو. خەونی بە ڕیگە و ڕاگاوە دبینی. قاچاخچیاتی لوولەی بچووکی مادەی هۆشبەری و ئەمفیتامین– ی دەکرد ( ئەمفیتامین: شروبێکی بێ ڕەنگ بوو، مێشکی چالاک دەکرد ) هەروەها قاچاخچیاتی بۆدرەشی دەکرد، دەرزیشی بەکار دێنا، بەڵام من بەمەم نەدەزانی. لە گەڵیا بۆ باڕان دەچووم، سازڤانانم دەبینی، شەو تا بەیانی لە دەرەوە دەمامەوە. ستێرانی باسکە هەبوون، یاریچی دوور خراوەی نەگبەت و نائومێد. کچانێک هەبوون خۆیان بە جانیت جاکسون دەزانی کە وەختێ گۆرانی " run a way if you want to survive" و جیمایکیون، خۆیان بە زیگی ماری، هابیتیون، و خۆیان بە تیپی ئەلفوجی دەزانن. ئەوانەی بە دڵم بوون، تیپی:

Razhet the godfather of noise, Black: Roots theught, Hub, question Mark, Kamel, Commons, sen se, Coed, Krsone.

ڕادیۆ چکۆلەکەم گۆڕی بوو بە ڕیکۆردەرێکی وکمان. بۆ هەر کوێیەک دەچووم، موزیک تەنیا لە گوێچکە ساغەکەمدا دەنگی دەدایەوە وەکو ئەوە بوو هەموو دنیا کەڕ بێ. جلی وەکو ئەوانم لەبەر دەکرد، وەکو ئەوان جگەرەم دەکێشا و دەڕۆیشتم، وەکو ئەوان قسەم دەکرد، دەمگوت: " دەزانی چ دەڵێم؟ ". کەس باوەڕی نەدەکرد لەوپەڕی دنیاوە هاتووم. جارێک کە باسی ماروکوم ( مەغریب ) دەکرد، بە مۆناکو تێگەییشتن، ئیدی درێژەم بە قسەکەم نەدا، هیچ کەسێک نەیدەزانی ئەفریقایی بوون دەکاتە چی، بە تایبەتی هێشتا ئەو کارتە سەوزە پلاستیکیەم وەرنەگرتبوو کە هەموو جۆرە مافێکی دەدامێ.

ناوبەناو جان– م دەبینی، بەڵام حەزی نەدەکرد هاوڕێیاتی خەڵکانی وەکو بیلا بکەم. چونکە کەمەر و چەناگەی بچووک بوو هێندەی دی نائومێد و خەمین دەهاتە بەرچاو.

بە کۆمەکی ئەلسنور، ژمارەی زەمانی کۆمەڵایەتی و گەواهینامەی شوفێریم وەرگرت. شەوێک ئەلسنور، بەبێ ئەوەی بەمن بڵێ ئاغای لیروی بۆ بارەکەی خۆی دەعوەت کردبوو تا گوێ لە دەنگ و ئاوازی من بگرێت. کە ئەو شەوە لە گۆرانی و ئاهەنگەکەم بوومەوە، ئاغای لیرۆی کارتێکی دامێ و ژوانی ڕۆژی دواتری بۆ دانام. بە تەنیا ، بەبێئەوەی بە بیلا یان جان یان هیچ کەسێکی دی بڵێم بە تەنێ بۆ تۆمارگەکەی ئەو چووم. بە تەواوەتی نەمدەزانی ئاغای لیروی چی گەرەکە. جا لە ترسی ئەوەی نەبا پەلامارم بدات، پانتۆڵێکی تەسک و بلوزێکی ڕەشی دەڵبی یەخە بەرزم لەبەر کرد، ستودیۆکە لە ژێرزەمینی بینایەکی ئوهایودا بوو، بریتی بوو لە هۆڵێکی گەورە، بە عازلێکی ڕەش داپۆشرابوو، پیانۆیەکی سپی لە ناوەڕاستیا دانرابوو، تا ڕادەیەک ترسناک بوو، ئەوەم کە لە سیمونەوە و لە ماڵەکەی خۆیا لە بوت – ئولی فێری بووبووم، ژەند. لە کاتێکا بەسەر پیانۆکەدا دانەوی بوومەوە تا باشتر گوێم لە دەنگی نۆتەکان ببێت، گۆرانی نینا سیمون– م گوت: ئەفسوونت دەکەم

ڕەنگی قژی ڤیانی ڕاستەقینەی من ڕەشە، پاشان پارچەکەی خۆم ژەند، ئەوەی وەکو دروێنەوانانی نەی شەکەر هاوارم تیادەکرد وەکو ئەو پەڕە سیلکانەی بەسەر ماڵەکەی لالە ئەسمادا تێدەپەڕین، هاوارم تیا دەکرد. ئەوەی وەکو ئەو کۆیلانەی لە کەناری کێڵگەکانەوە بانگی روحانیەتی پێشینیانی خۆیان لە ناو جەرگەی دەریادا دەکرد.

ئەم گۆرانیەم ناو نابوو (لە سەر بان) وەکو یادەوەرییەک بۆ شەقامی جافلو و پلیکانە ناچارییەکەی ئاگر کوژێنەوەکە کە دەگەییە سەربانی دنیا. دڵم بە توندی لێی دەدا. بۆ ئەوەی جورئەت وەبەر خۆ بنەم، بیرم لە دەنگە کومیدی و زندووەکەی جیما دەکردەوە کە جاران لە تەبریکە، لە هەمان ڕادیۆوە کە هەمیشە دەمنا بە گوێمەوە، گوێم لێدەگرت، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە لە ڕادیۆی تەنجەی دەنگی ئەمریکاوە ناوی کات ستیفنس- ی ڕادەگەیاند.

ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، تازە بۆم دەرکەوتبوو کە حەزم لە چ ئاوازێکە، هاڕە و هاژەی بێ کۆتایی، مەند و گونگ، دەنگی شڵپ و هۆڕی شەپۆلان و خۆ کێشانیان بە کەناراندا، دەنگی فارگۆنانی باری بە سەر سکەی بێ کۆتاییەوە. هاژەی لە پەستا و بێ پسانەوەی باهۆز و گەرداو کە لە پشت ئاسۆوە دەهات، یان زمزمەیەک لە نادیارەوە بێت، دەنگی خوێنی ناو دەمارەکانم کاتێ لە نیوە شەواندا لە خەو ڕادەپەڕم و هەست بە تەنیایی خۆم دەکەم.

نها دەمزانی، باکم بە هیچ نەبوو، لە هیچ نەدەترسام. دەمزانی من کێم، ئیدی ئەو ئێسکە بچووکەی لە پشت گوێی چەپمەوە شکابوو، بەلاوە گرینگ نەبوو. تەنانەت تووڕەکە ڕەشەکە، جادە سپیەکە، فریادی دڵتەزێکی باڵندەی شومیشم بەلاوە گرینگ نەبوو. زوهرە، هابیل، خاتوو دولاهی، تەنانەت جوب و هەموو ئەو خەڵکانەی، خۆیان بۆ لە بۆسە نابووم، ڕاویان دەکردم، داویان بۆ دەنامەوە، هیچیان گرینگ نەبوون، ماوەیەکی زۆر، لە پەستا و بێ پسانەوە گۆرانیم چڕی، سەری قامکەکانم دەیەشان، هەستم بە بۆشاییەکی گەورە دەکرد، ڕێک وەکو بۆشایی ڕاڕەوێن میترۆ کە لە خەڵکی چۆڵ دەبن. ئاغای لیروی تاقە قسەیەکی نەکرد. بە دڵی خەمینەوە لە ستۆدیۆکە وەدەرکەوتم، هەستم دەکرد دووچاری شکستێکی هەتا هەتایی بووم. بە هەشتاو بەرەو ئوتێل چووم تا پەنا وەبەر جان فیلان بەرم.

نزیکەی دوو شەو و ڕۆژ خەوتم. یەجگار شەکەت بووم. لەو ساوە کە ئەلسیدوری دێو ئاسام بینی بوو، کە لەبەر دەستی پۆلیسەکاندا کەوتبوو و لێیان دەدا و ئەویش وەکو منداڵی بچووک دەگریا و هاواری دایکی دەکرد، ئیدی شەقامی روبنسون- م لەبەر چاو کەوتبوو، چاوم بەرایی نەدەدا بۆ ئەوێ بچمەوە. هێشتا دەنگی ئاژیری ئوتومبیلی پۆلیسەکان کە سەری شەقام و کۆڵانەکانیان گرتبوو، لە گوێمدا دەزرینگایەوە.

دنیا پایز بوو، ئاسمان شین و ساف، گەڵای درەختان زەرد بووبوون. ئەم دیمەنانە، لە بەرچاوما هیچ جیاوازییەکیان نە لە شەقامی جان بوتون هەبوو، نە لە حەوشەکەی لالە ئەسما و نە لە شەقامی سپی کە بە منداڵی لەوێ دزرا بووم.

لە مانگی نۆڤەمبەردا، بەر لەوەی بەفر بباریێ، نامەیەکم لە دایەرەی کۆچبەرییەوە پێگەیی کە کارتی ئیقامەکەمی تیابوو، لە هەمان کاتدا ئاغای لیروی، ژوانێکی بۆ دانام تا لە ستۆدۆکەی ئەودا گۆرانی (لە سەربان) تۆمار بکەین. بەرهەمهێنەر و یاریدەدەرەکان و تەکنیک کارەکان هەموو لەوێ بوون. هەموو دانی بەیانیم بە ژەنین و

ستیرینەوە بردە سەر، کاری تۆمار کردنەکە زۆر بەخاوی دەڕۆیی. دەبوایە پەیتا پەیتا بۆ دواوە بگەڕێمەوە و سەر لە نویٚ دەست پێبکەمەوە. پاش ئەوەی کارەکە تەواو بوو گرێبەستی تۆمارکردنی بەکرەیەکی تایبەتی و بۆ کارێن پێنج سالّی ئایندەم، واژۆ کرد.

نەمدەزانی چ شتێک چاوەڕوانمە. بۆ شەوی دواتر دەگەلّ بیلا و سازڤانەکان و ئاغای لیروی و یاریدەدەری بەرهەمهێنەرەکەدا چووین بۆ خوارنگەی گراند کە هی ماجیک جونسون بوو. سەرم دەسوڕا، هەستم دەکرد دنیام تەخت بووە، هیچ کۆسپێکم لە ڕێگە نەماوە. ڕۆژنامەڤانێکی ڕەشپێست، پرسیاری لێدەکردم، هەر چییەکم بە زاردا هاتبا نەمدەگێڕایەوە، دەمگوت فەرەنسیم، دوایی دەمگوت ئەفریقایم. کە پرسیاری ئایندەی کرد، بیٚ چەند و چوون وەلاّمم دەدایەوە: " بۆ ئەلسیدور لە گەلّ ڕێز و خۆشەویستیمدا " لە ناخەوە هەستم بە جۆرە توورەییەک دەکرد، دەلەرزیم. هەستم دەکرد ڕیتم و دەنگی تەپلّەکانی ریومور– ی سیباستوبول، لە هەموو شوێنیٚ، لە حەوادا، لە ناو دووکەلّی باڕەکاندا، لە ناو ئەو ڕۆشناییە سوورەدا کە تا کازیوەی بەیانی بەسەر شیکاگۆوە دەمایەوە، بلاّو دەبێتەوە.

بەیانی، هەموو ئەوانەم بەجێهێشت و بە تەنیا وەدەر کەوتم. بە ڕەخی دەریاچەکەدا ڕێم دەکرد، دنیا زۆر سارد بوو، من تەنیا قەمسەلّە ڕەشە چەرمینەکەم لەبەر بوو و کلاّوە فەرووەکەم لە سەر بوو و تا سەر گوێچکەکانم دام دابووەوە. دار چنارەکان دەلەرزین، ئاسمان شینی شین بوو، هەتاو بەسەر دەریاچەکەوە دەدرەوشایەوە. تەمەشای کاروانی ئەو ڕافیعە بچووکانەم دەکرد کە بەرەو نیو مەکسیکۆ دەچوو.

بەوپەڕی ئارامی و عاقلّی لە ڕاڕەوەکانی ئەنیستیتوی فەرەنسی دا چاوەڕوانم کرد. جان ڤیلان، بە قەمسەلّە ڕەش و کلاّوە فەروەکەوە، یەکسەر نەیناسیمەوە. داوای بوردنی لە قوتابیەکان کرد و گوتی کارێکی بەپەلەی بۆ هاتووەتە پێش. بە دوو قۆلّی بەنێو شەقامە گەورەکان کەوتین و وەکو ئەو زەمانەی لە هارڤەرد بووین، تێشتمان خوارد. گەیینە سەر سەکۆ گلێنەکەی دەوری پالاّوگەکەی ڕەخی دەریاچەکە. هێشتا خەلّکانێک لە چیمەن و سەوزە زارەکەدا دەبینران، وەرزشی تای شی– یان دەکرد. دنیا سارد بوو، کە گەیینە شرایدن و بەردەم بینایەکی گەورە، شوقەیەکم بە کریٚ گرت و کرێی یەک مانگیشم لە پێشەوە دا..

دەمویست، وا بنوێنم کە من و جان، بەبیٚ شایەد، بەبیٚ کەنیسە و بەبیٚ بەلّگەنامە و بەبیٚ ئایندە، هاوسەرگیریمان کردووە. وابزانم ڕێک لەم کاتەدا حامیلە بووم.

(( ١٦ ))

نازانم چ شەیتانێک منی بۆ لای بیلا و شوقەکەی وی لە جولیت بردەوە. نازانم بە ڕاستی شەیتان بوو یان جان ڤیلان، چونکە منی زۆر بە چاوەڕوانیەوە دەهێشتەوە، چونکە ئەویش وەکو من لە چاوەڕوانیدا بوو. باوەڕ ناکەم کەس بە ئەندازەی من زەجری کێشابیٚ.

لە شیرایدن، لە سەرووی شارەکە و دەریاچە بەستەلّەکەکەدا لە جێگایەکی کڕ و کپ دا، لە قەفەزێکی ئاسن و شووشەدا، حەپس بووم. شوێنێکی هێندە کڕ و کپ و بیٚ ڕوناکی بوو کە هەستم دەکرد هەر دوو گوێم کەڕ بوون. بە درێژایی ڕۆژ چاوەڕوانم دەکرد جان لە وانەکانی، لە وتارەکانی ببێتەوە. پاشان چاوەڕوانم دەکرد لە نک ئەنجلینا بگەڕێتەوە.

جان، دەوروبەری سەعات چوار، بە چەپکێک گوڵ و بوتڵێک شەراب و برێک پرتەقاڵەوە، وەکو ئەوەی بۆ سەردانی نەخۆش بچێت، دەزڤرییەوە. یەکسەر لە سەر کۆمبارەکە عاشقێنیمان دەکرد، ڕێک بەرانبەر بەو ڕووکارەی شەوی لێدەهاتە ژوورەوە، من تووند خۆم پێوە دەچەسپاند، وەکو چۆن جاران خۆم بە پشت لالە ئەسماوە دەچەسپاند. لە نیوە شەوا هەڵدەستا و بە ئەسپایی و لە سەر نووکی پێیان دەڕۆیی و منی بەجێدەهێشت. ڕۆژێ داوام لێکرد وێنەیەکی دۆستەکەیم نیشانبدات. وێنەی ژنێکی نیشاندام کە لە چیمەنێکی بەریندا و لە هەنبەر حەوزێکی مەلە کردنا ڕۆنیشتبوو، بزەیەکی گەوجانەی بەسەر لێویەوە بوو. بە کورتیەکەی ناوی ئەنجلینای زۆر لێدەهات، پڕ بە پێستی بوو، باڵابەرزێکی قژ زەرد بوو، دکتۆر بوو، لە بیرم نەماوە ڕووسی بوو یان لیتوانی.

بیلا – ش بە پێچەوانەی جان– وە بوو. باریک دەتگوت قامیشە، هەم میهرەبان بوو، هەم تووڕە، بایەخی زۆری بە جل و بەرگ و پێڵاو و کراسە ئاوریشمە ڕەشەکەی دەدا. هەموو بەیانیەک ئەڵماسە چکۆلەکەی گوێچکەی دەدرەوشانەوە. دەیگوت دیاری خوشکەکەیەتی. دەیگوت بەرلە مردنی داویە بەم. بەرلەوەی بەهۆی بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ،مادەی هۆشبەر لەماڵی داک و بابی لە واشنگتون بمرێ، داویە بەم. لەگەڵ ئەودا کەمتر هەستم بە بۆشایی و بێهودەیی دەکرد، کەمتر لە چاوەڕێکردن بێزار و بێتاقەت دەبووم. لە ڕاستیا چاوەڕوانی هیچم نەدەکرد. بەبێ بەرنامە دەژیاین. گوێمان لە موزیک دەگرت. دەچووین بۆ باڕان و شەونشینی و شەوبێری.

ئاغای لیروی بیلا– ی خۆشنەدەویست. ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردم، نازانم ژمارە تەلەفۆنەکەمی لە کوێ پەیدا کردبوو، گوتی: " ئەو کابرایە بە کەڵکی تۆ نایەت، کەسێکی بەدناو و عەیبدارە و سەریەشەت بۆ دروست دەکات. " تووڕە بووم و بڕیارم دا چیتر بۆ ستۆدیۆ نەچمەوە.

بیلا، بەرلە بەهار، تووشی کێشەی دارایی زۆر بوو، کرێی خانووی چەند مانگێکی لەسەر کەڵەکە بووبوو. بەنیاز بووین بە ئوتومبیل بۆ کالیفۆڕنیا بڕۆین، بەڵام سەری نەگرت. شەوان تا سەعات چوار و پێنج بەسەر باڕەکاندا دەسوڕاینەوە، جگەرەمان دەکێشا، دەمانخواردەوە، درەنگ خەبەرمان دەبووەوە. تەنانەت من نەمدەزانی لە چ ڕۆژێکی هەفتەدام. بیلا – یان لە خانووەکە دەرکردبوو. عەسرانێک بە هەندێ شیر و ماکەرۆنی و کەرەستەی ئامادەکردنی شێوەوە بۆ ماڵ گەڕامەوە، سەیرم کرد قفڵی دەرگاکەیان گۆڕی بوو. بیلا– ش بە تووڕەیی هات بەسەرا، هیچ کاتێ ئەوم بەو حاڵەوە نەبینی بوو.

کەل و پەل و شتەکانیان خستبووینە ناو نایلۆنی زبڵ و خاشاکەوە و لە خوار قاڵدرمەکە و لەبەر باران دایاننابوون. بیلا بە شەق  لە دەرگای دەدا و بەدەم هاوارەوە جنێوی دەدا. پاسەوانی ئەپارتمانەکە بە خۆی و باتۆمە کارەباییەکەی و تەلەفۆنەکەیەوە هات. بیلا وای دەنواند کە دەیەوێ شەڕ بکات.پاسەوانەکە باتومێکی کارەبایی لێداو ئەوسا خەبەری پۆلیسی دا. من هاوارم دەکرد و تووند خۆم بە بیلا– ەوە چەسپاندبوو. بیلا – م بە قژ ڕاکێشا و گەیاندمە گەراجەکە. دیمەنەکە هەم کۆمیدی بوو هەم ترسناک. ئەو نایلۆنانەی شتەکانمانی تێ ئاخنرا بوو، خستە ناو ئوتومبیلەکەوە و بەرلەوەی پۆلیس بگەنە ئەوێ، ڕۆیشتین. بیلا بە نیازی تۆڵە کردنەوە، یەک شووشە دۆشاوی تەماتەی سرەواندە رووکاری بینایەکە و، پەڵەیەکی درێژ و سووری بە سەریەوە نەخشاند. لە هەمان کاتدا وەکو گورگی پیر دیلوراند. شەوێ پەنامان بردەبەر دۆستێکی لە گەڕەکی چینییەکان، پاشان بڕیارمان دا بۆ کالیفۆڕنیا بڕۆین. بەبێ وەستان ویلایەتە یەکگرتووەکانمان تەی دەکرد،

شەو و ڕۆژ بە نۆرە شوفێریمان دەکرد، لە گەراجەکان دەخەوتین. لە هەندێ شوێنی وەک ئارکانزاس یان ئوکلاهوما دنیا زۆر سارد بوو، بەفر هەموو بەرزاییەکانی گرتبوو، من نەخۆش کەوتم. لەرزم لێهاتبوو، سەرم دەیەشا و دڵم تێک هەڵدەهات. بیلا دەیگوت: " هیچ نییە، چاک دەبیتەوە، هەلامەتە. " بەڵام چاک نەبووم، پەسیو نەبوو، تووشی جۆرە هەو کردنێکی پەردەی مێشک بووبووم. کاتێ گەیینە کالیفورنیا گەیی بوومە حاڵی مردن. پشت و ملم ڕەق بووبوون، گوێم دابوویە ئازارێکی بە سوێ، هەستم دەکرد دڵم خەریکە دەوەستێ. نەمدەتوانی قسە بکەم، گوێم لە قسەکانی بیلا نەدەبوو. شەو و ڕۆژ چاوم کرابووەوە، وەکو ئەوە بوو بە ئاسمانەوە هەڵواسرابم. لە سان برناردینو، منداڵەکەم لە بارچوو، خوێنێکی زۆرم لەبەر دەڕۆیی، بیلا ترسی ئەوەی لێنیشتبوو کە لە ئوتومبیلەکەی ئەودا بمرم. ئیدی بە خۆم و جانتاکەمەوە لە بەردەم خەستەخانەیەکدا دایانم. ئیدی نازانم چ درۆیەکی بۆ کارمەندانی خەستەخانەکە کردبوو، ڕەنگە گوتبێتی لە ڕێگە هەڵم گرتووە یان هەر چیرۆکێکی دیکەی لەو بابەتەی هەڵبەستبێ، چونکە ئیدی نەمبینییەوە. خۆ ڕەنگیشە پۆلیس بە قاچاخچیاتی مادەین هۆشبەرەوە دەستگیریان کردبێ. لەو گێرودارەدا تاکێک لەو گوارانەم لێ ون بوو کە لالە ئەسما دای بوومێ، بەڵام لەوە نەخۆشتر بووم کە خەمی لێبخۆم.

**

کە داخڵی نەخۆشخانەی برناردینو بووم نیمچە بێهۆش بووم. لە جێگاکەدا گرمۆڵە بووبووم، بۆ ئەوەی لە ڕووناکی ڕزگار بم، خۆم وەبن نوێنەکان دەدا. بەهۆی تا و لەرزەوە، ئازام وشک بووبوو، ئاو لە لەشما نەمابوو، زمانم بووبوو بە پەلاس، لێوەکانم قلێشابوو و خوێنیان لێدەهات، بەڕادەیەک حاڵم بێ حاڵ بوو، نەمدەزانی بە تەواوەتی کەڕ بووم. دەتگوت لە قوزاخەدا بووم، دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتێکدام و ئازارێکی بەترەف ناخی دەکێلام. دەتگوت هەر بە روح زندووم، جارجار یەکێک دەهات و بە خۆرتی بێداری دەکردمەوە، تا بمیزمە ناو لەگەنێک و ئەوسا دەرزییەکی لێدەدام. هەستم بە دەرزییەکە دەکرد، کە لە پشتمەوە دەچووە بەینی بڕبڕەکانما، لە تاو ئازارا هاوارم دەکرد، شەکەت و ماندوو دووبارە دەکەوتمەوە سەر جێگاکە.

لەو حاڵەدا بوو کە بۆ یەکەمجار نەدام بینی، لە دڵی خۆدا ناوم نا نەدا. چونکە وەختایەک دەستی نایە سەر هەنیەم، هێندە فێنک بوو لە شەونمی بەیانی دەچوو. دەم و چاوە جوان و لووس و ئەسمەرەکەیم بینی. چاوە بادەمیە یەجگار ڕەشەکانی، قژە گورزە هۆنەکەیم بینی. لە تەنیشت قەرەوێلەکەمەوە دانیشت. من تەمەشای چاوەکانیم دەکرد و لە قوڵایی نیگایدا نقوم دەبووم. بە توندی دەستیم گرت، نەمدەویست بەجێم بێڵێت..

پاشان، دوای چەند هەفتەیەک بۆ یەکەمجار خەو بردمیەوە. خەوم بینی، لە خەوەکەمدا، خەوم لێنەکەوتبوو، بەسەر شەپۆلێکەوە بووم و پاشەوپاش دادەخزیم. هەموو بەیانیەک چاوەڕوانی نەدا بووم، چاوەڕوانی دەستە فێنک و چاوەکانی بووم. تاقە کەس بوو کە بەرەو سەر یان، بەرەو ڕوناهی دەبردم. بەرەبەرە لە غارەکەی خۆم وەدەرکەوتم. تەنیا ئەو دەیتوانی تا بەر دەرگام ببات و لەوێ پێکڤە گوێ لە موزیک، گاڵە گاڵی منداڵان و جریوە جریوی کێشکان و هارە هاڕی ترۆمبیلانی سەر جادەکان بگرین. حەبی خەوم بۆ کۆ دەکردەوە، لە دەستەسرێکم دەنا و لە ژێر بالیفەکەم دەمشاردەوە، بەیانی پێشکەشی ئەوم دەکرد، جگە لەوە هیچی دیکەم نەبوو تا پێشکەشی بکەم.

بەیانییەک سەرۆکی پزیشکان بەخۆی و خوێندکارەکانیەوە هاتە سەرینم. ئەو قسەی دەکرد و خوێندکارەکانیش قسەکانیان لە دەفتەرەکانیاندا تۆمار دەکرد. هێندەم تەمەشاکردن تا ناچار بوون چاویان

دابخەن، کوڕە گەنجەکان بە تەوسەوە و ژێراوژێر پێدەکەنین و منیش بێئەوەی گوێیان پێبدەم چاوەڕوانی نەدا بووم.

نەدا، پێش ئەوەی شەو دابێت دەهات، پێش ئەوەی بۆ گەڕەکەکەی خۆی، میشین لە سان جان بگەڕێتەوە. لە ڕاستیا نێوی نەدا نەبوو، لە سەر مانتۆ سپیەکەی نووسرابوو "شافیز ". بە ئاماژە دەگەڵ مندا دەئاخفی. هەرچییەکی ویستبا بە ئاماژەی سەر و دەست تێی دەگەیاندم. حەرفەکانی بە قامکەکانی وێنە دەکێشا.منیش فێر بووبووم وەڵامی بدەمەوە، فێر بووبووم بڵێم: ژن، پیاو، منداڵ، حەیوان، دەبینم، دەئاخفم، دەزانم. نەدائاگاداری چیرۆکی منداڵەکەی من هەبوو، دەیزانی لەبارم چووە. ئیدی ئەمە یەکێک بوو لە کێشە باوەکانی وان لە خەستەخانە، جگە لە کێشە و ئاریشەێن دی. واتە بەلای ئەوانەوە کێشەیەکی ئاسایی بوو، بۆیە هیچ پرسیارێکی لێنەکردم، وێنەی پیاوانی ناو گۆڤارانی نیشان دەدا. پیاوانی وەک: هیوگرانت، سامی دافیس، کین ریفز، بیل کوسبی، لە نیازی حاڵی بووم. زۆر پێکەنین. لاموابوو نەدا لەوە دەترسا کە منداڵەکەم زادەی زێدەگاڤی سێکسی بێ، بەڵام من لە سەر گۆڤارەکە ناوی جان فیلان– م نووسی و تێمگەیاند کە ئەوە ناوی بابی منداڵەکەمە.

بەیانیەک بە ئاماژە تێمگەیاند کە دەمەوێ بڕۆم. نەدا بۆ ساتێک لە فکران ڕاچوو، پاشان جلەکانی بۆ هێنام. ئەوسا پاشەوپاش ڕۆیی و دەرگاکەی داخست. مەسەلەکەم بەلاوە غەریب بوو، چونکە تا ئەو ساتە تەنیا ڕوخسارە هێلکەییە زۆر سپی و سافەکەیم کە لە دەمامکی ئینکای زێڕین دەچوو، برۆ کەوانیەکانیم، چاوەکانیم کە لە دوو دڵۆپە ڕوندکی ڕەش دەچوون و، قژە ڕەش و ساف و درەخشانەکەیم بینی بوو. لێ وەختایەک دەرگاکەی کردەوەو لەوێندەر وەستا، سەیرم کرد زۆر قەڵەوە. دیاربوو سەرسامیەکەمی لە چاوەکانما خوێندبووەوە، چونکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، تەکانێکی بە سمتە زەلامەکانی دا.

من پانتۆڵە جینزە ڕەشە تەسکەکەم و کراسە سوورەکەم لەبەر کرد و کڵاوە فەروەکەم لە سەر نا، هەمان ئەو کڵاوەی کە تاکە گوارە هیلالیەکەم بە سنجاقێک لێ دابوو. هەمان چاویلکەی ڕەشم، کە بیلا بەرلە سەفەرەکەمان بۆ کالیفۆرنیا دایبوومێ، وەکو نیشانەی تازیەباری لە چاو کرد، بەڵام من لەم چیرۆکەدا ون بووبووم. حەزم دەکرد، وەکو یادگاری شتێک بە نەدا بدەم، کتێبەکەی فرانتس فانون– م دایێ، کە وەکو بڵاڤۆکێکی بانگەشەیی ناو تەنەکەی خۆڵان چرچ و لۆچ بووبوو، بەڵام ئەمە بەنرخترین شتی من بوو.

لە کاتی خاترخوازیدا، وەختێک شافیز– م لە ئامێز گرت بڕێک دۆلاری دامێ، کۆمەڵێک ئەسکەناس کە بە لاستیک بەسترابوو.ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە من و حوریە لە تەبریکە ڕۆیشتین. بە قاڵدرمەکاندا داگەڕام، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە بە بەردەم کابینەی پاسەوانەکەدا تێپەڕیم. ماوەیەکی زۆر بوو نەچووبوومە دەرەوە، سەرم دەسوڕا، لاقم لە دوو نەدەهات، لەزگ بوو بزڤڕمەوە. دەنگی پێی خۆم لە سەر شۆستەکە، دەنگی خوێنی نێو دەمارەکانم، دەنگی بایەکەم لە سیپەلاکەکانمدا دەژنەوت، جگە لەوە هیچی دیکەم نەدەژنەوت.

(( ١٧ ))

دەمێکە بەڕێوەم، دەڕۆم تا کۆتایی جادە و شەقامەکان، تا دەریا دەڕۆم، تا ئەوپەڕی دنیا، تا مەرگ دەڕۆم. بەناو خەڵکیدا، بەبەینی ئوتومبیلاندا دادەخزێم. زۆرجار غار دەدەم. لەم دنیایەدا کەس لە من خێراتر نییە، هێز نییە بتوانێ ڕامبگرێت، دەمێکە فێری ڕاکردن بووم، لەو کاتەوە کە لە حەوشەی ماڵەکەی لالە ئەسماوە

دەرکەوتووم. فێری ئەوە بووم خۆم لە داو و تەڵە، لە مەترسیان، لە زوهرە و پۆلیسەکانی ببوێرم. بە تیلەی چاو و ژێراوژێر دەڕوانم، دەرفەت دێنم، تەکان دەدەم، وەکو پاڵەوانانی پەتباز، لە سەر پەتەکەیان لە ناوەندی ڕێگەدا هاوسەنگی خۆم ڕادەگرم. پاس و بارهەڵگر و ئوتومبیلان، بە تەنیشتمدا، تێدەپەڕن. با، دادەگژێتە ڕوخسارم. بۆنی تایەی کامیۆنانی دە تەگەری دێت بە سەرما و کە تێدەپەڕن گەرد و تۆزێکی ورد و ڕەشم بە سەردا دەکەن.

بە پێچەوانەی ڕەوتی ئوتومبیلەکانەوە ڕێدەکەم، بە غەریزە ئەمەم دەکرد و دەمزانی، چونکە ئەگەر بە ئاراستەی ڕەوتی ئوتومبیلەکان برۆیت، هاتنیان نابینی. ئیدی لەو حاڵەدا تۆ دەبی بە نێچیر و قوربانی. ئوتومبیلەکان خێراییان هێواش دەکەنەوە و خۆ لە شۆستەکان نزیک دەکەنەوە، لە ناکاوا دەرگاکانیان دەکرێتەوە و دەستێک دەردەهێنرێ و توووند دەتگرێت و سەرت دەخەن.

بە پێچەوانەوە، ئەگەر بە پێچەوانەی ڕەوتی ئوتومبیلەکانەوە برۆیت، هەنگێ تۆ بە شێت دەزانن و لە ناو قەمەرەی ئوتومبیلەکانیانەوە و لە پشت شووشەکانەوە لێت دەترسن و لێت دوور دەکەونەوەو هەقیان بەسەرتەوە نابێت. هەڵبەتە هۆڕن لێدەدەن و وەکو گورگ دەلورێنن، بەڵام تۆ هەتاوت لە پێشە کە بەرەو ئاوابوون دەڕوات، هەتاوێک کە سینگ و بەرۆک و قژەکەت دەسووتێنێ و گوێت لە هیچ شتێک نابێت.

بیر لە نەدا شافیز دەکەمەوە، لە دۆتمیرەکەی خۆم لە ئوتێلی سان برناردینو، چەند بە سمتە پانەکانیەوە، بە ڕوخسارە لۆکاڵیە هندیەکەیەوە، بەو چاوانەیەوە جوان بوو، کە دەمتوانی هەموو شتێکیان تیا بخوێنمەوە، دەستەکانی فێنک وەک ئاونگی بەیانی. ئەو تاقە کەسێک بوو کە نە پرسیاری لێدەکردم و نە داوی بۆ نامەوە. کە هەموو بەیانیەک دەهات، لای سەرووی قەرەوێڵەکەمەوە لە سەر کورسییەکی پلاستیک دادەنیشت، دەستی دێنا تا ئەو کاغەزە لوول دراوەی بدەمێ کە حەبە سپی و سوورەکانی تیابوو، ئەو حەبانەی کە شێتەکانیان پێ دەنواند. ئەوسا دەستی دەنایە سەر هەنیەم و وزە و ورەی پێدەبەخشیم. ڕۆژێک کە هەستی کرد ئامادەی ڕۆیشتنم، دەرگاکەی بۆ کردمەوە تا برۆم.

بۆ نان خواردن و بۆ ئەوەی لە نەدیوی و تاریکیدا وەمێنم، یان بۆ ئەوەی لە نەرمە بارانی بەیانیان بەدوور بم، فرۆشگای بازرگانی گەورە هەبوون. لە وێستگەی قیتاری گریوندزی شەقامی حەوتەم و شەقامی ئالامیداوە تا سانتا مونیکا بە پاس یەک سەعات و بە پێ تاقێکە. کە بگەمە ئەوێ وەکو ئەوەیە لە ماڵی خۆما بم. لەنێو ئاپۆڕای خەڵکیدا ون دەبم، ڕاڕەوەکان تەی دەکەم، بە مەیدانە بچووکەکاندا تێدەپەڕم، بە پلیکانە کارەباییەکاندا دادەگەڕێم و بە ئاسانسۆرە شووشەییەکاندا سەردەکەوم. سەر بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەکەم، تەنانەت بە ژێرزەمین و گەراجەکانیشدا. مژوول دەبم، لە خۆوە مل نانەم. هەموو کون و کەلەبەر و ڕاڕەوەکان پێ دەزانم. وەکو جاری جارانی سەربانەکەی شەقامی جافلو، بەڵام ئێرە گەورەیە، دوڕگەیەکە بۆ خۆی، بەقەد کیشوەرێک گەورەیە.

ناوەکان، ڕوخسارەکان و نەخش و وێنەی جامخانەکان دەناسم. پاسەوانەکانم ناسیوە، ئەوانیش منیان ناسیوە. لاموایە منیان لە ئەکرانی بچووکی تەلەفزیونەکانیانەوە دیتووە و پێیان وتراوە: " کیژێکی ئەتوار غەریبی ڕەش پێست، کە کراسێکی سووری لەبەر و کڵاوێکی ڕەشی لە سەرە کە شتێکی وەکو ئەستێرە یان هیلالی پێوەیە. پەیگیری بکەن، لێی غافڵ نەبن. " دووم کەوتوون، تاقیب دەکرێم، هەندێ تاپۆیانم بەدواوەن، وەکو گورگانی لێرەوارەکانی کەنەدا، وەکو قرشەکانی کەنداوی کپاکابانا لێم نابنەوە. لە دووی خۆمیان بکێش دەکەم، دەزانم

کێن و چ دەکەن. هەرکاتێ بمەوێ دەتوانم لە کۆڵ خۆمیان بکەمەوە، بەڵام ئەوەم پێخۆش بوو کە بزانم لەوێن و خەریکن کاری خۆ ئەنجام دەدەن و دوور و نزیک چاویان لە منە و تاقیبم دەکەن. وا دەنوێنم کە دەمەوێ خۆم بشارمەوە، مەنتوی کشمیری پەیدا دەکەم، بەسەر کراسە سوورەکەما لەبەری دەکەم. ماوەیەکی زۆر دەوەستم، دەست لە قوماشەکە دەدەم، سەیری نرخەکەی سەری دەکەم، وەکو مریشکێ کە تاقیب بکرێ، بە ئاستەمێک سەرم لار دەکەمەوە. پاشان دەستبەرداری هەموو شتێک دەبم و بە هەشتاو لەوێندەر دەڕۆم. جارێک ڕێیان پێگرتم. گرتیانم، ژنێکی قەڵەوی درێ ڕەزا قورس، لە ژووروچکەیەکدا کەوتە پشکنینم. ژنەی تاین نەیدەزانی ڕووبەڕووی کێ بووەتەوە. نەیدەزانی پشتی سەریشم چاوە. لەوەتای گوێچکەکەی دیکەشم لە کار کەوتبوو، لە دووری چەندین کیلۆمەترەوە هەموو شتێکم دەبینی. دەمتوانی لەو سەری هۆڵەکەوە، جووڵەی ئەو پاسەوانە بدینم کە ناوگەڵی دەخوراند. دزیم نەدەکرد، بۆ ئەوەی لەزەت لە گرتنی من نەبینن و کەیفیان بە خۆیان نەیەت، ئەوەی من دەمکرد، تەنیا تاقیکردنەوەی جل بوو. ئیدی ئەمە شێوازی من بوو بۆ ئەوەی وەکو کەسێکی دی بنوێنم، یان بە گوتەیەکی دی وەکو خۆم بم. تەنوورەی کورت، چ چەرمی و چ ئاوریشمی دەسکرد، کراسی بەدەن چەسپ و ستریێجی سپی، جۆرەها پانتۆڵ و دەرپێ و، قەمسەڵەی دەڵب، کراسی ئاوریشم، بلوزی نوتیکا، تراکسودی مارکەی گاپ، رالف لورن، کالفن کلین، لی و کراسی سپی مارکەی لورا ئاشلی– م تاقی دەکردەوە. ئەوسا دەچووم بۆ بەشی پیاوان، تراکسودی وەرزش، فانیلەی ژێرەوە، جۆرەها بارانیم لە گۆشە و کەنار و پەنا و پاسارەکانی بەشی پیاوانەکەی فرۆشگای سیزر دەدۆزییەوە و تاقیم دەکردەوە. ئەوسا پانتۆڵە جینزە ڕەشەکەی خۆم و کراسە سوورەکەم لەبەر دەکرد و کڵاوە فەروەکەم لەسەر دەکرد و دەڕۆیشتم. ئەوەی مەراقی من بوو، ئەوە بوو بەو جلکە جۆراوجۆرانەوە خۆم لە ئاوێنەدا ببینم. ئەم مەسەلەیە هەم دەیترساندم و هەم بەلامەوە خۆشبوو. ئەمە هەم منم و هەم من نیم، بەدەوری خۆمدا دەسوڕێمەوە، تەمەشای ڕەنگە زەق و کوتاڵە بریسکەدارەکان دەکەم. چاوەکانم، هەمان چاوەکانی جارانم نین، لە دوو سکێچی درێژی کەوانەیی گەڵا ئاسای وەکو چاوانی نەدا دەچن، یان لە شولەیەکی وەکو چاوی سیمون دەچوون. هەر لە ئێستاوە چرچ و لۆچی گۆشەی چاوەکانم، ڕێک لە چرچ و لۆچەکانی چاوانی تەغریدە دەچوون کە بەدەم زەردەخەنەوە دەنیشتە سەر گۆشەی چاوەکانی، تەنانەت هەمان ئەو بازنانەی کە بەدەم منداڵ بوونەوە لە ژێرزەمینەکەدا لە دەوری چاوانی حوریەدا خەرمانەی دەدا، لە دەوری چاوانی خۆم دەبینم.

حەز دەکەم دەگەڵ بەدەنی خۆمدا قسە بکەم، بە ڕاڕوەکەدا، وەکو کچە سوڵتانێ، لە بانێژەکەی خۆیدا پیاسە بکات، بەو ئاوایە بەرەو لای ئاوێنەکە دەڕۆم. هەست بە نیگای خەڵکی دەکەم، کە وەکو کامێرای شاراوە بە دوامەوەن. هەندێجار کڕیاران ڕادەوەستن و تەمەشام دەکەن، تەنانەت منداڵان و هەرزەکارانیش تەمەشام دەکەن. جارێک کچۆڵەیەک بە خۆی و دەفتەرچەکەیەوە لێم هاتە پێشەوە و داوای لێکردم ناوی خۆم لە سەر دەفتەرەکەی بنووسم و واژۆی بۆ بکەم، وەکو ئەوەی من ئەستێرەیەکی هولیوود بم. نووسیم نەدا مافوبا کچۆڵەیەکی چواردە ساڵان بوو ڕوخساری لە بێچووە پشیلە دەچوو، پانتۆڵێکی جینزی دەڵبی لەبەر بوو، سەری ئەژنۆکانی دڕابوو، قژەکەی لەسەر سەری کۆ کردبووەوە. داوام لێکرد لە سەر پەڕەیەکی دەفتەرەکەی، نێوی خۆیم بۆ بنووسێت، نووسی: " ئانا ".

بۆ ئەوەی سکی خۆم تێر بکەم سەندەویچ و بابۆڵەی هەرزان باییم دەکڕی. هەندێجار دەچووم بۆ خوارنگەکانی دەوروبەری ویل شایر و، هالیفاکس و، لاسینیگا و بەرلەوەی سوپ و موقەبیلات بێن، هەڵدەستام و خۆمم دەدزییەوە. هەندێ پیاو هەبوون دەعوەتیان دەکردم. لە یانەکاندا دەیاندۆزیمەوە، دەمبردن

بۆ کافتریایەک. لە دەوری مێزەکەم دادەنیشتن، بە ڕوویاندا دەگرژیمەوە، ودەمزانی من هیچ پارەیەک نادەم. کە بۆیان دەردەکەوت کەڕم دەترسان، یان بایان دەدایەوە. ئیدی بەرلەوەی بەوە بزانن نانی خۆم دەخوارد. دەکەوتمە سەر جادە، بە ڕاکردن دەپەڕیمەوە. بە جادە یەک سایدەکاندا دەڕۆیشتم. جارێکیان کەسێکی خوێنتاڵ، کە تەحەمول نەدەکرا. بە ئۆتومبیل دووم کەوت، هەر سوڕایەوە و ئەمبەر و ئەوبەری کرد تا دۆزیمیەوە. گەنجێکی باڵابەرز و قۆز بوو، پۆشتە و پەرداخ بوو، بەڵام تا حەزکەی سەگ بوو. بە هەشتاو بەرەو ڕووم هات، مستێکی خێواندمێ، بەخۆم و چاویلکە ڕەش و جانتاکەمەوە، کەوتمە سەر ئەرزەکە. هیچ کەسێک یارمەتی نەدام کە هەستمەوە. دیارە لە دڵی خۆدا گوتوویانە: " ئەمە سۆزانیە و تەمبێ دەکرێ! "

بەرلەوەی شەو دابێت، بەرەو وێستگەی حەوت دەڕۆم، سواری پاس دەبم. بەبێئەوەی پارە بدەم بەبەردەم شوفێرەکاندا ڕەت دەبم. هەندێجار هیچ ناڵێن، هەندێجارش کە تووڕە دەبن بە ئاماژە تێیان دەگەیەنم کە گوێم لە هیچ نییە و، پەنا و ماوای شەوانی من بینایەکی گەورەی خشتە لە نزیکی ئالامبا. هەمیشە ڕیزێکی دوور و درێژی خەڵکی بەدەم چاوەڕوانییەوە لەوێ وەستاوە، بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی وەکو من ڕەش ئەسمەر و قژ ڕەشن. لە سەعات شەشدا قاوە و ساندەویچ دابەش دەکرێت. خەوگەی ژنان لە بەشی پشتەوەیە، لە ناوەڕاستی چیمەنێکی زەردایە کە پڕە لە گوڵی یوکا. کە لە سەر جێگاکەم ڕادەکشێم، گەڵا و گوڵی یوکام لە ژێر ئاسمانی ئەرخەوانیدا دەبینی. لێرەدا گەرماوێکی چیمەنتۆی کەوەیی هەیە کە ژنان بە کۆمەڵ خۆیانی تیا دەشۆن. کەس تەمەشای کەس ناکات، لێ من ژێراوژێر تەمەشای پشتە ماندووەکانیان، سینە و مەمکیان، پێستی زەرد، یان بۆر یان قاوەییانم دەکرد، هەروەها تەمەشای زامە سارێژبووەکانی زگیانم دەکرد کە شوێنەکانی ئەرخەوانی دیار بوو، هەروەها تەمەشای لاقیانم دەکرد کە یەکپارچە دەوالی بوو. بەوجۆرە بیر لە هیچ ناکەمەوە، هەموو بوونم بەندە بە تەمەشاکردنەوە، دوای ئەوە خۆم بە ئاوە گەرمەکەدا دەکەم وئاوە گەرمەکە دەم و زارم دەسوتێنێتەوە، کە ئەو سەگ ڕەوشتە پێیا کێشابوو.

نەدەخەوتم، یان بە چاوی کراوەوە دەخەوتم.

**

موزیک فریام کەوت، ڕزگاری کردم.

پیانۆیەکی ڕەشی جوانم لە بیفرلی بینی بوو. هەرجارێ بە بەردەمیا ڕەت دەبووم، نەمدەتوانی چاوی لێ بگوازمەوە. عەسرانێک کە خەڵکانێکی زۆر لەوێندەر نەبوو و ئەو پیاوەی کە پاسەوانی پیانۆکەی دەکرد، گۆڕابوو، لە جیاتی ئەو گەنجێکی بچووکی قژ زەردی، عەینەک لە چاوی چەناگە کورت لەوێ بوو، لە جان فیلان دەچوو، لە سەر کورسییەک ڕۆنیشتبوو و کتێبێکی دەخوێندەوە.

لە پیانۆکە نزیک بوومەوە. دەستم بە دارە ڕەشەکەی و دوگمە عاجیەکانیا هێنا. تەمەشایەکی پاسەوانەکەم کرد: بێئەوەی هەست بە من بکات مژوولی خوێندنەوەی خۆی بوو. لە دڵی خۆدا گوتم: بە چ مەعلوم ئەویش وەکو من کەڕ نییە؟ لە سەر کورسیەکەی پشت پیانۆکەوە ڕۆنیشتم، دەستم بە ژەنین کرد. قامکەکانم ئاوێزانی دوگمەکان بوون و زەینم عەوداڵی دەنگەکان بوو، لەبن لێوانەوە سۆزەم دەکرد. سەرم بەلادا دانەواندەوە تا دەنگەکان بدۆزمەوە، هەمان کارم دەکرد کە سیمون لە کاتی فێربوونی مندا دەیکرد. پاشان لە ناکاوا، وەکو ئەوەی هەموو شتێکم بیر بکەوێتەوە، قامکەکانم بەسەر دوگمەکاندا دادەخزین، ئاهەنگەکانم دۆزییەوە و کەوتمە

ژەندن، ئاهەنگەکانی بیلی و، جیمی هندریکس– م دەژەند. هەروەها پارچە موزیکی دیکەشم دەژەند، هەر ئاهەنگێکم بە خەیاڵدا بهاتبایە، بێ چەند و چوون، بێ وەستان لێم دەدا. وەکو ئەوسای کە لە شیکاگۆ یان لە گەڕەکی بوت- ئوکی، بە ئیرتیجالی لێمدەدا. بۆ داوە دەگەڕامەوە، سەرلەنوێ دەستم پێدەکردەوە، لە بیرم دەچووەوە، دەنگەکان لە منەوە، لە دەممەوە، لە دەست و روحمەوە هەڵدەقوڵان. هیچم نەدەبینی، بە هەموو روحمەوە ئاوێتەی پیانۆکە بووبووم، چووبوومە ناویەوە، دەمم لە سەرسامیا داچەقی بوو، ناخم دەنگی دەدایەوە. دڵم پەیتا پەیتا لێی دەدا، گەرووم و تەنانەت لاقیشم هاتبوونە جۆش، وەکو ئەوە بوو لە دەرێ ڕا و بەبەر هەتاوا ڕێبکەم، وەکو ئەوە بوو غار بدەم. نها موزیکەکەم دەژنەوت، نەک بە گوێچکەم، بەڵکو بە هەموو جەستەم. لەرزێک ئازای بەدەنی داگرتبووم، دادەخزییە ژێر پێستەکەمەوە، هەموو دەمار و ئێسکەکانمی دێنایە ژان. ئەو دەنگ و ئاوازانەی کە نەم دەژنەوتن، لە قامکەکانمەوە هەڵدەقولان، بەرز دەبوونەوە، ئاوێتەی خوێن و هەناسە و ئەو ئارەقەیە دەبوون کە لە هەنیە و بەدەنمەوە دادەچۆڕان.

یارۆی گەنج لێم نزیک بووەوە، بە دیارمەوە ڕەق ڕاوەستابوو، کەمێک خۆی دوور گرتبوو و من دەم و چاویم نەدەبینی. بەڵام بینیم خەڵکێکی فرە لە هۆڵەکە و لەبەر دەرگای فرۆشگایەکە وەستاون. منداڵان لەسەر ئەرزەکە دانیشتوون، ژن و مێردێن گەنجی دەست لە ملان و پیرەمێران بە جلکی وەرزشەوە بەدەم ساردی خواردنەوەوە لەوێ وەستابوون. لە پڕێکا " ئانا "م بینی، ئەو کیژەی کە داوای واژۆی لێکردبووم. لەناو فرۆشگاکەدا و لە سەر پلیکانەیەکی ستەیجەکە دانیشتبوو. ڕێک وەکو ئەوسای من کە بۆ یەکەمجار لە نیس و لە ئوتێلی کنکورد گوێم لە دەنگی سارە بوو.

من موزیکم بۆ هەموو ئەوان و بۆ ئەو " ئانا " دەژەند، دووبارە موزیکی خۆمم دۆزی بووەوە، گرمە گرمی تەپڵێن ریومورسیباستوبول، تەپڵێن تولبیاک، تەپڵێن ئوستیرلیتزم دەهاتەوە گوێ.

دەنگی سیمون، کە گۆرانی سەفەری گەڕانەوە بۆ کەناری ئەفریقای دەوت، دەنگی شاوری پۆلیسان، دەنگی ئەو باتۆمەی کە لە شەقامی ڕۆبنسون– ی شیکاگۆ پە پشتی ئەلسیدوردا دەکێشرا؛  هەموو ئەوانەم وەبیر هاتنەوە. نها تەنیا بۆ خۆمم نەدەژەند، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەم دەژەند، بۆ هەموو ئەوانەی هاوڕێم بوون، بۆ ئەوانەی لە ژێرزەمیناندا دەژیان، بۆ ڕۆنیشڤانانی ژێرزەمینەکانی شەقامی جافلو، بۆ هەموو ئەو کۆچبەرانەی کە لەگەڵ مندا لە کەشتیدا بوون، یان لە ڕێگەی دۆڵی ئاراندا هاوسەفەری من بوون، بۆ هەموو ئەوانەم دەژەند، تەنانەت بۆ ئەو خەڵکانەش کە لە پێش هەموو ئەوانەدا دەمناسین. تەنانەت بۆ خەڵکی سویقە و دەواری تەبریکە کە لە ڕێژگەی ڕووبارەکەدا چاوەڕوانیان دەکرد و بەردەوام دەیانڕوانیە ئاسۆ وەکو ئەوەی شتێ لە ئارادا بێ و ڕەوتی ژیانیان بگۆڕێت. لە پێناوی هەر هەموویاندا موزیکم دەژەند، لە ناکاوا منداڵەکەمم بیر کەوتەوە کە بەهۆی تا و لەرزی منەوە لەبار چوو، لە پێناوی ئەویشدا دەمژەند تا ئاواز و موزیکەکەم، منداڵەکەم لەو نهێنگەیەدا بدۆزنەوە کە تیایدا بوو.

لە موزیقاکەدا نقوم بووبووم، گوێم لێدەبوو کە بەسەر پێستی دەم و چاومدا تێدەپەڕی، وەکو نابینایەک کە دەتوانێ هەست بە چزەی هەتاو و هاژەی ئارامی دەریا دەکات. هەستم بەو ڕوندکانە دەکرد کە بە چاوما دەهاتنە خوارەوە. دەمێک بوو نەگریابووم، یانی لەوساوە کە لە ئیفری کورکورن، لە گوندی یامبا حاجی مافوبام بە ئیفلیجی و بەتاقی تەنیا لە سەر قەرەوێڵەکەی بینی بوو، ئەمە یەکەمجارم بوو کە دەگریام.

دەمتوانی بەو ئاوایە تا کۆتایی دنیا لە سەر ژەنین بەردەوام بم. هەستم بە دەستی پاسەوانەکە کرد کە بە ئەسپایی تەکانی دەدام. هێشتا قامکەکانم بەسەر دوگمەکاندا دادەخزین، بەڵام لە ناکاوا، هیچ دەنگێک نەما. تا گوێ بڕەکات هەر بێدەنگی بوو. پاسەوانەکان، پاسەوانەکان، زۆر بە ئەسپایی هەڵیانگرتم، وەکو خەڵکانێک تەواف بکەن، بەو ئاوایە بۆ ئەوسەری هۆڵەکەیان بردم، خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە، بەبێدەنگی ستایشیان دەکردم. ئاغای جەوان بۆ ساتێ بەگەڵم کەوت، نە ستایشی دەکردم، نە قسەی دەکرد، تەنیا دەستی بۆلام درێژ کرد، ڕوخساری وەکو ڕوخساری بێچوە پشیلەیەک کرژ کردبوو، لەپڕ چاوە بادامیەکانیم بینی، دەبریسکانەوە، لە تۆ وایە دەگری.

پاسەوانەکان، لە ئوتومبیلێکی سپییان نام کە پیاوێکی دان عەمر لە پشتەوە سوار بووبوو، زۆر لە ئاغای ڕوشدی دەچوو کە لە تەبریکە سەرپەرشتیاری کتێبخانەکەم بوو. وەکو ئەوەی بمناسێ باوەشی پێدا کردم. زۆر شەکەت بووم، سەرم نایە سەر شانی و یەکسەر خەو بردمیەوە.

**

نها لە سێبەردام، لە جێگەیەکی فێنکدا، لە ژوورێکی بچووکی خاوێنی ڕوو لە باکوور، کە خۆر نایگرێتەوە، دانیشتووم. ئەم ژوورە پەنجەرەی نییە، تەنیا دەلاقەیەکی کەتیبەداری بە بەرزی دیوارەکەوە هەیە، کە تەنیا ئاسمانی لێوە دەبینرێ کە لەم ساتەدا شین و ساماڵ بوو. کورسیەکی پلاستیکی، کومەدیەک لە تەنیشت قەرەوێڵەکەوە هەیە، تەپڵەکێک هەیە کە لەگەنێکی لەژێردایە، جانتا ڕەشەکەم بە هەموو شڕ و شیتاڵەکانی ناویەوە، واتە بەو شتانەوە کە لە برناردینووە دەگەڵ خۆمم هێنابوون، لەناو چەکمەجەیەک داناوە، هەموو دار و نەدارم لە جانتاکەدایە، واتە عەینەکە ڕەشەکەم و کڵاوە فەرووەکەم و تاکە گوارە هیلال ئاساکەم کە بە سنجاق پێوەم نابوو.

هەموو بەیانیەک مامۆستا دێتە دیدەنیم. نازانم ئاخۆ بە ڕاستی مامۆستایە یان نا، بەڵام من بەیادی ڕوشدیە فەندیەوە، کە پیاوێکی میهرەبان بوو و، لە مۆزەخانەی کەونارا ناسیدا ناسیاویم لە گەڵیا پەیدا کردبوو، پێمدەگوت مامۆستا. من بە زمانە عەنتیکەکەی خۆم کە تێکەڵەیەک بوو لە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەسپانی سەرگەرمی دەکەم. ئەو قسە ناکات، پرسیار لە من دەکات و وەڵامەکان لە سەر کاغەزێکی گەورە کە بە تەکانێ لە سەفتە کاغەزەکەی بەردەستی جیای دەکاتەوە، دەنووسێت، بە تووڕەیی و بە پیتی درشت دەنووسێت: باری دەروونیت چۆنە؟ حەزت لە چ جۆرە خواردنێکە؟ بەڵام لە ڕاستیا دەیەوێ بزانێ خەڵکی کوێم، چم بەسەر هاتووە، ماڵبات و کەس و کارم لە کوێن، ناوی ئەو پیاوەی سکی پڕ کردووم چییە.

کە پرسیاری ماڵباتەکەمی دەکرد، هەندێ ناوی بۆ دەنووسم، کە ئەو زۆر بە دیقەت و وەکو مەتەڵ و لەگەز دەیخوێندەوە: نەدا، سارە، ئانا، ماجیدە، مەلیکە. وا وێنا دەکات مەکسیکی، یا هاییتی، یان گویانایی بم.

شافیز، ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار هاتە دیدەنیم. نازانم چۆن دۆزی بوومیەوە. ڕەنگە لە لیستی نەخۆشخانەکەدا ناوی دۆزیبمەوە یان لە ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵیدا وتارێکی بە وێنەیەکی منەوە بەم ناونیشانە خوێندبێتەوە: " ئایا ئەم ئافرەتە دەناسن؟ "

جلکی پەرستاری لەبەر نەبوو، بەڵکو پانتۆڵێکی دەڵب و کراسێکی گوڵداری لەبەر بوو؛ لەو کراسانەی ژنانی دووگیان لەبەری دەکەن. پێم وایە ئەمە جۆرە هاوخەمیەک بوو لە گەڵ مندا، ئیدی وەکو دوو دۆستی قەدیمی،

دەست لە ملانی یەکدی بووین. ئەو لەسەر کورسیەکە دانیشت و من لە سەر قەرەویڵەکە. زۆرمان قسە کرد و زۆر پێکەنین. پاشان بۆ باخچەکەی بردم، ئێرە سان برناردینو نییە.

نە ماونت زیون – ی بیفرلی – ن. پڕە لە دار خورما، گەڵای دار و درەخت، سەوزە گیای زۆر سەوز. نە پەرژین و حەساری هەیە و نە پاسەوان و زێڕەڤان. دەمتوانی زۆر بە ئاسانی و بە پیاسە بسوڕێمەوە. وابزانم هەر لەبەر ئەمەش لێرە ماومەتەوە.

شافیز، هەموو بەیانیەک لە گەڵ مامۆستادا دێت. دیارە شافیز لە دایەرەی خۆی مۆڵەتی وەرگرتبوو، یان ڕەنگە من کارە سەرەکیەکەی ئەو بووبم. سواری ئۆتومبیلەکەی مامۆستا دەبین و بەبێ هیچ بەرنامە و نیازێک بە شەقامەکاندا دەسوڕێینەوە.هەمیشە بەستەیەک کاغەزی پێیە و پرسیاران دەکات. دەیەوێ بزانێ من کێم، چ کارەم، لە کوێ فێری پیانۆ ژەنی بووم. هەموو پێکەوە بۆ ناوەندە بازرگانیەکە دەگەڕێینەوە و لە هەنبەر پیانۆکەدا دەوەستین، بەڵام من هیچ هەستێکم لەلا دروست نابێت. پاسەوانەکە گۆڕابوو، ئەو گەنجە قۆزەی جاران نەبوو کە چووبووە دڵمەوە، پیانۆکە زۆر گەورە بوو، بەتاقی تەنیا لە ناوەندی فرۆشگایەکەدا وەکو ئامێرێکی دۆزەخین دەهاتە بەرچاو. ئەوسا بردمن بۆ کتێبخانەیەک تا گۆڤارێکی مۆدی جل و بەرگان بکڕم.

هەروا، خوابەختەکی چاوم بە هەندێ کتێبانذا دەگێڕا، لەناکاوا چاوم بە وێنەیەکی مامۆستا کەوت بەسەر بەرگی کتێبێکی فەلسەفیەوە، ناونیشانی کتێبەکە هیپونس و تاناتوس یان شتێکی لەو بابەتە بوو. لە ژێر ناونیشانی کتێبەکەوە نووسرابوو: ئیدوارد کلاین.

بە زانینی ناوەکەی زۆر خۆشحاڵ بووم. وەکو بڵێی کەمێک ناڕەحەت بوو، بەڵام بەهەرحاڵ خۆشحاڵیش دیاربوو. سووکە بزەیەک نیشتە سەر لێوی، وەکو ئەوە بوو بیەوێ بڵێت: " ئا، بەڵێ، ئەمە منم. " پاشان کتێبەکەی بەم پێشکشیەوە پێشکەش کردم: " پێشکەشە بۆ دۆستی نادیارم. "

عەسرانێک لە زیون دەرگای ژوورەکەم کرایەوە و لە ناکاوا ئاغای لیروی خۆی بەژوورا کرد. بەلامەوە سەیر نەبوو، گەییومەتە ئاستێک هەموو شتێکم بەلاوە ئاسایی و لە هەمان کاتدا پووچ و بێ مانایە: هۆی ئەمەش بەلای منەوە نەدا شافیز بوو. لە نێو کتێبەکەی فانون دا " دۆزەخیانی سەر زەوی " کۆپیەکی قەراردادەکەمم لە گەڵ کاناڵ ستریت دا لەبیر چووبوو. شافیز لە ڕێگەی ئەو کۆپیەوە پەیوەندی بە شیکاگۆوە کردبوو، ئیدی ئاغای لیروی بە فرۆکەی دواتر خۆی گەیاندبووە ئەوێ. دەعوەتنامەیەکی بۆ من هێنابوو کەلە فیستیڤاڵی جازدا لە نیس بەشداری بکەم. ئیدی لەم دنیایەدا هەموو شتێک دەبێت، تەنانەت ئەمەش کە کیژێکی کەڕ پیانۆ بژەنێ. ئیدی لەم کەین و بەینەدا، شافیز ڕاستگۆیانە و کەمێک گێلانەش، داوای ژمارە تەلەفۆنی جان فیلان– ی لە دایەرەی تەلەفۆنات کردبوو. هەڵبەتە هاتنی جان فیلان، دەبێتە مایەی شەڕ و ئاژاوە لە گەڵ ئەنجلینادا، چونکە سبەینێ دەگاتە جێ. لەوەیە واز لە خوێندنی پزیشکی لیتوانیەکەی بێنێ. خودا شایەدە من داوای هیچم لە کەس نەکردووە.

(( ١٨ ))

من بە ناو و ڕوخسارێکی دیکەوە دەگەڕێمەوە.

لە مێژە چاوەڕوانی ئەم ساتەم، بۆ من جۆرە تۆڵەیەکە. ڕەنگە بەبێ ئەوەی بەخۆم زانی بێ، هەموو کارێکم کردبێ کە ئەم ساتە بێت. سیمون کە سەری لەم جۆرە شتانە دەردەکرد، هەمیشە دەیگوت: " شتێک نییە ناوی ڕێکەوت بێ."

لە نیس ، بەڕێوەبەرایەتی فیستیڤاڵەکە لە ئوتێلێکی کەنار دەریادا پێشوازی کردم. هەمان ئەو ئوتێلە بوو کە ژنە برۆنزیەکەی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەو چوار دیوارە دەرباز ببێت کە لە تۆ وایە خەریکە بەسەریا بڕوخێت. پیانۆیەک لەسەر سەکۆیەک بوو، دەنگێکی لێدەدا، لە دەنگی موزیکی بیلی هوڵیدەی دەچوو. منیش ئەو شەوە، گۆرانیەکەی خۆمم لەوێ گوت. لەو جەوە ناخۆش و خنکێنەرەدا، لە ژێر ئاسمانی گرژ و مۆندا، هەموو ڕۆژێ بە کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی نیسدادەسوڕامەوە و پیاسەم دەکرد، وەکو ئەوەی لە شتێک بگەڕێم. کەنارە بەردەلانەکە، لە خەڵکیدا ڕەش دەچووەوە، زۆر قەرەباڵغ بوو، ئوتومبیل جادەکانیان گرتبوو. هەموو شوێنێ پڕ بوو لە خەڵکی شەکەت و بێکار.

پێشتر لە گەڵ خوانیکودا، هەموو ئەو شوێنانە گەڕابووم. سواری پاس بووم، بە کەناری ئەو ڕووبارەدا کە وشکیان کردبوو تا عامودەکانی شارێگاکە ڕۆیشتم، بۆ دەروازەی ئوردوگاکە گەڕام. دیاربوو زۆر گۆڕاون، چونکە هێشتا بە تەواوی پێم نەنابووە نێو ئۆردوگاکە و لە تەلبەندەکە ڕەت نەبووبووم، پیاوێک بە خۆی و پیکابەکەیەوە ڕێی لێگرتم. مۆڕەی لێدەکردم. کە ناوی رامون ئورسو– م هێنا، گاڵتەی پێکردم. ڕوو بە خەڵکەکە شتێکی گوت کە تێنەگەیشتم، ئەوسا لە جیاتی بڵێ ئورسو بانگی کرد: " روسو! روسو! " پیاوێکی دیکە هات کە باڵا بەرزێکی سمێڵ چکۆلە بوو، وێڕای شڕ پۆشیەکەی، جوان دیار بوو، بە ئاماژە تێی گەیاندم کە هەمووان ڕۆیشتوون و کەس لێرە نەماوە. تا بەر دەرگای ئوردوگاکە لەگەڵما هات.

هەوڵمدا، تەلەفۆن بۆ جان بکەم کە یەکسەر و بەپەلە بێت. تا باسی ئەو منداڵەی لە گەڵدا بکەم کە هەرکە گەڕامەوە دەمان بێت. بەڵام بەهۆی جیاوازی کاتەوە ، تەنیا دەمتوانی قسە دەگەڵ ئامێری پەیامگیرەکەدا بکەم. نەمدەزانی چ بڵێم. گوتم پاشان تەلەفۆنی بۆ دەکەمەوە. دڵم تێکهەڵدەهات، ئازارم هەبوو. حوریەم بیر کەوتەوە کە چۆن بە دووگیانی بە چیادا دەڕۆیی. باشە بۆ من، لە کاتێکا دووگیانیش نیم هەمان وێرەکی (جورئەت) ئەوم نەبێت؟ لەناکاوا دەنگی موزیک خەریک بوو دەیخنکاندم. تەنیا پێویستم بە بێدەنگی بوو، هەتاو و بێدەنگی.

نامەیەکم بۆ بەڕێوەبەرایەتی فیستیڤاڵەکە بەجێهێشت و پێم ڕاگەیاندبوو کە هەموو شتێکم هەڵوەشاندووەتەوە. پاش نیوەڕۆ ئوتێلەکەم بەجێهێشت، سواری قیتارێکی شەوانە بووم و بەرەو سیر بیر، مەدرید، جەزایر ڕۆیشتم. وەرزی پشوو بوو، گەشتیار یەجگار زۆر بوون، ئوتێلەکان هەموو پڕ بوون، جێ بەرنەدەکەوت.

لە جەزایر، دوو ڕۆژم لە گەراجێکی گلێنیدا بەسەر برد، پڕ بوو لە ئوتومبیل و مەقتوران. چەرچەفێکم لە خۆمەوە ئالاند و لەسەر ئەرزەکە خەوتم. ماڵباتێکی مەراکشی نان و ئاو و فانتایان دامێ. منداڵان، لە بەینی ئەو ئوتومبیلانەدا کە لەوێ ڕاگیرابوون گەمەیان دەکرد. لە سەر ڕیتمی موسیقای ڕادیۆ و ڕیکۆردەرەکانیان سەمایان دەکرد. ناوبەناو لە دوورەوە، پاسەوانانی تفەنگ بەدەست لەو دیوی تەلبەندە دڕکاویەکەوە تێدەپەڕین.

هەتاو بە حەوێقی ئاسمانی ساماڵەوە دەدرەوشایەوە. بەڵام شەوان دنیا فێنک و خۆشبوو. ئێمە بە هێما و ئاماژە دەدواین، چیرۆکمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، سەعاتمان دەژمارد و ڕۆژ و بەروارمان لەسەر ڕۆژژمێر

دەستنیشان دەکرد. لە هەوەڵەوە، منداڵەکان، چونکە نابیست بووم گاڵتەیان پێدەکردم، بەڵام دوایی ڕاهاتن، ئەمە بۆ ئەوان تەنیا جۆرە گەمە و شۆخییەک بوو و هیچی دی.

شەوی سێیەم هەمووممان سواری پاس بووین. بە دروستی نەمدەزانی چما لەوێندەرم. بەبێئەوەی بزانم بۆ، دوای قەرەباڵغی کەوتبووم. نە لە دووی بیرەوەری و یادگاران بووم، نە لە خەمی ڕابردوودا بووم و نەمدەویست بۆ زێدو زاگەی خۆم بگەڕێمەوە، چونکە زێدو زاگەم هەر نەبووو. نەمدەویست کەناراوەکانی ئەو ڕووبارەش بدینم کە دەمناسی. کەناراوی دڵخوازی حاڵی حازری من، کەناراوی ئەو دەریاچە گەورە شینە بوو، کە بای سارد و تەزیی کەنەدا بە سەریدا تێدەپەڕی.

حاڵەکە لەوە دەچوو پەتێک لە ناوەوە بە دڵمەوە بەسترابێ و بۆ شوێنێکم ڕابکێشێت کە نەمدەزانی کوێیە.

بە پاس بەرەو باشوور چووم، ژنانی گەشتیار زۆر بوون، ئەڵمانیان بە شۆرتەوە، فەرەنسیان بە شەپقەوە، ئەمریکاییان بە سۆلەوە. بەشێکی ڕێگاکەم لە گەڵیاندا بڕی. ئەوسا ڕێگامان لێکدی جیابووەوە. لە مەراکش سواری پاسێک بووم بەرەو چیا، بەڵام ئافرەتەکانی دی بەرەو دەریا پەل بوونەوە، بەرەو ئەگادیر و سوێرە و کەناراوی ئاتان پلاچ چوون.

لە تیزین تیشکا، لەو ماوەیەدا کە شوفێری پاسەکە خەریک بوو چای دەخواردەوە، لە پیاوێکی ئەوێندەر، سەدەفێکی گەورەم بۆ جان کڕی. جا چونکە سەدەفەکە لە جانتاکەمدا زۆر قورس بوو، سەدەف فرۆشەکە بە ڕیشاڵی دار خورمای رافیا، کۆڵەپشتیەکی بۆ دروستکردم. پیاوەکە، کەسێکی باڵابەرزی تۆکمەی سوورە بوو، کە هندیە سوورەکانی ئەمریکا دەچوو. پاڵتۆیەکی گەورەی فاسۆنی قاوەیی لەبەر بوو. کارت پۆستاڵێکی نیشاندام کە براکەی لە ئەمریکاوە بۆی ناردبوو، دیمەنی گوندێکی جەنگەڵی، ویلایەتی واشنگتون بوو.

بەو ئاوایە گەییمە فومزگید. ڕێگاکە لە باشوورەوە بۆ تاتا دەڕوات و، لە باکوورەوە بەرەو زاگوار دەڕوات. لە پێشەوە تەنیا جێگەی تەگەری بارهەڵگران و بزنە ڕێ و وشترە ڕێ بەدی دەکرێ، ئیدی دۆڵێکی هەزار بە هەزار، پڕ لە بیرە ئاوی وشک و کوختەێن گڵین و بەردین کە لە پوورە مێشەنگوین دەچوون، دەست پێدەکات.

ئەنجام گەییمە جێ. ناتوانم لەوە دوورتر بڕۆم. وەکو ئەوەی لە کەناری دەریادا بم، یان لە ڕەخی ڕێژگاوی ڕووبارێکی بێ کۆتایی بم.

جانتاکەم و سەدەفەکەم لە ژوورێکی گوندەکەدا دانا. دەلیلێکم لە ئوتێلەکە بەکرێ گرت، حەزم دەکرد پرسیارێکی لێبکەم کە ساڵانێک بوو، بووبوو بە مەراقی دڵم: " پێش پازدە ساڵ، لێرە منداڵێک نەهاتووەتە دزین؟ " بەڵام هیچم نەوت. دڵنیابووم هیچ وەڵامێکم چنگ ناکەوێ. لەوەتای گەڕاومەتەوە گوێم زۆر باشتر بووە. بەڵام ئایا بیستنی دەنگ و وشەی زمانێک بەسە بۆ تێگەیشتن؟

خەڵکی ئێرە، ئەو خەڵکانەی دەیانبینم و خەڵکی ئەو گوندانەش کە نایان بینم، وابەستەی ئەم خاکەن، خەڵکی ئەم خاکەن و، من هەرگیز، خەڵکی هیچ خاکێک نەبووم. ئەمانە شەڕ دەکەن، خاکێک داگیر دەکەن کە هی خۆیان نییە، بیر لە شوێنێ هەڵدەکەنن کە شوێنی ئەوان نییە.

خەڵکی ئێرە، خەڵکی ئەساکا و نەخیلا و ئالوگوم، یان تیرە و تایفەی عیسا و خێڵی هیلال، دەتوانن چ بکەن؟ چییان لە دەست دێ؟ ئەمانە شەڕ دەکەن، خەڵکانێک بریندار دەبن، دەبنە قوربانی. ژنان دەگرین، منداڵان ون دەبن، ئیدی ئەمە واقیعەکەیە، ئێمە چ بکەین، چیمان لە دەست دێ؟

ئەمە ئێرەیە، من لەوە دڵنیام. ئاسمان زۆر سپی و ڕوناکە. شەقامەکە چۆڵی چۆڵە. تیشکی ڕوناکیەکە هێندە بەهێزە، ڕوندک دەزایەنێتە چاوان. بایەکی گەرم گەرد و تۆز لە دیوارە بەرزەکان هەڵدەستێنێ. بۆ ئەوەی خۆم لە تۆز و گەرما بپارێزم چارشێوێکی شینی گەورەم کڕی. وەکو ژنانی ئێرە لە خۆمەوە پێچا، تەنیا دوو درزم لە ئاستی چاوەکانمەوە هێشتەوە. لە ئێستاوە هەستم بە لەقە فرتێی منداڵەکەی ناو سکم دەکرد، کە پێدەچوو ئەمجارە بمێنێ و بە زیندوویەتی لەدایک ببێت. لەبەر خاتری ئەو لەوپەڕی دنیاوە گەییومەتە ئێرە.

کابرای دەلیل لەو هەموو هاتوچۆیەی من بەو جادە چۆڵ و خامۆشەدا ماندوو بوو، لە سێبەری دیوارێکدا، لەسەر بەردێک دانیشت، بەدەم کێشانی جگەرەیەکی ئینگلیزییەوە، دووراودوور چاودێری من دەکات. ئەم پیاوە نە لە خێڵی هیلالە و نە لە ماڵباتی عیسایە و نە لە پەلاماردەرانی کریویجایە. کابرایەکی زۆر درێژە، بە ئاشکرا دیارە کە خەڵکی شارە و لە شارەوە هاتووە، ڕەنگە خەڵکی زاگورا یان مەراکش یان خەڵکی کازابلانکا بێت. لەوسەری شەقامەکە، لەبەردم ئاخر ماڵدا، لەو شوێنەدا کە بیابان و سارا دەست پێدەکات، پیرەژنێکی ڕەشپۆش لە سەر تەپڵەکێک ڕۆنیشتووە. ڕووبەندی بە ڕوخسارەوە نییە، دەم و چاوی ڕەش و چرچ و لۆچە، لە پارچە چەرمێکی کۆنی سووتاو دەچێت. بەبێئەوەی چاو دابخات، زەق زەق تەمەشای هاتنەکەی من دەکات، نیگای زۆر تیژە، وەکو چەقۆ دەتبڕێ. زۆر ڕەق و سەختە وەکو سەدەفەکەی جان وایە. بابایەکی هیلالی ڕاستەقینەیە، لە خێڵی هیلالی مانگە.

لەلای پیرەژنەکەوە دادەنیشم. زۆر کورتە باڵا و فرە لاوازە. بە زەحمەت سەری دەگاتە شانی من، بەقەد منداڵێکە. شەقامە چۆڵەکە خەریکە لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا دەتوێتەوە. لێوەکانم وشک بوونەتەوە و قڵێشاون، تۆزێ لەمە پێش کە پشتی دەستم بە لێوەکانما هێنا، خوێناوی بوو. پیرەژن هیچ قسەیەکی لە گەڵمدا نەکرد. تەنانەت کە لە تەنیشتیەوە دانیشتم لە جێی خۆی نەبزووت، تەنیا تەمەشای کردم. چاوە پرشنگدارەکانی بە ڕوخسارە ڕەشە چەرم ئاساکەیەوە، گەنجانە دیار بوون.

ئیدی پێویستم بەوە نییە، لەوە دوورتر بڕۆم. نها دەزانم کە گەییوومەتە کۆتا قۆناغی سەفەرەکەم. دەزانم ئێرە مەنزڵمە، نەک هیچ جێیەکی دی. شەقامەکە سپی وەکو خوێیە، دیوارەکان بێدەنگ و بێ قاژەی قەلانە. ئێرە هەمان ئەو جێیەیە کە بەر لە پازدە ساڵ منیان لێڕفاند، کابرایەکی سەر بە خێڵی کریویجا، ڕفاندمی، کە دژمنی خێڵەکەی من، واتە خێڵی هیلال بوو. ئەم دژمنایەتیە لە سەر ئاو و بیری ئاو چێبووبوو، منیان بەناوی تۆڵە سەندنەوە دزی بوو. وەختایەک تۆ دەگەیتە ئەم بەری دەریا وەکو ئەوەیە گەیی بیتە ئەو بەریش.

لێرە کاتێ دەست دەخەمە سەر خاک و خۆڵی بیابان، هەستدەکەم دەست دەخەمە سەر ئەو خاکەی کە تیایدا لە دایک بووم. دەست دەخەمە سەر دەستی دایکم.

جان، سبەی دەگات، لە ئوتێلی کازا بروسکەیەکم بەدەست گەیی. نها ئیدی ئازادم. هەموو شتێک دەشێت سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە. ڕێک وەکو باپیرە ناودارەکەم، بیلال، ئەو کۆیلەیەی کە پەیامبەر ئازادی کرد و ڕەهای دنیای کرد. نها لە خەمی دۆزینەوەی کەس و کار بووبوومەوە و دەچمە ناو دنیای ڤیان و خۆشەویستیەوە.

بەرلەوەی بڕۆم، دەستم لە دەستی پیرەژنەکە دا، ساف و لووس، لە بەردێکی قوڵایی دەریا دەچوو، بە ئەسپایی و بۆ تاقە جارێک دەستم بە سەر دەستیا هێنا، بۆ ئەوەی قەت بیرم نەچێتەوە.

تێبینی: ڕۆژی ٢٠٢٣/٦/١٤ لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کردوومە بە کوردی:

ج. م. لوكليزيو، السمكة الذهبيه، رواية، ترجمه لينا بدر، الطبعة الاولى ٢٠٠٩، ورد للطباعة و النشر و التوزيع، سوريه— دمشق.

جان ماری گوستاف لوکلیزیو

لە ساڵی ١٩٤٠ دا لە دایک بووە، ڕەگەزنامەی فەرەنسی و موریشیوسیەی هەیە، ڕۆشنبیرییەکی فرەلایەنی هەیە، زۆر شوێن گەڕاوە و ئەمەش لە چالاکی و کارە فیلیڤانیەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

له تایلاندا منداڵبازی له قاو داوه، له مەکسیکدا ژیاوه و بۆ ماوەی چوار ساڵ بەشداری ژیان و کول و کۆڤانی هنده سوورەکانی کردووه.. پاش بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (ئەستێرەی سەرگەردان) له فەرەنسادا بەرەنگاری ناوەنده زایونیستەکان بووەتەوه و کارەساتی پەنابەره فەلەستینییەکان و قۆناغه هەوەڵینەکانی دروستبوونی ئۆردوگای فەلەستینیانی له قاو داوه..

زۆر خەڵاتی لۆکاڵی و جیهانی وەرگرتووه، که گەورەترینیان خەڵاتی ئەدەبی نوبڵ بووه له ساڵی ٢٠٠٨ دا.

لوکلیزیو، لەم ڕۆمانەدا (ماسییه زێڕینەکه)دا هونەرییانه سەربهوردی لەیلا دەگێڕێتەوه و نیشان دەدات، لەیلا کیژێکی مەغریبییه، له خێڵی بەنی هیلاله، ئەم کیژه له تەمەنی شەش ساڵیدا دەفرێنرێ. له ژێر زەبری لێدانا گوێی کەڕ دەبێت؛ دەیفرۆشن به پیرەژنێک بەنێوی لاله ئەسما، که ئەم پیرەژنه بۆ ئەو وەکو نەنک و مامۆستا دەبێت. لەیلا، پاش مردنی پیرەژنی ناڤبری، گەڕەکی میلا بەجێدێڵێت، ئیدی قۆناغی سەرگەردانی و کۆچ و کۆچبەری دەست پێدەکات، زۆر شوێنان دەگەڕێ، دنیای جیاواز تەی دەکات، له مەغریبەوه بۆ فەرەنسا، له فەرەنساوه بۆ ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا.. ئیدی زۆر به جدی و به دڵ و گیان عەوداڵی دۆزینەوەی ناسنامه و خولیا دەروونی و ڕەگ و ڕیشه ئەفریقاییەکەی خۆی دەبێت. تا ئەنجام دەگەڕێتەوه بۆ ناو خێڵەکەی خۆی له سارا و بیابانی مەغریب، لەوێ ئەو شوێنەی بیر دەکەوێتەوه که لێوەی فڕێندرابوو، تا چارەسەرێ بۆ ئەو کارەساته بدۆزێتەوه که ژیانی بەو ئاوایه شێواندبوو.

لوکلیزیو، لەم ڕۆمانەدا (ماسیه زێڕینەکه) ، له گەڵ نووسین و روحی خۆیدا ڕاستگۆیه، ئەو ڕۆحەی لەم جیهانه هەڵدێ و تەبع و سروشتی هەوەڵینی بەشەر به تاقه پەناگه دەزانێ.